# رۆژنامە ٧

کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات

ژمارە (٦١٦) سێشەممە ٢٠١١/١/١١ www.sbeiy.com نرخ ٧٥٠ دینار


پاشکۆیەکی تایبەت



پرۆژەی پلانی چاکسازیی یاسایی
لە سیستمی پەرلەمانی هەرێمدا

# یەکێتی و پارتی لەسەر پۆست ناکۆکن

## ئەندامێکی (م.س) یەکێتی: وەزارەتی بازرگانی هەقی ئێمەیە، نەک پارتی

رۆژنامە

لەسەر دابەشکردنی چەند پۆستێکی باڵا لە بەغدا، ناکۆکیی کەوتووەتە نێوان یەکێتیو پارتییەوەو یەکێتی لەبەرامبەر پارتیدا هەست بە «غوبن»و بەشخوراویی دەکات.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە رۆژنامەی راگەیاند: کە یەکێتی لەبەرامبەر پارتیدا کێشەی هەیەو ئەو دابەشکردنانەی پارتی لە پۆستەکانی بەغدا کردوویەتی، یەکێتی پێی رازی نییەو چاوەڕێدەکرێت تاڵەبانیو بارزانی لەسەر ئەو گرفتانە کۆببنەوە.

موئەیەد تەیب، پەرلەمانتاری پارتیو وتەبێژی رەسمیی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی،بۆرۆژنامە وتی: «دابەشکردنی پۆستەکان وەک پێشتر لە راگەیاندنەکاندا بڵاوکراونەتەوە، یەکلاییبوونەتەوەو وەزارەتی دەرەوەو بازرگانی بۆ پارتینو تەندروستیش بۆ یەکێتی». وتیشی: «ئێستا وەزارەتی دەولەت بۆ کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنییو وەزارەتی کاروباری ژنان ماون، کە یەکێکیان بۆ یەکێتییە».

لەلایەکی ترەوە، سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «یەکێتی، هەقی وەرگرتنی وەزارەتی بازرگانی هەیەو «پێمانوایە، بەوشێوەیە نەبێت، ئیستیحقاقی خۆمان وەرنەگرتووە».

سەعدی پیرە لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا کە دەقەکەی لە ل(٦) بڵاوبووەتەوە دەڵێت: «دەبێت جۆرێک لە ئینساف هەبێت لەنێوان یەکێتیو پارتیدا لە دابەشکردنی وەزارەتو پۆستەکاندا».

ل...١٧






### بەختیار عەلی: میدیای کوردی توانیویەتی دەسەڵات بخاتە جوغزی چاوەدێرکردنەوە

ل...١٢-١٣



### مەحمود عوسمان: بۆ کورد وا باشتربوو داواکارییەکانی گۆڕان جێبەجێبکرایە

ل...٧

## راپرسییەک: زیاتر (٦٠٪)ی خەڵک باری ئابوورییان خراپتر بووە یان نەگۆڕاوە

رۆژنامە

بەپێی نوێترین راپرسی (٤١,٧٣٪)ی خەڵکی کوردستان هیچ گۆرانکارییەک لە بارودۆخی ئابووریی خێزانەکانیاندا نەگۆڕاوەو (١٨,٥٧٪)ی بەشداربووانیش بارودۆخی ئابووریی ژیانیان خراپتربووە.

لەو راپرسییەدا کە پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان لەسەر رەوشی سیاسییو ئابوورییو ئەمنیی هەرێمی کوردستان لەساڵی (٢٠١٠)دا ئەنجامیداوەو بارەگاکەی لە شاری هەولێرە، دەرکەوتووە کە (٣٥,٢٠٪)ی بەشداربووان بۆچوونیان وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ساڵەدا حکومەتێکی لاوازو بێبەرنامە بووەو (٢٢,٤٥٪)یش وەکو پێویست ئاگاداری کاروباری حکومەت نین.

پەیمانگاکە ئەم راپرسییەی لە هەر سێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) لەنێوان (٩٨٠) کەسدا ئەنجامداوە.

راپرسییەکە ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات کە (٣٣,٦٧٪)ی بەشداربووان بۆچوونیان وایە ئۆپۆزسیۆن کاری بۆ دەرخستنی کەموکورتییەکانی حکومەتو چارەسەرکردنیان کردووە، لەبەرامبەریشدا (٢٣,٧٨٪)ی بەشداربووان پێیانوایە: ئۆپۆزسیۆن تەنها رەخنەی گرتووەو بەرنامەی چاکسازیی نەبووە.

دەربارەی چالاکی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان، راپرسییەکە ئاشکرای کردووە (٢٨,٩٨٪)ی بەشداربووان گۆڕانو (٥٠,٦١٪)یش کوردستانیو (٩,٥٩٪)یش یەکگرتوو و (٣,٨٨٪)یش کۆمەڵ بە چالاک دەزانن.

لە بەشێکی تری ئەو راپرسییەشدا کە تایبەتە بە هەڵبژاردنەوە یان لابردنی پارێزگاری هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، دەرکەوتووە کە زۆربەی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر کە (٤٠,٥٨) دەنگەکانە لەگەڵ مانەوەی نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێردان، لەبەرامبەردا زۆرینەی بەشداربووانی پارێزگای سلێمانیو دهۆکیش دەنگ بە پارێزگارەکانیان (بەهرۆز قەشانی، تەمەر رەمەزان) نادەنو دەیانەوێت بگۆڕدرێن.

### دەزگاکانی ئاسایش و پاراستنو زانیاریی داوای دوو یاسا دەکەن

ل...٢

## بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان، لە سلێمانی دادەخرێن

ئەلەند مەحوی


وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەچوارچێوەی یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتەکەدا، ئەو بەڕێوەبەرێتییە گشتییانەی کە لەسلێمانی هەن، دایاندەخات.

بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەبڕیاری پەرلەمانی کوردستان، هەردوو وەزارەتی دارایی یەکیانگرتووەتەوەو پێویستە وەزارەتو بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان لەسلێمانی نەمێننو یەک بەڕێوەبەرێتیی گشتیی هەبێت».

ئەو بەڕێوەبەرێتییە گشتییانەی کە ئەم بڕیارەی وەزارەتی دارایی لەسلێمانی دەیانگرێتەوە، پێکهاتوون لە دیوانیوەزارەتیدارایی،بەڕێوەبەرێتیی گشتیی دارایی، بەڕێوەبەرێتیی گشتی باج، بەڕێوەبەرێتیی گشتیی خانەنشین، بەڕێوەبەرێتیی گشتیی گومرگ لە سلێمانی.

فەرمانبەری ئەو بەڕێوەبەرێتییە گشتییانەی سەر بە وەزارەتی داراییـن، نیگەرانیی لەوە دەردەبڕن کە وەزارەتی دارایی رێگە نادات، راژەکانیان بگوازنەوە بۆ وەزارەتێکی تر، ئەمەش گرفتی بۆ دروستکردوونو لەبەرامبەردا وەزیری دارایی، جەختی لەوەکردەوە کە فەرمانبەرەکانی ئەو بەڕێوەبەرێتییە گشتییانە، دەگوازرێنەوە بۆ ئەو فەرمانگانەی کە کەموکوڕییان لەفەرمانبەردا هەیەو ئەگەر کەسێکیش بیەوێت وەزارەتەکەی بگۆڕێت، پێویستە رەزامەندیی وەزارەتی بەرامبەر وەربگرێت، ئەو فەرمانبەرانەش کە پێویستن، دەتوانن راژەکانیان بگوازنەوە بۆ هەمان بەڕێوەبەرێتیی گشتیی خۆیان لەهەولێر.

بایز تاڵەبانی، وتیشی: «لە قۆناغی یەکەمدا، دیوانی وەزارەتو بەڕێوەبەرێتیی گشتیی دارایی لەسلێمانی نامێننو دواتریش بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان، لەبەرامبەریشدا لەهەموو شارو شارۆچکەکان، بەڕێوەبەرێتیی دەمێنێت».



وائیل عەبدوللەتیف:

### مالیکی بەڵێنەکانی سەبارەت بە مادەی (١٤٠) جێبەجێ ناکات

ل...٩

### کوردانی ئەوروپاش خۆپیشاندان دەکەن

ل...٥



### بودجەی ئەمساڵی هەرێمو مەترسییەکی گەورە

عەلی حەمەساڵح

ل...١٤

## لە دەرەوەی بەرکەوتەی هەڵبژاردن
## پارتی، کار بۆ وەرگرتنی پۆستێکی ئەمنیی عێراق دەکات

رۆژنامە

پارتی دیموکراتی کوردستان لەڕێی لیستی هاوپەیمانییەوە کاردەکات بۆ وەرگرتنی پۆستێکی وەزاریی ترو بە تایبەتیش دەزگای هەواڵگریی عێراقی.

فاتیح داراغایی، پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامیی لە پەرلەمانی عێراق بە رۆژنامەی وت: «وەکو ئەندامی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانو وەکو ئەندامی شاندی دانوستانکاریش ئاگادارنین لەو داواکردنەو پرسو راوێژ بە ئێمە نەکراوە».

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامە کەوتوون، لە دەرەوەی ئیئتیلافی کوردستانو بە ناوی (بەرکەوتەی نیشتمانییەوە لیستی هاوپەیمانی کوردستانیی جەخت لەسەر وەرگرتنی (دەزگای هەواڵگریی عێراقی) دەکاتەوە، پارتی دیموکراتیش کاندید بۆ ئەو پۆستە ئەمنییە دەستنیشان دەکات.

موئەیەد تەیب، وتەبێژی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە رۆژنامەی وت: «لەسەرەتادا بڕیار بوو کەسانی سەربەخۆو پیشەیی ئەو پۆستانە وەربگرن، بەڵام دواتر وا نەکەوتەوەو بوو بە بەشبەشکاریی لەنێوان پێکهاتەکاندا، کوردیش مافی خۆیەتی داوای یەکێک لەو پۆستانە بکات».

بۆل...٤

# کۆمەڵ داوای بەرەی ئیسلامیی دەکات یەکگرتوو ملی بۆ نادات... بزووتنەوە لەگەڵیەتی

ڕاپۆرتی: دارا دلێر

کۆمەڵی ئیسلامیی داوای دروستکردنی بەرەیەکی تایبەت بە هێزە ئیسلامییەکان دەکـات بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکانی کوردستان، لە بەرامبەردا یەکگرتووی ئیسلامیی ئەزموونەکانی پێشوو بە پاڵنەرێکی ئیجابی ئەو پرۆژەیە نازانێت‌و هەرچی بزووتنەوەی ئیسلامیشە «پێش کۆمەڵ» ئـەو پـرۆژەیـە بە هی خۆیان دەزانن.

ئەگەرچی تائێستا وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان دیارنییەو زیاتر لە مەتەڵێکی سیاسیی دەچێت، کە دەسەڵات دروستیکردووەو وەڵامەکەشی تەنیا لای خۆی دەستدەکەوێت، لەو سەروبەندەدا ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی پێشنیازی دروستکردنی هاوپەیمانیی بۆ هێزە ئیسلامییەکان دەکات.

ئەم دەستپێشخەرییە لە کاتێکدایە پێشترو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بێئەوەی هیچ ئەنجامێکی هەبێت، پرۆژەی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی بووە، هاوکات لە ئەگەری دروستبوونی بەرەیەکی لەو شێوەیەش هەڵبژاردنەکانی هەرێم دووەم ئەزموونی بوونی لیستی ئیسلامیی دوای بەشداریکردنی (لیستی ئیسلامیی) لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢)، کە ئەو کات لە بزووتنەوەی ئیسلامیی‌و ئیسلامییە سەربەخۆکانی ئەوکات‌و یەکگرتووەکانی ئێستا پێکهاتبوو، دووبارە دەبێتەوە.


کۆمەڵ
ل ٢٠
کۆمەڵ داوای یەک لیستی ئیسلامیی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا دەکات

مـحـەمـەد حـەکـیـم، لـێـپـرسـراوی دامەزراوەی کارگێڕیی‌و دارایی کۆمەڵی ئیسلامیی، هەفتەی ڕابردوو، لە دیدارێکی ماڵپەڕی کۆمەڵ نیوز دا، ڕایگەیاندووە: «لە بەرژەوەندیی کۆمەڵی ئیسلامیی‌و هەموو لایەنە ئیسلامییەکان‌و کەسایەتییە ئیسلامییەکانی دەزانم، کە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە لیستێکی ئیسلامیی دابەزین».

لـەوبـارەیـەوە، محەمەد حەکیم، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ڕێژەیەکی بەرچاو، لە لایەنگرانی لایەنە ئیسلامییەکان‌و کەسایەتییە ئیسلامییەکان‌و ئیسلامییە بێلایەنەکان داوا دەکەن لیستی ئیسلامیش تاقی بکرێتەوە، بۆیە ئـەو بیرۆکەیە پێشنیازی منەو پێم باشبووە؛ یەکێک بێت لە ئەگەرەکان، بەڵام ئەمە بڕیاری کۆمەڵ نییە، گوزارشت لە هەڵوێستی مەکتەبی سیاسیی‌و سەرکردایەتی ناکات».

ئەو بەپرسە باڵایەی کۆمەڵی ئیسلامیی ئاماژەی بەوەشکرد؛ زیاتر لە ئەگەرێک بۆ لایەنەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان هەیە، بە نموونە هەموو لایەنەکان بە پارتی‌و یەکێتییەوە بەجیا دابەزن، بۆ ئەوەی ئەو گرفتە چارەسەر بکەن کە لەناو ئەو دوو هێزە پەیدابووەو دەپرسن لە ڕێـژەی یەکترو جەماوەرییبوونی خـۆیـان بۆ ڕوونبێتەوە، یان لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بە جیاو پارتی‌و یەکێتی بە جیا، لەو چوارچێوەیەشدا بۆ ئێمە زۆر ئاسانە لەگەڵ لایەنە ئیسلامییەکان وتوێژ بکەین‌و بەرەیەکی ئیسلامیی دروستبکەین.

لای خـۆشـیـانـەوە، دوو هـێـزە ئیسلامییەکەی تر، بیرۆکەی ئەو پرۆژەیە بە نـوێ نـازانـن‌و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەگەڵ یەکبەرەیی ئیسلامییەکانەو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووش ئاماژە بە خوێندنەوەی واقیع‌و ئەزموونی پێشتر دەکات.

ئەنوەر عەنەبی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوە، وتـی: «پـرۆژەی بەرەیەکی ئیسلامیی شتێکی نوێ نییەو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا دەستپێشخەریی ئێمەو پرۆژەی مەکتەبی سیاسیی بووەو بۆ یەکگرتوو و کۆمەڵ نـێـردراوە، بوونی ئـەو بەرەیە ئاواتی لەپێشینەی ئێمەیەو ئامادەین بێ مەرج لە هاوپەیمانییەکی ئیسلامییدا کۆببینەوە».

لای خۆشیەوە، مەولود بـاوەمـراد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی ڕوونـیـکـردەوە؛ ئـەوان هیچ جۆرە بیروڕایەکیان لەسەر هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم ئاڵوگۆڕ نەکردووەو بڕیارو هەڵوێستیان لەو ڕووەوە دیار نییە.

لە بـارەی داواکارییەکەی کۆمەڵی ئیسلامیش ڕایگەیاند: «داواکـە شتێکی ئاساییە، چونکە هـەر لایەنێک ئـازادە بـانـگـەشـەی دروسـتـکـردنـی بـەرەو هاوپەیمانێتی بکات، ئینجا ئیسلامییەکان بێت، یان ئیسلامیی‌و غەیرە ئیسلامیی».

ئەو ئەندامەی یەکگرتووی ئیسلامیی ئەزموونەکانی پێشوو، چ لە سەردەمی چوار هێزەکەی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان‌و چ لیستی ئیسلامیی خولی یەکەمی پەرلەمان، بە پاڵنەرێکی بەهێز نازانێت بۆ دروستبوونی ئەو بەرەیە.

وتیشی: «ئەزموونی چوار حیزبەکەمان هەیە باش نەبوو، گفتوگۆکانمان نەڕۆیشتە پێش‌و ئەنجامەکانیشی زۆر لەوە کەمتر بوو کە چاوەڕواندەکرا، ئەزموونی لیستە ئیسلامییەکەی هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٩٢) سـەرکـەتـوو نـەبـوو، بۆیە ئەزموونی سەرکەوتوومان لەو ڕووەوە نییە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی دەکاتە سەر بیرۆکەی ئەو پرۆژەیە».

# د.محەمەد کیانی: لەسەر وتەکانی بارزانی داوای ڕوونکردنەوە لە مالیکی دەکەین

ڕۆژنامە

فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق داوای ڕوونکردنەوە دەکات سەبارەت بە وتەکانی مەسعود بارزانی‌و بۆ ئەو مەبەستەش پەنا دەباتە بەر پەرلەمان‌و حکومەت‌و دادگای فیدراڵی عێراقی.

د.محەمەد کیانی، پەرلەمانتاری گۆڕان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو وتانەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لە کۆبوونەوەی فراوانی هەولێر بەبەشداریی حکومەت‌و پەرلەمان‌و نوێنەری کوتلەکانی پەرلەمان کـردی‌و هەڵوێستەکانی جێی نیگەرانییە. چونکە ئەو سەرۆکی هەرێمەو دەبێت وەکو سەرۆکی هەموو لایەنەکان هەڵسوکەوت بکات. بەڵام بەداخەوە ئەوەی دەیـکـات لـە ڕوانـگـەیـەکـی بەرژەوەندیی حیزبییەوە دەڕوانێتە مەسەلەکان‌و ئەو یەکڕیزییەی گەلی کورد پێویستیەتی لەبەغدا ئەو پێشێلی دەکات».

دوێـنـێـش لـە کۆنگرەیەکی ڕۆژنـامـەوانـیـدا لـە کۆشکی کۆنگرەکان لەبەغدا. د.کیانی بەناوی فراکسیۆنی گۆڕانەوە داوای ڕوونکردنەوەی لە نوری مالیکی کـردو ڕایگەیاند: «لە کۆبوونەوەکەدا بارزانی وتوویەتی مالیکی ناتوانێت پۆلیسێکی کوردستان لەبەغدا بێ پرسی دابمەزرێنێت. نـەک وەزارەت بداتە لایەنێکی دیکەی دەرەوەی ئیئتیلافی کوتلە کوردستانییەکان. ئـەوەی لـە کـوردسـتـان هەیەو هەمووشت لـەژێـر هەیمەنەی حیزبدایە، دەیانەوێت بیگوێزنەوە بۆ بەغداو دامەزراندن بە تەزکیەی حیزبیی لەبەغداش پەیڕەو بکەن».

پـەرلـەمـانـتـارەکـەی گـۆڕان داوای لە نوری مالیکی کرد کە ڕوونـکـردنـەوە بـدات بەرامبەر بەوەی ئایا هیچ گرێبەستێک هەیە لەنێوان ئەو و مەسعود بارزانیدا، ئەگەر هەیە ئـەوە پێشێلکردنی گیانی دیموکراسییە لە عێراقدا. بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ دادگای دەسـتـووریـی‌و سەرۆکایەتی ئـەنـجـومـەنـی وەزیـــران‌و پەرلەمانی عێراقیش ئەو بابەتە دەورووژێنین‌و بەدواداچوونی بۆ دەکەین».

# لڤین بە ٣٥ ملیۆن سزادرا

هاوڕێ عەبدوڵڵا

بەهۆی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک لـەژمـارە(١٢٦)ی گۆڤاری لڤیندا کە پەیوەندیی بە تیرۆرکردنی ڕۆژنـامـەنـووس «سـەردەشـت عوسمان»ەوە هەبوو, دادگای بەرایی شاری هەولێر بەیاسای شارستانی (١٩٦٩)ی عێراقی، سـزای (٣٥) ملیۆن دیناری بەسەر گۆڤاری لڤیندا سەپاند.

ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گـۆڤـاری لڤین، ڕایـگـەیـانـد: لە چوارچێوەی ئەو داوایانەی پارتی تۆماری کـردوون لەسەر میدیای ئازاد، دادگای بەرایی هەولێر دوور لەپەیڕەوی یاسای ڕۆژنامەگەریی، بـڕیـاری دا بـە غـەرامـەکـردنـی گۆڤارەکەمان لەسەر یەک داوا، بە بڕی(٣٥) ملیۆن دینار، بەبێ ئەوەی ئێمە ئامادەی دانیشتنەکەی دادگا بین، هەرچەند پێشتر داوامان کردبوو کە داواکـە بگوازرێتەوە بۆ سلێمانی، چونکە چەند تێبینییەکمان لەسەر ناوەڕۆکی داواکە هەبوو، بەڵام لەبری ئەوە، بەبێ ئامادەبوونی ئێمە، دادگا بڕیاری غەرامەکردنی منی داوە.

میرە، وتیشی: «ئـەو بڕیارەی دادگا، بێڕێزییەکە بەرامبەر یاسای ڕۆژنامەگەریی‌و ئێمە ئامادە نین ئەو بڕە پارەیە بدەین، چونکە دادگا سەربەخۆ نییەو هیچ بنەمایەکی یاسایی تێدا نەبووە تا ئێمە بچینە بەردەم دادگا».


# وەزارەتی بەرگریی: چەکی ئەمریکی نادەینە پێشمەرگە

ڕۆژنامە

وەزارەتی بەرگریی عێراق ئاشکرایکرد، کە چەکی کـڕدراوی ئەمریکی بەشی پێشمەرگە نـادەن‌و وتەبێژی وەزارەتـەکـەش دەڵـێـت: «بێبەشکردنی پێشمەرگە لەو چەکانە، مانای بێبەشکردنی کورد نییە».

محەمەد عەسکەری؛ وتەبێژی ڕەسمیی وەزارەتـــی بـەرگـریـی عـێـراق ڕایگەیاند: «وەزارەتەکەمان بە بودجەی (١٣) ملیار دۆلار، گرێبەستێک لەگەڵ ئەمریکادا ئیمزادەکات بۆ دابینکردنی چەکی پێشکەوتوو، لەنێویاندا فرۆکەی سەربازیی (F16)و تانکی جۆری ئەبرامز، ئەو گرێبەستەش پرۆسەی چەکدارکردنی پێشمەرگە ناگرێتەوەو ئەو چەکانە تەنیا بەدەست سوپای عێراقەوە دەبێت».

محەمەد عەسکەری لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت کە لە ژمـــارەی دوێنێدا بڵاویکردووەتەوە، ڕایگەیاندووە: «بێبەشکردنی پێشمەرگە لـەو گرێبەستەی چـەک، مانای بێبەشکردنی کورد نییەو کوردو عەرەب‌و تورکمان بوونیان لەناو سوپای عـێـراقـدا هەیە».



# دەیان زیندانیی، بڕیاری لێبووردن دەیانگرێتەوەو ئازاد نەکراون



هۆشەنگ سەروچاوەیی

(٦٥) زیندانیی کە بڕیاری لێبووردن دەیانگرێتەوە، تا ئێستا ئازاد نەکراون، ئەمە سـەرەڕای ئەوەی کە لیژنەی لێبووردنی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێم، بەڵێنی پێداچوونەوەی دۆسیەی ئەو زیندانییانەی دابـــوو، ئەندامێکی لیژنەکەش، پشووە ڕەسمییەکان بە بەربەست لـەبـەردەم ئەنجامنەدانی کارەکەیاندا لەقەڵەم دەدات.

دەیـان زیندانیی هەرێمی کوردستان کە بڕیاری لێبووردنی سەرۆکی هەرێم دەیانگرێتەوە، تا ئێستا ئازاد نەکراون‌و پێشتریش ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان، لە (٢٠١٠/١٢/١٥)دا یاداشتێکیان لە ڕێگەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە ئاراستەی سەرۆکی هەرێم کرد، کە پێداچوونەوە بە بڕیاری لێبووردنی سەرۆکایەتیی هەرێم بکات، بەوپێیەی بەشێک لەو زیندانییانە بەهەمان بڕگەو مـادەی یاسایی ئەوانی تر دەستگیرکراون کە بڕیاری لێبووردن گرتوونیەتییەوە، بەڵام ئازاد نەکراون، بۆ ئەو مەبەستەش، بڕیاربوو لەلایەن لیژنەی لێبووردنی تایبەتی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمەوە، بەدواداچوون بۆ دۆسیەی ئەو زیندانییانە بکرێت‌و ئازاد بکرێن، بەڵام دوای تێپەڕینی چەندین هەفتە، تا ئێستا ئەو هەنگاوە نەنراوە.

سەرگوڵ قەرەداغی، ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی لە لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمەوە لیژنەیەک دانراو لەدانیشتنیکیاندا لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ، لیژنەکەی سەرۆکایەتیی هەرێم بەڵێنی دا کە بەزوترین کات بەدواداچوون بکات‌و بەفایلی ئەو زیندانییانەدا بچێتەوە، بەڵام چەند هەفتەیەکیش بەسەر وادەی بەڵینەکەیاندا تیپەڕی کرد، کەچی تا ئێستاش کێشەکە هەروەک خۆی ماوەتەوەو ئەو زیندانییانە ئازاد نەکراون».

بەر لە جەژنی قوربانی ساڵی ڕابردوو، نزیکەی (٢٠٠)کـــەس لـە زیندانییانی گرتووخانەکانی هەرێمی کوردستان، بە بڕیاری لێبووردنی سەرۆکی هەرێم، ئازادکران‌و لەناویشیاندا زیاتر لە (٥٠) کەسیان بەمادەی کوشتن دەستگیرکرابوون، بەتایبەتی کوشتنی ئافرەتان، بەڵام زیاتر لە (٦٥ )زیندانیی تر کە هەمان مادەو بڕگەی ئازادکراوەکانیان هەیە، لێبووردنەکەی سەرۆکی هەرێم نەیگرتنەوەو لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، گیراوانی گرتووخانەی چاکسازیی گەورانی سلێمانیش، بۆ هەمان مەبەست‌و بۆماوەی هەفتەیەک مانگرتنیان ڕاگەیاند.

لـەبـەرامـبـەریـشـدا، غــازی دزەیـی، ئەندامی لیژنەی لێبووردنی تایبەتی دیوانی سەرۆکایەتیی هـەرێـم، بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: «بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان خستیانە بەردەممان، ئێمە بەڵینمان پێدان کە بەدواداچوون بۆ تەواوی زانیارییەکانیان بکەین، بەڵام بەهۆی هاتنی پشووی زۆرەوە، نەمانتوانیوە پەلە لەکارەکانمان بکەین».

پارتی، کار بۆ وەرگرتنی دەزگایەکی ئەمنیی عێراق دەکات 4

# هەرێمی کوردستانو ئەوروپا

هـــەروەک چـــۆن پێشبینی دەکـــرا کە واژۆکردنی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە کۆتایی بەو کێشەیە ناهێنێتو دەنگی ناڕەزایی هاوڵاتییانو ڕۆشنبیرانو ڕۆژنامەنووسان کپ ناکاتو ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ دلێرتر دەبێت، شەپۆلی بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڵوێستەی زۆرینەی پەرلەمانو سەرۆکایەتییەکەی لە تێپەڕاندنی ئەو یاسایە چـووە ئاستێکی جەماوەریی فراوانترو بێبڕوایی بە هەنگاوەکانی لیستی زۆرینەو سەرۆکایەتی هەرێم قووڵتر کردەوە.

زۆر لەو ڕۆژنامەنووسو ڕۆشنبیرانەی کە لە دادگای هەولێر سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە، لەڕێگەی نووسینەکانیانەوە ڕاشکاوانە سەرۆکی هەرێمیان لەم مەترسییانە ئاگادار کـردەوە، لەگەڵ هاوڵاتییان داوایـان کرد کە سەرۆک ئەو یاسایە ئیمزا نەکاتو بینێرێتەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام سەرۆک ئەوەی نەکردو گوێی نەدایە ئەو هەموو ناڕەزاییەو وەک چۆن یاسای بودجەی ئیمزا کرد، بە هەمان شێوەو بە بیانووی ئەوەی ڕێز لە بڕیاری زۆرینە دەگرێت، ئەم یاسا ترسناکەشی مۆر کرد.

زۆرجـار ئەندامانی لیستی زۆرینە ئەو پاساوە دەدەن بە گوێی هاوڵاتییاندا، کە گوایە وەرگرتنی ڕەزامەندیی دەســەڵات بۆ مافی خۆپیشاندان تەنیا بۆ کوردستان دانەهێنراوە، بەڵکو لە زۆربـەی وڵاتە ئەوروپییەکان بە هەمان شێوەیەو بەبێ ڕەزامەندیی دەسەڵات خۆپیشاندان بەڕێوەناچێت.

ئەم شوبهاندنو بەراوردکردنە لە دوو لاوە هەڵەیە:

یەکەمیان: لەبەر ئەوەی لەو وڵاتانەدا یاسا سـەروەرەو بەرپرسی یەکە کارگێڕییەکانو تەنانەت بەرپرسە ئەمنییەکانیش لە لایەن حیزبەکانیانەوە دانانرێنو مەسەلە حیزبییەکان هیچ ڕۆڵو کاریگەرییەک نابینن و ڕۆڵـی حیزبەکان لە دامودەزگا حکومییەکان هیچ کاریگەرییەکی نییەو بە هیچ شێوەیەک ئەو بەرپرسانە ناتوانن بە دوو جۆر مامەڵە لەگەڵ ویژدانی خۆیانو هاوڵاتییانو داواکانیان بکەنو فەرمان لە بەرپرسە باڵاکانی حیزب وەرناگرنو مەسەلەی حیزبیبوون، یان حیزبی نەبوون هیچ ڕۆڵێک نابینێت، بۆیە جێی خۆیەتی لێرە لەو ئەندامە بەڕێزانەی لیستی زۆرینە بپرسین: ئایا ئەو حاڵەتە لە کوردستان بە هەمان شێوەی ئەوروپایە، یاخود ڕێک پێچەوانەیەتی؟

دووەمیان: ئایا ئەندامانی لیستی دەسەڵات، جگە لەم یاسایەو مەسەلەی بەشداربوونی ڕاگەیاندنەکانو هـاتـنـەژوورەوەیـان بۆ هۆڵی پەرلەمان لە چ مەسەلەیەکی تردا ئەو وڵاتانەمان بە نموونە بۆ دەهێننەوە؟ ئایا کە باس لە ئاو و کارەباو ژینگەو مافی مرۆڤو دادپـەروەریـی کۆمەڵایەتیو شەفافیەتو مافە دیموکراسییەکانو هـەمـوو جـۆرە خزمەتگوزارییەکانی ئەو وڵاتانە دەکات، کە بۆ مرۆڤەکانی خۆیان ڕەخساندوونو پێشکەشیان دەکەن؟ ئایا هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکی ئەو وڵاتانەدایە؟ لە چ ڕوویەکەوەو لە چ بوارێکدا لیستی دەسەڵات دەتوانێت هەرێم بە ئەوروپا بـەراورد بکاتو بیشوبهێنێت؟ ئایا ئەگەر ئۆپۆزسیۆن، یان ڕۆژنامەنووسان بەراوردێکی لەو جۆرەیان بورووژاندایە لیستی دەسەڵات چۆن وەڵامی دەدایەوەو نەیدەوت کوردستان لە کوێو ئەوروپا لە کوێو ئەوان سەد ساڵ لەپێش ئێمەوەن؟

ئەگەر پاساوی لیستی زۆرینە بۆ تێپەڕاندنی ئەو یاسایە ئەو جۆرە شوبهاندنە بێت کە ئاماژەمان پێدا، ئەوا بە دڵنیاییەوە پاساوەکەی سەرۆکایەتی هەرێمیش بۆ ئیمزاکردنی ئەو یاسایە زۆر لەوە لاوازترە، چونکە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم تەشریفاتی نییەو تەنیا بۆ مۆرکردنو تێپەڕاندنی یاساکانی زۆرینەی پەرلەمان نییە، بەڵکو بۆ ڕەتکردنەوەشیەتی!!

هـەروەک چۆن سەرۆکی هەرێم یاسای (جێندەر)، کە بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمان پەسەند کـرا، بـەڵام نـاڕەزایـی ژمارەیەک مامۆستای ئایینی هەولێری لێکەوتەوە، سەرۆک ئەو یاسایەی ئیمزانەکردو گەڕاندییەوە بۆ پەرلەمان، دەبوایە سەرۆک بە هەمان شێوە گوێی لەو هەموو ناڕەزاییانەی هاوڵاتییانی هەرێم بگرتایەو یاسای خنکاندنی ئازادییەکانی ڕەتبکردایەوە.

رۆژنامە

# (٧) لیست کێبڕکێی هەڵبژاردنی تەندروستکاران دەکەن

چاوان عەلی

بانگەشەی هەڵبژاردنی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، بە بەشداریی (٧) لیستی جیاواز دەستیپێکردو لیستی کارمەندانی تەندروستیی سەردەمیش لە (٣) پارێزگادا بەشداریی هەڵبژاردنەکە دەکەن.

ئەکرەم مەحمود، وتەبێژی لیستی کارمەندانی تەندروستیی سـەردەم، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە، ئاشکرای کرد، کە لیستەکەیان لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیو کەرکوک بەشداریی هەڵبژاردن دەکەنو ئامانجیشیان جیاکردنەوەی کاری سەندیکایە لە حیزبو باشکردنی ژیانی کارمەندانی تەندروستییە.

هەڵبژاردنی کارمەندانی تەندروستیی، لە (١/٢٠) ئەنجام دەدرێتو لیستی کارمەندانی تەندروستیی سەردەمیش، بۆ یەکەمجارە بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکەنو (٩٥) کاندیدیان دەبێت، لە سلێمانی (٧٥)کاندیدو لە هەولێر (١٥)کاندیدو لە کەرکوک (٥) کاندید.

بانگەشەی هـەڵـبـژاردن بۆ مـاوەی (١٠) ڕۆژ بـەردەوام دەبێتو (٧) لیست لە هەر چوار پارێزگاکە بەشداریدەکەن، لەم بـارەیـەوە هـادی فـاروق، سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکە، ڕایگەیاند: کە لە دوێنێوە لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی سەندیکای کارمەندانی تەندروستیی، دەستیان کردووە بە بانگەشە بۆ لیستەکانیانو لیستەکان دەتوانن (١٠) ڕۆژ بانگەشە بۆ خۆیان بکەن، تا (٢٤) سەعات پێش هەڵبژاردن بەردەوام دەبێت.

بـەوتـەی سـەرۆکـی لیژنەی بـاڵای هەڵبژاردن، هەڵبژاردنەکەش بەشێوەی لیستی داخراو دەبێت، بەڵام نوێنەرەکان ئاشکرادەبن، وتیشی: پارێزگاکانیش کراون بە (٤) بازنەی سەرەکییەوە (سلێمانی، هەولێر، دهـۆکو کەرکوک)و شارەکان دابەشکراون بەسەرچەند وێستگەیەکدا، سلێمانی (٢٩)وێستگە، هەولێر (٢٣) وێستگەو کەرکوک (١٤)وێستگەو دهۆک (١٠)وێستگە.

لەم هەڵبژاردنەدا، لە سلێمانی (٧)لیست کە (٨٥)نوێنەر، لە هەولێر (٦)لیست کە (٦٥) نوێنەر، لەدهۆک (٣)لیست کە (٣٠)نوێنەرو لە کەرکوکیش (٥)لیست کە (٢٠) نوێنەریان دەردەچێت بۆ گۆنگرەو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیش ڕاستەوخۆ دەبنە ئەندامی کۆنگرە.



# ئاسایشو زانیارییو پاراستن داوای دوو یاسا دەکەن

چاوان عەلی ، سەنگەر کوردە

بـەرپـرسـانـی دەزگـــای ئاسایشی سلێمانیو هەولێر ئامادە نین بچنە ژێر باری ئەوەی کە دوای دەرکردنی یاسای یەکگرتنەوەکەشیان لە پەرلەمان بە شێوەیەکی ڕاستەقینە، یەکبگرنەوەو لە بەرامبەردا داوا لە پەرلەمان دەکەن دوو یاسایان بۆ پەسەند بکات.

دوێـنـێ لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجێییەکانی پەرلەمانو لیژنەی یاسایی لـەگـەڵ بەرپرسانی هەردوو دەزگای ئاسایشەکە کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردنو گەیشتنە چارەسەرێک دەربارەی دەرکردنی یاسایەکی یەکگرتوو بۆ یەکگرتنەوەی دەزگاکانی ئاسایشو زانیارییو پاراستن.

کاروان ساڵح، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجێییەکان لە لێدوانێکدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە؛ کە لـەو گفتوگۆیەدا نەتوانراوە بگەنە ڕێککەوتنێک دەربـــارەی میکانیزمی یەکگرتنەوەی ئەو دەزگایانەو وتی: «ئەوان دەیانەوێت پەرلەمان دوو یاسا دەربکات، یاسایەک بۆ دەزگـای گشتیی ئاسایشی هەرێم کە مەرجەعەکەی ئەنجومەنی وەزیــران بێتو سەرۆکەکەی بە پلەی وەزیر بێت، یاسای ئەنجومەنی ئاسایشیش بۆ دەزگاکانی زانیارییو پاراستن، کە مەرجەعەکەی سەرۆکی هەرێم بێتو بەرپرسەکەشی پلەی وەزیر بێت، ئەمەش جارێکی دیکە (٥٠ بە ٥٠)کەیە دووبارە دەبێتەوە.

لـەو کـۆبـوونـەوەیـەدا، وەک ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەی پێدا؛ بەرپرسی دەزگاکانی ئاسایش داوایانکرد پشتیوانییان لێ بکرێت کە یاساکە هەنگاوێک بێتو ماوەیەکی دیارینەکراویشیان بدرێتێ تا بە فیعلیی یەکبگرنەوە، ئەمەش دانپێدانان بوو کە ئاسایشی یەکێتیو پارتی یەکناگرنەوە، چونکە داوای دیاریکردنی ماوەیەکی دیاریکراومان بۆ یەکگرتنەوەکە کرد، ئەوان پێشتر ئامادە نەبوون بچنە ژێر ئەم بارەوە.

هاوکات بڕیارە هەفتەی داهاتوو لیژنەی ناوخۆو ئاسایش لەگەڵ لیژنەی یاسایی دەربارەی کەموکوڕییەکانی ئەم دوویاسایە کۆببنەوە، چونکە بە وتەی کاروان ساڵح، یەکگرتنەوەی ئەم (٤) دەزگایە مەحاڵە، چونکە بە ڕوونی ئەوە دەردەکەوێت لە گفتوگۆکاندا کە ئەم دەزگایانە متمانەیان بە یەک نییە، تا یەکبگرنەوە.

هاوکات نەریمان عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گـۆڕانو ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئەنجومەنە خۆجێییەکان پێیوایە؛ «ئـەو پرۆژەیاسایە لە چوارچێوەیەکی تەسکی حیزبییەوە داڕێژراوەو تەرکیزکردنە سەر مانەوەی دوو ئیدارەییە لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی هێزەکانی ئاسایشو هەواڵگرییو دابەشکردنەکان، دابەشکردنێکی حیزبییانەیەو ناچێتە بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە، ئەگەر بەو شێوەیە بێت باشترە یەکنەگرنەوە».

ئەو پاساوی قسەکانی بەوە دەهێنێتەوە؛ کە تێکەڵکردنی دەسەڵاتەکان لە یاساکەدا هەیە، بەوەی ئەنجومەنەکە پەیوەندیی بە سەرۆکایەتی هەرێمەوە دەبێتو دەزگای ئاسایش پەیوەندیی بە سەرۆک وەزیرانەوە دەبێت، دەڵێت: «ئـەوە تێکەڵاوکردنێکی زۆر مەترسیدارە، هـەروەهـا سیستمی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکاتە سیستمی سەرۆکایەتی، نەک پەرلەمانیی، چونکە نابێت ئەو دەزگایانە پەیوەندییان بە سەرۆکەوە هەبێت، بەڵکو دەبێت سەر بە ئەنجومەنی وەزیران، یا وەزیری ناوخۆ بن، یان وەزارەتێکی تایبەت بە ئەمنی قەومی دروستبکرێتو هێزەکانی ئاسایشو هەواڵگریی لەخۆ بگرێت».

ئەو پەرلەمانتارە ڕوونیشی دەکاتەوە؛ دەزگای پاراستنو زانیاریی وەک پێناسە حیزبییەکەی دانـراوەو باس لە هەیکەلو پرەنسیپەکانی نـەکـراوەو وردەکـاریـی تێدا نییە، کە چۆن دەبێت «بۆیە تەنیا شەرعیەتدانە بەوەی کە هەبووە، بۆ ئەوەی بودجەی بۆ دابنرێت».

**بەرپرسی دەزگاکانی ئاسایش داوایانکرد پشتیوانییان لێ بکرێت کە یاساکە هەنگاوێک بێتو ماوەیەکی دیارینەکراویشیان بدرێتێ تا بە فیعلیی یەکبگرنەوە، ئەمەش دانپێدانان بوو کە ئاسایشی یەکێتیو پارتی یەکناگرنەوە**

## پەرلەمانتارێک: لە بادینان فرۆشتنی ڕۆژنامە ئازادەکان قەدەغەیە

سبەی

ئەندامێکی فراکسیۆنی گـۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات؛ لە سەردانێکی مەیدانییان بۆ ناوچەی بادینان ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە بەشێک لە بڵاوکراوە ئـازادەکـان قەدەغەیە لە بازاڕەکان بفرۆشرێن.

عەبدوڵڵای مـەلا نـوری، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە سایتی (سبەی) ڕاگەیاند: لە ماوەی ڕابردوودا فراکسیۆنی گۆڕان سەردانی مەیدانیی ناوچەی بادینانی کـردووەو لەشاری دهۆک ئەوەیان پێڕاگەیاندراوە، کە بەشێک لە ڕۆژنامە ئەهلییەکان قەدەغەیەو بە ئاشکرا بە ڕۆژنامە فرۆشەکان وتراوە: «ئەگەر بێتو ئەم گۆڤارو ڕۆژنامانە بفرۆشن، دووکانەکانتان دەسووتێنین».

وتیشی: بڕیارمانداوە لەڕێگەی ڕاپۆرتێکەوە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانو حکومەت لـەوە ئاگادار بکەینەوە،کە ناکرێت لە شارێکدا کە بەشێکە لە هەرێم، فرۆشتنی هەندێک ڕۆژنامەو گۆڤار قەدەغە بکرێت.

## کۆنگرەی نابینایان کێشەی تێدەکەوێت

کوردە جەمال

دوای ١٧ ساڵ بۆ یەکەمجار دوێنێ کۆنگرەی نابینایان دەستیپێکرد کە هەردوو لیستی ڕووناکیو نوێبوونەوە لە کێبڕکێدا بوونو بەشداریی هەڵبژاردنی کۆنفرانسیان کرد، بەڵام بەهۆی «بوونی کێشەو پێشێلکاریی» لیستی نوێبوونەوە کشانەوەی خۆیان ڕاگەیاند.

کەنار بێباک، وتەبێژو ڕێکخەری لیستی نوێبوونەوە، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بە هۆکارەکانی کشانەوەیان کرد لە کۆنگرەو وتی: «١٧ ساڵ بوو هیچ هەڵبژاردنێک نەکرابوو وە ئێمە کۆنگرەمان هێنایەسەرپێ،بەڵام بەڕێوەچوونی کارەکان بە دڵی ئێمە نەبوو بۆیە پاشەکشەمان کرد»، باسی لەوەشکرد کە پێشێلکاریی کراوەو پرۆسەکە بە نادیموکراتی بەڕێوە چووە.

بێباک ڕوونیکردەوە کە لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا هەڕەشە لە کاندیدیان کـراوەو دادوەر بەشداریی پرۆسەی نـەکـردووە، وتیشی: «هەستمان کرد غەدرمان لێکراوەو ئاگاداری وردەکاریی هـەڵـبـژاردنو دەنگدانەکان نەبووین، هەروەها لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە کە (٤) کەسن، سیانیان لە لیستەکەی تر بوو، لەکاتێکدا پێویست بوو یان بێلایەن بوونایە یان نیو بە نیو دانرانایە».

# حیزب لەبری حکومەت پرۆژەیەک تەواو دەکات

ڕۆژنامە

یەکێتی لەبری حکومەت پرۆژەیەکی تەواو نەکراوی چەند خوێندنگەیەک لە بری حکومەت تەواو دەکاتو پەرلەمانتارێکیش دەڵێت: «لەبری ئەو جۆرە هاوکارییە با حیزبەکان بیناکانی وەزارەتـی پـەروەردە چۆڵ بکەن».

بەپێی هـەواڵـێـک کـــە سایتی (pukmedia)ی زمانحاڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕۆژی ٢٠١٠/١/٨ بڵاویکردووەتەوە، مەکتەبی دارایـی ئەو حیزبە، چوار کابینە بۆ چوار خوێندنگەی تەواو نەکراوی گوندەکانی کۆکۆی شەمێران، تۆڵەبی، زارێنو سەرشاتە دابینکردووە، کە بەپێی سایتەکە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوەجێبەجێکراونوتەواونەکراونو بری بودجەی ئەو چوار کابینەیەشی بە (٢٤) ملێۆن دینار خەمڵاندووە.

لـەوبـارەیـەوە د.جـەعـفـەر عـەلـی؛ ئەندامی لیژنەی پــەروەردەو فێرکردنی بـاڵاو توێژینەوەی زانستیی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە؛ کە تائێستا حکومەتو حیزب لە یەکتری جیانەکراونەتەوەو ئەو بڕە پارەیەی حیزبەکە هەمان پارەی حکومەتە.

د.جەعفەر، وتیشی: «ئاسایی بوو ئەگەر ئەو حیزبە قوتابخانەیەکی دروستبکردایەو پێشکەش بە حکومەتی بکردایە، بەڵام کاتێک کە حکومەت کارەکانی بە نیوەناچڵی بەجێدەهێڵێتو حیزب دێت وەک هاوکاریکردن بۆ ئەو حکومەتە پێداویستی بۆ دابین دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە کە حیزب ئەو پارەیەی لەکوێ بوو».

د.جەعفەر ڕەخنەی ئەوەی لە حیزبەکان گـرت کە تائێستا بیناکانی وەزارەتــی پەروەردەیان داگیرکردووەو کردوویانەتە بـارەگـای حیزبییو وتـی: «بـا لەبری هاوکاریکردنی خوێندنگەیەکی تەواونەکراو، ئەو حیزبە بارەگای مەکتەبی سیاسییەکەی چـۆڵ بـکـات کـە مـوڵـکـی وەزارەتــی پەروەردەیە».

### میدیای جیهانییش بەگرنگییەوە رووماڵی خۆپیشاندانەکان دەکات

# ئەوروپاش دژ بە یاسای خۆپیشاندان دێتە دەنگ

راپۆرتی: سەنگەر جەمال



لـەدوای پەسەندکردن‌و واژۆکـردنی یاسای «رێکخستنی خۆپیشاندان»ەوە نارەزایەتییەکانی هاوڵاتییانی کوردستان لەناوەو دەرەوەی وڵاتیش بەردەوامن.

دوای نـارەزایـی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان‌و پەسەندکردنی یاساکە نارەزایی جەماوەریی لێکەوتەوەو رژانە سەر شەقامەکان.

## کاردانەوەی میدیای جیهانیی

دوای زنجیرە خۆپیشاندانەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مـەدەنـی‌و بەشێکی رۆژنامەنووسان‌و رۆشنبیرانی شاری هەولێر خۆپیشاندانێکیان رێکخست، دوابەدوای ئەویش لە سێشەمەی رابـردوودا خۆپیشاندانێکی جەماوەریی لە پایتەختی کوردستان دژی پەسەندکردن‌و واژۆکردنی یاسای خۆپیشاندان ئەنجامدرا.

ئـەوەش دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، هـەروەهـا بەشێکی بـەرچـاوی کەناڵە عەرەبی‌و جیهانییەکان رووماڵیان کردو لێکدانەوەی زۆری بۆ کـرا، بەشێوەیەک بووە مانشێت‌و بابەتی سەرەکی هەندێکیان، وەک: رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی لە هەواڵێکدا بەناونیشانی «خۆپیشاندان بۆ ئازادیی رادەربرین لە کوردستان» باس لە خۆپیشاندانی شاری هەولێر دەکـات. لەو هەواڵەدا هاتووە، زیاتر لە هەزار خۆپیشاندەر هاتنە سـەر شەقامی سەرەکی هەولێر، پایتەختی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئیدانەی ئەو یاسا نوێیە بکەن.

هـەروەک ئاژانسی فرانس پرێسی فەرەنسی یاسای خۆپیشاندان بە کشانەوەی دیموکراسی لە عێراق لەقەڵەمدەدات، میدڵ ئیست ئۆنلاین-یش کە بارەگا سەرەکیەکەی لە فەرەنسایە بە مانشێت بڵاویکردەوە کە «بارزانی‌و تاڵەبانی هەناسەی رۆژنامەنووسان بێدەنگ دەکەن‌و خۆپیشاندانی خەڵک قەدەغە دەکەن»، لەلایەکی دیکەوە کەناڵی پرێس تی.ڤی بلاوی کردەوە کە خۆپیشاندان هەولێریشی گرتەوەو هەریەکە لە رۆژنامەکانی (حەیات)ی لەندەنی‌و (نەهار)ی لوبنانی‌و ماڵپەری خەلیج‌و چەند کەناڵێکی دیکە بە شێوازی جۆراوجۆر رووماڵی خۆپیشاندانە نارەزاییەکانی هەرێمی کوردستانیان کرد دژی پەسەندکردنی یاسای خۆپیشاندان.

دوای ئەویش لە چەند ناوچەیەکی دیکەی کوردستان خۆپیشاندان ئەنجامدرا، بە شێوەیەک کە سەر لە بەیانی پێنجشەممەی رابردوو لە قەزای پێنجوێن‌و لەژێر دروشمی «پێنجوێنی بەعسی بەزێن، دژی یاسای نابەجێن»، خۆپیشاندانی نارەزایی دژی یاساکە ئەنجامدرا، کەمال سادق، یەکێک لە رێکخەرانی خۆپیشاندانەکە رایگەیاند: لە دژی ئەو یاسایە کە کۆتوبەندی ئازادییەکانی مرۆڤی کـردووە، ئـەو خۆپیشاندانەمان ئەنجامداوە».

هەروەک دوای نیوەڕۆی رۆژی هەینی هاوڵاتییانی تەقتەق لەژێر دروشمی: «ئێمە خەڵکی تەقتەقین دژی یاسای موتڵەقین، سروشتی تەقتەق وایە ئازادیی لا رەوایە»، خۆپیشاندانی نارەزاییان ئەنجامداو یاساکەیان رەتکردەوە، بڕیاریشە دووشەممەی داهاتوو خەڵکی دەڤـەری باڵەکایەتی‌و چۆمان خۆپیشاندانی جەماوەریی ئەنجام بدەن.

### «واژۆکردنی یاساکە پێچەوانە کەوتەوە»

ئارام جەمال، بەڕێوەبەری رێکخراوی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن، پێیوایە؛ ئەو خۆپیشاندانە نارەزایەتییانەی لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان روویـانـداوە ئەنجامی گوێنەگرتنی نوێنەرانی نوخبەی دەسـەڵاتـداری سیاسییە لە پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەو داوایانەی نوخبە جیاوازەکانی کۆمەڵگە هەیانە سەبارەت بە پرسی ئازادیی، «مەسەلەی رێکخستنی خۆپیشاندان لە یاسایەکدا، رێکخستنی ئازادییە لە یاسایەکدا، ئەوەش پەیوەندیی بە هەموو هاوڵاتییەکەوە هەیە».

ئەو باس لەوە دەکات؛ دوای گفتوگۆیەکی زۆر لەگەڵ لیستی زۆرینە ئەو یاسا خراپە دەرچوو کە وەک ئەو دەڵێت: «ستەمکارو نادادپەروەرەو هەڕەشەیەکی زۆرە بۆ سەر ماف‌و ئازادییەکانی هاوڵاتییان».

بەڕێوەبەری رێکخراوی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن لەو بڕوایەدایە کە ئێستا هاوڵاتییانی کوردستان داکۆکیی لە ئازادیی دەکەن‌و پەسەندکردن‌و واژۆکردنی یاساکەش زۆر پێچەوانە کـەوتـەوەو خزمەتێکی زۆری بە بەشداریی سیاسیی کرد لە هەرێمی کوردستان، وتیشی: «ئەگەر بوار بۆ چاکسازیی لە یاساکە نەڕەخسێت ئاستی خۆپیشاندانەکان‌و بەشداریی سیاسیی زۆر فراوان دەبێت».

پەیمان عیزەدین، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە؛ خۆپیشاندان‌و نارەزایی دەربڕینی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتییان لە چین‌و توێژە جیاوازەکانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان، مەبدەئی زۆرینەو کەمینە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە وتی: «جگە لەوەش ئەگەر هاتوو پەرلەمانتارانی دەسەڵات بە فیعلی زۆرینەی خەڵکیان لەگەڵ بووبێت، ئەم خۆپیشاندانانە نامەیەکی راستەوخۆیە بۆ نوێنەرەکان کە ئەو خەڵکە دەنگیان نەداوە کە دەنگیان قەتیس بکرێت».

### نارەزایەتییەکان ئەوروپاش دەگرێتەوە

نارەزایەتییەکان دژی پەسەندکردنی یاسای خۆپیشاندان تەنیا لە ناو کوردستان نامێنێتەوەو پەل بۆ دەرەوەی وڵات‌و ئەوروپا دەکێشێت، ئەوەش وەک نارەزایەتی‌و جوڵاندنی شەقام‌و چاودێرانی دەرەوەو ئاگادارکردنەوەیان لە پەسەندکردنی یاسایەکی لەو شێوەیە لە هەرێمی کوردستان.

لەو چوارچێوەیەشدا ژمارەیەکی بەرچاوی رەوەندی کوردی لە ئۆسلۆی پایتەختی وڵاتی نەرویج سەر لە ئێوارەی رۆژی شەممەی رابـردوو دژی پەسەندکردن‌و واژۆکردنی یاساکە خۆپیشاندانێکی نارەزاییان ئەنجامدا لە ژێر دروشمی «نا بۆ یاسای خۆپیشاندان نا بۆ یاسای لەسێدارەدانی ئازادیی»، هەروەک لە ئێستاشدا ئامادەکاریی دەکرێت بۆ ئەوەی رەوەندی کوردی لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا، بەتایبەت لە سویدو هۆڵەنداو ئەڵمانیا خۆپیشاندان ئەنجام بدەن.

# ١٨ ساڵە پەرلەمان نە لێپرسینەوەی کردووەو نە متمانەی لە هیچ وەزیرو بەرپرسێکی گەندەڵ سەندووەتەوە

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان



فۆتۆ: رۆژنامە

چـاودێـران رەخنە لە دامـەزراوەی پەرلەمانی کوردستان دەگرن کە لەمێژووی (١٩)ساڵی حوکمڕانیی هەرێمدا تا ئێستا نەیتوانیوە متمانە لـە وەزیـرێـک یان کاربەدەستێکی باڵا بسەنێتەوە، بەهۆی کەمتەرخەمیی‌و گەندەڵییەوە.

پەرلەمانی کوردستان، گەورەترین دامەزراوەی یاسایی‌و دەستووریی هەرێمی کوردستانەو ئەرکی سەرەکی بریتییە لە (دەرکردنی یاسا، چاودێریکردنی حکومەت، پەسەندکردنی بودجەی ساڵانەی هەرێم).

شـارەزایـان پـێـیـانـوایـە، تـا ئێستا پەرلەمانی کوردستان، نەیتوانیوە بەیەکێک لەرۆڵە سەرەکییەکانی خۆی هەستێت، کە ئەویش رۆڵی چاودێریکردنە بەسەر دامەزراوەی جێبەجێکردنەوە «حکومەت». ئەمەش لە بـواری بـەدواداچـوون بەسەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی حکومەت‌و لێپرسینەوە لە کەمتەرخەمییەکانی وەزیرو کاربەدەستەباڵاکانی حکومەت، تا رادەی متمانە لێسەندنەوەش لێیان.

د. دانا سەعید سۆفی، پەرلەمانتاری لیستی کوردستانیی وتـی: «تـا ئێستا لەمێژووی پەرلەمانی کوردستاندا، متمانە لەهیچ وەزیرێک نەسەنراوەتەوە، لەکاتێکدا بەپێی بوونی سەرپێچی یاسایی زۆر، دەبوایە پەرلەمان ئەو دەسەڵاتەی خۆی بەکاربهێنێت».

لەخولی گرێدانی یەکەم لەساڵی دووەمی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا، کە لە (٩/١)ی ئەمساڵەوە دەستیپێکردو تا (٢٠١٠/١٢/٣١)بـــەردەوام بوو، (١٠١) پرسیار لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کراوەو لەو ژمارەیەش تەنیا (٤١) پرسیاریان لەکاتی یاسایی خۆیدا وەڵامدراوەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، هەر پرسیارێک کە لەلایەن پەرلەمانتارێک، یان لیژنەیەک، یان فراکسیۆنێکی پەرلەمانەوە ئاراستەی وەزیـرێـک، یـان سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران دەکرێت، پێویستە لەماوەیەکی دیاریکراودا کە (١٥)رۆژە، وەڵامبدرێتەوە، ئەگەر وەڵامنەدرایەوە، ئەوا پێویستە لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە ئەو وەزیرە بانگهێشت بکرێت بۆ ناو پەرلەمان، بەڵام پەرلەمانی کوردستان لەئاست ئەم کارەی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا، بێدەنگ بوو.

د. دانـا سەعید لـەو بـارەیـەوە وتی: «پەرلەمانی کوردستان، بەهۆی زۆر حساباتی سیاسییەوە، نەیتوانیوە بەتەواویی رۆڵی چاودێریکردن بگێڕێت، بەتایبەت کە لەم خولەیدا، پرسیاری زۆری ئاراستەی وەزیرەکان کرد، بەڵام هەموویان لەکاتی یاسایی خۆیاندا وەڵامـنـەدرانـەوەو هیچ وەزیرێکیش لەسەر ئـەوە بانگهێشتی پەرلەمان نەکراوە».

نـەبـوونـی مـوحـاسـەبـەکـردن‌و لێسەندنەوەی متمانە لە بەرپرسانی باڵای حکومەت بە بـڕوای چاودێران هۆکاری سەرەکی بۆ بێجورئەتی‌و لاوازیی پەرلەمان دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی پەرلەمان، چاودێریکردنی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە.

بە بڕوای چاودێرانی سیاسیی، هەیمەنەی حیزب بەسەر پەرلەمان‌و بوونی رێککەوتنی ستراتیژیی نێوان یەکێتی‌و پارتی، رێگرە لەبەردەم دەستکراوەیی‌و بوێریی پەرلەماندا بۆ موحاسەبەو لێسەندنەوەی متمانە لە وەزیرو بەرپرسانی باڵای حکومەت لەکاتی بوونی کەمتەرخەمی‌و گەندەڵیدا.

د. دلێر ئەحمەد، مامۆستای زانستی سیاسیی لە زانکۆی سلێمانی وتی: «دوو حیزبە سەرەکییەکە کە زۆرینەن لەناو پەرلەمانداو حکومەتیشیان پێکهێناوە، هەم حکومەت‌و هەم پەرلەمانیشیان بۆخۆیان کۆنترۆڵ کردووە»، لە ئێستاو رابردووشدا، لێسەندنەوەی متمانە لە وەزیرەکانی حکومەت، دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە ژمارەیەک لەو کەسانەی کە بوونەتە پەرلەمانتار، لەخولەکانی پێشوو و ئێستاشدا، هیچ لە ژیانی سیاسیی‌و پەرلەمانتاریی نازانن، وادەزانن کە پەرلەمان هەر وەرگرتنی پۆست‌و ئیمتیازاتە، ژمارەیەکی تریشیان بەخەیاڵیاندا نایەت کە چی دەبێت‌و چی نابێت، کە «ئەوەی یەکەمیان لە نەزانینەو ئەوی دووەمیشان لە کەمتەرخەمییە، بۆیە حکومەتیش گوێ بەو پرسیارو لێپرسینەوانە نادات کە پەرلەمان لە گەڵیدا دەیانکات».

پرسیاری چاودێران لەو رووەوە ئەوەیە، کە ئایا لە شەش کابینەی رابردوودا سەرۆکی حکومەت‌و وەزیرەکان‌و بەرپرسانی باڵای دیکەی حکومەت توانیویانە ئەوەندە بەباشی کاروبارەکانی حکومەت بەڕێوەبەرن‌و دووربووبن لەگەندەڵی‌و موتەکامیل بوون کە پێویست بە بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتەی پەرلەمان نەکات، یاخود ئەوە بێجورئەتی‌و لاوازیی پەرلەمانە کە نەیتوانیوە دەسەڵاتی خۆی پیادە بکات؟

متمانە نەسەندنەوە لەهیچ وەزیرێک بەدرێژایی کابینەکانی رابردووی حکومەت، بە بڕوای زانا رۆستایی ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بۆ موتەکامیلی حکومەت ناگەڕێتەوە، «ئەوەندەی کە بۆ لاوازیی پەرلەمان دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی پەرلەمان‌و حکومەت رەنگدانەوەی یەک هەقیقەتی حیزبی بـوون، کە ئەویش هی دوو حیزبی دەسـەڵاتـدارە، بەجۆرێک پەرلەمانتارانی ئەو دوو حیزبە کە زۆرینەن لەناو پەرلەماندا، بەرگریی لەوەزیرەکانی خۆیان دەکەن‌و بەهیچ شێوەیەک پەنا نابەنە بەر متمانە لێوەرگرتنەوە».

بۆچوونەکەی زانا رۆستایی بەتەواویی لـەچـەنـد وتـەیـەکـی سـالار مەحمود پەرلەمانتاری لیستی دەسـەڵات لەناو پەرلەماندا رەنگدەداتەوە، کە سەبارەت بەو پرسە بۆ رۆژنامە دەڵێت «هەم حکومەت موتەکامیلە، لێنەسەندنەوەی متمانە لەهیچ وەزیرێک حکومەتی هەرێم نە پەیوەندیی بە ناموتەکامیلی حکومەتەوە هەیە، نە لاوازی پەرلەمان».

بەڵام ئەم بۆچوونەی سالار مەحمود بەتەواویی لەلایەن د. ئەحمەد وەرتی ئەندامی لیژنەی یاسای پەرلەمان رەتدەکرێتەوەو ئەو پێیوایە، کە کەموکورتییەکان لە حکومەتدا ئـەوەنـدە کـەم نین کە لانیکەم زووزوو وەزیرەکان بانگبکرێن بۆ لێپرسینەوە، بۆیە «بە بڕوای من هەم کەش‌و هەوای سیاسیی هەرێمی کوردستان‌و هەم هەژموونی حیزبی پەرلەمانتارانیش نەیانتوانیوە ئەو ئەرکەی خۆیان بەجێبگەیەنن، پەرلەمانیش نەیتوانیوە بە زمانێکی بەهێزەوە رووبەڕووی حکومەت بێتەوە».

سەعدی پیرە: پارتی هەقی ئەوەی نییە بە نزیکبوونەوەمان لە گۆڕان سەغڵەت بێت 6

## تەنیا پارەی بۆ مەسیحییەکانی سلێمانی دابینکردووە

# مەسیحییەکانی پارێزگاکانی دیکە لە بڕیارێکی تاڵەبانی تووڕەن

**رۆژنامە**



بڕیارێکی جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق بۆ بڕینەوەی مووچە بۆ ئاوارە مەسیحییەکانی شاری سلێمانی، مەسیحییەکانی دیکە تووڕە دەکاتو داوادەکەن کە ئەو بڕیارەی سەرجەم ئاوارە مەسیحییەکان بگرێتەوەو سەرۆکی پارتێکی مەسیحیش دەڵێت: «ئەو بڕیارەی تاڵەبانی، دەچێتە قاڵبی حیزبییەوە بۆ کەسبکردنی ئاوارەکانە بۆ حیزبەکەی».

هەفتەی رابردوو جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق بڕیاریدا بڕی (٢٥٠) دۆلاری ئەمریکی بداتە هەر خانەوادەیەکی ئاوارەی مەسیحیی، کە ئاوارەی شاری سلێمانی بوون، کە وەک لە هەواڵێکی ماڵپەڕی وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە: ئەو بڕیارە ئاوارە مەسیحییەکانی شاری سلێمانی دەگرێتەوە، ئەمەش بووەتە جێگەی رەخنەی مەسیحییەکان بەوپێیەی جەلال تاڵەبانی، وەک سەرۆک کۆماری عێراق دەبوایە ئەو بڕیارەی بۆ سەرجەم ئاوارە مەسیحییەکانی هەرێمی کوردستانو عێراق دەربکردایە، نەک تەنیا بۆ شاری سلێمانی.

ئەبلەحەد ئەفرایم ساوا، سکرتێری حیزبی بەیت نەهرەین رەخنەی لەو هەنگاوە گرتو بۆ رۆژنامەی روونکردەوە: کە جار بە جار بڕیاری لەو جۆرە دەردەکرێت، کە جێگەی سەرسامییەو دەبێت جیاوازیی نەکرێت لەنێوان ئاوارە مەسیحییەکانی سلێمانیو ناوچەکانی دیکەدا، وتیشی: «مام جەلال، سەرۆک کۆماری سلێمانی نییەو سەرۆک کۆماری عێراقەو دەبێت جیاوازیی نەکات».

ئەفرایم ساوا، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە؛ کە ئاوارە مەسیحییەکان پێویستی زۆریان بە هاوکارییە، بەڵام ئەو بڕیارەی تاڵەبانی، دەچێتە قاڵبێکی حیزبایەتییەوە تا ئەوەی مام جەلال ئەو ئاوارانەی سلێمانی بۆ حیزبەکەی کەسب بکات، وتیشی: «ئەو هەنگاوە لەگەڵ مەرکەزی مام جەلالیشدا ناگونجێت وەک سەرۆک کۆمار».

لەلایەکی دیکەوە، رۆمیۆ هەکاری، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کلدانیش، بە گرنگی زانی ئەو بڕیارەی سەرۆک کۆمار سەرجەم ئاوارە مەسیحییەکان بگرێتەوە، وتیشی: «پێویستە بەرنامەیەکی تێروتەسەل بۆ هاوکاریکردنی ئاوارە مەسیحییەکان دابڕێژرێت».

## لە دەرەوەی بەرکەوتەی هەڵبژاردن


# پارتی، کار بۆ وەرگرتنی دەزگایەکی ئەمنیی عێراق دەکات

**راپۆرتی: هاوڕێ فایەق**

لیستی هاوپەیمانییو بە تایبەتیش پارتی، کار دەکات بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزارەتێکی ئەمنیی یان دەزگای هەواڵگرییو راوێژکارێکی کوردی مالیکیش وەرگرتنی وەزارەتی «ئاسایشی نیشتمانیی» بە بێ بەها دەزانێت.

لە سەرەتای پێکهێنانی حکومەتی عێراقەوە کورد داوای هیچ وەزارەتێکی ئەمنیی لە نوری مالیکی سەرۆک وەزیران نەکرد، بەڵام لە ئێستادا لیستی هاوپەیمانیی کوردستانو بە تایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان، کار دەکات بۆ وەرگرتنی یەکێک لە پۆستی وەزارەتە ئەمنییەکان، داواکردنی ئەو پۆستەش لەدەرەوەی ئیئتیلافی کوتلە کوردستانییەکانەو لە ئێستاشدا ئەو لیستە لە گەڵ نوری مالیکیو لیستی هاوپەیمانی نیشتمانیی شیعەکاندا لە هەوڵی بەردەوامدایە.

داواکردنی یەکێک لە چوار پۆستە وزارییە ئەمنییەکە (ناوخۆ، بەرگریی، ئاسایشی نیشتمانیی، دەزگای هەواڵگریی) لە کاتێکدایە



کە هەردوو کوتلەی زۆرینەی پەرلەمانی عێراق (هاوپەیمانی نیشتمانیی، عێراقییە) سوورن لەسەر ئەوەی ئەو پۆستانە بە هاوپەیمانیی کوردستان نەدرێت، بەوپێیەی بەشی خۆیان لە پێکهاتەی حکومەتی نوێ بە زیادەوە وەرگرتووە.

فاتیح داراغایی، پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامیی لە پەرلەمانی عێراق بە رۆژنامەی وت: «وەکو ئەندامی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانو وەکوئەندامی شاندی دانوستانکاریش ئاگادارنین لەو داواکردنەو پرسو راوێژ بە ئێمە نەکراوە.

لە روانگەی ئەوەی کە وەکو هاوپەیمانیی کوردستانی داوای ئەو پۆستە کراوە».

وتیشی: «لەکاتی دانوستان بۆ پێکهێنانی حکومەت، باسی پۆستە ئەمنییەکان نەبوو، لەبەر ئەوەی بڕیاری پێشوەخت هەبوو بۆ ئەوەی وەزارەتە ئەمنییەکان بە کەسانی بێلایەنو ئەکادیمیو تەکنۆکرات بدرێت، لەبەرئەوە لەسەرەتاوە باسی دابەشکردنی ئەو پۆستانە نەکرا».

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامە کەوتوون، لەدەرەوەی ئیئتیلافی کوردستانو بە ناوی (بەرکەوتەی) نیشتمانییەوە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی جەخت لەسەر وەرگرتنی (دەزگای هەواڵگریی عێراقی) دەکاتەوە، پارتی دیموکراتیش کاندید بۆ ئەو پۆستە ئەمنییە دەستنیشان دەکات.

موئەیەدتەیب، وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەرچەندە ئەوەی رەتکردەوە کە کاندیدیان بۆ پۆستە ئەمنییەکان پێشنیار کردبێت بەهۆی ئەوەی: «تائێستا دیار نەبووە کام پۆستە بە کورد دەدرێت»، ئەوەشی بۆ رۆژنامە خستە روو: «گرێی سەرەکیی تەواوبوونی پێکهاتەی وەزاری، وەزارەتە ئەمنییەکانە کە لە ئێستادا ئاڵۆز بووەو لایەنەکان نەگەیشتوونەتە هیچ رێککەوتنێک».

وتیشی: «لە سەرەتادا بڕیار بوو کەسایەتی سەربەخۆو پیشەیی ئەو پۆستانە وەربگرن، بەڵام دواتر وا نەکەوتەوە. لیستی عێراقییە وەزارەتی بەرگریی پێشنیار دەکات، کە وابوو مافی رەوای خۆمانە یەکێک لەو چوار پۆستە وەربگرین، هەرچەندە لە سەرەتاوە باوەڕمان وابوو کە کوردێکیش لەناو کەسایەتییە سەربەخۆکان دەستنیشان بکرێت، بەڵام کە بوو بە بەشبەشکاریی لەنێوان پێکهاتەکاندا کوردیش مافی خۆیەتی داوای یەکێک لەو پۆستانە بکات».

لە سەرەتای پێکهێنانی حکومەتی دوای رووخانی سەدام حسێنەوە، ژمارەیەک ئەفسەری کورد لە پۆستە ئەمنییە باڵاکاندا بوون، جگە لە سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق. جێگری سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی گشتییو سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی سەربازییو بریکاری وەزیری ناوخۆ بۆ کاروباری هەواڵگریی ئەفسەری کوردبوونو (٧٥٪)ی ئەو پۆستانەش بەدەست پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بووە.

داواکردنی پۆستی دەزگای هەواڵگریش تائێستا لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی، کە یەکێکە لە پێکهێنەرانی لیستی هاوپەیمانیی کەمتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە، بە گوێرەی لێدوانی شێخ جەعفەر مستەفا، وەزیری پێشمەرگەو فریاد رەواندوزی، ئەندامی پێشووی لیستی هاوپەیمانییو پاڵێوراوی یەکێتی بۆ وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی، رەتکراوەتەوە کە کورد پاڵێوراوی بۆ پۆستە ئەمنییەکان هەبێت.

وەزیری پێشمەرگە لە لێداونێکی رۆژنامەوانیدا ئاشکرایکردووە: «تائێستا کورد هیچ کەسێکی بۆ پۆستەکانی ناوخۆو بەرگرییو ئاسایشی نیشتمانیی پێشنیار نەکردووەو داوامان لێ نەکراوە کەس پێشنیار بکەین».

لە ئێستادا لیستی عێراقییە بە پلەی یەکەم فەلاح نەقیبو دواتریش ئەسکەندەر وەتوتو ئەحمەد جبوری، کاندید کردو بۆ وەزارەتی بەرگرییو هاوپەیمانی نیشتمانیش عەقیل تورەیحیو ئەحمەد چەلەبییان کاندید کردووە، بەڵام دیارنییە تائێستا کێ لەلایەن هاوپەیمانی کوردستانەوە پێشنیار کراوە بۆ وەرگرتنی پۆستە ئەمنییەکان.

عادل بەرواری، ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو راوێژکاری ئێستای نوری مالیکی بۆ کاروباری هەرێمی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەستەمە ئێستا لە عێراقدا کەسانێکی بێلایەن هەبن بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە ئەمنییە باڵایانەو وەرگرتنی پۆستێکی ئەمنیش لە لایەن کەسێکی کوردەوە بە قازانجی هەرێمو عێراقیشە».

بە وتەی بەرواری داواکردنی وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانیی بە زیانی کوردە: «ئەو وەزارەتە کێشەی لەسەرەو دوای ئەوەش ئەگەر کەسێکی کورد وەری بگرێت ئەستەمە هاوکاریی بکرێت لەسەر ئاستی هەموو عێراق، بەتایبەت پارێزگا عەرەبییەکان بۆ پێدانی زانیاریی ئەمنییو لە دواجاردا وەزیرەکە بەتەنیا دەمێنێتەوەو دەبێتە وەزیرێکی بێ بەرهەمو بێ کاریگەرییو لاواز».

وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری ئاسایشی نیشتمانیی، کە لە کابینەی پێشووی مالیکیدا فەریق شیروان وائیلی، وەزیری بوو، کاری کۆکردنەوەی زانیاریی ئەمنییە لە لایەن دامودەزگا ئەمنییەکانی دیکەوەو دواتر ئاراستەکردنی پێشنیارو راسپاردەیە بۆ سەرۆکایەتی حکومەتو پەرلەمان. تائێستا هەیکەلێکی کارکردنی نییەو لە سەردەمی کابینەکەی ئیبراهیم جەعفەرییەوە، پرۆژەیاسای ئەو وەزارەتە دراوەتە پەرلەمانی عێراقو تائێستا یەکلایی نەبووەتەوەو لە سەرەتاوە لیستی هاوپەیمانیی داوای وەرگرتنی ئەو پۆستەی کردووە، بێ ئەوەی یاسایەک، یان هەیکەلێکی کارکردنی بۆ داڕێژرابێت.

بە وتەی بەرواری، بە هەر شێوەیەک لێکبدرێتەوە، ئەو وەزارەتە دەبێتە بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی نیشتمانییو تایبەت دەبێت بە کاروباری ناوخۆ، لەو بارەیەوە بە گرنگی دەزانێت لیستی هاوپەیمانیی دەزگای هەواڵگریی عێراقی وەربگرێت، چونکە بە وتەی ئەو: «هەواڵگریی گرنگە وەرگرتنی زانیاریی دەرەوەیەو بەوپێیەی ئێستا هەرێم پەیوەندیی لەگەڵ دەرەوە خۆشەو لە هەموو وڵاتان دۆستی هەیەو دەتوانێت رۆڵی خۆی ببینێت، نەک وەرگرتنەکە تەنیا لەبەر پۆست بێتو دواجار سومعەی کوردی پێ بشکێت لە حکومەتدا».

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەشی دەست رۆژنامە کەوتوون؛ بڕیارە دوای پێکهێنانی (ئەنجومەنی باڵای سیاسەتە ستراتیژییەکان) کە بڕیارە ئەیاد عەلاوی، سەرۆکایەتی بکات، راستەوخۆ دەزگای هەواڵگریی بکرێتە بەشێکی ئەو ئەنجومەنە.

هەر سەبارەت بە وەرگرتنی پۆستی دەزگای هەواڵگرییو جەختکردنەوەی لەلایەن پارتی دیموکراتەوە، چاودێرێکی ئەمنیی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە رۆژنامەی وت: «پێکهێنانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان تەنیا بۆ



ئیستغلالکردنی هەندێک پۆست بووە، بەڵام داواکاریی وەرگرتنی دەزگای هەواڵگریی، داواکارییەکی حیزبییەو لەو رێیەوە کار بۆ دروستکردنی تۆڕێکی هەواڵگریی دەکرێت کە ژمارەیەک کادیری خۆیان لەورێیەوە بەکاربخەن».

> **عادل بەرواری:**
> **ئەگەر کوردێک وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانیی وەربگرێت ئەستەمە هاوکاریی بکرێت، لە دواجاردا دەبێتە وەزیرێکی بێ بەرهەمو بێ کاریگەرییو لاواز**

> **فاتیح داراغایی:**
> **وەکو ئەندامی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانو وەکو ئەندامی شاندی دانوستانکاریش ئاگاداری داواکردنی پۆستێکی ئەمنیی نین**

## ـــــــان وەرنەگرتووە

# ـــــۆڕان سەغڵەت بێت

یەکێک لە مەترسییە گەورەکان لەسەر سیستمە سیاسییەکەمان، گەندەڵییە

کوردستانیی بووە، سەرۆکی هەرێمیش کاندیدی هەموو هاوپەیمانی کوردستانیی بووە. ئەمە لە نیزامی دابەشکردنی پۆستەکاندا دابەش نابێت، بۆیە هەم یەکێتیو هەم پارتی، ئەگەر مەسەلەی پۆستی سەرۆک کۆمار بکاتە موناقەشەوە، لە نەزانییەوەیەتی.

**رۆژنامە: ئایا بەپێی رێککەوتنی ستراتیژیی، پۆستی سەرۆکی کۆمار هاوتای پۆستی سەرۆکی هەرێمە؟**

* نا، ئەوانە لەچوارچێوەی موناقەشەدا نین.

**رۆژنامە: باس لەنزیکبوونەوەی ئێوەو گۆڕان دەکرێت، ئەم مەسەلەیە چۆنەو تا کوێ رۆیشتووە؟**

* مەوزوعی ئینشیقاقات لەناو بزووتنەوەی کوردیدا، لەهەموو زەمینو زەمانێکدا هەبووە، بەڵام پێموانییە کە ئینشیقاق بەمانای ئیعلانی حەرب بێت! گرووپێک جیادەبێتەوە لەحیزبی دایکو پێیوایە، بەرژەوەندییەکانی لەوێ نوێنەرایەتیی ناکرێنو دەیەوێت سەربەخۆیانە سیاسەتێک پیادەبکات کە بەرژەوەندییەکانی خۆی تێدابنو شتێکی ئاساییە. خاوبوونەوەی گرژییەکانی نێوان ئێمەو گۆڕان، مەسەلەیەکە لەخۆیەوە نەهاتووەو هـەردوولا خواستیان لەسەری هەیەو بـەردەوام بێت، ئەمەش بە قازانجی خەڵکی کوردستانو یەکێتیو پارتیو گۆڕانیشە.

**رۆژنامە: ئەو لێکنزیکبوونەوانە دەگەنە ئـەو ئاستەی مـام جـەلالو نەوشیروان مستەفاش کۆببنەوە؟**

* من لە ئیشی ئەوانە تەدەخول ناکەم، ئەو پرسیارە تەرکە بۆ مام جەلال.

**رۆژنامە: تۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسیت، واتە ئاگات لێ نییە؟**

* بەڵێ، ئەندامی مەکتەبی سیاسیمو مام جەلال بەقەدەر تەمەنی من سیاسەت دەکاتو بۆخۆی بـڕیـاردەری شتی وایـەو من قسەی تیاناکەم.

**رۆژنامە: دیارە کە بە باشی دەزانیت، کۆببنەوە؟**

* من هەموو یەکتر بینینێکو گفتوگۆیەک بەهەنگاوێکی باش دەزانم لەنێوان مام جەلالو کاک نەوشیرواندا، رەنگە زۆر لایەنی تاریک هەبێت لەکاتی یەکتربینیندا روونببنەوە. ئێمە زۆرجـار لەنێوان پارتیو یەکێتیدا، دەگەینە کوچەیەکی بنبەست، بەڵام بەیەک بینینی مام جەلالو کاک مەسعود، چارەسەر دەکرێت.

**رۆژنامە: پارتی، سەغڵەت نابێت بە نزیکبوونەوەتان لەگەڵ گۆڕان؟**

* من هەستم پێ نەکردووە، پارتی، هەقی ئەوەی نییە لەو مەسەلەیەدا، ئێمە هەر یەکەمان ئازادین کە پەیوەندیی دووقۆڵیی چۆن دەگرینو لەسەر حسابی ئەوەی تریان نییە. لەئەسڵدا ئێمەو گۆڕان یەک حیزب بووین، واتە بەدیلی لێکنزیکبوونەوە ئەوەیە کە لێک بدەین، نا شتی وا چۆن دەبێت. هەر بە قازانجی هەرێمو ئەمنو ئاسایشی هەرێمیش نییەو کێشە دروستدەکات. ئێمەش وەکـو یەکێتیی نیشتمانیو پارتی، هاوپەیمانی یەکترین، بـەڵام ئازادیشین کە پەیوەندیی دووقۆڵیمان لەگەڵ کێی تر هەبێتو نەمان بێت. ئێمە لەو زنجیرە کۆبوونەوەیەی هەمانە، پـرس بە پارتی ناکەینو پارتیش لەکۆبوونەوەکانی خۆی، پرس بە ئێمە ناکات.

**رۆژنامە: رۆشنبیران، رەخنە لەئێوە دەگــرن کـە حـیـزبـەکـەتـان لەئاستی مەسەلە دیموکراسییەکانی وەک (یاسای خۆپیشاندانو ئازادیی رۆژنامەوانیی...) بێدەنگەو هەندێکجاریش هەڵوێستەکانی لەپاشەکشەدایە؟**

* ئێمە ئەو بڕیارانەی کە هەمانن، بەگوێرەی رۆژو ئاو و هـەوا وەرناگرین، ئێمە ئەمڕۆ حیزبی حاکمین لەهەرێمی کوردستانو شەریکین لەعێراقدا، ئـەو بـڕیـارانـەی کە وەریاندەگرین، دەبێت لەسەرچاوەی ئەو بەرپرسیارێتییەوە وەریانبگرین. هەروەها ئێمە ئێستا لەکۆمەڵگایەکدا دەژین لەکوردستانی عێراق کە هێشتا پاشماوەی دەرەبەگایەتیو ئەنواعی سەحوەی جیاجیا کاریگەرییان هەیە لەسەری. رۆیشتن بەزیاتر لەوەی کە کۆمەڵگای تۆ هەزمی دەکات، کاردانەوەی سلبی دەبێت. ئێستا ئـەو موناقەشەیەی لەسەر جێندەر پەیدابووە، رەنگە رێکخراوە ئیسلامییەکان نەتوانن راستەوخۆ بێن خۆیان بەرەنگاربن، مەلای مزگەوتەکان هاندەدەن کە قسەی لەسەر بکەنو مەلای مزگەوتەکانیش سەرچاوەی ئەو ئەمرەیان لەکوێ بۆدێت، من تێناگەم، رەنگە ئێرە جێگای ئەوە نەبێت، بەڵام پێموایە، ئەمە کارێکی خراپە بۆ ئێمەو رەنگە لەدواتردا کاریگەریی خراپی هەبێت، بۆیە پێموایە، هێزێکی وەکو یەکێتیی نیشتمانی کە هێزێکی هوشیارە، دەبێت لەم قۆناغانەو بەکارهێنانی چەمکو لە پرۆژەی جیاجیا موراعاتی زەمینەو زەمان بکات.

**رۆژنامە: ئێستا خواستێک لەسەر ئاستی رای گشتیی کوردستان دروستبووە بۆ رەتکردنەوەی یاسای خۆپیشاندان، یاخود هەموارکردنەوەی، ئایا ئێوە پشتیوانیی لەهەموارکردنەوەی یاساکە دەکەن؟**

* نەخێر، حاڵی حازر نا، پشتیوانیی لێناکەین.

**رۆژنامە: ئەمە تەنیا بۆچوونی خۆتە، یان بۆچوونی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیش؟**

* ئەوە لای ئێمە مەوزوعی بەحس نییە، ئێمە یاسایەکمان هەیەو لەپەرلەمان دەرچووەو فراکسیۆنمان هەیە لەوێ، ئینجا ئەو یاسایە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای هەرێم دەگونجێتو ئەمەش پەیوەندیی بە گرووپێکی سیاسیی دیاریکراوەوە، نییە لەناو هەرێمی کوردستان، بۆ برادەرانی گۆڕان بەردەوام وا هەست دەکەن کە ئەم یاسایانە بۆ ئەوان دەردەچن.

**رۆژنـامـە: بـەڵام، یاساکە ئـەوەنـدە کۆتوبەندی تێدایە کە دەرفەتی ئازادیی زۆر کەمکردووەتەوە. بۆنموونە، لەسەر سزای بەکۆمەڵی دەستەی ئامادەکاری خۆپیشاندەران. یاخود بۆنموونە ئەگەر حەوت خوێندکار لە قوتابخانەیەک لەبەر خراپییو نەبوونی خزمەتگوزاریی، خۆپیشاندان بۆ بەردەم پـەروەردەی هەولێر ئەنجامبدەن، دەبێت پێشتر بچن رەزامەندیی پارێزگار وەربگرن؟**

* نا نا، ئەوەی تۆ دەیڵێیت، تەفسیرە.

**رۆژنامە: تەفسیری من نییە، لەمادەکانی یاساکەدا واهاتووەو رێگە بەخۆپیشاندانی لەناکاو نادات؟**

* وا نییە، جارێکیتر بیخوێنەوە.

**رۆژنامە: من خوێندوومەتەوە، رەنگە کاک سەعدی، تۆ نەتبینیبێت.**

* بەسەری تۆ، ئەم یاسایە یاسایەکی میسالی نییەو باشە.

کەلتووری سیاسیی یەکێتی، زۆر لەژێر کەلتووری سیاسیی سلێمانیدایە

---

## د. مەحمود عوسمان: چارەسەرنەکردنی کێشە ناوخۆییەکانی هەرێم، کاریگەریی لەسەر هێزی کورد هەیە لە بەغدا



سازدانی: هەنگاو هاشم

**د.مەحمود عوسمان، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاماژە بەوەدەکات، کە لە وەرگرتنی پۆستەکانی حکومەتی عێراقدا، کورد زیانی بەرکەوتووەو کۆنگرەی (١٣)ی پارتیش بەیەکێک لەهۆکارەکان دەزانێت، چونکە بەشێک لەئەندامانی شاندی دانوستانکار، خەریکی کۆنگرەی پارتی بوون.**

**رۆژنـامـە: چـۆن دەڕوانـیـتـە دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمو ئەو بڕوایەی کە پێیوایە، «هێندەی سـوودی بـۆ رێککەوتنی لایەنە عەرەبییەکان هەبووە، ئەوەندە سوودی بۆ کورد نەبووە»؟**

* راستە دەستپێشخەرییەکە رۆڵی هەبووە کە حکومەتەکە پێکبێت، بەڵام هەندێکجار کێشەی خۆت پێشناخەیت تا پێت نەڵێن کێشەکەی خۆی پێشخستووە، مومکینە لـەو رووەوە لە مەسەلەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکاندا هەندێک زەرەر بکەیت، هەروەها وایکردووە کە لایەنەکانی عێراقی رێککەوتن لەنێوان خۆیاندا بکەن، بەتایبەت کوتلە گەورەکان رێککەوتنیان دەبێتە هۆی بێهێزبوونی کورد، چونکە پۆستەکان لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکەن، ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر کورد دەبێت.

**رۆژنـامـە: بەم دواییە، لەچەند لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا، باست لە مەترسیی رێککەوتنی عـەلاویو مالیکی کرد دژ بەکورد، پێتوایە، دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم، ئەگەر بەشێوەیەکی ناراستەخۆ رۆڵی بینیبێت لە نزیککردنەوەی عەلاویو مالیکیو ئەگەری دروستکرنی بەرەیەک دژ بەکورد؟**

* پێموانییە کە ئەمەیان پەیوەندیی بە دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمەوە هەبێت، بەڵام ئەم رێککەوتنانە رۆڵی کورد کەم دەکەنەوە، لێکنزیکبوونەوەی مالیکییو عەلاوی لەهەندێک خاڵی وەکو تـەعـدیلاتی دەستوورییو مادەی (١٤٠)و هەندێک بواری تر کە پەیوەندیی بەهەرێمی کوردستانەوە هەیە، بیروڕایان یەکبگرێتەوەو بەپێویستیشی دەزانم ئەو کۆبوونەوانەی کە لەنێوان مالیکیو عەلاویدا دەکرێن، کوردیش بەشدارییان تێدا بکات، کە تا ئێستا نەیانتوانیوە بەشداریی تێدا بکەن، چونکە باسکردنی حکومەتە، بۆیە پێویستە کورد بەشداریی تێدا بکات، بەتایبەتیش کە ئەمریکا دەیەوێت مالیکیو عەلاوی کۆک بن.

**رۆژنامە: بەبۆچوونی بەڕێزتان، مالیکی پابەند دەبێت بەجێبەجێکردنی (١٩) خاڵەکەی کوردەوە بەتایبەت ئەو پـرسـانـەی پەیوەندییان بە مادەی (١٤٠)وە هەیە، پێتوانییە جارێکی تر کورد چارەنووسی ئەو مادەیەی خستەوە دەست لیژنەو لیژنەکارییو قەدەری کاتو بەڵێنی زارەکی؟**

* پێویستە چـــاوەڕوان بکرێت، جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کوردیش ئاسان نین، هەرچەندە بەڵیندراوە، بەڵام ئەگەری هەیە هەموویان جێبەجێ نەکرێن، چونکە لەناو لیستەکەی مالیکیو عەلاویدا کەسانێک هەن لەگەڵ داواکارییەکانی کورددا ناگونجێن، بۆیە دەبێت کورد بە ورياييەوە مامەڵە بکات، ئەگەر بینی خاڵێک جێبەجێ نەکرێت، هەڵوێستی هەبێت، بەڵام ئەوەی لەچەند ساڵی رابردوو بینیومانە کە کورد هەڵوێستی لاواز بووە لەسەر جێبەجێکردنی مافو داواکارییەکانی، جێبەجێ نەکردنی داواکارییەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ مامەڵەکردنی خودی کورد لەبەغدا.

**رۆژنـامـە: بەشداریی نەکردنی گۆڕان لە حکومەتەکەی مالیکیدا، دوو پێشهاتی بەدوای خویدا هێنا، یەکەمیان دەرکەوتنی یەکەم ئۆپۆزسیۆنە لە پەرلەمانی عێراقدا، دووەم جۆرێک لە تاکڕەویی یەکێتیو پارتی لە مامەلەکردن لەگەڵ پۆستەکانی بەغدا، رات لەسەر هەردوو پێشهاتەکە چییە؟**

* پێویستە هـەردوولا کە گـۆڕانو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانە، هەوڵی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کورد بدەنو وا باشتریش بوو کە گۆڕان لەناو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا بمایەتەوە، بەڵام بەمەرجێک داواکارییەکانی گۆڕان جێبەجێبکرانایە، ئەو کێشانە کە لەنێوان یەکێتیو پارتیو گۆڕانیشدا هەبوو هەندێک گفتوگۆی لەسەر کرا، بەڵام دواتر ئەم گفتوگۆیانە وەستان، لەمەشیاندا هـەردوولا بە هۆکار دەزانـم، چونکە گۆڕانیش داوای چاکسازیی سیاسیی کردبوو، جێبەجێ نەکرا، کە جێبەجێ نەکرا، مانای وانییە دنیا تەواو بوو.

وا باشتربوو کە گۆڕان لەناو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا بمایەتەوە، بەڵام بەمەرجێک داواکارییەکانی جێبەجێبکرانایە

**رۆژنامە: لەکابینەی نوێی حکومەتی عێراقدا، کورد داوای وەزارەتی دارایی، یان نەوتی دەکرد و هیچیانی پێ نەدرا، هەوڵی پلانداناني دا، پێی نەدرا، لە وەزارەتـە سیادیو دیارەکاندا، تەنیا وەزارەتی دەرەوەی پێدرا، کە ئەمەش لە رابردوودا سوودی نەبووە بۆ کورد، ئایا هۆکاری ئەم سازشانە چین؟**

* لەوەرگرتنی وەزارەتدا، کورد زیانی بەرکەوتووە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لەکاتی دانانی وەزارەتەکاندا کورد زۆر سەرقاڵی دەستپێشخەرییەکەی بوو، ئەمەش وایکردبوو کە کێشەکانی خۆمان نەخەینەڕوو، لەلایەکی تریشەوە ئەو کەسانەی کە بەرپرس بوون لەدابەشکردنی پۆستەکاندا، زیاتر سەرقاڵی کۆنگرەی (١٣) پارتی بوون، ئەمەشیان زیانی بەکورد گەیاند، چونکە کۆبوونەوەی دووقۆڵیی دەکـرا لەنێوان مالیکیو عـەلاویـدا، بەڵام کورد لەم کۆبوونەوانەدا بوونی نەبوو، زیانەکەشی بەوە بوو کە داوای وەرگرتنی چەند وەزارەتێکی گرنگی وەکو نەوتو گواستنەوەمان کردو پێمان نەدرا، بەمەش وەزارەتە گرنگەکان دران بەلایەنەکانی تری عێراقی، وەرنەگرتنی ئەم وەزارەتـە گرنگانەش، کاریگەریی لەسەر هێزی کورد هەیەو بەم پێیەش کـورد لەدابەشکردنی وەزارەتەکاندا، زیانی بەرکەوت، ئەمریکاش لەسەر ئەم سازشکردنانەی کورد کاریگەریی هەبوو، دژی ئـەوەش بوو کە کـورد سەرۆک کۆماری هەبێت.

**رۆژنامە: وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار، چەند کێشەیەکی تیا دەبینرێتە یەکەمیان: ئەو پۆستە بەبێ مافی ڤیتۆ، کارتۆنییەو کورد سوودی لێنابینێتە دووەمیان بەهۆی ئەو پۆستەوە کورد چەند پۆستێکی فیعلیی دیکەی لەدەستچوو، سێیەمیان باس لەوە دەکرێت کە تالەبانی وەک کەسێتییش، کاریگەریی لەسەر لایەنە عەرەبەکان نەماوەو قسەکانی وەک پێشتر وەرناگیرێن، رات بەرامبەر بەو تێڕوانیانە چییە؟**

* داواکـــراوە کە پۆستی سەرۆک کۆمار مافی ڤیتۆی هەبێت تا ئەنجومەنی نیشتمانیی دادەنـرێـت، بـەڵام دەبێت لەپەرلەماندا ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەگەر بێتو مافی ڤیتۆی نەبێت، پۆستی سـەرۆک کۆمار رۆڵی ئەوتۆی نابێت، ئەمەش خاڵێکە کە دەبێت هەڵوێستەی لەسەر بکرێتو حیسابی بۆ بکرێت.

**رۆژنامە: کێشەکانی نێو ماڵی کورد، کاریگەرییان هەیە لەسەر هێزی کورد لە بەغدا، ئایا مامەڵەی یەکێتیو پارتی لەگەڵ هێزێکی وەک گۆڕاندا لە هەرێمی کوردستان، مامەلەیەکی تەندروست بووە؟**


* کێشەی ناو ماڵی کورد، کاریگەریی هەیەو بەهۆی ئەم کێشەیەشەوە گۆڕان لەگەڵ یەکێتیو پارتیدا لەبەغدا، نێوانیان تێکچوو، کاریگەرییەکانی ئەم کێشەیەش بەخراپ لەقەڵم دەدەم، هەنگاو نەنانیش بۆ دیموکراسی لەهەرێمی کوردستان، کاریگەریی خراپی دەبـێـت، چونکە هێزی کوردستان لەوەدایە کە بتوانێت کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی بنیات بنێت، گەندەڵیی نەهێڵێتو مافی مرۆڤ بپارێزرێت، نەزاهە دەوری هەبێتو رێزی سەربەستیی بگیرێت، جێبەجێکردنی ئەم خاڵانەش، یەکگرتوویی گەلی کوردی لێدەکەوێتەوەو یەکگرتووییش خاڵی بنەڕەتییە بۆ کورد لە بەغدا.

## سەعدی پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی: وەزارەتی بازرگانی بۆ ئێمە نەبێت، ئیستیحقاقی خۆم

# پارتی هەقی ئەوەی نییە بە نزیکبوونەوەمان لە گ

سازدانی: سیروان ڕەشید

**سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەم چاوپێکەوتنەی سەبارەت بە کۆمەڵێک پرسی هەنوکەیی سەر گۆڕەپانی سیاسیی هەرێم و بەغدا، لەگەڵدا سازدراوە.**




سەعدی پیرە

فۆتۆ: ڕۆژنامە

**ڕۆژنامە: لەماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا، کۆمیتەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەتان، زنجیرەیەک کۆبوونەوەی ئەنجامدا، زانیارییەکان باس لەوەدەکەن کە بەنیازن گۆڕینێک لە سیاسەتی حیزبەکەتاندا لەمساڵدا بکەن، ئەم مەسەلەیە چۆنە؟**

* ئەوە بەتەواوەتی ڕاستە. ئێمە پێشی چەند مانگێک کۆنگرەمان کردووە کە ژمارەیەکی زۆر ڕاسپاردەو بڕیاری کۆنگرە هەن، لەبواری پەیوەندییەکانی ناوەوەو دەرەوەمان، حکومەت، ئاوەدانکردنەوە، گرنگیدان بەبواری ڕۆشنبیریی و کۆمەڵگەی مەدەنیی و هەروەها بواری ڕێکخستن، بۆیە کاتی ئەوەهاتبوو کە دانیشین و بزانین چیمان لەوانە جێبەجێکردووەو بۆ داهاتووش چی بکەین، چونکە ئێمە پێمانوایە، ئەو کێشانەی کە لەناو یەکێتیدا هەن، ڕاستە کەڵەکەبووی ئەو کێشانەن کە لەزەمانی شاخەوە هاتوون و ئەو جیابوونەوەیەی برادەرانی گۆڕانیشی لێکەوتەوە، بەشێکی ئەوکێشانەشمان دەگەڕێنەوە بۆ نەبوونی بەدواداچوون و ناوەناوە بۆنەبوونی هەڵوێستەیەک لەو ڕوانەوە.

ئێمە لەوکۆبوونەوانەدا، هەڵوێستەمان لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵک کرد، بەتایبەت مەسەلەی پەیداکردنی فرسەتی کارو خوێندن و ڕاهێنان و مەسەلەی بانگکردنی سەرمایەدارانی جیهان، کە بێن لە کوردستان سەرمایەگوزاریی بکەن.

هەروەها لەکۆبوونەوەکاندا، بڕیاری ئەوەمان دا کە پێویستە زنجیرەیەک کۆبوونەوە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستان بکەین.

**ڕۆژنامە: لەو هەڵسەنگاندنانەی کە کردتان، ئەوەندەی کە پەیوەندیی بەژیانی خەڵکەوە هەبێت، ئایا سیاسەتی حیزبەکەتان بەباشی هەڵسەنگێنرا، یان بە خراپ، کە وانابینرێت ژیانی هاوڵاتییان لەدۆخێکی باشدابێت، بۆ نموونە، گرانیی بازاڕ تادێت زیاتر دەبێت و دیاردەی بێکاریی لە هەرێم لەهەڵکشاندایە؟**

* ئێمە هەڵسەنگاندنمان بەو شێوەیەیە کە پێمانوایە، مۆدێلی حوکمڕانیی لەهەرێمی کوردستان، هی یەکێتیی نیشتمانیی لەئیش و کارەکانی حکومەتدا دەبینرێتەوە، کە سەرۆکی حکومەت و تیمێکی باشمان هەیەو هەموو ئەو ئامارو ڕاپرسییانەی کە لەماوەی ڕابردوو کراون، ئەوانەی ڕێکخراوە بیانییەکانیش کە لە کوردستان کردوویانە، پێمان دەڵێن، بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەرەو باشی دەچێت.

**ڕۆژنامە: بەڵام ڕاپرسی و ئامارەکانی ڕێکخراوە بیانییەکانیش لەکوردستان، ئەنجامەکانیان واکەوتوونەتەوە کە گوزەرانی خەڵک باش نییە، بۆنمونە ڕێکخراوی (ئێن دی ئای ئەمریکی) لە تازەترین توێژینەوەیدا، باس لەهەڵکشانی گرانیی بازاڕو گەندەڵیی دەکات لە هەرێم؟**

* گەندەڵیی هەر لەکوردستاندا نەبووە، لەوەتەی مرۆڤایەتی هەیە، گەندەڵیی هەیە. بۆنموونە، وەختی خۆیشی ئادەم و حەوا بە سێوێک یەکتریان هەڵخەڵەتاند.

**ڕۆژنامە: بەڵام ئەو ڕێکخراوە، ئەنجامی توێژینەوەو ڕاپرسییەکەی واکەوتووەتەوە کە گەندەڵیی لەهەرێم بە بەراورد بە ناوەڕاست و باشووری عێراق، هەڵکشاوە؟**

* نا، باوەڕناکەم، ئەوە موبالەغەی تێدایە.

**ڕۆژنامە: تۆ توێژینەوەکەی ئەو ڕێکخراوەت بینیوە؟**

* بەڵێ، بینیومە، ناوەڕاست و باشوور ڕەقابەی نییە، هەرێمی کوردستان ڕەقابەی هەیە، حەزدەکەیت من پێت دەڵێم، ڕەقابە چییە، ڕەقابە لە هەرێم، بەشێکی زۆری ئەو ڕۆژنامانەن کە ئێمە هەندێکجار لێشیان بێزارین، بەڵام لەهەمانکاتدا ڕۆڵێکی چاودێریی باش دەبینن. (٥٠٪)ی قسەکانیان ڕاستە، ئەو سەدا پەنجایە گرنگە، لەهەمانکاتیشدا ئەمڕۆ خەڵک لەهەرێم فێربووە، قسەدەکات، ئەمە پەیوەندیی بەئۆپۆزسیۆنیشەوە نییە، هاوڵاتییە، ڕەنگە یەکێتی بێت، گۆڕان بێت، هاوڵاتییەکی ساڵحەو ڕەئی خۆی دەدات و دەڵێت، ئەوە نادروستە. پێموایە، گەندەڵیی کێشەیەکی گەورەیە، ڕەنگە بۆ ئەم مەسەلەیە حکومەتی هەرێم کۆنفرانسێک بگرێت و خەڵکی پسپۆڕی بیانیش بانگ بکات.

**ڕۆژنامە: کۆنفرانسەکە ڕاسپاردەی مەکتەبی سیاسیتانە کە حکومەت بیکات؟**

* پێمان باشە کە بیکات، چونکە یەکێک لە مەترسییە گەورەکان لەسەر ناوو ناوەڕۆک و ئەم سیستمە سیاسییەی کە ئێمە خۆمان خەریکە لەقاڵبی بدەین، ئەگەر بزرێت، یەکێک لەهۆکارەکانی گەندەڵییە.

مەسەلەی گرانیی، بەڵێ، لە مەکتەبی سیاسیی باسمان کردووە، ڕەنگە هەندێک لە بەرپرسەکان هەستی پێنەکەن، بەڵام گرانیی لە سووتەمەنی و کارەباو شتی تر هەیەو پێویستە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت.

**ڕۆژنامە: ئەو فاکتەرانە چین کە وایانکرد، لەم ماوەیەدا ئەو زنجیرە کۆبوونەوانە لەگەڵ حیزبە ئیسلامیی و زۆربەی حیزبەکای تری هەرێم ئەنجامبدەن؟**

* ئێمە لەکۆنگرە باسی کەموکورتییەکانمان کردو یەکێک لە بڕیارەکان ئەوەبوو کە پێویستە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حیزبەکانی گۆڕەپانی کوردستان گەرم ڕابگرین، گەرمڕاگرتن ئەوەنییە کە ئێمە لە ڕۆژنامەکان بزانین، ئەوان کێشەیان چییەو پێویستە لەکۆبوونەوەی دوو قۆڵی بزانین کێشەیان چییە کە هەندێکیان قابیلی چارەسەرن.

**ڕۆژنامە: بەهەمانشێوەش چاو بە پەیوەندییەکانتان دەخشێننەوە لەگەڵ پارتیشدا؟**

* لەگەڵ پارتی، مەبنای ئەو پەیوەندییەمان، ڕێککەوتننامەی ستراتیژییە.

**ڕۆژنامە: ڕەخنەیەک هەیە لەلایەن هەندێک لە کادیرانتانەوە، دەوترێت کە هەندێک لە سەرکردەکانی یەکێتی، بەرژەوەندییەکانی حیزبەکەیان کردووە بە قوربانیی ڕێککەوتنی ستراتیژیی؟**

* پێموایە، ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە، سەرکردایەتیی یەکێتی، نوێنەری بەرژەوەندییەکانی حیزبەکەی خۆیەتی و سەرکردایەتیی پارتیش، نوێنەری بەرژەوەندییەکانی حیزبەکەی خۆیەتی، ئەم دوو هێزە ڕێککەوتنێک کۆیان دەکاتەوەو هەرکەسێک دەبێت خۆی سووربێت لەسەر ئیستیحقاقی خۆی چۆنە. نە پارتی دەتوانێت ئیستیحقاق بۆ یەکێتی دابینبکات، نە یەکێتیش بەرامبەر پارتی، هەریەکەو هی خۆی هەیە. مومکینە هەرلایەک هەوڵ بدات کە زیاتر یان بەشێوەیەک واپیشانبدات یەکێکیان ئەسڵەو ئەوەی تر کەمتر ئەسڵە، بەڵام ئەوە هێزی جەماوەرییە کە ئەوە دیاریی دەکات، ئەگەر پێتوایە کە سیاسەتی مەرکەزیی هەردوولا لەسەر ئەوە بنیاتنرابێت، وا نییە.

**ڕۆژنامە: بۆچوونێک هەیە لەلایەن هەندێک لە چاودێرانەوە کە دەڵێت، یەکێتی لەبەرامبەر پارتی بچوکبووەتەوە؟**

* وەڵڵا باشترە ئەو پرسیارە لە گۆڕان بکەیت، کە یەکێتی بچوکبووبێتەوە، یان نا، یەکێتی بەشێکی گەورەی لێجیابووەتەوە کە تۆ لەسەد سی و چلی لێدەربهێنیت، شەست دەمێنێت. هەروایە، واتە سروشتی ئیشەکە وایە.

**ڕۆژنامە: ئەگەر گۆڕان لەهاوکێشەکە دەربهێنین، ئایا یەکێتی وەک هێزێک کە قەبارەیەکی دیاریکراوی هەیە، بۆچوونەکە لەپرسیارەکەی پێشوو وایە کە بچوکبوونەوە بەو مانایەی کە یەکێتی لەهەڵوێستە سیاسییەکاندا سەربەخۆ نییەو دوای پارتی کەوتووە؟**

* ئەوەی یەکێتی بناسێت، دەزانێت کە یەکێتی هەموو زەمین و زەمانێک خاوەنی بۆچوونی سەربەخۆی خۆی بووەو بۆچوونی سیاسیی سەربەخۆی خۆشی دەمێنێت. پێموایە، هیچ کاتێکیش لەوە نەترساوین، ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەو کەناڵی ڕاگەیاندن لەسلێمانی هەن و یەکێتی دەیانپارێزێت، ئەگەرچی بەشی زۆری ڕەخنەکانیشیان لە یەکێتییەو یەکێتیش باکی نییەو پێموایە، ئەم جۆرە ئازادییە بەشێک لە هێزت بۆ دروست دەکات.

**ڕۆژنامە: پێتانوایە، مەودای ئازادیی لە سنووری دەسەڵاتی یەکێتی زیاترە لە سلێمانی، بەراورد بە سنووری دەسەڵاتی پارتی؟**

* ئەوە من نایڵێم، خۆتان وا دەڵێن، لە تەلەفزیۆنی (KNN) موناقەشەیەکی تەلەفزیۆنیی وا هەبوو کە پێموایە، ڕێبین ئەحمەد هەردی و جەمال حسێنی تێدابوو، برادەرێکی پارتیشی تێدابوو.

**ڕۆژنامە: ئەی خۆت وەک شەخس، پێتوایە کە وابێت؟**

* مومکینە کەلتووری سیاسیی لە سلێمانی جیاواز بێت.

**ڕۆژنامە: کەواتە، ئینجازەکە هی خەڵکەکەیە، نەک یەکێتی؟**

* با با.. کەلتووری سلێمانی حاکمە لەناو یەکێتی، کەلتووری سیاسیی سلێمانی بووە بە بەشێک لە یەکێتی. من بۆخۆم هەولێریم و خەڵکی سلێمانی نیم، بەڵام خۆم دەزانم کە کەلتووری سیاسیی یەکێتی زۆر لەژێر کەلتووری سیاسیی سلێمانیدایە.

**ڕۆژنامە: لەگەڵ پارتی، ئایا لەبەغدا ئیستیحقاقی خۆتان لە وەرگرتنی پۆستی وەزاری، وەرگرتووە؟**

* هێشتا ساغ نەبووەتەوە لەبەغدا.

**ڕۆژنامە: ئەی چۆنە؟**

* ئەوەی بەغدا، چوار وەزارەتی فیعلی هەیە لەگەڵ سێ وەزارەتی دەوڵەت، لەو چوار وەزارەتە فیعلییە، ئێمە داوای دووانمان کردووەو پارتیش دووان.

**ڕۆژنامە: ئێوە، تا ئێستا تەندروستیتان پێدراوە، بەتەمای چی ترن؟**

* ئێمە، تەندروستیمان وەرگرتووەو پارتیش دەرەوەو دوو وەزارەت ماوە.

**ڕۆژنامە: ئەو دوو وەزارەتە کامانەن کە ماون و چۆن دابەشدەکرێن؟**

* وەزارەتی بازرگانیی و کۆمەڵگەی مەدەنی ماون، دەمێنێتەوە ئێمەو پارتی دادەنیشین و گفتوگۆیان لەسەردەکەین و تا ئێستا ئێمە لەسەر ئەو دوو وەزارەتە ڕێکنەکەوتووین.

**ڕۆژنامە: پارتی کاندیدی بۆ وەزارەتی بازرگانیش دیاریکردووەو ناوەکانی ناردوون بۆ مالیکی، ئێوە وەزارەتەکەی ترتان دەدرێتێ؟**

* پێمانوایە، یەکێتی هەقی وەرگرتنی وەزارەتی بازرگانیی هەیە، ئینجا پۆستەکان تەنیا ئەم دوو سێ وەزارەتە نین لەبەغدا، پۆستی تر زۆرن کە دەبێت جۆرێک لە ئینساف هەبێت لەنێوان یەکێتی و پارتیدا.

**ڕۆژنامە: واتە ئەگەر وەزارەتی بازرگانیی نەدرێت بە یەکێتی، پێتانوایە، ئیستیحقاقی خۆتان وەرنەگرتووە؟**

* بەڵێ، پێمانوایە، بەوشێوەیە نەبێت، ئیستیحقاقی خۆمان وەرنەگرتووە.

**ڕۆژنامە: کەواتە بە وەرگرتنی وەزارەتی بازرگانی، ئیستیحقاقی هەڵبژاردنتان بە تەواوەتی لەبەغدا بەدەستهێناوە؟**

* نا بەتەنیا وا نییە. ئێمەو پارتی جۆرێک لە تەکافوئمان هەیە لەهەرێم و بەغدا، هەروەها ڕێککەوتنێکیشمان هەیە، ئێمە تێدەگەین لەوەی کە پارتی کورسی لەئێمە زیاترە لەپەرلەمانی عێراق، بەڵام ئێمە لە یەک لیستداین، ئێمە لە دوێنێوە لەیەک لیست و هاوپەیماندا نین. ئەگەر یەکێتی قەناعەتی وایە پارتی زەعیف بکات و خۆی پێ بەهێز دەبێت، پێموایە کە ڕاست نییەو ئەگەر پارتیش بۆچوونی وابێت کە یەکێتی زەعیف بکات خۆی پێ بەهێز دەبێت، پێموایە کە ئەوەش وانییە. ڕەنگە لایەنی تری پێ بەهێزبێت، بۆیە پێموایە، لەم مەسەلەیەدا دەبێت قوڵترو ڕیشەیی تر بیری لێبکاتەوە، نەک لەسەر مەسەلەی پۆستێکی وەزاریی دیاریکراو، بۆیە دەبێت یەکێتی هەست بەغوبن نەکات لەو هاوپەیمانێتییەو پارتیش بەهەمان شێوە، چونکە دواجار هاوپەیمانێتییەکە خراپ دەبێت.

**ڕۆژنامە: بۆچوونێک هەیە دەڵێت، «پارتی، پۆستی سەرۆک کۆماری بۆ ئێوە، بە حسابی خاڵ لەسەرتان حسابکردبێت». لەکاتێکدا پۆستی سەرۆک کۆمار لەو سێ پۆستە سەروەرییەیە کە لەدەرەوەی خاڵ دابەشکراوە؟**

* من پەیوەندیم بەوەوە نییە، لێدوانێکی مەسئولێکی نامەسئول چی وتووە، پۆستی سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی هەرێم لەو موناقەشانە دەردەهێنین و موناقەشەی ئەو مەوزوعانە ناکەین.

**ڕۆژنامە: واتە پۆستی سەرۆک کۆمار، هاوتای پۆستی سەرۆکی هەرێمە؟**

* نا نا، مەوزوع ئەوە نییە. سەرۆک کۆمار کاندیدی هەموو هاوپەیمانی

> پێویستە ئەو پرسیارە لە گۆڕان بکەیت کە یەکێتی لەبەرامبەر پارتی بچوکبووبێتەوە، یان نا؟

> ئەو ڕۆژنامانەی کە هەندێکجار لێشیان بێزارین، بەڵام ڕۆڵێکی چاودێریی باش دەبینن


> لەلایەن گۆڕان و ئێمەشەوە، خواستێک هەیە بۆ نزیکبوونەوە لەیەکتر

# وائیل عەبدوللەتیف بۆ رۆژنامە: هەڵوێستەکەی گۆڕان شەرەفمەندانەیە

## جۆرێک لە رێککەوتنی (لێپرسینەوەم لەگەڵ مەکە، لێپرسینەوەت لەگەڵ ناکەم) دێتە ئاراوە

بەغداد– عەلی ناجی

**وائیل عەبدوللەتیف، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق، پێیوایە: نوری مالیکی، پابەند نابێت بە بەڵێنەکانیەوە سەبارەت بە جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠) و هێزی توندتر دژ بەو مادەیە پەیدابوون‌و دەڵێت: «تێپەڕاندنی مادەی(١٤٠) لە چوارچێوەی داواکارییە (١٩)خاڵییەکەی ئیئتیلافە کوردییەکەشدا، کارێکی ئەستەم دەبێت». عەبدوللەتیف کە پۆستەکانی وەزیری کاروباری پارێزگاکان‌و پارێزگاری پێشووی بەسرەی بەدەستەوە بووە، لە دیمانەیەکی رۆژنامەدا، بەشداریی نەکردنی فراکسیۆنی گۆڕان لە حکومەتی مالیکیدا، بە بڕیارێکی شیاو و ئیجابی لە قەڵەم دەدات‌و ئاماژە بەمەترسیی رێککەوتنی لایەنە پێکهێنەرەکانی حکومەتی نوێش دەکات لەسسەر بنەمای «لێم مەپرسەرەوە لێت ناپرسمەوە».**



**رۆژنامە: پێتوایە بەشداریی نەکردنی فراکسیۆنی گۆڕان لە حکومەتی نوری مالیکدا، سیمای حکومەتی هاوبەشی نیشتمانیی لەبەری ئەو حکومەتە دادڕی؟**

* هەرچەندە فراکسیۆنی گۆڕان هەشت کورسی لەنێو ئەنجومەنی نوێنەراندا هەیە، بەڵام هەڵوێستەکەیان شەرەفمەندانەو راست بووو کارو چالاکی‌و تێڕوانینەکانیان روون‌و ئاشکران‌و رێز لە بڕیارەکەیان دەنێم، کاتێکیش گۆڕان ئەوە هەڵدەبژێرن کە بچنە پۆلی ئۆپۆزسیۆنی ئیجابییەوە، ئەوان دەبنە تاکە لایەن لەنێو کوتلەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کە رۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینن.

من پێموایە، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێویستیی بە کوتلەیەکی بەهێزە کە بچێتە بەرەی ئۆپۆزسیۆنەوە، تا بتوانێت سـەرۆک وەزیـران بانگهێشتی پەرلەمان بکات‌و لێپرسینەوە لە دەستە سەربەخۆکان‌و پارێزگارو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بکات، هەروەها بە وردییش بەدواداچوون بۆ ئەو رووداوانە بکات کە لەدەوڵەتی عێراقدا روو دەدەن، لەژێر سایەی بوونی سەرکردە عێراقییەکان لە پێکهاتەی حکومەتدا، چاودێریکردن بێهێز دەبێت، ئەوەش لە لێدوانی سەرۆکی دەستەی نەزاهەوە هەڵدەهێنجین کە کارکردن لەوبارەدا زۆر قورس دەبێت.

**رۆژنـامـە: پێتوایە، حکومەتی نوێ تەکنۆکرات بێت، یان حکومەتی دابەشکردنی پۆستەکانە لەسەر بنەمای حیزبیی؟**

* حـکـومـەتـی ئـێـسـتـای عـێـراق، حکومەتی سەرۆکی کوتلەکانە‌و دوورە لە تەکنۆکارتبوون‌و پرۆفیشنالیی لەڕووی کـرداریـیـەوە، چونکە بەشێکی زۆر لە وەزیرەکان ئەزموونی کاری وەزارییان نییەو جگەلەوەش حکومەتی نوێ، حکومەتی تەوافوقی سیاسییە کە گـەڵاڵـەکـراوی سەرکردەی کوتلە سیاسییەکانە.

**رۆژنـامـە: هەندێک پێیان وایـە کە بەشدارییکردن لە حکومەتدا لە عێراقی ئێستادا، رۆڵ دەبینێت لە زیادکرنی نفوزو جـەمـاوەردا لە رێگەی ئیستیغلالکردنی پۆست‌و سەرچاوە داراییەکانەوە، بۆیە زۆربەی کوتلەکان خۆیان لە ئۆپۆزسیۆنبوون دەپارێزن، ئەوە تا چەند راستە؟**

* عـێـراق، لە ئێستادا دەوڵەتێکی بەکارهێنەو کەرتی کشتوکاڵی داتەپیوەو پیشەسازیش بەشێوەیەکی تەواو وێران بووەو وەزارەتی بازرگانیش کۆبۆنی خۆراکی وێرانکردووەو وەبەرهێنانیش پاشەکشێی کردووە، کەس ناتوانێت لە عێراقی نوێدا بژی ئەگەر لە دامەزراوەکانی حکومەتدا کارنەکات، یان کارمەند نەبێت‌و کوتلە سیاسییەکانیش دانوستاندن لەسەر وەزیفەگشتییەکان دەکـەن‌و کەس ناتوانێت پۆلیسێک، یان مامۆستایەک، یان راوێژکارێک، یان بریکاری وەزیرێک دابمەزرێنێت، ئەگەر تەنیا لە رێگەی یەکێک لە حیزبەکانی دەسەڵاتەوە نەبێت، بۆیە سەرجەم کوتلە سیاسییەکان هەوڵی جێپێ قایمکردنی خۆیان دەدەن تا بۆ هەڵبژاردنی (٢٠١٣) جەماوەریان زیاد بکەن.

**رۆژنامە: پێشبینی دەکەیت کە ئەم حکومەتە نوێیە بـەردوام بێت لەسایەی نەبوونی متمانە لەنێوان کوتلە پێکهێنەرەکانی حکومەتدا، بەتایبەت کە هەندێک لەناوەندە سیاسییەکان پێیان وایـە، وەزیـرە نوێکان کێشەکە لە مالیکی قورستر دەکەن؟**

* سـەرەڕای ئەوەی کە نوری مالیکی لەکاتی پێدانی متمانە بە وەزیرەکانی، ئاماژەی بەوەدا کە بە ژمارەیەک لە وەزیرەکانی قایل نییەو ئوسامە نوجێفی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانیش، وتی، ئەم حکومەتەی ئێستا، بێهێزە، بەڵام من پێم وایـە، کێشەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە پاشەکشێ دەکات بۆ ناو ئەنجومەنی نوێنەران‌و هاوڵاتییان دەبینن کە سەرۆکی کوتلەکان بوونەتە وەزیرو لە هەموو ئەمانەشەوە، ئەو دەرەنجامەمان دەست دەکەوێت کە جۆرێک لە رێککەوتنی (لێپرسینەوەم لەگەڵ مەکە، لێپرسینەوەت لەگەڵ ناکەم) دێتە ئاراوە لەنێوان کوتلەکاندا، بەمەش دەستەی نەزاهە لەماوەی چوار ساڵی داهاتوودا دۆگمادەبێت.

جگە لـەوە، مالیکی هیچ رۆڵـی نەبوو لە دیاریکردنی وەزیرەکانیداو پێکهاتەی حکومەت‌و ریزبەندی وەزیرەکانی لەلایەن کوتلە سیاسییەکانەوە بەسەر حکومەتدا فەرزکرا، وەک چۆن خودی مالیکیش سووربوو لەسەر وەزیرەکانیی‌و ئەم سوربوونەش کاردەکاتە سەر دواکەوتنی کاری ئەنجومەنی وەزیران.

**رۆژنامە: لەو لۆژیکەوە، پێتوایە مالیکی بتوانێت لە چوار ساڵی داهاتوودا گەندڵیی کۆنترۆڵ بکات؟**

* چوونی سەرۆکی کوتلە سیاسییەکان بۆ ناو حکومەت، رەگی گەندەڵیی دارایی‌و ئیداریی دادەکوتێت‌و لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا دەرفەتیان دەبێت تا جێپێی خۆیان جێگیربکەن بۆ بەدەستهێنانی دەنگی زیاترو کاردەکەن بۆ دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە دەنگدەرانیان، ئەمە جگە لە ئیستیغلالکردنی سەرچاوە داراییەکانی حکومەت بۆ دامەزراوە حیزبییەکانیان، هەر بـۆیـە کۆتایی ساڵی (٢٠١٣)و سەرەتای ساڵی(٢٠١٤) عێراق دەبێتە یەکەمین وڵات لە رووی گەندەڵییەوەو ئەگەر ئێستا لەو ریزبەندییەدا لە پیشت غینیاوە بێت، پێشی ئەویش دەداتەوە.

**رۆژنـامـە: چـاوەڕوان دەکرێت کە لە گەرمەی ئەو هەموو کێشمەکێشە سیاسییەی لەم قوناغە نوێیەی عێراقدا بوونی هەیە، نوری مالیکی، سەرۆک وەزیران، بتوانێت بەڵێنەکانی سەبارەت بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) جێبەجێبکات؟**

* لیژنەی هەموارکردنی دەستوور کە لە چوارساڵی رابردوودا پێکهات، هەڵوێستی مالیکی بەرامبەری ئیجابی بووەو لیژنەکەش نەیتوانی هیچ چارەسەرێک بۆ مادەی(١٤٠) دیاریبکات، بەڵام ئێستا هێزی نوێ‌و زیاتری دژ بە حوکمەکانی مادەی(١٤٠) دەرکەوتوون کە ئەویش ئیئتیلافی عێراقییە، یان راستر بڵێین، زۆرترین پێکهاتەکانی عێراقییەن، بەمەش ئاستەنگەکانی بـەردەم چارەسەرکردنی کێشەی مادەی(١٤٠) زیاتر دەبن‌و پێموایە، مالیکی ناتوانێت پابەند بێت بەڵێنەکانیەوە سەبارەت بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) و ئاسانیش نییە ئەو مادەیە لە چوارچێوەی (١٩)خاڵەکەی کوردا جێبە جێبکرێت.

> **مالیکی، بەڵێنەکانی سەبارەت بە مادەی (١٤٠)، جێبەجێ ناکات**

**رۆژنامە: پێتوایە، دەستپێشخەرییەکەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەتایبەت کە دوای ئەو دەستپێشخەرییە، چەندین کێشەی تر لە نێوان کوتلەکاندا دەرکەوتن؟**

* ئـەو دەستپێشخەرییە لە رووی مەعنەوەییەوە سەرکەوت‌و ئەو سەرکەوتنەی بـەدەسـت نەهێنا کـە لـێـی چـاوەڕوان دەکـرا، سەرجەم کوتلەکان بەشێوەیەک موخاتەبەی هاوڵاتییانیان دەکـرد کە حکومەتی نوێ تەکنۆکرات‌و پرۆفیشناڵەو خزمەتگوزارییەکانی خەڵک دەهێنێتەدی، کاتێکیش وەزیـرەکـان دەستنیشانکران، وەزیـری نـاکـارایـان پێشکەشکردو پاشەکشێ‌و گەمەیان بەو دروشمانەکرد کە بە خەڵکیان فرۆشتبووەوەو وەزیرەکانیش جێگەی دڵخۆشیی نەبوون‌و من پێم وایە، دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم، لە روویەکەوە سەرکەوتنی بەدەستهێناو سەرکردەی کوتلەکان نایانەوێت بەتەواوی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت لە رێگەی پێشکەشکردنی وەزیری ناپرۆفیشناڵەوە.

**رۆژنامە: زۆرێک پێیان وایە، پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانیی بـۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان، داتاشینی پۆست بوو بۆ ئەیاد عەلاوی‌و پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە، کێشەی فرەدەسەڵاتی جێبەجێکردن لە عێراقدا دروست ناکات؟**

* ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان، کێشە لەنێوان هـەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن‌و یاسادانانادا دروست دەکـات‌و ئەگەر ئەرکی ئـەو ئەنجومەنە جێبەجێکردن بێت، ئـەوا لەسەر حسابی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت‌و ئەگەر رۆڵی راوێژکاریش بێت، ئەو ئەنجومەنە رۆڵی نابێت، من پێموایە، ئەو ئەنجومەنە لە دەسەڵاتی سێ سەرۆکایەتیی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران‌و پەرلەمان دەبات.

**رۆژنامە: چـاوەڕوان دەکرێت کە ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەران لە ئەنجومەنی پێشوو کاراتر بێت؟**

* یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێ لە (٢٠١٠/٦/١٣)سازدراو تا (٢٠١١/١/٩) لە پشوودان‌و بە درێژایی ئەم حەوت مانگەی رابـردوو، ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێ هیچ یاسایەکی پەسەند نەکردووەو کێشەی زۆری هەیە، من گرەنتی ئەوە دەکەم کە ئەنجومەنی نوێنەرانی رابـردوو، لـەوەی ئێستا باشتر دەبێت.

---

# دەنگدانی ئەلکترۆنیی پەرلەمانتارانی عێراق ئازاد دەکات

## پەرلەمانتارێک: ئەو سیستمە کێشە لە نێوان پەرلەمانتارو کوتلەکانیان دروست دەکات

بەغداد — عەلی ناجی



ئامێری دەنگدانی ئەلکترۆنیی لە پەرلەمانی عێراق

فۆتۆ: رۆژنامە

پەرلەمانی عێراقی کارتی زیـرەک بۆ دەنگدانی ئەلکترۆنیی لەسەر بڕیارو پرۆژەیاساکان پەیڕەو دەکات‌و بەشێک لە پەرلەمانتارانیش ئاماژە بەوە دەکەن؛ کە ئەو هەنگاوە رێگرە لە یاریکردن بە دەرەنجامی دەنگدانەکان.

لەم خولە نوێیەی کاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بڕیاردراوە کە کار بە (کارتی زیرەک) بکرێت بۆ دەنگدانی ئەلکترۆنی لەسەر بڕیارو پرۆژەیاساکان‌و سەلماندنی ئامادەبوونی پەرلەمانتارەکان لەدانیشتنەکانیدا، کە لە رێگەی شاشەیەکی ئەلکترۆنی گەورەوە ئامادەبوونی پەرلەمانتاران ئاشکرا دەکەن، ئەوە لەکاتێکدایە پێشتر لەسەر شێوازێکی تەقلیدیی‌و دەستهەڵبڕین دەنگدان ئەنجام دەدراو زۆرجار کێشەی لێ دەکەوتەوە.

کارکردن بەم سیستمە نوێیە بە رای پەرلەمانتارێک، رێ لە یاریکردن دەگرێت لە دەرئەنجامی دەنگدانەکان لەناو پەرلەماندا، لەوبارەیەوە محەمەد ئیقباڵ، سەرکردە لە فراکسیۆنی تەوافوق ئاماژەی بەوەشدا؛ کە کارکردن بە کارتی زیـرەک دەرفەتی ئازادیی زیاتر دەدات بە پەرلەمانتار لە کاتی دەنگداناو بۆ رۆژنامە وتی: «زۆرێک لە یاسا سلبییەکان بە هۆی گوشاری سەرۆکی کوتلە سیاسییەکانەوە پەسەندکراون، کە گوشاریان لە پەرلەمانتاران کردووە کە دەنگی پێ بدەن، بێ ئەوەی قەناعەتیان پێی هەبووبێت، بەڵام لەمەودوا کارتی زیرەک دەرفەتی ئازادیی زیاتر دەدات بە پەرلەمانتاران‌و لە کۆت‌و بەندی کوتلەکەی رزگار دەبێت».

پەرلەمنتارێکی کوردیش پێیوایە؛ کارتی زیـرەک دانیشتنەکانی پەرلەمان زیاتر رێکدەخات‌و هاوڵاتییان لە هەقیقەتی رێژەی ئامادەبوونی نوێنەرانیان ئاگادار دەبن.

ئامینە سەعید، ئەندامی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان وتی: «کارکردن بە کارتی زیرەک کارێکی باش‌و پێشکەوتووەو کـەس نـاتـوانـێـت لـە کـاتـی دەنـگـدانـدا دەرئەنجامەکان بشێوێنێت‌و ئەو کارتە بۆ هاوڵاتییانی عێراقیشی ئاشکرا دەکات کە کام نوێنەریان ئامادەی دانیشتنەکان نابن‌و بەشداریی پەرلەمانتارانیش لە گفتوگۆی دانیشتنەکاندا رێکدەخات».

ئـەو پەرلەمانتارە کـوردە ئاماژەی بەوەشدا؛ کە ئەو هەنگاوە نوێیە ئازادیی زیاتر دەداتە دەنگدەرو ئازادانە دەتوانێت گوزارشت لە بیرو بۆچوونەکانی بکات.

بەڵام هەندێکی تر پێیانوایە؛ سەرەڕای کـارکـردن بە کارتی زیـرەک‌و دەنگدانی ئەلکترۆنی پەرلەمانتاران پەیوەست دەبن بە بڕیاری کوتلەکانیانەوە بۆ دەنگدان لەسەر بڕیارو پرۆژەیاساکان، هـەروەک حەنان فەتلاوی، ئەندامی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ رۆژنامەی روونکردەوە؛ کە هەرچەندە کارکردن بە دەنگدانی ئەلکترۆنی پەرلەمانتار سەر پشک دەکات، کە دەنگدان بەپێی قەناعەتی خۆی بێت، بەڵام وتی: «پەرلەمانتاران پەیوەست دەبن بە بڕیارو تێڕوانینی کوتلەکانیانەوە لە کاتی دەنگداندا، گەر بە دەستهەڵبڕین بێت، یان دەنگدانی ئەلکترۆنی».

هاوکات هەندێکی تر پێیانوایە؛ دەنگدانی ئەلکترۆنی نەخشەیەکی نوێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەخاتە بەردەم هاوڵاتییان. هەروەک عالیە نسەیف، ئەندام لەسەر ئیئتیلافی عێراقییە ئاماژەی بـەوەدا؛ کە «دەنگدان بە شێوەی ئەلکترۆنی نەخشەیەکی نوێی کاری ئەنجومەنی نوێنەران دەخاتە بەردەم هاوڵاتییان‌و بۆ رۆژنامە وتی: «هەندێک پەرلەمانتاران تێڕوانین‌و قەناعەتێکی جیاواز لە کوتلەکانیان هەیەو ئەو جۆرە دەنگدانە نوێیە قەناعەتی دەنگدەر سەر دەخات».

جـیـاوازیـی تـێـڕوانـیـن‌و قەناعەتی پەرلەمانتارو کوتلەکەی بەرای پەرلەمانتارێکی تورکمانی؛ لە رێگەی دەنگدانی ئەلکترۆنییەوە، کێشەی نێوان پەرلەمانتارو کوتلەکەی زیاتر دەکات.

نەبیل جەربو، ئەندامی تورکمانی ئیئتیلافی عێراقییە بە رۆژنامەی راگەیاند: «کارکردن بە کارتی زیرەک شەفافیەتی زیاتر دێنێتە کایەوەو ئەوە بۆ گەلی عێراقی ئاشکرا دەبێت کە لە پەرلەماندا چی دەگوزەرێت‌و ئالیەتی نوێی دەنگدانیش کێشە لەنێوان هەندێک پەرلەمانتاران‌و کوتلەکانیاندا دروست دەکات، کاتێک بە قەناعەتی خۆیان دەنگ لەسەر پرۆژەیاسایەک، یان بڕیارێک دەدەن کە دژ بە بەرژەوەندیی حیزبەکەی، یان کوتلەکەیەتی».

موقتەدا سەدر، پیاوێک لە مەترسیدا 10

# داود ئۆغلو، ئەجێندای تورکیا دەگەیەنێتە کەرکوک

ئارام جەمال– کەرکوک

لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ئەحمەد داود ئۆغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی شاری کەرکوک دەکاتو بۆ ئامادەکاریی سەردانەکەش سەرەتای ئەم هەفتەیە قونسولی گشتیی تورکیا لە موسڵ سەردانی شاری کەرکوکی کرد، چاوەڕوانیش دەکرێت ئەجێندای تورکیا بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک بگەیەنێتە پێکهاتەکانی شارەکە.

هەرچەندە ڕۆژێکی دیاریکراو ئاشکرا نەکراوە بە هۆی بارودۆخی ئەمنییەوە، بەڵام بڕیارە لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا ئەحمەد داود ئۆغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی شاری کەرکوک بکاتو بۆ مەبەستی ئامادەکاریی سەردانەکەش ڕۆژی شەممەی ڕابردوو ٢٠١٠/١/٨ ئەحمەد یۆلدز، قونسولی گشتیی تورکیا لە موسڵ سەردانی شاری کەرکوکی کردو لەگەڵ پارێزگاری کەرکوکدا تاوتوێی ئامادەکارییەکانی سەردانەکەیان کردووە.



**عەلی مەهدی: لەگەڵ ئۆغلۆ چارەنووسی کەرکوک و هەرێمی سەربەخۆی پارێزگای لەگەڵ باسدەکەین**

عەبدولڕەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکوک جەختی لە سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا کردەوە بۆ شارەکەو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەم هەفتەیەدا ئەحمەد داود ئۆغلو، سەردانی شاری کەرکوک دەکاتو بڕیاریشە لەگەڵ ئێمەو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە سەرجەم پێکهاتەکانییەوە کۆببێتەوە».

لەبارەی ئەجێندای سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیاوە، پارێزگاری کەرکوک ڕایگەیاند: «ئاگادارنیم لە شتێکی دیاریکراو لە سەردانەکەیدا، یاخود پەیامێکی دیاریکراو، بەڵام بێگومان لە کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی ئیداریی‌و پێکهاتەکانی ئەنجومەندا گفتوگۆ لەسەر دۆخی ئێستای کەرکوکو کێشەکانی شارەکە دەکرێت».

پێکهاتەی تورکمان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە سەردانەکەی ئۆغلو، خۆشحاڵەو بە پێویستی دەزانن کە تورکیا لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکدا ڕۆڵ ببینێت.

عەلی مەهدی، ئەندامی کوتلەی تورکمان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەم بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا لەسەر داوای ئێمە نییە، بەڵکو لەسەر ئاستی وەزارەتی دەرەوەی عێراقە، خۆشحاڵین بەم سەردانەو کاتێکیش لەگەڵ ئۆغلو کۆببینەوە داوای لێدەکەین وڵاتەکەی ڕۆڵ ببینێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکدا، بەوپێیەی وڵاتێکی خاوەن ئەزموونە».

لەبارەی ئەوەی لە کاتی دیداریان لەگەڵ ئۆغلو، چی لەگەڵ باسدەکەن، عەلی مەهدی، ڕایگەیاند: «تەنیا مەسەلەی چارەنووسی کەرکوکی لەگەڵ باسدەکەین، کە تورکیاش ئەو بابەتەی بەلاوە گرنگەو ئێمە جارێکی دیکە پرۆژەی هەرێمێکی سەربەخۆی بەبیردێنینەوە، تورکیاش مەسەلەی کەرکوکی بەلاوە گرنگەو ئەو بابەتەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستانو سەرۆک کۆماری عێراقو ئەمریکییەکانیش باسکردووەو باشتریش دەزانن چارەنووسی کەرکوک بە کوێ دەگات، چارەسەری کێشەی کەرکوکیش بەبێ تورکیا نابێت».



**ئاوات محەمەد: سەردانەکەی ئۆغلۆ زۆر گرنگەو هاوزەمانە لەگەڵ دوو پرۆسە**

هاوکات ئەندامێکی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەم سەردانەی ئەحمەد داود ئۆغلو، بۆ کەرکوک بە گرنگ دەزانێت، لەو بارەیەوە ئاوات محەمەد ئەمین، ئاماژەی بەوە کرد؛ کە ئەم سەردانە زۆر گرنگە، چونکە هاوزەمانە لەگەڵ دوو پرۆسە کە یەکەمیان: پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقو دووەمیان: لێکنزیکبوونەوەی هەرێمی کوردستانو تورکیایە لە هەموو بوارەکاندا، بە تایبەت پێشکەوتنی مەسەلە سیاسییەکان.

ئاوات محەمەد، وتیشی: «تورکیا دەیەوێت مەسەلەی کەرکوک بجولێنێت بە ئاراستەی چارەسەر، کە بەپێی پێشهاتەکان پێدەچێت بیەوێت جۆرێک لە هاوسەنگیی هەبێت لە چارەسەری پرسەکەدا، بە تایبەت کە کێشەکانی هەرێمی کوردستانو تورکیا، تورکیا پەکەکەو کەرکوکو هەرێمو تورکیا سەرجەمیان پەیوەندییان بە یەکەوە هەیەو گرێدراوی یەکترن، بۆیە هەموویان پێویستیان بە چارەسەرو یەکلاییبوونەوە هەیە».



داود ئۆغلو

# مادەی (١٤٠) لە دوو کارنامەی حکومەتی عێراقدا

ڕاپۆرتی:
پشتیوان سەعدوڵڵا

لە بەرنامەی سیاسیی حکومەتە نوێکەی مالیکیدا، بەشێوەیەکی رووکەشیی ئاماژە بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) کراوە، لە کاتێکدا لە کارنامەی کابینەی پێشوودا حکومەت پابەندبوو بە جێبەجێکردنی لە ماوەیەکی دیاریکراودا، هاوکات بە بڕوای چاودێران ئەو هەنگاوە نیەتی حکومەت دەردەخات لە جێبەجێ نەکردنی مادەکە.

ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/٢١ حکومەتی عێراق بۆ جاری دووەم بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی، پێکهێنراو حکومەت پابەند نەکراوە بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لە ماوەیەکی دیاریکراوداو بە شێوەیەکی رووکەشیی ئاماژەی پێدراوە.

لە خاڵی یەکەمی بەرنامە سیاسییەکەی مالیکیدا، تەنیا باس لە بەدواداچوونی لیژنەکانی ئەو مادەیە دەکات، بەبێ ئەوەی وادەیەکی دیاریکراو هەبێت، هاوکات لەگەڵ باسکردنی مادەی (١٤٠)دا لە میتۆدی حکومەتەکەیدا، مالیکی باسی لەوەش کردووە؛ کە پێویستە هەموو هەموارکردنە دەستوورییەکانیش لە چوارچێوەی مادەی(١٤٢)ی دەستووردا بکرێن.

مەلا فەرمان محەمەد، نووسەرو چاودێریی سیاسیی پێیوایە؛ قسەکردن لەسەر مادەی (١٤٠) تەنیا بەڵێنەو ئەگەرنا لە واقیعدا کاری بۆ ناکرێت، ڕەشبینە لەوەی لەم قۆناغەشدا ئەو مادەیە جێبەجێ بکرێتو دەڵێت: «ئەو پرسە لە چوار ساڵی ڕابردوودا باشتر بوو، بە تایبەتی لە کارنامەی حکومەتی پێشوودا حکومەتی پابەند بوو بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لە ماوەیەکی دیاریکراودا، بەڵام لە کارنامەی ئێستای مالیکیدا حکومەتی عێراق هیچ جۆرە پابەندبوونێکی نییە بە جێبەجێکردنی مادەکە، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە حکومەتی عێراق نایەوێت ئەو مادەیە جێبەجێ بکاتو خۆی لێ دەدزێتەوە».

ئەو ئاماژەدانە رووکەشییەی کابینەی نوێی مالیکی، لە کاتێکدایە کە لە کابینەی پێشووی حکومەتی عێراقدا بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی، زۆر بە روونی باس لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) کراوە، هەروەک بەپێی بڕگەی (٢٢)ی کارنامەی پێشوو: «حکومەت پابەندە بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا کە پشت دەبەستێت بە مادەی (٥٨) لە یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەت، ئەم جێبەجێکردنەش بە سێ قۆناغ دەبێت: (ئاساییکرنەوە، سەرژمێریی‌و ریفراندۆم)، لە کەرکوکو ناوچەکانی دیکە کە ناکۆکییان لەسەرە، حکومەتیش هەر لە سەرەتای پێکهێنانییەوە هەنگاوی پێویست دەگرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی قۆناغی ئاساییکردنەوە، لەوانەش: گەڕاندنەوەی ئەو قەزاو ناحیانەی کە لە بنەڕەتدا سەر بە کەرکوک بوون، ئەم قۆناغەش لە ٢٠٠٧/٣/٢٩ کۆتایی دێتو قۆناغی ڕاپرسیی لە ٢٠٠٧/٧/٣١ دەستپێدەکات، دواقۆناغیش کە ئەنجامدانی ریفراندۆمە، پێویستە لە ٢٠٠٧/١١/١٥ ئەنجام بدرێت».

مادەی (١٤٠)، لەوپەڕی هێزی کوردا لە بەغداو لە خولی ڕابردوودا جێبەجێ نەکرا، کە چوار ساڵی بۆ دانرابوو، تەنانەت قۆناغی یەکەمیشی کە قەرەبووکردنەوەیە، هێشتا کۆتایی نەهاتووەو کێشەی هاوردەکردنی عەرەبو ئاوارەبوونی کوردی ناوچەدابڕاوەکانیش بەردەوامە، ئەمەش ئەگەری جێبەجێکردنی تەواوی قۆناغەکانی ئەو مادەیە لە ماوەی دووساڵدا بێهێز دەکات.

تانیا تەڵعەت، ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە چوار ساڵی ڕابردوودا حکومەت بڕیاری جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دا، بەڵام ئیلتیزامی بە بڕیارەکەیەوە نەکردو کێشەکەش بەبێ چارەسەر ماوەتەوە، بەڵام حکومەتی ئێستای عێراق حکومەتی شەراکەتی نیشتمانییەوکارنامەی حکومەتەکەش تەنیا بۆ ڕازیکردنی هەموو لایەنەکانە، نەک کارنامەیەک بۆ جێبەجێکردن، حکومەتی عێراق هیچ نیەتێکی باشی نییە بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و تەنانەت مەبەستی پەککخستنی مادەکە لە ئارادایە، بۆیە ئەگەری جێبەجێکردنی زۆر لاوازو زەحمەتە».

پێش پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت کورد وەفدی دانوستانکاری پێکهێناو وەرەقەیەکی (١٩) خاڵیی پێشکەشی لایەنە عێراقییەکان کرد، هەروەها بەرپرسانی کورد بەڵێنیان بە خەڵکی کوردستان دا، بەشداریی هیچ حکومەتێک ناکەن، تا گرەنتی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کورد وەرنەگرن، بە تایبەت مادەی (١٤٠)، کە لە کارنامەکەدا هاتووە: «دەبێت مادەی (١٤٠)ی دەستوور جێبەجێ بکرێتو بودجەی پێویستی بۆ دابین بکرێت لە ماوەیەکدا کە لە دوو ساڵ تێپەڕ نەبێت».

بە بڕوای مەلافەرمان، دواکەوتنی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و گرنگی پێنەدانی وەک لە کارنامەکەدا بە رووکەشیی باسی کراوە، بە پلەی یەکەم بەرپرسارێتییەکەی لە ئەستۆی سەرکردایەتی کورددایە، چونکە بە بڕوای ئەو؛ «بەرپرسانی کورد لە پێناو پۆستو پارەدا مادەی (١٤٠)و خواستەکانی تری کوردیان کردووەتە قوربانیی‌و لەبیریان کردووە».

هاوکات، تانیا تەڵعەت، ئەوە دەخاتە ڕوو: نەیارانی کوردو مادەی (١٤٠) لە حکومەتو پەرلەماندا پۆستی باڵایان هەیەو ئەو خەڵکو لایەنانە بەشێکبوون لەوەی کە مادەی (١٤٠) لە کارنامەی حکومەتدا بایەخی پێ نەدرێتو بەردەوام کار دەکەن بۆ پەککخستنی ئەو مادە دەستوورییە.

بە پێویستیشی دەزانێت نوێنەرانی کورد فشار بخەنە سەر حکومەتی عێراق تا بەزوویی ئەو مادەیە جێبەجێ بکات، «چونکە ئەرکی کورد لەم قۆناغەدا زۆر قورسەو لە هەمانکاتیشدا سەنگی کورد لە بەغدا کەمبووەتەوە».



**مەلا فەرمان: ئەو پرسە لە کارنامەو کارکردنی حکومەتی پێشوو باشتر بوو بە بەراورد بەم حکومەتەی ئێستا**



**تانیا تەڵعەت: حکومەتی عێراق هیچ نیەتێکی باشی نییە بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) و تەنانەت مەبەستی پەکخستنی مادەکە لە ئارادایە، بۆیە ئەگەری جێبەجێکردنی زۆر لاوازو زەحمەتە**

## «(٩٠٪)ی زەوییە تەعریبکراوەکانی تورکمان، بەدەست عەرەبەوەن»

ئارام جەمال: کەرکوک

عەرەبە هاوردەکانی سنووری پارێزگای کەرکوک، بەردەوامن لە درێژەدان بەتەعریبی زەوییە کشتوکاڵییەکانی تورکمان کە لەسەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا پێیان دراوەو ئەندامێکی کوتلەی تورکمانیش لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، باس لەوە دەکات، زیاتر (٩٠٪)ی ئەو زەوییانە نەگەڕێنراونەتەوە بۆ تورکمان.

نەجات حوسێن، ئەندامی کوتلەی تورکمان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەسەردەمی دەسەڵاتی بەعسی ڕووخاودا، زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کوردو تورکمان لە سنووری پارێزگای کەرکوکدا، داگیرکراونو بەشێوازی گرێبەست دراون بە جوتیاری عەرەبی هاوردە، بەڵام لەدوای ڕووخاندنی ئەو ڕژێمەوە، کورد لە ڕێگای هێزەوە، سەرجەم زەوییەکانی خۆی گەڕاندووەتەوە، بەڵام بەهۆی ناهاوسەنگیی هێزو مەزلومیەتی تورکمانەوە، تا ئێستا ڕێژەی زیاتر (٩٠٪)ی زەوییەکانی تورکمان، بەدەست عەرەبەکانەوە ماون».

ناوبراو وتیشی: «لەئێستادا، وەزارەتی کشتوکاڵ هەوڵدەدات موڵکایەتیی ئەو زەوییانە بگەڕێنێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی‌و داوای هەڵوێستی جوتیارانی سنوورەکەی کردووە، کە ئەگەر هەر کێشەیەکیان هەبێت، ئاراستەی بکەنو ڕووبەڕووی وەزارەتی دارایی عێراقی بکەنەوە، بەڵام ئێمە وەک تورکمان، بەردەوام هەوڵمانداوە کە لە ڕێگای یاساییەوە وەزارەتی کشتوکاڵ کێشەکان چارەسەر بکاتو زەوییەکانی جوتیارانی تورکمان بگەڕێنێتەوە کە دەکەونە ناوچەکانی تازەو بەشیرو تسعینەوە، بەڵام ئەو کێشەیە حەوت ساڵە بەردەوامە».

ئەندامەکەی کوتلەی تورکمان، ڕەخنە لەدەستەی چارەسەری کێشە موڵکایەتییەکان دەگرێت کە لە حەوت ساڵی ڕابردوودا کێشەی زەوییەکانی تورکمانو سەرجەم کێشە موڵکایەتییەکانیان لە سنووری پارێزگای کەرکوکدا یەکلایینەکردووەتەوە، کە بەتەنیا زەوییە کشتوکاڵییەکانی تورکمان نزیکەی (١٣٥)هەزار دۆنم دەبن.

زۆرجار هێزە تورکمانییەکان، بەتایبەت بەرەی تورکمانی، کورد بەوە تۆمەتباردەکەن کە تەجاوزی لەسەر زەویی تورکمان کردووەو هەمیشە لەبەرەی عەرەبدان لەدژی کورد، لەکاتێکدا عەرەبەکان زەوییەکانی تورکمانیان داگیرکردووە، نەک کورد.

نەجات حوسێن، لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەم سیاسەتەی تورکمان، زیانی زۆری پێگەیاندووینو سەرجەم ئەو زەوییانەی کە کورد تەجاوزی لەسەر کردوون، نزیکەی (٣٪)دەبن، لەکاتێکدا ڕێژەی نزیکەی (٩٥٪)ی زەوییەکانی تورکمان لەژێر دەستی تورکماندایە کە ئەگەر تورکمان لەدوای پرۆسەوە لەبەرەی دۆستایەتیی کورددا بوایە، ئەوا کەمتر زیانی دەکردو برایانی کورد وەک خۆیان زەوییەکانیان بۆ جوتیارانی تورکمان بە ڕێگەی هێز دەگەڕاندەوە، کە دەبوو تورکمان ئەمەیانی بکردایە، چونکە هاوبەشیی نێوان کوردو تورکمان، زۆر زیاترە لە عەرەبو تورکمان.

ئەو بەرپرسەی تورکمان، ئاماژەی بەوەش کرد، کە ئەگەر پەرلەمانو حکومەتو وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق پەلە نەکەن لە گەڕاندنەوەی ئەو زەوییە کشتوکاڵییانە، ئەوا هەڵوێستی توندیان دەبێت کە لەسەرەتاوە ڕێگای خۆپیشاندانو مانگرتن دەگرنەبەر.

# میدیای جیهانیی: دیموکراسی لە کوردستان لە پاشەکشەدایە

شالاو فەتاح

چەندین دامودەزگای جیهانیی، لەنێویاندا (ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوورو ئاژانسی فرانس پرێس‌و ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز) باس لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی هەرێم لە دژی یاسای خۆپیشاندان‌و سکاڵای دژی نووسەران دەکەن، لە ڕاپۆرتەکانیاندا باس لەوە دەکەن کە لە کوردستان سکاڵای دژی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسان بە شێوەیەکی نائاسایی لە زیادبووندایەو وایکردووە ڕۆژنامەنووسان نەتوانن کارەکانیان بە ئاسانی ئەنجام بدەن.

**ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز: یاساکە بەشێکە لەو توندوتیژیی بەرامبەر ئازادیی ڕادەربڕین**

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی لە هەواڵێکدا کە ڕۆژی (٥)ی ئەم مانگە بڵاوبووەوە لەژێر سەردێڕی: «خۆپیشاندان بۆ ئازادیی ڕادەربڕین لە کوردستان» باس لە خۆپیشاندانی شاری هەولێر دەکات، لەو هەواڵەدا هاتووە؛ زیاتر لە هەزار خۆپیشاندەر هاتنە سەر شەقامی سەرەکیی هەولێر، پایتەختی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئیدانەی ئەو یاسا نوێیە بکەن، کە داوای ئەوە دەکات گشت خۆپیشاندانێک مۆڵەتی هەبێت، خۆپیشاندەران پێیانوایە یاساکە بەشێکە لەو توندوتیژییە زۆرەی بەرامبەر ئازادیی ڕادەربڕین هەیە لە کوردستان، لە شەش مانگی ڕابــردوودا حکومەت سکاڵای لە دژی زیاتر لە (٦٠) نووسەرو دامەزراوەی میدیایی تۆمار کــردووە لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی نووسینی ڕەخنەیی لە دژی حکومەت، ئاسۆ کەریم، پارێزەری پارتی دیموکراتی کوردستان پێیوابوو؛ کە ئەو سنووربەندکردنانە پێویستن، لەبەرئەوەی «عێراق لە ڕووی سیاسییەوە سەقامگیر نییە».

**ئاژانسی فرانس پرێس: یاسای خۆپیشاندان کشانەوەی دیموکراسییە**

یەکێک لەو ئاژانسانەی کە گرنگیی بە خۆپیشاندانەکانی کوردستان دا، ئاژانسی فەرەنسی فرانس پرێس بوو، لە ڕاپۆرتێکی ئەم ئاژانسەدا هاتووە؛ هــەزاران کوردی عێراقی لە شــاری سلێمانی هاتنە سەر شەقامەکان لە دژی ئەو یاسایەی خۆپیشاندان سنووردار دەکات، ئەو خۆپیشاندانە (٩٠) خولەکییە ئارامە— کە یاسا نوێیەکەی شکاند بەهۆی نەبوونی مۆڵەتەوە- لە باخی گشتیی دەستییپێکردو تا پارکی ئازادیی بەردەوام بوو، خۆپیشاندەرێک پێیوابوو؛ ئەو یاسایە سنووردارکردنی ئازادیی‌و کشانەوەی دیموکراسییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئــەو یاسایە لــەلایــەن فراکسیۆنی کوردستانییەوە دەرچووە، کە لە حیزبەکانی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم‌و جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی عێراق پێکدێت، هەرچەندە لــەلایــەن گــرووپــە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە دژایەتی کرا، بەڵام فراکسیۆنی کوردستانیی کە دوو لەسەر سێی پەرلەمان پێکدێنێت توانی یاساکە دەربکات، خۆپیشاندەرێکی دیکە پێیوابوو؛ ئەو یاسایە پێشێلکردنی مافی مرۆڤەو ئــەوان پێویستیان بەوەیە خۆپیشاندان ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی گۆڕانی سیاسیی ئەنجام بدەن.

**پەیامنێرانی بێسنوور: لە کوردستان سکاڵا بەسەر میدیادا دەبارێت**

ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوورو کە یەکێکە لە ڕێکخراوە هەرە بەناوبانگەکانی پاراستنی ڕۆژنــامــەنــووســان‌و بنکەی سەرەکیی لە پاریسە، لە ڕاپۆرتێکیاندا باس لەو سکاڵا زۆرو زەبەندانە دەکات کە لە دژی میدیاکاران‌و دەزگا میدیاییەکاندا تۆمار دەکرێت، لەم ڕاپۆرتەدا کە لەژێر ناوی «کوردستانی عێراق: بارینی سکاڵا بەسەر میدیا»دا هاتووە، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و سەرۆکی پارتی بە ڕوونی بەرگریی لە میدیای ئازاد کرد لە سیانزەیەمین کۆنگرەی پارتییدا، بەڵام لەم مانگانەی دواییدا سکاڵای یاسایی زیاتر لە دژی میدیای کوردی تۆمار کراون، تەنانەت میدیا ناسەربەخۆکانیشی گرتووەتەوە، ئێستا موحەڕیری ڕۆژنامەکان کاتەکانیان لە سووچ‌و هۆڵەکانی دادگادا بەسەر دەبەن. دواتر لەم ڕاپۆرتەدا باس لە چەندین سکاڵای یاسایی دەکات کە لە دژی چەند دەزگایەکی ڕۆژنامەنووسی تۆمار کراون.

لە ڕاپۆرتێکی دیکــەدا کــە لەسەر خۆپیشاندانەکانی هەرێم لە دژی سکاڵاکەی دژی (مەریوان وریا قانیع‌و ئاراس فەتاح) ئامادەکراوە، ڕێکخراوەکە پشتگیریی تەواوی خۆی بۆ خۆپیشاندەران دەردەبــڕێــت‌و دەنووسێت: پەیامنێرانی بێسنوور دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی ئەو خۆپیشاندانەی کە لە دەربەندیخان کرا لە دژی سکاڵاکەی دژی مەریوان وریا قانیع‌و ئاراس فەتاح.

**میدڵ ئیست ئۆنلاین: بە سکاڵا بۆمببارانی ڕۆژنامەنووسان دەکرێت**

لە ڕاپۆرتێکی میدڵ ئیست ئۆنلایندا، کە ماڵپەڕێکی هەواڵی بەریتانی تایبەت بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، هاتووە؛ کە ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان بۆمباران دەکرێن بە چەندین سکاڵای یاسایی کە لە دژیان تۆماردەکرێت، چــەنــدیــن ســکــاڵای یــاســایــی لــە دژی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان تۆمارکراون‌و ئەمەش لەلایەن ڕێکخراوەکانی چاودێریی میدیاوە بە پاشەکشەی دیموکراسی لە کوردستان لەقەڵەم دەدرێــت، کەمال ڕەئــوف، ســەرنــووســەری ڕۆژنــامــەی هاوڵاتی باسی لەوە کرد؛ کە (نۆ) سکاڵا لە دژی ڕۆژنامەکەیان تۆمار کراوە، ئەحمەد میرەی سەرنووسەری گۆڤاری لڤینیش باسی لەوە کرد؛ کە زیاتر لە (٢٧) سکاڵای یاسایی لە دژی گۆڤارەکەیان تۆمارکراوە، کە (شەش)یان سیاسییەو لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە دژیان تۆمار کراوە.

# باشوورییەکان جیهان پڕدەکەن لە ئاهەنگ

ئا: ڕۆژنامە

ئەمڕۆ ڕۆژی سێیەمی دەنگدانە یەک هەفتەییەکەی باشووری سوودانەو لە دوو ڕۆژی یەکەمدا جەماوەر بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە دەنگیان دا، تــەواوی ئاژانس‌و میدیا جیهانییەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە باشوورییەکان دەنگ بە جیابوونەوە دەدەن، بۆ ئەمەش هەموو ئامادەکارییەک کراوە، ئارامیی دوو ڕۆژی پێشووی خۆپیشاندان وایکردووە ستایشی بەرپرسانی سودان بکرێت، چونکە پێشتر پێشبینیی ڕوودانی توندوتیژیی‌و دواخستنی ریفراندۆمەکە دەکــرا بەهۆی تەواونەبوونی کارەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەوە.

دەنگدانی سودان شێوازی کەرنەڤاڵی بەخۆوە بینی‌و زۆرینەی هاوڵاتییان جلی تایبەت‌و ئاڵووالآیان پۆشیبوو، هەندێکیان دەچوونە کەنیسەو زۆربەشیان لەسەر شەقامەکان ئاهەنگیان دەگێڕا. خەڵکی باشوور دەیانویست ئازاری نزیکەی (٥٠) ساڵ شەڕی ناوخۆ لەبیر خۆیان بەرنەوە، هەر بۆیە یادەوەرییەکانی ئەوانەیان لەگەڵ خۆیان هێنابووە دەرەوە کە لە دەستیان چــووبــوون، تائێستا ژمــارەی ئەوانەی لە نیو سەدە جەنگدا کــوژراون بە (٢,٥) ملیۆن دەخەمڵێنرێت، ئەوان لە پایتەختە چاوەڕوانکراوەکەی نوێترین وڵاتی جیهان، واتە لە جوبا، بە گۆرانی‌و سەماو هەڵگرتنی لافیتە پێشوازییان لە دەنگدان کرد. زۆرێک لە سودانییەکان چەند جارێک سەرەیان بەرنەکەوتووەو لەبەر درێــژیــی ڕیزی دەنگدانەکان نەیانتوانیوە لە سەرەتاوە دەنگ بدەن، هەر بۆیە چەند جارێک سەردانی بنکەکانی دەنگدانیان کردووەتەوە.

ژمارەی ئەوانەی شیاون بۆ دەنگدان لە بــاشــووری ســـودان، نزیکەی (٣,٩) ملیۆن کــەســن، دەنــگــدان لــە شەممەی داهاتوو کۆتایی پێدێت‌و ئەنجامەکانیش لە سەرەتایی شووباتدا ڕادەگەیەنرێن، کە چاوەڕوان دەکرێت گەورەترین وڵاتی ئەفریقا دابەشبکات‌و کۆتایی بە جەنگێکی ناوخۆیی دووروودرێــژیــش بێنێت، بەڵام ڕاگــەیــانــدنــی سەربەخۆیی دەکەوێتە تەمموزی ئەمساڵەوە، بۆ ئەوەی جیابوونەوە ڕووبدات، دەبێت (٦٠٪)ی ئەوانەی شیاوی دەنگدانن، دەنگبدەن‌و زۆرینەشیان دەنگ بە جیابوونەوە بدەن، چەند هەفتەیەکە سودان ئارامەو تەنیا ڕووبەڕووبوونەوەیەک کە ڕوویدابێت لە ناوچەی جێناکۆکی ئابیە بوو لەنێوان دوو خێڵی موسڵمان‌و مەسیحیدا، کە پێنج کەس تێیدا کوژران، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیسی باشوور بۆ پاراستنی ئارامیی ریفراندۆمەکە ئامادەن، هیچ لێدوانێکی وروژێنەریش نەدراوە، تەنیا ئەو لێدوانەی شەممەی عومەر بەشیر، سەرۆکی سودان نەبێت کە وتی: «باشوورییەکان ناتوانن حکومەت پێکبێنن‌و توانای خۆبەڕێوەبردنیان نییە».

لەبەرئەوەی سودان وڵاتێکە ڕێژەیەکی زۆری نەخوێندەواری هەیە،کارتی دەنگدانەکە تەنیا نووسراو نەبوو، بەڵکو وێنەییش بوو، بۆ ئەوانەی کە خوێندەوارییان نییە، دوو هێما لەسەر کارتەکان دروستکراون، تەوقە بە مانای یەکبوون‌و تاکە دەستێکی کراوەش بە مانای سەربەخۆیی دێت. دەنگدەرانیش دەبێت مۆرێک لە تەنیشت یەکێک لەو وێنانەوە بدەن.

دەنگدان تەنیا لەناو سوداندا نییە، بەڵکو کۆمەڵگەی سودانی لە هەریەکە لە وڵاتانی ئوستralیا، کەنەدا، ئەمریکا، میسر، ئەسیوبیا، کینیا، ئۆگەنداو بەریتانیا. دەنگدەران لە زۆرێــک لەم وڵاتانەش بە دروستکردنی ئاهەنگی مۆسیقاو گۆرانی بەرەو سندووقەکان چوون. ئێستا کۆمەڵگە سودانییەکان تەواوی شوێنی دەنگدانەکانیان لــە جیهاندا پــڕ ئاهەنگ کــردووەو بە هیوایەکی نوێوە چاوەڕوانی دروستبوونی وڵاتەکەیانن.

دەنگدانەکە لــەدوای ئــەوە دێــت، کە لە ساڵی (١٩٥٥)وە سوپاکانی باشوورو باکوور چەندین ململانێ‌و جەنگی توندوتیژ لەنێوانیاندا ڕوویداوەو چەندین ڕێککەوتن نەیتوانیوە کۆتایی بەو ململانێیە بێنێت، تا ئەوەی ڕێککەوتننامەی ئاشتی ساڵی (٢٠٠٥) بەسترا. باشوورییەکان مەسیحی‌و سروشت پەرستن‌و باکوورییە عەرەبە موسڵمانەکان بە چەوساندنەوەیان تۆمەتبار دەکەن، لە حاڵەتی دەنگدان بە مانەوەدا باشوورییەکان دەبێت بێدەنگیی لەو بانگەشانە بکەن‌و بە حوکمی باکووریش ڕازی بن، بەڵام لە حاڵەتی دەنگدان بە جیابوونەوەشدا، باکوور پێویستە ڕێز لە بڕیاری باشوورییەکان بگرێت بۆ ئەوەی جەنگێکی دیکەی درێژی خوێناویی ڕوونەدات.

هەرچەندە زۆرینەی پێشبینییەکان لەسەر ئــەوەن، کە ریفراندۆمەکە دەبێتە هۆی جیابوونەوە، بەڵام جیابوونەوەش بە مانای نەمانی پەیوەندیی نێوان باکوورو باشوور نایەت، ئەم دوو وڵاتە چەندین بــەرژەوەنــدیــی ئابووریی بەیەکیانەوە دەیبەستێتەوە، لە دیاترین نموونە؛ ڕۆیشتنی هێڵە نەوتییەکانی باشوورە بە باکووردا، ئەمە جگە لە بەندەرەکانی دەریای سوور کە باشوور هاوسنوور نابێت لەگەڵیداو ناچار دەبێت پشت بە باکوور ببەستێت.

کۆماری ســودان لە ساڵی (١٩٥٦) سەربەخۆیی لە میسرو بەریتانیا وەرگرت‌و بووە وڵاتێکی یەکگرتوو، کە گەورەترین وڵاتی ئەفریقاو عەرەبییەو دەیەمین گەورە وڵاتی جیهانە لە ڕووی جوگرافییەوە، بەڵام هەر لە سەرەتای درووستبوونییەوە چەند کێشەیەکی ناوچەیی هەبووە، کێشەی باکوورو باشووریی‌و دارفۆرەکان‌و بەرەی ڕۆژهــەڵات گەورەترین کێشەکانی ئەم وڵاتەن‌و بەو هۆیەوە درووستبوون، کە چەندین ئێتنی‌و گرووپی دینی جیاوازی تێدایە.

ئەم وڵاتە وەک لە ڕووی جوگرافییەوە جیاکەرەوەی نێوان جیهانی عــەرەب‌و ئەفریقایە، لە ڕووی کەلتووریشەوە دابەشبووە بەسەر عەرەب‌و ئەفریقییەکاندا، هەر لەدوای وەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئەم وڵاتە چەند دەیەیەک بەدەست شەڕی ناوخۆ لەسەر کێشە ئێتنی، ئابووریی‌و دینییەکانەوە گیرۆدە بوو، باکووری سودان عەرەبی‌و موسڵمانەو باشووریش زیاتر ئەفریقی‌و مەسیحییە، ئەمە جگە لەوەی زۆریــنــەی ســەرچــاوە سروشتییەکانی سودان کە نەوتە، لە باشووری سوداندایە (٨٠٪ی بەرهەمی نــەوت)، ئەمە بووە هۆی ئــەوەی بــەردەوام باکوورییەکان هەوڵی سەرکوتکردن‌و کۆنترۆڵکردنی باشوورییەکان بــدەن‌و پاش سەپاندنی حوکمی شەریعەتی ئیسلامیی بەسەر سوداندا کێشەکان هێندەی تر قوڵبوونەوە، دوایــەمــیــن هــیــوای چــارەســەریــش بە ریفراندۆمەکەی ئێستا دادەنرێت.



باشوورییەکانی سودان ئاهەنگی جیابوونەوەو سەربەخۆیی دەگێڕن

بەختیار عەلی: ترسناکە لە مۆراڵی میدیاکاران بێدەنگبین 12

# (١٣) پەرلەمانتاری کورد داهاتەکانیان ئاشکرا نەکردووە

**هەستیار قادر**

لە خولی رابـــردووی پەرلەمانی عێراقدا (٧) پەرلەمانتاری کـــوردو لە خولی ئێستاشدا (١٣) پەرلەمانتاری تری کورد داهاتیان بۆ دەستەی نەزاهە ئاشکرا نەکردووە.

بەپێی ئامارێک کە دەستەی نەزاهەی عێراقی بڵاوی کردووەتەوە، لە خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، لە کۆی (٢٧٥) ئەندامی ئەو ئەنجومەنە، تا ٢٠١٠/١٢/٣١ (٢١٢) پەرلەمانتار داهاتی خۆیان بۆ دەستەی ناوبراو ئاشکرا کردووەو فۆرمی موڵکو ماڵی تایبەت بەو پرسەیان پڕکردووەتەوە، کە لە کۆی (٥٨) ئەندامی کوردی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە هەموو لیستەکانەوە، (٥) پەرلەمانتاریان پڕیان کردووەتەوەو تا ئەو وادەیە (٧) پەرلەمانتار داهاتەکانیان ئاشکرا نەکردووە.

فۆرمی ئاشکراکردنی داهـــاتو موڵکو ماڵی بەرپرسان لەلایەن دەستەی نەزاهەی عێراقیەوە، کە دەستەیەکی سەربەخۆیە لـــەســـەرەتـــای ساڵی (٢٠٠٥)ەوە پێشکەش بە بەرپرسە عێراقییەکان دەکرێت کە لە بەڕێوەبەری گشتییەوە تا پەرلەمانتارو وەزیرو سەرۆک کۆمار دەگرێتەوە، زانیاریی وردی لەسەر موڵکو ماڵی ئەو بەرپرسەو کەسە نزیکەکانی تیایەو بڕیار بووە بەپێی ڕێوشوێنەکانی دەستەی نەزاهە لەدوای پڕکردنەوەیان لێکۆڵینەوە لە زانیارییەکانی بکرێت.

هەر بەپێی ئامارێکی تر کە دەستەی نەزاهە بڵاوی کردووەتەوە، لە کۆی (٣٢٥)ی ئەندامەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێی عێراق تا ٢٠١٠/١٢/٣١ تەنیا (١١١) ئەندام فۆرمی زانیاریی موڵکو ماڵیان پـڕکـردووەتـەوەو (١٣) پەرلەمانتاری کـورد ئەو فۆرمەیان پڕنەکردووەتەوە.

لەوبارەیەوە محەمەد ئەبوبەکر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وێڕای ئاماژەدان بە گرنگیی ئەو هەنگاوە، ڕەخنەی لە هەندێک کێشەی تەکنیکی گرت کە لە پرۆسەی دابەشکردنی ئەو فۆرمەدا هەیەو بۆ ڕۆژنامە وتی: «کەموکورتییەک هەیە لە شێوازی دابەشکردنی فۆرمەکان کە هەندێک لە ئەندام پەرلەمانەکانی خولی پێشووش باسیان کـردووە، کە بە دەستیان نەگەیشتووەو نازانرێت کەموکورتییەکە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوەیە، یان دائیرەی کاروباری پەرلەمانتاران».

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد؛ کە بەبێ بوونی حکومەتی ئەلکترۆنیی کـارکـردن بـەو فۆرمی زانیارییانە، ئەستەمەو دەستەی نەزاهە تائێستا ڕێوشوێنێکی نییە بۆ دڵنیابوونەوەی ڕاستییو دروستیی زانیارییەکانی نێو ئەو ڕاپۆرتەو وتیشی: «دەشێت بەرپرسێک ڕێژەیەکی زۆر موڵکو ماڵی هەبێتو تەنیا یەک دانەیانی نووسیبێت».

# «پێشنیازی مالیکی بۆ گەڕاندنەوەی ڤیتۆ بۆ تاڵەبانی ڕەتکرایەوە»

**عەلی ناجی- بەغدا**

ئەندامێکی ئیئتیلافی عێراقییە ئاماژە بەوە دەدات؛ کە پێشنیازێکی مالیکی بۆ گەڕاندنەوەی مافی ڤیتۆ بۆ تاڵەبانی، ڕەتکراوەتەوەو پسپۆڕێکی یاساییش دەڵێت: «گەڕاندنەوەی ئەو مافە بۆ سەرۆک کۆمار پرۆسەی سیاسیی عێراق تووشی کێشە دەکات».

لەپاش ئەوەی لە چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندنەوە هەواڵی گەڕاندنەوەی مافی ڤیتۆ بۆ سەرۆک کۆماری عێراق بڵاوکرایەوە وەک بەڵێنێک لەلایەن نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانەوە لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی (١٩) داواکارییەکەی کورد، ئەندامێکی ئیئتیلافی عێراقییەش سەرکەوتنی ئەو هەوڵە ڕەتدەکاتەوە.

لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ ڕۆژنامە محەمەد خالیدی، ئەندامی ئیئتیلافی عێراقییە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرایکرد؛ کە خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق مافی ڤیتۆی دابوو بە سەرۆک کۆمار، بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی سیاسیی بوو، لەم خولەشدا نوری مالیکی پێشنیازی کرد کە ئەو مافە بگەڕێتەوە بۆ سەرۆک کۆمار، بەڵام کوتلە سیاسییەکانی تر پێشنیازەکەیان ڕەتکردەوەو تاڵەبانی مافی ڤیتۆی نامێنێتو ئەو بڕیارانەی لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەکرێن، نە سەرۆک وەزیران، نە سەرۆک کۆمار ناتوانن ڕەتی بکەنەوە.

هاوکات سەرکردەیەکی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاساش کە بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ بەڵێنی گـەڕانـەوەی مافی ڤیتۆیان داوە بە تاڵەبانی، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پابەند دەبن بە دەستوورەوە، کە دەڵێت: ئەو مافە بۆ سەرۆک کۆمار تەنیا بۆ یەک خولە.

خالید ئەسەدی، سەرکردەی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە؛ کە بەپێی دەستوور مافی ڤیتۆ بۆ سەرۆک کۆمار بۆ یەک خولەو ئیئتیلافی هاوپەیمانیی نیشتمانیش دەیەوێت بەپێی بەندەکانی دەستوور مامەڵە بکات».

پسپۆڕێکی یاساییش ئاماژە بەوە دەکات؛ کە دووبارە گەڕاندنەوەی مافی ڤیتۆ بۆ سەرۆک کۆمار بەدەست مالیکیو تاڵەبانیو کوتلە سیاسییەکان نییەو پێویستیی بە هەمواکردنی دەستوورە.

تاریق حەرب، پسپۆڕی یاسایی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «گەڕاندنەوەی مافی ڤیتۆی یاساکان بۆ تاڵەبانی کێشە دەخاتە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقەوەو وتیشی: « ئەو هەنگاوە پرۆسەی سیاسیی وەک بوونەوەری ئەفسوناویی (هەجین) لێدەکات، کە سەری مرۆڤەو لەشی ئاژەڵە، بەوپێیەی سیستمی سیاسیی عێراق پەرلەمانییەو سەرۆکایەتی نییە ناکرێت مافی ڤیتۆی پێ بدرێتەوەو ئەو یاسایانەش لەمەودوا لە لایەن پەرلەمانەوە بۆی دەنێردرێت دوای (١٥) ڕۆژ بە ئیمزاکردن، یان نەکردنی، بە دەرچوو لە قەڵەم دەدرێت.

# موقتەدا سەدر، پیاوێک لە مەترسی

**ڕاپۆرتی: هیوا جەمال**

هێشتا بە هەمان هەناسەی پێشووەوە وتار دەداتو هەڕەشە لە ئەمریکا دەکات، بەڵام سیاسییەکانی عێراق بڕوایان وایە، بەشداریی دەکات لە جێگیرکردنی ئاسایش لە وڵاتدا.

موقتەدا سەدر، پیاوی ئایینی شیعەو سەرۆکی ڕەوتی سەدر، دوای زیاتر لە سێ ساڵو نیو خۆونکردن لە شاری نەجەف دەرکەوتەوەو لە یەکەم وتاریشیدا لە ڕۆژی شەممە (٨ی کانوونی دووەم) لە مزگەوتی کوفە دژایـەتـی خـۆی بـۆ «داگیرکەران» دووپات کردەوە.

موقتەدای تەمەن (٣٧) سـاڵ، کوڕی محەمەد محەمەد سادق محەمەد مەهدی ئیسماعیل بن سەدرەدینەو لە هەرسێ براکەی بە ناوەکانی: (مستەفا، مورتەزاو موئمن) بچووکترە، لە (٩ شوباتی ١٩٩٨) باوکیو دووبـرای (موستەفاو موئمن) ڕووبەڕووی ڕژێمی بەعس وەستانەوەو بە دەستی ڕژێمی بەعس کوژران.

لەو ماوەیەدا کە مەنفای هەڵبژاردووە، بەپێی زانیارییەکان موقتەدا سـەدر، بۆ خوێندنی ئایینی چووتە شـاری قـوم، لە ئێران.

هەندێک لێدوان لە بارەی ئەوەوە دەدەن، کە موقتەدا بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە کە جێ بە عەلی سیستانی گەورە مەرجەعی شیعەکان لێژ بکات، بەڵام دوای گەڕانەوەی لە (٥)ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ، (چوارشەممەی ڕابردوو)، بۆ ڕۆژی دوایی سەردانی عەلی سیستانی کرد.

لێدوانەکان لەبارەی سەدرەوە جیاوازن، بەڵام هەمووان لەوەدا یەک دەنگن کە موقتەدا بێدەنگ نابێت لە دژایەتیکردنی ئەمریکا، بە تایبەت کە لە دوایین هەڵوێستیداو لە وتارەکەی کوفەدا وتی: «مەبەستی یەکەمو بنچینەیی بۆ خەڵکی عێراق وەدەرنانی داگیرکەرە»، وتیشی: «گەل خێر لە خۆی نابینێت، ئەگەر لەژێر سێبەری داگیرکەردا بمێنێتەوە».

ئەم هەڵوێستانەی لە کاتێکدایە کە ئێستا نزیکەی (٥٠) هەزار لە سەربازانی ئەمریکایی لە عێراقدا مـاونو بڕیاریشە لە کۆتایی ئەمساڵدا بە تەواوی بکشێنەوە.

ئەمەش لە درێـژەی هەڵوێستەکانی ڕابردوویەتی سەبارەت بە ئەمریکا، چونکە لە ساڵی (٢٠٠٦)دا دەڵێت: «هێزەکانی ئەمریکا لە پێناوی شیعەو سوننەدا نەهاتوون بۆ عێراق، بەڵکو بۆ ڕێگرتن لە دەرکەوتنی محەمەدی مەهدی، چاوەڕێکراو هاتوون».

پێدەچێت دژایەتیکردنی ئەمریکا لەلایەن موقتەدا سـەدرەوە چووبێتە قۆناغێکی نوێوە، چونکە لە وتارەکەی کوفەدا دەڵێت: چەک دەبێت تەنیا بۆ خـاوەن چەکەکان بێت (مەبەستی سوپای عێراقە)». هەروەها دەڵێت: ڕەتکردنەوەی ئەمریکا لە دڵەکانەوە بە مقاوەمە ئەژمار دەکرێت.

ئەو هەڵوێستە نوێیەی سەدر، دوای ئـەو جەنگە دێـت کـە پـاش داخستنی ڕۆژنامەکەی ڕەوتی سەدر (حوزة الناطقة) لە (٢٠٠٤/٥/١٤) دەستی پێکردو هێزەکانی دوای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی زۆر لەلایەن سوپای ئەمریکاوە تێکشکێنرانو جەنگەکە وەک جەنگی تائیفی وەسفکراو تا ساڵی (٢٠٠٨) درێژەی هەبوو.

لە ڕوانگەی ئەمریکاشەوە، موقتەدا پیاوێکی جـیـاوازە، گۆڤاری نیوزویکی ئەمریکی لـە ژمـــارەی ڕۆژی (٥)ی دیسەمبەری (٢٠٠٦)دا لە بەرگی پێشەوەیدا وێنەی سەدری داناوەو بە مانشێتێکی گەورە نووسیویەتی «ترسناکترین پیاو لە عێراقدا».

گۆڤارەکە چەند بابەتێکی لە دۆسییەیەکدا تەرخانکردووە بۆ سەدرو ڕەوتەکەیو بە شێوازێکی «ترسناک» باسی دەکـاتو بە «شمشێری شیعە» ناوی بردووە.

نیوزویک موقتەدا سەدر، بە «هەرزەکار» ناو دەباتو بۆ ئەو مەبەستە بۆچوونی چەند کەسێکی وەرگـرتـووە، تەعلیقی لەوەش داوە کە هیچ بڕوانامەیەکی زانستی نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە ساڵی (١٩٨٨) چووەتە حەوزەی دینی لە نەجەف. لەلایەکی تریشەوە بڕوا وایە؛ کە ئەم سێ ساڵەی ڕابردوو لە حـەوزەی قوم، وانە دینییەکانی بۆ بوون بە ئایەتوڵڵا (پلەیەکی بەرزە لە مەزهەبی شیعەدا) خوێندبێت.

مەرجەعی دینی موقتەدا سـەدرو ڕەوتەکەی، کازمی حەسەنی حائیرییە، بەڵام تۆمەتبارە بە تیرۆرکردنی عەبدولمەجید خوئی پیاوی ئایینی شیعی، کە (٢٠٠٣/٤/١٠)، یەک ڕۆژ دوای ڕووخانی سەدام لە نەجەف تیرۆر کرا.

بەپێی گێڕانەوەی نیوزویک، عەبدولمەجید خوئی، لە کاتی سەردانی گۆڕی ئیمام عەلی سەرلەبەیانی (٢٠٠٣/٤/١٠)دا لەلایەن ژمارەیەک چەکدارەوە بە بۆمبی دەستیو چەکی سووکو شمشێر، هێرشی کراوەتە سەرو تیرۆر کراوە، هێرشبەرەکان لەکاتی کوشتنی خوئییدا دروشمی: «بژی موقتەدا سەدر»یان وتووەتەوە.

لەپاشدا لێکۆڵینەوە دەستپێکردو قازی نەجەف، موقتەدای تاوانبار کردو وتی: موقتەدا فەرمانی کوشتنی دەرکـردووەو وتوویەتی: «بیهێننو بە ڕێگەی تایبەتی بیکوژن».

بەپێی ڕۆژنامەی زەمان چاپی لەندەن، کوشتنی خوئیی بۆ بردنی ئەو سەروەتو سامانە بووە کە لە مەرقەدەکەدا هەبووەو «دوای ڕووداوەکە دەستەیەک لە میلیشیاکانی مەهدی بە سەرۆکایەتی حەیدەر ڕەفاعی دەستیان بەسەر هەموو پارەو زێڕو زیوی مەرقەدەکەدا گرتووەو بردوویانە».


دوای دەرکەوتنەوەی لە نەجەف، لە یەکەم کاردانەوەیدا حەیدەر خوئی، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا، هەڕەشەی ئەوەی کرد؛ کە «دۆسییەی تیرۆرکردنی عەبدولمەجید خوئی باوکی، بە نێودەوڵەتی دەکات، ئەگەر دادگای عێراق نەتوانێت دادگایی تاوانباران بکات»و موقتەدا سەدریشی وەک «یەکەم تاوانبار» لەو دۆسیەیەدا ناو برد.

کوڕەکەی خوئی، حکومەتی عێراقی خستە بەردەم هەڵبژاردنی ئەوەی کە بە شێوەیەکی کردەیی لێپێچینەوەو دادگایی بکاتو یاسا جێبەجێ بکات، بۆ دەستگیرکردنی موقتەدا سەدر، بەپێی لێکۆڵینەوەکەی قازیی نەجەف، لە ساڵی (٢٠٠٤)دا، بە پێچەوانەشەوە هەڕەشەی بردنی دۆسییەکەی بۆ بەردەم نەتەوەیەکگرتووەکانو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی ئەوروپاییو سەرکردە ئیسلامییو عەرەبییەکان کرد.

لەلایەکی تریشەوە، ساڵح موتلەک، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، وتی: «هەندێک لە یاساکانی پێشوو، کە بەسەر موقتەدا سەدردا سەپێنراون، ناڕاست بوون». لەبەر ئـەوەی «لەسەر بنەماو مەبەستی سیاسیی» دانراون.

بەپێی ڕاپۆرتەکان موقتەدا سەدر بە «اقامة الجبرية»، کە لەلایەن عێراقەوە داواکـراوە، لە ئێران ماوەتەوەو لە ماوەی مانەوەشیدا سەردانی عێراقی نەکردووە تەنیا دوو جار نەبێت کە بە نهێنیی بووە، ئەویش جارێک بۆ سەردانی گۆڕی باوکیو جارێکیتریشیان بۆ سەردانی مەرقەدی ئیمام عەلی، دوایین دەرکەوتنی عەلەنیشی نیوەڕۆی شەممەی ڕابردوو بوو.







# ۆراڵی میدیاکاران بێدەنگبین

“

**ئازادیی رۆژنامەگەریی پێوەرێکی زۆر سەرەتاییە بۆ جیاکردنەوەی دیکتاتۆرییەت لە دیموکراتییەت**

ئەو هوشیارییە سیاسییە گشتییەو خەیاڵە سیاسییە دەستەجەمعییە بەرهەم دەهێنێتەوە، کە لە عەقڵی سیاسییە تەقلیدییەکانو خەیاڵی زۆرینەی خەڵکدا هەیە، واتە بێئاگا سیستمی بیرکردنەوەو خەیاڵکردنەوەی تەقلیدیی بەرهەم دەهێنێتەوە، میدیای ئێمە نووقمە لە ختووکەدانی خەیاڵی توندڕەوانە، نووقمە لە تێرکردنی نەرجسییەتێکی سیاسییدا کە هەر حیزبەو گرووپە بە شێوەیەکی تایبەتی تێیدا دەژی، بەشی هەرە زۆری میدیاکارانی ئێمە تەنیا ئەو هێڵانە تۆخ دەکەنەوە، کە سیاسییەکان بە کاڵیی دەیکێشن، ئەو وێنانە دروست دەکەنەوە کە لە خەیاڵی دەستەجەمعییدا پێشتر دروستبووە، نووسینیان ئەوەندەی خۆڕاکێشانە بە دوای ئەو گوتارانەدا کە خەیاڵی مێگەل، یان خەیاڵدانی سیاسییەکان دروستیانکردووە بەرهەمێکی تایبەتی تێدا نابینرێت، بە کورتی میدیاکاری کورد تائێستا ئەو ساتە نەژیاوە، کە بتوانێت لەنێوان خەیاڵی نوخبەی سیاسیی‌و خەیاڵی سادەی خەڵکدا، لەنێوان مۆراڵی سیاسیی‌و مۆراڵی سادەو هەڵچوو و گرژی جەماوەردا شتێک بۆ خۆی دروست بکات، شوناسێک بدۆزێتەوە، تا ئەمڕۆ کۆی میدیای کوردی لەنێوان وەلائی کۆنکرێت بۆ سیاسییەکو وەلائێکی تەمومژاویی‌و عاتیفیدا بۆ رۆحی دەستەجەمعی جەماوەر جۆلانێ دەکات، بە بڕوای من کاراکتەری نووسەری باش «کە هەڵبەت واجبی رۆژنامەوانیشە، وەک نووسەرێکی باش بنووسێت» لەوەدایە؛ کە نوێنەری ساتێکی «هوشیاریی تایبەتی» بێت، هوشیارییەک کە دەتوانێت شتەکان لە گۆشەنیگایەکەوە ببینێت، کە من، یان تۆ نایبینین، نووسەری خراپیش، درێژکراوەی عەقلییەتی گشتییە، درێـژکـراوەی زمانی سـادەو تێگەیشتنی سـادەی دونیایە، گەیشتنی تەفسیرو تەعبیرە بە بنبەست، لە زۆربەی میدیای ئێمەشدا تەفسیرو تەعبیر لە خراپترین ئاستدان، بە جۆرێک گەر کاری وەرگێڕان نەبێت، بەشێکی زۆری میدیای کوردی ناتوانێت دەربچێتو لە کار دەکەوێت، ئەوەشی کە زۆر مرۆڤ دڵتەنگ دەکات، ئەو رۆحییەتی وەعزکارییەیە کە لە رۆژنامەگەریی ئێمەدا باڵادەستە، هەر ئەوەشە کە نووسینی رۆژنامەوانی ئێمە لە کاری هەندێک مەلای بێ بەهرە نزیکدەکاتەوە... تەماشای کێشەی گەندەڵیی بکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، تائێستا ئێمە بە زمانێکی ئەخلاقیی موجەڕەد قسە لە گەندەڵیی دەکەین‌و بە گوتارێکی ئەخلاقی موجەڕەدیش دەمانەوێت چارەسازیی بۆ بکەین. ئەوەی توانای بینینی هەبێت، دەتوانێت تێبگات کە گوتاری رۆژنامەوانی ئێمە پڕە لەو زمانە دینییە بارکراوە بە مۆراڵی تەقلیدیی.

**رۆژنـامـە: پێدەچێت ئـەم تایپە پرسیارانە لە چوارچێوەی ئیتیکی کاری میدیایدا بێت، لە هەناوی وشەکانتدا، هەست بە رقێکی گەورە دەکەیت بەرامبەر ناوە خوازراوەکان، بەرامبەر سنووری رامنەکراوی نێتو ئینتەرنێت، بەرامبەر ئەو هـەزاران نووسەرەی دروستبوون، هـۆکـارەکـەی ئـەوەیـە لـەم گەمەیەدا ئازادییەکانی بەختیار بێ زیان نەبوون، یان رقەکە پەیوەندیی بە ئازادییەکانی کۆمەڵگەوە هەیە؟**

* نا بە هیچ جۆرێک، تا ئەو جێگەیەی کە من ئەو رستانە دەنووسم کە لە خواستی خۆمەوە دێن، هەست بە هیچ هەڕەشەیەکی راستەوخۆ ناکەم بۆ سەر ئازادیی خۆم، مەسەلەکە پەیوەندیی بە ئازادیی منەوە نییەو تەماشاکردنی لەو ئاستەدا هەم نادروستەو هەم منداڵانەیە، مەسەلەکە پەیوەندیی بە ساتێکەوە هەیە کە نووسین لە جەوهەری خۆی وەک پرۆسەی بیرکردنەوە دادەبڕێت، گەورەترین مەترسییەک کە میدیای نوێ بە گشتیی هێناویەتییە مەیدان، مەترسیی دابڕاندنی نووسینە لە کـاری تێڕامان‌و بیرکردنەوە.

یەکێک لەو کێشە گەورانەی میللەتانی دواکـەوتـووی وەک ئێمە تووشی دەبن «تەقدیسکردنی پرۆسەی نووسینە»، خۆت دەزانیت ئێمە میللەتێکین تا دەگەینە سەر سەدەی بیستو شەپۆلی مۆدێرنە پاڵێکی بەهێز بە ستراکتووری داخراوی کۆمەڵگەی ئێمەوە دەنێت، لە چەند دیوانێکی شیعر زیاتر هیچمان نەبووە، لە سەرەتای سەدەی بیستدا کۆمەڵگەی ئێمە بە جۆرێکی کتوپڕ گرنگی خوێندەواریی‌و نووسین دەدۆزێتەوە، ساتی سەرهەڵدانی خولیای خوێندەواریی‌و ساتی سەرهەڵدانی ناسیونالیزم هاوشانی یەکن، ناسیونالیزمی کوردیش ئایدیۆلۆژیایەکە لەسەر ترسی فەوتانو نەمان ئیشیکردووە، لێرەوە قودسییەتێکی گەورەی بەخشیوەتە وشـەی نـووسـراوی کـوردی... وشـەی نووسراوی کوردی شتێکە وەک سومبولی نەمریی‌و نەفەوتانو مانەوە سەیر کراوە، لە عورفی ناسیونالیزمدا وشەی نووسراوی کوردی بەدەر لەو نـاوەڕۆکو جەوهەرو مەعریفەتەی هەڵیگرتووە، نرخێکی گەورە وەردەگـرێـت، واتـە نووسین هەتا ئەگەر ناوەڕۆکێکی هـەژارو بێسەنگو ناجوانی هەبووبێت، هـەر وەک کارێکی گرنگو موقەدەس سەیرکراوە، ئەمە لە جەوهەردا رێگەی بۆ کارەساتێکی گەورە خۆشکردووە، کـە کـارەسـاتـی دابـڕانـی نووسینە لە بیرکردنەوە... لە هەموو کەلتوورەکاندا نووسین نرخی خـۆی لە پەیوەندیدا بە

**دەسەڵاتدارانی ئێمە لەو ساتەدا کە ئازادیی دەکوژن تووشی ئەو وەهمە دەبن کە بەرگریی لە ئازادیی دەکەن، زانکۆکانی ئێمەش لەو ساتەدا کە مەعریفەت دەکوژن‌و توێکڵەکانی دەفرۆشن، پێیانوایە منارەو مینبەری دەنگبەرزی زانستن، بەداخەوە میدیای ئێمەش تووشی هەمان دەرد بووە لە جێگەیەکدا کە بووەتە گۆڕستانی تێفکرین‌و نووسین پێیوایە بووەتە شانۆی تێفکرین**

بیرکردنەوەو زانستەوە وەردەگرێت، بەڵام لە دۆخی ئێمەدا نووسین خۆ بەخۆ، تەنیا لەبەر ئەوەی نووسینە... تەنیا لەبەرئەوەی هەڵکردنی ئاڵای وشەی کوردییە، لە نەستی ئێمەدا دەبێتە خاوەن نرخێکی رەمزیی‌و نووسەریش دەبێتە کاراکتەرێکی لە کەسی ئاسایی گرنگتر.

لە راستیدا نووسین خۆ بەخۆ، تەنیا لەبەر ئەوەی نووسینە نرخێکی ئەوتۆی نییە... لێرەوە لای میللەتانی تری غەیری ئێمە کە دۆخێکی سیاسیی‌و وجودی وەک دۆخی ئێمەیان نەبووە، تەنیا ئەوانە وەک نووسەر سەیر دەکرێن کە دەیانەوێت زانیارییەک بگوێزنەوە، یـان لە پرسیارێکی گرنگ بیربکەنەوە، یان دابهێنن، یان لە کایەیەکی مەعریفیدا شتێکیان هەبێت، لایەنیکەم لەنێوان بەکارهێنانە رۆژانەو سادەکەی نووسین‌و بەکارهێنانە زانستییەکەیدا خەتێکی رۆشن‌و بینراو هەیەو بەربەستێکی روون کێشراوە، بە واتایەکی تر، نووسین وەک چالاکییەک کە نرخ و مانای راستەقینەی گرێدراوی ناوەڕۆکە فیکرییەکەیەتی،هەمیشە پارێزراوەونەچووەتە بەر هەڕەشەی وەها ترسناکەوە، بەڵام لای ئێمە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی نووسینەوە تا ئەمڕۆ رۆژ دوای رۆژ ئەو پەیوەندییە زیاتر لە یەکدی دەترازێتو دەپچڕێت، لە دە سالی رابردوو و لەگەڵ دەرکەوتنی شۆڕشی چاپەمەنی‌و ئینتەرنێتدا لە کوردستان، دیواری نێوان نووسین‌و بیرکردنەوە بە جۆرێکی بەرچاو ئەستوورتر بووە، نووسین بووە بە تۆمارێکی گەورە کە کۆمەڵگە بیرنەکردنەوەی خۆی لە ناودا دەنووسێت. نووسین بووە بە چالاکییەک کە پەیوەندییەکی بە داهێنان‌و بە ئیشکردنی عەقڵانی‌و بە خواستی زانستییەوە نەماوە، سیاسەت بە هیستیریا بەردەوامو بە زبلە رۆژانەکانی خۆی دەیەوێت هەموو بیرکردنەوەیەک لە نووسین رابداتو هەموو شتێک بخنکێنێتو کینەی خۆی وەک مۆراڵو مۆراڵی خۆشی وەک تاکە پێوەر بەسەر هەمووماندا بسەپێنێت... لێرەوەیە ئیشکردنی داهێنەری راستەقینە لەم فـەزایـەدا زۆر سەختە.

چۆن دەتوانین بەرگریی لە ئازادیی‌و عەدالەت بکەین بێئەوەی بکەوینە ناو داوی سیاسەتەوە بە مانا موبتەزەل‌و سەتحی‌و رووکەشگەراکەیەوە؟ چۆن دەتوانین بەرگریی لە ئینسانییەتی خۆمان‌و کۆمەڵگەکەمان بکەین، بێئەوەی لە شوێنی رۆشنبیرەوە داگەڕێین بۆ شوێنی سیاسیی؟... ئـەوە پرسیارە سەرەکییەکانی من بوون، ئەوەی من جاران‌و ئێستاش دەیکەم: بەرگرییە لە جەوهەری نووسین، وەک چالاکییەک کە ئیشی سەرەکی پرسیارکردن‌و تێڕامان‌و بیرکردنەوەیە، وەک چالاکییەک کە مرۆڤ بە کەلتوورو رۆشنبیریی‌و ماریفەتی دونیاوە گرێ دەدات، وەک ئیشێک کە دەیەوێت هەم زانیاریی لە خوێنەردا بچێنێتو هەم توانای خۆشەویستی لە ناویدا زیاد بکات... وەک چالاکییەک کە دەزانم تاکە رێگەی منە بۆ ئەوەی دووربم لە دەسەڵاتو تاکە رێگەی منیشە بۆ ئەوەی نەکەومە دوای هەموو خەیاڵێکی مێگەلەوە، نووسین وەک ئیشێک کە دەتوانم لە رێگەیەوە پردێکی گـەورە لەنێوان خـۆمو دونیادا دروستبکەم... پردێکیش لەنێوان خوێنەرو کەلتوورەکانی تردا رابکێشم... ئەوەی کە تۆ بە تێگەیشتن‌و تەفسیری خۆت ناوی دەنێیت رق، ئەو ترسەیە کە دەبوو لە هەموو خوێندەوارێکی ئاسایشدا هەبایە... دەبوو هەموو خوێندەوارێکی ئاسایی بیزانیبایە کە لە رۆشنبیریی ئێمەدا پەیوەندیی نێوان نووسین‌و بیرکردنەوە پچڕاوەو ئەو چاڵەی لەنێوان نووسین‌و بیرکردنەوەدا هەیە رۆژ بە رۆژ گەورە دەبێت... ئەو شانۆیەش کە شوێنی ئەو ترازان‌و لێکدابڕانەیە ناو میدیای کوردییە، میدیای کوردی‌و بکەرە گەورەکانی‌و شانۆ سەرەکییەکانی چەسپێنەری ئەو کەلتوورەن‌و پـارێـزەری ئـەو نـەریـتو قالبانەن، کە نووسینیان لە بیرکردنەوە جیاکردووەتەوەو عەقلیان لێ کردووەتە دەرێ، کێشەکە ئەوەیە پلەی هەستکردن بە قەیرانەکە لە نزمترین ئاستدایەو خەمی تێپەڕاندنیشی لە ئارادا نییە، برێکی زۆر لە میدیاکارانی کورد لە دۆخێکی نەرجسیدا دەژیـن، کە جیاوازیی نییە لەو دۆخە نەرجسییەی سیاسییەکان تیا دەژین، دەسەڵاتدارانی ئێمە لەو ساتەدا کە ئازادیی دەکوژن تووشی ئەو وەهمە دەبن کە بەرگریی لە ئازادیی دەکەن، زانکۆکانی ئێمەش لەو ساتەدا کە مەعریفەت دەکوژن‌و توێکڵەکانی دەفـرۆشـن، پێیانوایە منارەو مینبەری دەنگبەرزی زانستن، بەداخەوە میدیای ئێمەش تووشی هەمان دەرد بووە، لە جێگەیەکدا کە بووەتە گۆڕستانی تێفکرین‌و نووسین پێیوایە؛ بووەتە شانۆی تێفکرین... ئەگەر لەو بەینەشدا من خەتایەکم هەبێت، ئەوەیە کە باوەڕم بەم درۆو نمایشانە نەکردووە. من قەت لەو برا رۆشنبیرانەو لەو هاوڕێیانە تێنەگەیشتووم، کە بە دەست لاوازیی رۆشنبیریی کوردییەوە دەناڵێنو کەچی ستایشی میدیای کوردی دەکەن... میدیای کوردی «بە دیوی حیزبی‌و ئازادییەوە» هیچ نییە جگە لەو قالبو بەرگەی کە رۆشنبیریی کوردی بچووکی‌و دواکەوتنی خۆی تیا دادەڕێژێتو تیا نمایش دەکات... رەخنەگرتن لە سیاسەتو رۆشنبیریی کـوردی حەتمەن بە نـاو رەخنەگرتن لە میدیادا دەڕواتو رەخنەگرتن لە میدیاش بێ چەندو چوون دەچێتەوە سەر رەخنەگرتن لە رۆشنبیریی‌و سیاسەت.

**رۆژنامە: کێن ئەوانەی هەوڵدەدەن میدیا دابەزێنن بۆ جوغزی درۆکردن، ئایا ئامرازە بیستراو و بینراو و خوێندراوەکانی ئێمە، تەنیا لە پێناو فرۆش‌و ویستی وەرگر، ئەگەر رووداو نەبێت دروستی دەکەن؟ بە راستی گەر میدیای ئێمە حەقیقەت نەبێت دروستیدەکات؟**

* هەموو کێشەیەک لە دونیادا چەند روویەکی هەیە، هەموو چیرۆکێک زیاد لە گێڕانەوەیەکی هەیە... میدیا بە گشتیی‌و لە هەموو جیهاندا دیوێکو بەشێکی گەورەی هەیە کە لەسەر خولقاندنی فزول ختووکەدانی هەستە سەرەتاییەکانی مرۆڤ ئیشدەکات، مرۆڤ خۆی بوونەوەرێکی عاشقە هەواڵو نوچەیارە، حەزی لەوەیە بزانێت ئەوانی دی چیانکردووەو چی دەکـەن‌و چۆن دەژین، حەزی لە بینینی نهێنییە تایبەتییەکانیانە، دەیەوێت ئەوانی دی لە ساتی لاوازیاندا ببینێت، میدیاش بەشێکی وەزیفەکانی تێرکردنی ئەو خواستەی مرۆڤە... بەڵام پرسیارێک کە دێتە پێشێ: چۆن؟ ئایا میدیا ئەو کێشانە وەردەگرێتو دەیکاتە مەسەلە، کە بایەخێکی گرنگی بۆ سەرتاسەری کۆمەڵگە هەیە، یاخود ئەو کێشانەی فزولی کۆمەڵایەتی، یان فزولی سێکسی، یان فزولی سیاسیی دەورووژێنن؟ ئەی کە کێشەیەک وەردەگرێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بە چ زمان‌و تێرمێک لەسەری دەدوێت؟ یاخود لە راستیدا ئەم میدیایە لەسەر چی قسەدەکاتو لە چی بێدەنگ دەبێت؟

کێشەکە لێرەدا ئەوەیە، ئێمە چۆن سەیری راستو درۆ دەکەین؟

بۆ نموونە تۆ هەواڵێک دەخوێنیتەوە «کچێک لە فلان گەڕەک خۆی سووتان»... ئەم هەواڵە هەواڵێکی راستە، بەڵام هەواڵێکی کـەمو کورتە کە لە پشتییەوە دونیایەک راستیی بێدەنگکراوی تر هەیە... میدیا ئەو هەواڵەی دروست نەکردووە، کە دەڵێت کچێک خۆی سووتان، ئەوە هەواڵێکی دروستە، بەڵام میدیا ئەو هەستە دروستدەکات کە هەواڵەکە لای ئێمە دروستی دەکـات: ئایا دوای خوێندنەوەی ئەو هەواڵە ئێمە هەست بە چی دەکـەیـن؟... بە کەمتەرخەمیی، بە بێبایەخیی، بە بەرپرسیارێتی، بە تووڕەیی... بە چی؟ ئایا دوای ئەو هەواڵە ئێمە خەیالمان بۆچی دەچێت: بۆ مەسەلەیەکی سیاسیی، یان جنسیی، یان ئابووری؟ چۆن بیر لە بکەرە شاردراوەکانی پشت رووداوەکـە دەکـەیـنـەوە؟ بۆ نموونە ئاخۆ هۆکاری خۆسووتاندنەکە باوکی کچەکەیە، هەڕەشەی مەلاکانە، دەستێوەردانی دراوسێکانە، یاخود



هەژاریی؟ بە کورتی دەمەوێت پێتبڵێم: هەواڵ لە رۆژنامەگەریی کوردیدا هەواڵێکە ناگات بە خوێنەر... واتە زۆربەی هەواڵەکانی ناو میدیای کوردی هەواڵی نوقسانن، هەواڵن کە نەبوونەتە «چیرۆکی رۆژنامەیی». هەواڵن میدیا ناتوانێت چیرۆکی پێشینەو چیرۆکی پاشینەیمان بۆ بگێڕێتەوە، بە جۆرێک قوربانیی تێیدا نەبێتە تاوانبارو تاوانبار نەبێتە قوربانیی... بۆ؟ چونکە برای رۆژنامەوان وا دەزانێت ئیشی ئەو لەویادا تەواو بووە، کە هەواڵی خۆسووتاندنەکەمان پێ بگەیێنێت، لە کاتێکدا ئیشی ئەو لەویادا دەست پێدەکات.

نموونەیەکی دیکە، من تائێستا چەندین جار خوێندوومەتەوە، کە «لە بەڕێوەبەرێتی فلان، بڕی ئەوەندە دۆلار دیارنامێنێت»... بەس برای ئازیزم حەزدەکەم پێم بڵێیت هیچ رۆژنامەیەک لە دونیادا رێزی خۆی بگرێت، خەبەری وا بەم چەشنە نوقسانە بڵاو دەکاتەوە؟ بۆ یەکێکی وەک من کە ئەم هەواڵە دەخوێنمەوەو لەو هەواڵە زیاتر هیچم پێناگاتو هیچ بەدواداچوونێکی جدیی بۆ بابەتەکە نابینم‌و هیچ چیرۆکێکی راستەقینە ناخوێنمەوە، کە گوناهبارو بێگوناه جیا بکەمەوە، دەشێت بڕێکی زۆری فەرمانبەرە بێ خەتاکانی ئەو دائیرەیە وەک دز تەماشا بکەم، لێرەدا رۆژنامەنووسەکە درۆی نەکردووە، بەڵام ئەو سەرەنجەی کە جێیدەهێڵێت سەرەنجێکی کوشندەیە... ئەو ئیشەی کە دەیکات ئیشێکی رۆژنامەوانی راستەقینە نییە، ئەو دەرەنجامانەی لێیدەکەوێتەوە دەشێت زۆر بێ ویژدانانە بن، ئەو زیانانەی دروستیدەکات لەسەر ئازادیی رۆژنامەگەریی دەشێت گەورە بن، ئەو بەهانانەی دەیدات بە دەسـەڵات، حەتمەن بۆ رۆژنامەکانی ترو رۆژنامەنووسەکانی تر خراپن.

بـۆ مـن گرنگە رۆژنـامـەی کـوردی بفرۆشرێت، مافی رۆژنامەیە کە هەولبدات خوێنەر بۆ خۆی دروستبکات... ئەوەی رەخنە لەو ویستە دەگرێت کەسێکی نەخوێندەوارە، کێشەکە ئەوە نییە... بەڵکو کێشەکە لەوەدایە، کە دوای ئەوەی رۆژنامەیەک دەخوێنیتەوە بە چ چەشنە زانیارییەکەوە هەڵدەستیتە سەرپێ، بە چ جۆرە هەستێکەوە رۆژنامەکە دادەنێیت، چ جـۆرە بیرکردنەوەیەک لە لات دروستدەبێت؟!! هەموو ئەو پەندە ئینگلیزییەمان بیستووە، کە دەڵێت: «زانیاریی نیوەناچڵ ترسناکە»، ئەو قسەیە گەر لە بواری زانستدا جارێک راست بێت، لە بواری میدیادا سەد جار راستە، ئالێرەوە چەندە خراپە لە مۆراڵی سیاسییەکان بێدەنگ بین، ئەوەندەش ترسناکە لە مۆراڵی میدیاکاران بێدەنگبین‌و لێی نەیەینە قسە.

# بەختیار عەلی: ترسناکە لە مۆ

**لە بەشی دووەمی دیمانەکەیدا لەگەڵ «ڕۆژنامە»، بەختیار عەلی نووسەرو ڕۆماننووس، لەسەر ئەرکی ڕۆژنامەنووس هەڵوەستە دەکاتو پێیوایە: وەزیفەی ڕۆژنامەنووس لە نووسەرانەوە نزیکترە، وەک لە سیاسییەکان. «ڕۆژنامەنووس کەسێکە کایەی سیاسیی‌و کایەی ڕۆشنبیریی لە لای ئەو زۆر بە زەقی بەیەکدا دەدەن‌و ئەرکی ئەو هەر سازاندنی چاوپێکەوتن‌و هەڵبژاردنی ئەو بابەتانە نییە کە دێن بۆ ڕۆژنامەکە، بەڵکو هێزی ئەو لە نووسیندایە».**
**لەسەر مەترسییەکانی میدیای نوێش دەوەستێت‌و دابڕینی نووسین لە کاری تێرامان‌و بیرکردنەوە بە ترسناک وەسفدەکات‌و دەڵێت: «لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا، پەیوەندیی نێوان نووسین‌و بیرکردنەوە پچڕاوەو ئەو چاڵەی لەنێوان نووسین‌و بیرکردنەوەدا هەیە، ڕۆژ بە ڕۆژ گەورە دەبێت. ئەو شانۆیەش کە شوێنی ئەو ترازان‌و لێکدابڕانەیە ناو میدیای کوردییە».**

**سازدانی: دلێر عەبدولخالق**

**بەشی دووەم**

**ڕۆژنامە: بۆچی کەوچکێک لە نووسەری خراپ تێکەڵ بە کەوچکێک سیاسیی خراپ بکرێت‌و دوای ڕاوەشاندن چەند کەوچکێک لە مەلای خراپی تێکەڵ بکرێتە، لە کارلێکی ئەم مادانە ڕۆژنامەنووسی عەیارە بیستوچواری وڵاتی ئێمەی لێ دەردەچێت؟**

* سەرەتا بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی هەڵە دروست نەبێت‌و وانەکەوێتەوە کە من هیچ ڕێزێکم بۆ کاری میدیایی کوردی نییە، دەبێت بڵێم؛ من بە ڕێزەوە تەماشای ئەو ڕۆڵە دەکەم کە میدیای ئازاد لە هەندێک وێستگەدا لە پرۆسەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی کوردیدا گێڕاویەتی‌و دەیگێڕێت‌و دەیان جاریش ئەمەم دووبارەکردووەتەوە، ئەم ڕۆڵە نیشانەیەکی ڕووناک‌و پۆزەتیڤە... واتە ئەوەی میدیایەک هەیە دەتوانێت قسەیەکی جیاواز لە قسەی دەسەڵات بکات‌و ببێت بە مینبەری ئەوانەی کە بیرکردنەوەیەکی تریان هەیە، ئەوە جێگەی ستایشەو مایەی ئەوەشە کە هەموومان بەرگریی لێ بکەین... من ئەم خاڵە ڕووناکە بە گرنگ دەزانم، میدیای ئازادی ئێمە زۆرجار توانیویەتی بەڕاستی دەسەڵات بخاتە ئەو جوغزەوە کە هەستبکات چاودێر کراوە... ئەمە خاڵێکی ئیجابیی ڕۆژنامەگەریی ئازادی ئێمەبووە، کە وا دەکات شایستەی بەرگریی لێکردن بێت‌و شایستەی ئەوە بێت بە ڕووبەرێکی گرنگی بزانین بۆ پاراستنی ئازادییەکان‌و بە هەموو جۆرێک دیفاعی لێ بکەین، بە تایبەت لەو شوێن‌و کاتەدا کە ڕووبەڕووی توندوتیژیی پارتی‌و یەکێتی دەبێتەوە... ئەمەیان مەسەلەیەکی چارەنووسسازە، کە پەیوەندیی بە مەسەلەی ئازادییەوە هەیە لە وڵاتی ئێمەداو قابیلی قسەو مساوەمە نییە، ئازادیی ڕۆژنامەگەریی مافێکی سروشتی‌و سادەی هەموو کۆمەڵگەیەکی ئازادە، پێوەرێکی زۆر سەرەتاییشە بۆ جیاکردنەوەی دیکتاتۆرییەت لە دیموکراتییەت، بەڵام لەو خاڵە بگوزەرێین میدیای ئێمە «بە میدیای ئازادیشەوە» شوێنی هەموو ئەو دەردو قەیرانانەیە کە لە دونیای ڕۆشنبیریی‌و سیاسەتی کوردیدا دەبینرێن، من لەگەڵ ئەوانەدا نیم کە بێبایەخ سەیری ئەو کەموکورتیانە دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەم کەموکورتیانە وایکردووە ئەم میدیایە نەتوانێت ڕۆڵی سیاسیی‌و فیکریی خۆی بە تەواوی بگێڕێت، وایکردووە لە پاشەکشەدا بێت‌و دواجار وای لێبێت شوناس‌و مانا سیاسییەکەی لە مانا کەلتووری‌و فیکرییەکەی دەیانجار گەورەتر بێت، ئەمەش دووبارەکردنەوەی مێژووی میدیای حیزبییە، بۆیە سەرەتا دەبێت ئەوە ڕوون بێت کە ڕەخنەی من لە کۆی ئەو میکانیزم‌و سیستمی کارکردنەیە کە لە کایەی میدیادا هەیە، من دەڵێم؛ وەزیفەی ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات، وەزیفەیەکی گرنگە، بەڵام ئەم وەزیفەیە مانای خۆی لە پاڵ کۆی وەزیفەکانی تردا وەردەگرێت، وە تەنیا لەپاڵ سیفەتەکانی تردا دەتوانێت مانای هەبێت، ئەگەر واش نەبێت دواجار لەو هەستە بێماناو نێگەتیڤەدا تەواو دەبێت کە ڕۆژنامە، یان گۆڤار خۆی لێ ببێتە «حیزبێک بەبێ حیزب»، بەداخەوە لە زۆر شوێن‌و لە زۆر ئاستیشدا وایلێهاتووە، کە دەبینیت ڕۆژنامەیەک بیر لە دروستکرنی لیستێک بۆ پەرلەمان، یان سایتێک بیر لە دروستکردنی حیزبێک بکاتەوە... ئەوە دۆخێکی جەرگبڕو فاجیعە ڕەنگە بێدەنگبوون لێی لە داهاتوودا میدیای ئێمە بۆ جێگەیەکی نادیار ببات. بەداخەوە کە هەندێ کەس لە حەماسەتی سیاسیدا ئەو ڕەوتە ترسناکە نابینن، وەک چۆن خەڵکانێکی زۆر لە سەردەمی ڕابوردوودا بە هۆی حەماسەتی سیاسییەوە ئەوەیان نەبینی، کە حیزبی کوردی لە ساتی گەورەبوونیدا دەشێت چ ئامێرێکی ترسناکی لێ دروست بێت، من ڕەخنەگرتن لە میدیا بە بەشێکی گرنگی دیفاع لە خودی میدیا دەزانم، ئێستا پیاهەڵدانی بەردەوام بەم میدیایەدا وایکردووە لە جێی خۆی ڕەزامەند دانیشێت‌و نەجولێت، چاوپۆشیکردنیش لەم خەلەلانە، لە دواجاردا بە بڕوای من دەچێتە چوارچێوەی گەمەیەکی سیاسییەوە کە بە دروستی نازانم ڕۆشنبیرانێک کە لە سەرەتاوە ئیشیان ڕەخنەگرتن بووە لە سیاسەت‌و کۆمەڵگە تێی بکەون... بە کورتی من لێرەدا قسە لەسەر بونیادو ستراکتوری ناوەکیی ئەم میدیایە دەکەم، نەوەک لە هەڵوێستە سیاسییەکەی، پێشموایە؛ لە ئاستی نزیک‌و دووردا خەلەلە بونیادییە قووڵەکانی ڕەنگدانەوەی کوشندەی لەسەر وەزیفە سیاسییەکەشی دەبێت.

ئەو سەرەتایە پێویست بوو، بۆ ئەوەی بێمە سەر جەوهەری پرسیارەکەتان، وا دەزانم وەڵامی پرسیاری بەڕێزتان ئاشکرا بێت، ڕۆژنامەگەریی ئێمە لە کۆمەڵێک هەستی سیاسیی زەق دروستبووە، هەموو ڕۆژنامەگەریی ئێمە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە پێناوی وەزیفەی سیاسییدا دامەزراون، دەکرا ئەوە نەبێتە خەوش، دەکرا ئەوە زۆر ئاسایی بێت، گەر ئەو هەستە سیاسییە قووڵایی خۆی وەربگرتبایە، گەر تەسلیمی جیهانبینییەکی سادەو زمانێکی سادە نەبووایە، گەر بیتوانیبایە لە پاڵ ڕووبەرە ڕاستەوخۆو زمانە سادەکەیەوە، هەم قووڵتر لە خۆی‌و لە دونیا تێبفکرێت.

> **میدیای ئێمە نووقمە لە ختووکەدانی خەیاڵی توندڕەوانە، نووقمە لە تێرکردنی نەرجسییەتێکی سیاسییدا، کە هەر حیزبەو گرووپە بە شێوەیەکی تایبەتی تێیدا دەژی، بەشی هەرە زۆری میدیاکارانی ئێمە تەنیا ئەو هێڵانە تۆخ دەکەنەوە کە سیاسییەکان بە کاڵیی دەیکێشن، ئەو وێنانە دروست دەکەنەوە کە لە خەیاڵی دەستەجەمعییدا پێشتر دروستبووە، نووسینیان ئەوەندەی خۆڕاکێشانە بەدوای ئەو گوتارانەدا کە خەیاڵی مێگەل، یان خەیاڵدانی سیاسییەکان دروستیانکردووە، بەرهەمێکی تایبەتی تێدا نابینرێت**

کێشەکەی من تەنیا لەگەڵ سروشتی زۆر سیاسییانەی میدیای کوردیدا نییە، بەڵکو کێشەکەم ئەوەیە، ئایا دەتوانین جیهانبینییەکی نوێ، یان تەرزە تێفکرینێکی نوێ، یان زمانێکی تازە بدەینە سیاسەت، من ڕاموایە؛ لە سەردەمی شەڕی ناوخۆوە ڕەخنەی سیاسیی موجەڕەد گەیشتووەتە بنبەست‌و شتێکی نوێ ناهێنێت، کە دەڵێم شتێکی نوێ ناهێنێت، مەبەستم لە هێنانی شتێکی نوێیە بۆ ناو کایەکانی ڕۆشنبیریی کوردی، بۆ گەورەبوونی سنووری بیرکردنەوەی مرۆڤی ئێمە، پێشتر لە چەندین جێگەدا ئاماژەم بەوە داوە؛ کە تراژیدیای ئێمە ئەوەیە کە سیاسەت بووەتە کایەکی گۆشەگیرو دابڕاو... بووەتە کایەیەک کە پەیوەندیی بە کایەکانی ترەوە پچڕاوە. سیاسەت لای ئێمە لە فەلسەفە، لە کۆمەڵناسیی، لە دەروونناسیی، لە ئیدارە، لە ئابووریی، لە هونەر، لە ئەدەب لە هەموو شتێک دابڕاوە... ئەمە کارێکی کردووە زۆر ئاسان دیکتاتۆر دروست ببێت، زۆر ئاسان نەخوێندەوارەکان ببن بە قارەمانی سیاسیی گەورە گەورە، بۆیە من ئێستا زۆر لەوەش نیگەران دەبم کە دەبینم ڕۆشنبیرانی ئێمە هەر بە زمانی سیاسەت قسە لە سیاسەت دەکەن، لەگەڵ داوای لێبوردنی زۆرمدا، سیاسەت لە وڵاتی ئێمەدا تاکە جۆرە چالاکییەکە، کە نە بەهرە، نە زانین، نە تێفکرینی دەوێت، تا ئێستا لە وڵاتی ئێمەدا بۆ ئەوەی بیربکەیتەوە دەبێتە بچیتە دەرەوەی سیاسەت، کە سیاسییەکان خۆیان لەم جوغزەدا بسوورێنەوە ئاساییە، بەو مانایەی کە ئێمە بەوە ڕاهاتووین‌و چاوەڕوانیمان نییە... بەڵام گەر ڕۆژنامەنووس‌و ڕۆشنبیرانێکیش کە قسە لە سیاسەت دەکەن، هەمان مۆدێل دووبارە بکەنەوە، ئەوە ئاسایی نییە، ئەو سیاسەتەی ئێستا میدیای کوردی بەرهەمی دەهێنێت بەدەر لە ناوەڕۆکە سیاسییەکەی، بەگشتیی شتێکە هەر بەو تەرزەو ئسوڵەی کە سیاسییەکان خۆیان دایانڕشتووە.

ئەرکی ڕۆژنامەنووس، ئەرکێکە لە ئەرکی نووسەرانەوە نزیکترە، نەوەک لە ئەرکی سیاسییەکانەوە... ڕۆژنامەنووس دەبێت نووسەر بێت، هیچ چاری نییە جگە لەوەی نووسەر بێت، هیچ چاری نییە جگە لەوەی نووسەرێکی باشیش بێت، نووسەری باشیش واتە ئاگاداری کایە گەورەکانی نووسین‌و سەرچاوە ئیلهامبەخشەکانی نووسین بێت، ئاگاداری هونەرو سینەماو ئەدەبیات‌و کایە فیکرییەکان بێت، بەو مانایەی کە لە هوشیاریدا ڕەنگبدەنەوە، ڕۆژنامەنووس کەسێکە کە کایەی سیاسیی‌و کایەی ڕۆشنبیریی لە لای ئەو زۆر بە زەقی بەیەکدادەدەن، ئەو کەسێک نییە هەر بە ئەرکی سازدانی چاوپێکەوتن‌و هەڵبژاردنی ئەو بابەتانە هەستێت کە دێن بۆ ڕۆژنامەکە، کەسێک نییە تەنیا کاری ئەوە بێت هەڵەبڕی بکات، مۆنتاج بکات، کە شتێکی سیاسیش ڕوویدا ستوونێک بنووسێت، کارمەندی ڕۆژنامە شتێکەو ڕۆژنامەنووس شتێکی ترە، هێزی ڕۆژنامەنووس لە نووسیندایە، لەبەر ئەوە هەر حیسابێکی قورس کە لەگەڵ نووسیندا دەکرێت، دەبێت لەگەڵ ڕۆژنامەنووسیشدا بکرێت... ئەو ئیشی ئەوەیە پسپۆڕی شتێکی دیاریکراو بێت، گەر پسپۆڕیش نەبوو بە ڕۆشنبیرییەکی ئەنسکلۆپیدی بەرفراوان شوێنی ئەو پسپۆڕ نەبوونە بگرێتەوە.

بۆ من ڕۆژنامەنووسێکی فرەڕەهەند خۆشەویستترە لە ڕۆژنامەنووسێکی یەک بوار... بەڵام کە نە فرە ڕەهەندیی هەبوو نە پسپۆڕی هەبوو... یەک شت جێگەی ئەم بەتاڵییە دەگرێتەوە، ئەویش نووسینی ستوونی سادەی سیاسییە کە لە ڕێگەیەوە ڕۆژنامەنووس گەر لە دەزگای حیزبیدا بێت ئەو هەستەی تێر دەبێت کە وەزیفەی خۆی بۆ حیزب جێبەجێکردووە، گەر لە دەزگای ئازادیشدا بێت ئەو هەستەی تێر دەبێت، کە واجبی خۆی بەرامبەر جەماوەر جێبەجێکردووە، بە بڕوای من هەردوو ئەو هەستەش درۆزنانەن‌و جۆرێک لە دڵنیایی نادروست دەچەسپێنن‌و ئەو دوودڵییە زانستی‌و مەعریفی‌و ئەخلاقییە دەکوژن، کە ڕۆژنامەنووس‌و هەموو نووسەرێک‌و هەموو مرۆڤێکیش پێویستی پێیەتی، ئەوەی من لەسەر خەتێک دژی قسە دەکەم، ئەو هەستە درۆزنەی دڵنیاییە، ئەوەی شتێکمان کردووە، یان شتێکمان نووسیوەکە ویژدانمان ئاسوودە بکات‌و لێی بخەوین‌و بەسەر قەناعەتەکانماندا کڕ بکەوین، ئەوەی من بەردەوام لێی ترساوم ئەو دڵنیابوون‌و نەبوونی ترس‌و دوودڵییەیە لای میدیاکاری ئێمەو لای نووسەری ئێمەش بە گشتیی، ئەوەی لای من زۆر ترسناکە ئەوەیە، لە ڕووی پراکتیکەوە بەشێک بیت لە سیستم، بەڵام لە ڕووی ئەخلاقییەوە وا هەست بکەیت لە دەرەوەی سیستمی، مێژووی کورد لە سەد ساڵی ڕابردوودا هاوکاریی‌و هاوپەیمانی نووسەرانی خراپ‌و سیاسیی خراپ دروستیکردووە، حیلفی ئەم دووانە ترسناکترین حیلفی سەد ساڵی ڕابردووی ئێمە بووە، ئەم حیلفە تەنیا بەو مانایە نییە، کە نووسەر پشتگیریی یەکێک لە دەسەڵاتدارانی کردبێت... نا، من زۆر کێشەم لەگەڵ ئەوەدا نییە کە ڕۆشنبیرێک لە ساتێکی دیاریکراودا سیاسییەک وەک فریادڕەس ببینێت، یان ببێتە هاوڕێی، گەرچی خۆم دڵم بە هەموو سیاسییەک لە دونیادا دەگیرێت، سیاسیی لە هەر جێگەیەک بێت، من حەز دەکەم لە ژووری ئەودیوبم... بەڵام لێرەدا لەو هەستە شەخسییەوە قسە لەو حیلفەی نێوان نووسەران‌و سیاسییەکان ناکەم، بەڵکو بەو مانایەی هەر یەکەیان لە کایەی خۆیاندا دژایەتییەکی قووڵی نوێکردنەوەیان کردووەو بواری لابەلابوونەوەو تێفکرینی ڕادیکاڵیان نەداوە، ئەمڕۆش کوردستان تەنیا سیاسییەکان نایبەن بەڕێوە، بەڵکو میدیاکارانی ئێمە بە شێوەی جۆراوجۆر لەو بەڕێوەبردنەدا بەشدارن... بەڕێوەبردن لای من ئەوە نییە پۆستت لە حکومەتدا هەبێت، بەڵکو ئەوەیە شتەکان لە سیستمێکی داخراوو لە قاڵبێکی نەگۆڕو لە دڵنیاییەکی درۆزندا دیل بکەیت، بەڕێوەبردن جیاوازە لە حوکمداریی، بەڕیوەبەر پاسەوانی سیستمی نەگۆڕی شتەکانە، دووبارەکەرەوەی ئەوەیە کە هەیەو نەبینینی ئەوەیە کە دەبێت لەدایک بێت، بۆیە لێرەدا جارێکی دی باس لەو جیاوازییە گەورەیە دەکەم کە لە نێوان سیستم‌و دەسەڵاتدا هەیە؛ دەسەڵات وەک زاراوە بۆ حاکمان‌و حوکمڕانان بەکاری دەهێنین، بۆ ئەوانەی حکومەت‌و کۆمەڵگە ڕکێف دەکەن، بەڵام سیستم لە دەسەڵات گەورەترە، دەسەڵات تەنیا بەشێکی سیستمە، کرۆکە بەهێزەکەیەتی، دەمامکە دیارو دەموچاوە دەرکەوتووەکەیەتی، بەڵام سیستم خۆی تەواوی ئەو نۆرم‌و قاڵب‌و ئاکارو تێگەیشتنانەیە کە دواجار وادەکەن گەر دەسەڵاتیش بگۆڕین سیستم وەک خۆی بمێنێتەوەو دەسەڵاتێکی هاوشێوەی دەسەڵاتی پێشوو دروستتببێتەوە، سیستم شێوازەکانی بیرکردنەوەو چوارچێوە ئەخلاقییەکان‌و سنوورەکانی بیرکردنەوەو خەیاڵ‌و کۆی تەفسیرە ڕەمزییەکان، ڕێکدەخات، لێرەدا شکاندنی سیستم‌و ڕەخنەگرتن لە سیستم زۆر قورسترە لە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات‌و لە شکاندنی دەسەڵات، بۆیە دەشێت تۆ دوژمنی دەسەڵات بیت، بەڵام دەرهەق بە موقەدەسەکانی سیستم‌و نەریتەکانی زۆر موحافەزەتکار بیت، یان زۆر بێئاگا دووبارەی بکەیتەوە، ڕۆژنامەنووسی کورد زۆر جار نائاگا هەمان



## پرۆژەکانی بودجەی تەواوکاریی، ناکۆکن لەگەڵ بودجەی (٢٠١٠)دا

# چەندین پرۆژەی دووبارە دەبرێنە پەرلەمان

بەدواداچوونی: چاوان عەلی



بەناتەواویی بودجەی تەواوکاریی دەنێردرێتە پەرلەمان

دەرخستەی تەواوکاریی پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بە تێکەڵاوییەکی زۆرەوە پەسەندکراوە، بەجۆرێک کە لە هەندێک جێگادا لەگەڵ پرۆژەکانی بودجەی (٢٠١٠) ناکۆکەو «پرۆژەی دووبارەو نادادپەروەرییان» تێدایە.

بەپێی دەرخستەکە کە (٢٩٥)پرۆژەو بڕی (٢٣٧)ملیارو (٢٦٩)ملیۆن دینارە، پارێزگای هەولێر (١٠٦)پــرۆژە، بە بڕی (٥٣)ملیارو (٣٠٠)ملیۆن دینارو پارێزگای سلێمانی (٨٥)پرۆژە، بە بڕی (٧٥)ملیارو (٩٤٩)ملیۆن دینارو گەرمیان (٣٩)پرۆژە، بە بڕی (٢١)ملیارو (٣٣٢) ملیۆن دینارو پارێزگای دهۆک (٦٥) پرۆژە، بڕی (٨٦)ملیارو (٦٨٨)ملیۆن دیناریان بۆ دانراوە.

دروستکردنی خانوو بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان، بەپێی دەرخستەی تەواوکاریی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ سالی (٢٠١٠)، بڕی (٥٩)ملیارو (٢٥٠)ملیۆن دیناری بۆ پێشنیازکراوە، لە بەرامبەردا لە لیستی بودجەی پەسەندکراوی (٢٠١٠) کە تایبەتە بە وەزارەتی شەهیدانو ئەنفال، (١٢٠٠) خانووەو هەر یەک لە پارێزگاکانی هەولێرودهۆکوسلێمانی(٦٠٠)خانووی بۆ دەستنیشانکراوەو گوژمەی (٦٤) ملیارو (٨)ملیۆن بۆ هەرسێ پارێزگاکە تەرخانکراوە، ئەم تێکەڵییەش، بە بڕوای کاردۆ محەمەد، کاریگەریی بەسەر پەسەندکردنی بودجەکەوە دەبێت، چونکە لەگەڵ پرۆژەی پەسەندکراوی بودجەی(٢٠١٠)دا ناکۆکەو جۆرە تێکەڵاوییەکی دروستکردووە.

ئەو پەرلەمانتارە، هۆکاری ئەو تێکەڵاوییەشی گەڕاندەوە بۆ کەموکووڕیی لە کارەکانی وەزارەتی پلاندانانادا.

بە وتەی ئەندامەکەی لیژنەی دارایی، پێویست بوو بودجەکەو بڕی تەرخانکردنی بۆ پارێزگاکانو بۆ سالی(٢٠١٠) لە پەرلەمان پەسەندبکرایەو ئینجا پرۆژەکان دەستنیشان بکرانایە، بەڵام وەزارەتی پلاندانان، داوایان لە پارێزگاکان کردووە، چی پرۆژەیان هەیە بینێرنو ئەوانیش پرۆژەی پێشنیازکراوو تەواونەکراو هەموویان تێکەڵکردووەو ناردوویانەو هیچ ڕێکخستنێکی تێدا نییە.

بەهۆی ئەو تێکەڵاوییەوە، پرۆژەکان دووبارەیان تێدایەو بەمەش دووجار پارەیان بۆ تەرخانکراوە، جارێک لە بودجەی(٢٠١٠)و جارێک لە بودجەی دەرخستەی تەواوکاریی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ سالی(٢٠١٠).

لەو کەموکووڕییانەی کە لە دەرخستەکەدا هاتوون، لە چوارچێوەی پرۆژەکانی پارێزگای هەولێردا، بڕی (٣٥٠)ملیۆن دینار تەرخانکراوە بۆ (٢٠) پرۆژەی جۆراوجۆر، کە نازانرێت ئەو پرۆژانە چینو کەیو لەکوێ دەکرێن، لە پرۆژەکانی سلێمانیشدا، باس لە کڕینی کەلوپەلی خوێندنگاکانی سلێمانی کراوە کە (٢)ملیارو (٤٠٠)ملیۆن دیناریان بۆ تەرخانکراوەو دیاریی نەکراوە کام کەلوپەلو کام خوێندنگا.

هەروەها باس لە چەندین پرۆژە دەکرێت کە بۆ کەرتی تایبەت ئەنجام دەدرێن، لەوانە پرۆژەی ئاو+ڕێگاو ئاوەڕۆ+ کارەبای پرۆژەی نیشتەجێی بناری گۆیژەو ناوەوەو دەرەوەی گرین ستیو دیە ستیو لوبنان ستی کە ئەمانە کەرتی تایبەتنو ئەرکی کۆمپانیاکاننو بە ملیارەها دیناریان بۆ تەرخانکراوە.

لە پرۆژەکانی قەزای چەمچەمالدا، پێداویستییەکانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتیی چەمچەماڵ کە (٣٨٩) ملیۆنی بۆ دابینکراوەو نازانرێت پێداویستییەکان چین، هەروەک (٣)جار باس لە ڕاکێشانی تۆڕی ئاو کراوە بۆ ئەو ناوچەیە، یەکەمجار بڕی (١٤٢)ملیۆنو دووەمجار (٦٥)ملیۆنو سێیەمجار (٥٤) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە.

لە پرۆژەکانی پارێزگای دهۆکدا، باس لە چاککردنی ڕێگەی دووسایدی زاویتە کراوەو بڕی (٣)ملیار دیناری بۆ دانراوە کە ڕێگاکە تەواوبووەو دروستکراوە، بڕی (١)ملیارو (٨٩٢) ملیۆن دینار دانراوە بۆ پێداویستی بەشی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندن بۆ ماوەی یەک ساڵو دابینکردنی کەلوپەلی قوتابخانەکان، بڕی (١)ملیارو (٤٥٠) ملیۆن دیناریان بۆ داناوە، کە ئەمەش دیارینەکراوە، چۆن سەرف دەکرێت.

ئەمە جگە لەوەی کە هەروەک چۆن لە بودجەی(٢٠١٠)دا هەست بەو نادادپەروەرییە کراوە کە لەنێوان شوێنەکاندا دەکرێت، لە دەرخستەی تەواوکاریی پەرەپێدانی پارێزگاکانیشدا بۆ ئەمساڵ، دەبینین کە ژمارەی پرۆژەکانی هەولێر کە (١٠٦)پرۆژەیەو بڕی (٥٣)ملیارو (٣٠٠)ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، بەڵام گوندە ئاوەدانەکانی سنووری ئەو پارێزگایە کە (١٩٦) گوندنو بەسەر (٩)قەزادا دابەش بوونو ژمارەی دانیشتووانیان (٣٣٩)هەزارو (٩٦٠)خێزانن، تەنیا (١٩)پرۆژەیان بۆ دەکرێت، کە بە وتەی شارەزایانی ئابووریو سیاسیی، ئەمەش لەگەڵ لایەنی ئابووریو گەشەپێدانی سەرتاسەریی یەکناگرێتەوەو وادەکات کۆچی گوندنشین بەردەوام بێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دیراسەیەکی دابەشکردنی جوگرافی ورد نەکراوە.

# نرخی نەوت، کورتهێنانی بودجە چارەسەر دەکات

هاوڕێ فایەق

بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، کورتهێنانی بودجەی عێراق پڕدەکاتەوە، کە زیاتر لە (١٤) تریلیۆن دینارە، پێشبینی دەکرێت نرخی نەوت بەرزبوونەوەی زیاتریش بە خۆوە ببینێت.

ڕێکخراوی ئۆپیک، کە عێراقیش یەکێکە لە ئەندامەکانی، بەرزبوونەوەی نرخی (یەک بەرمیل) نەوتی بۆ (٩١,٢٧) دۆلار ڕاگەیاند، لە کاتێکدا حکومەتی عێراق نرخی (یەک بەرمیل) نەوتی بە (٧٣) دۆلار لە پرۆژەیاسای بودجەی گشتیی (٢٠١١)دا جێگیر کردووە.

زیاتر لە مانگێکە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق پرۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراقی بۆ سالی (٢٠١١) پەسەند کردووەو ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی کردووە بۆ پەسەندکردنی، بەپێی ئەو پرۆژەیاسایەش بودجەی عێراق (٧٨) تریلیۆنو (٧٠٥) ملیارو (٢٣٧) ملیۆن دینارەو نرخی (یەک بەرمیل) نەوتیش بە (٧٣) دۆلار جێگیر کراوە، لەگەڵ هەناردەکردنی (٢) ملیۆنو (٢٥٠) هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکداو نرخی یەک دۆلاریش بە (١١٧٠) دینار خەملێنراوە.

د.بایەزید حەسەن، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «زیادبوونی نرخی نەوت کاریگەریی ئەوتۆ لەسەر یاسای بودجە دروست ناکات، چونکە (١٤) تریلیۆن دینار وەک کورتهێنانی بودجە دانراوە، لەگەڵ فرۆشتنی (٢) ملیۆنو (٢٥٠) هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

بۆیە ڕەنگە عێراق نەتوانێت ئەو ڕێژەیە لە نەوت بفرۆشێت. بە بەراورد بە سالی ڕابردوو کە بە تێکڕا ڕۆژانە عێراق (١) ملیۆنو (٩٢٠) هەزار بەرمیل نەوتی فرۆشتووە».

پیشتریش وەزیری نەوتی عێراق عەبدولکەریم لعیبی، ڕایگەیاندبوو؛ «کە هەناردەی نەوتی عێراق لە کۆتایی سالی (٢٠١١) دەگاتە (٣٠) ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا».

بە گوێرەی ڕاگەیاندنی وەزارەتی نەوتی عێراقیش لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمسالدا (٥٧) ملیۆنو (٣٠٠) هەزار بەرمیل نەوتی خاوی هەناردەی دەرەوە کردووەو داهاتەکەشی (٤) ملیارو (٦١٨) ملیۆن دۆلار بووە، ئەوەش بە تێکڕای نرخی (٨٠,٥٩) دۆلار بۆ (یەک بەرمیل)و ئەو زیادبوونەش بووەتە هۆی زیادبوونی داهاتی عێراقو کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی گشتیی بۆ سالی (٢٠١١) بەبێ پەنابردنە بەر بانکی نێودەوڵەتی، یان قەرزکردن لە وڵاتان.

هەر لەوبارەیەوە د.بایەزید حەسەن، ئاماژەی بەوە کرد: «لە حالەتی زیادبوونی ڕێژەی ناردنە دەرەوەی نەوتو زیادبوونی داهات، کورتهێنانی بودجەی پێ پڕدەکرێتەوە. هەروەک لە مانگی (٦)ی هەموو سالێکدا بودجەی تەواوکاریی دادەنرێتو کۆمەڵێک پرۆژە بەپێی زیادەی بودجە دەخرێتە سەر پرۆژەکانی عێراق».

# (یەک ملیۆن) گەشتیار لە سۆران

ئەحمەد باڵەکی

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتی گەشتوگوزاری سۆران تەنیا لە ماوەی سالی (٢٠١٠)دا زیاتر لە (یەک ملیۆن) گەشتیار ڕووی لە هاوینەهەوارەکانی سنووری قەزای سۆرانو دەوروبەری کردووە.

بورهان مستەفا، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «گەشتیار ئەو کەسەیە کە ماوەی (٢٤) کاتژمێر لە شوێنە گەشتیارییەکان بمێنێتەوە، ئەو گەشتیارانەش کە ماوەی (٢٤) کاتژمێر لە هاوینەهەوارەکانی سنووری سۆران ماونەتەوە، نزیکەی (٣٠) هەزار گەشتیار بوون، جگە لەمەش (٢٠٠) هەزار گەشتیار هەر لەو ماوەیەدا لە مەرزی حاجی ئۆمەرانەوە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، بە کۆی گشتیش (یەک ملیۆن) گەشتیار ڕووی لە قەزای سۆران کردووە».

بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران ئاماژەی بەوەشکرد؛ ئەو گەشتیارانەی کە ڕوویان لەو ناوچانە کردووە بە هۆی نەبوونی شوێنی حەوانەوەوە زۆربەیان گەڕاونەتەوە بۆ شارەکانی خۆیان، بە تایبەت عەرەبەکان لەبەر نەبوونی شوێنی حەوانەوە گەڕاونەتەوە شەقڵاوە، یان هەولێر.

بورهان مستەفا، وتیشی: «لە لایەن کەرتی تایبەتەوە چەندین ئوتێل لەم سنوورە لە بواری جێبەجێکردندان، ئێستا دوو ئوتێل (٤٠٪)ی کارەکانیان تەواو بووەو دووانی تریش فەرمانی دروستکردنیان بۆ دەرچووە.

ناوبراو ڕاشیگەیاند: «ڕێژەی گەشتیاران لە (٢٠١٠)دا بە بەراورد بە سالی (٢٠٠٩) زۆر زیادیکردووە، بەڵام زۆرێک لە هاوینەهەوارەکان وەک خۆیاننو وەک پێویست گرنگییان پێ نەدراوە.

هاوینەهەوارەکانی سنووری سۆران لە ئێستادا بریتین لە هاوینەهەواری بێخاڵ، جوندیان، گەلی عەلی بەگ، هاوینەهەوارەکانی گەلی ئاکۆیانو دۆلی مەلەکان، چەند هاوینەهەوارێکی تریش لە هەریەک لە قەزای چۆمانو ڕەواندزو مێرگەسۆر هەن.

# گرفتی دابەشکردنی مووچــــە



هاشم غەمگین

لەکاتی دابەشکردنی مووچەی چینو توێژە جیاجیاکان قەرەباڵغیو پاڵەپەستۆ بەردەم فەرمانگەکان دەگرێتەوەو شەپۆلی دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر دامودەزگاکانی حکومەت بەرزدەبێتەوە، بەوەی کە:

یەکەم: بۆ وەرگرتنی مووچە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە هاتووەو مەسرەفو زەحمەتی زۆری بینیوەو فریای وەرگرتنی نەکەوتووەو ماوەتەوە.

دووەم: مانگانە لە کاتی خۆیدا وەرناگرێتو سێ مانگ، یان شەش مانگ جارێک پێی دەدرێت.

سێیەم: بۆ پێدانی مووچەکانیان کارمەندان نەیانتوانیوە کۆنترۆلی ئەو قەرەباڵغیو ڕەوشە بکەن، بۆیە ناڕەزاییو خۆپیشاندانی لێکەوتووەتەوە.

چوارەم: هەر کەسێک دیمەنی ئەو قەرەباڵغییە ببینێت، لای وایە ئەم هەرێمە سەرەتای دەستپێکردنی حکومڕانییەتی.

نازانرێت کورد ماوەی نۆزدە ساڵە خاوەنی حکومەتو پەرلەمانی خۆماڵیی خۆیەتیو خاوەنی وەزارەتێکی گرنگە بە ناوی وەزارەتی دارایی، بەڵام تائێستا نەیتوانیوە بە سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای سەردەم بە شێوەیەکی ڕێکوپێک مووچەی چینو توێژەکان دابەش بکات.

بە ڕاستی بۆ بەساڵاچوویەک، کەمئەندامێک سەختو زەحمەتە بتوانێت بەرگەی ئەوە بگرێت، بۆ وەرگرتنی مووچەیەک (٤_٥) سەعات لەبەر گڕەو گەرمای هاوینو سەرماو سۆڵەی زستان چاوەڕێ بکات، بۆشی هەیە لە کاتی ئەو پاڵەپەستۆو قەرەباڵغییەدا دووچاری ئازاری جەستەو گیانلەدەستدان ببێتەوە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، پێویستە وەزارەتی دارایی بۆ دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەرانو چینو توێژەکانی تر، سوود لە تەکنەلۆژیاو زانستی خێرای سەردەم وەربگرێت، بە تایبەت سیستمی تۆڕی کارتی بانکیی، لە ئێستاشدا پەیوەندیی حکومەتی هەرێم بە وڵاتانی جیهانەوە پتەو بووەو زەمینە بۆ پیادەکردنو سەرکەوتنی ئەم سیستمە ڕەخساوەو چەندین وڵات کونسڵگەرییو نووسینگەیان لە کوردستاندا هەیەو دەتوانرێت لەم بارەیەوە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکرێت، بۆ بەرجەستەکردنی ئەم سیستمە لە کوردستان ئامادەکارییو کارئاسانییان بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی هەر مووچەخۆرێک کارتو ژمارەی حسابی بانکیی خۆی هەبێت، مانگانە لەکاتی خۆیدا مووچەکانیان بۆ بخرێتە سەر کارتەکانیان.

هەڵبەتە بۆ پەیڕەوکردنو سەرکەوتنی ئەم کارەو دروستنەبوونی ناڕەزاییو قەرەباڵغیی، دەبێت وەزارەتی دارایی وێستگەی ئامێرەکانی پارە ڕاکێشان فراوان بکاتو لەو شوێنانەی کە پێویستن جێگیریان بکات، لەگەڵ ئەوەشدا بنکەیان بۆ پێدانی ڕێنماییو گوێگرتن لە داواکارییو چارەسەرکردنی هەبوونی هەر گرفتێک کە فەرمانبەرانو مووچەخۆران لەو بارەیەوە هەیان بێت، وەک لە میدیاکاندا خوێندوومەتەوەو بینیومەو باس دەکرێت، ڕێژەیەکی زۆر لە فەرمانبەران لەنێو دامودەزگاکاندا بێ کارنو مانگانەش مووچەیان پێ دەدرێت، دڵنیام هەنووکە زۆرێک لەوانە لەو دۆخە بێزارن، بۆیە دەکرێت وەزارەتی دارایی بۆ ئەم مەبەستە سوود لە توانای ئەو کەسانە وەربگرێتو خوولی ڕاهێنانیان بۆ بکرێتەوەو دوای پێگەیاندنیانو پەیداکردنی شارەزاییو زانیاریی، ئەرکی ڕاپەڕاندن و ڕاییکردنی ئەم کارەیان پێ بسپێردرێت.

هەروەها دابەشکردنی مووچە بەم چەشنەو لە ڕێی تۆڕی کارتی بانکیی، وەرگرتنەوەی قەرزو پێشینەی خانووبەرەو سندووقی نیشتەجێبوونو پرۆسەی زەواجو پەیڕەوکردنی دڵنیایی تەندروستی بۆ حکومەت زیاتر خێراو ئاسانو بەرجەستە دەکات، بەوەی دەتوانرێت مانگانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بڕی پارەی دیاریکراویان لێ ببڕدرێت.

لەلایەکی تر کارمەندانو ژمێریارانیش لە پێشبینیو دڵەڕاوکێی ئەوە قوتار دەبن لە کاتی چوونیان بۆ بانکەکان بۆ وەرگرتنی مووچەی فەرمانبەران، لە هاتنەوەیاندا لە ڕێگە دووچاری ڕووبەڕووی باندی دزییو جەردەیی ببنەوە.

کێشە پەروەردەییەکانی پێنجوێن، چارەسەر نەکراون 16

# ساڵی (٢٠١٠) وەبەرهێنان لە سلێمانی نەگەیشتەوە بە (٢٠٠٨)

ئەلەند مەحوی

ئامارەکانی دەستەی وەبەرهێنان ئاشکرای دەکەن کە ئاستی وەبەرهێنان لەسلێمانی لە ساڵی (٢٠١٠)دا، نەیتوانیوە نزیکبێتەوە لەئاستی ئەو وەبەرهێنانەی لەساڵی (٢٠٠٨)دا کە لەهەمان پارێزگا کراوە، ئەمە جگەلەوەی کە ئاستی وەبەرهێنان لەسلێمانی، دوو ساڵە لەدوای هەولێریشەوەیە.


بەپێی ئامارەکانی دەستەی وەبەرهێنان کە کۆپییەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، لەساڵی (٢٠١٠)دا ئاستی وەبەرهێنان لەپارێزگای هەولێر، (٢)ملیارو (٣١٨)ملیۆن‌و (٥٩٥)هەزار دۆلار بووە، لەبەرامبەردا ئاستی وەبەرهێنان لەپارێزگای سلێمانی، (١)ملیارو (٦١٦)ملیۆن‌و (٨٢١)هەزار دۆلاربووەو ئاستی وەبەرهێنان لە دهۆکیش، (٧٦٠)ملیۆن‌و (٢٣٣)هەزار دۆلار بووە.

لەپێشتریشدا، ساڵی (٢٠٠٦) سلێمانی بەبڕی (٤٣٨) ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی تێداکراوە، ساڵی (٢٠٠٧) ئەم پارەیە گەیشتووەتە (١)ملیارو (١٩)ملیۆن دۆلارو ساڵی (٢٠٠٨)یش لە بەرزترین ئاستیدا وەبەرهێنان لەسلێمانی، گەیشتووەتە (٢)ملیارو (٨٨)ملیۆن دۆلار، بەم ڕێژەیەش بە (٩٤٤)ملیۆن‌و (٦١٢)هەزار دۆلار پێش هەولێر کەوتووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩)دا، ئاستی وەبەرهێنان لە سلێمانی، دابەزیوە بۆ (٩٦٧)ملیۆن دۆلارو هەولێر بە (١)ملیارو (٧٩٥)ملیۆن‌و (٩٤٤)هەزار دۆلار، پێش سلێمانی داوەتەوە.

بۆ وەرگرتنی بۆچوونیان لەسەر هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی وەبەرهێنان لە سلێمانی لەدوای ساڵی (٢٠٠٨)ەوە، ڕۆژنامە پەیوەندیی کرد بە بەڕێوەبەری گشتیی وەربەرهێنانی سلێمانی، ئەوانیش جەختیان لەوەکردەوە کە لەم هەفتەیەدا، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکەن‌و وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە، بەڵام لەڕوونکردنەوەیەکی پێشتریاندا، ئاماژەیان بەوەکردبوو کە «کابینەی شەشەم، کار بۆ سەرتاسەری هەرێمی کوردستان دەکات‌و هەرگیز جیاوازیی نەکردووە لەنێوان پارێزگایەک‌و پارێزگایەکی تردا».

لەلایەکی ترەوە، بەهۆی بوونی گرفتی نیشتەجێبوونەوە، لەساڵی(٢٠١٠)دا زۆرترین وەبەرهێنان لەبواری نیشتەجێبووندا کراوە کە سەرمایەکەی (٢)ملیارو (١٢)ملیۆن دۆلارە، دواتریش لە سێکتەری پیشەسازیدا بەسەرمایەی (١)ملیارو (٣٥٤)ملیۆن دۆلار وەبەرهێنان کراوەو لە ڕیزبەندی سێیەمیشدا لەسێکتەری بازرگانیدا بەسەرمایەی (٩٤٨)ملیۆن دۆلار، وەبەرهێنان کراوە.

ئێستا لەهەرێمی کوردستان، جگە لە وەبەرهێنەری خۆماڵی، ژمارەیەکی زۆریش کۆمپانیای بیانی وەبەرهێنان دەکەن، لەپێش هەمووشیانەوە وەبەرهێنەرە تورکەکان‌و بەریتانییەکان‌و بەپێی ئامارەکانیش، (١١)هەزارو (٤٦٩) کۆمپانیا سەرمایەی خۆیان لە هەرێمی کوردستان خستووەتەگەڕ.




راڤەی بودجە

# بودجەی ئەمساڵی هەرێمی کوردستان‌و مەترسییەکی گەورە


عەلی حەمەساڵح

پێش ئەوەی بودجەی ئەمساڵی هەرێمی کوردستان بچێتە پەرلەمان‌و گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەپێویستم زانی کە مەترسییەکانی بەشێکی گرنگ لە ناوەڕۆکی ئەم بودجەیە بخەمەڕوو، بەهیوای ئەوەی کە پەرلەمانتارانی کوردستان لە چەند ئاماژەیەکی مەترسیدار ئاگاداربکەمەوە.

خاڵێکی دیکە کە لەمساڵدا هەڕەشە لە بودجەی کوردستان دەکات، مەترسیی بڕینی نیوەی بەشە بودجەی کوردستانە لەلایەن حکومەتی ناوەندو بێدەنگی‌و بێخەمی دەسەڵاتی سیاسیی کوردستانە لەسەر ئەو مەترسییە گەورەیە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی(٢٠١١)، داوای لە حکومەتی ناوەندی کردووە کە پشکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمساڵ (١٥)ترلیۆن‌و (٢٩٨)ملیار دینارو (٩٨٩)ملیۆن دینار بێت، بەڵام حکومەتی ناوەندی بەم داواکارییە ڕازی نەبووەو پشکی هەرێمی کوردستانی بە (١٠)ترلیۆن‌و (٧٧٧)ملیارو (٨٩٤)ملیۆن دینار داناوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بودجەی بەکاربردن، پارەیەکی زۆری داناوەو بۆ بودجەی وەبەرهێنان پارەیەکی کەمی داناوە، حکومەتی ناوەندیش وەک ئەوەی کە ئەم سیاسەتە داراییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهەڵە بزانێت، بودجەی بەکاربردنی هەرێمی کوردستانی کەمکردووەتەوەو لە بەرامبەردا بودجەی وەبەرهێنانی زیادکردووەو بەخستنەڕووی وردەکارییەکانی بودجەی (٢٠١١)ی هەرێمی کوردستان، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەستەمە حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت ئەو پارەیەی بۆ بودجەی وەبەرهێنان(پرۆژەکان) دانراوە، خەرجی بکات، چۆن؟

–حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ مووچەخۆران، داوای (٥)ترلیۆن‌و (٥٨٦)ملیار دیناری کردووە، بەڵام حکومەتی ناوەند بە (٤)ترلیۆن‌و (٦٢١) ملیار دینار ڕازی بووە.

–حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ شمەک‌و خزمەتگوزاریی‌و چاککردنەوە، داوای ترلیۆنێک‌و (٩٦٦)ملیارو (٨٠٠) ملیۆن دیناری کردووەو حکومەتی ناوەندی بۆ (٨١٥)ملیارو (٨)ملیۆن دینار کەمیکردووەتەوە، دەبێت ئەو خزمەتگوزاریی‌و چاککردنەوانە چین کە دوو هێندەی سەرجەم پرۆژەکانی ساڵی ڕابردووی هەموو هەرێمی کوردستان پارەیان پێویست بێت؟

–حکومەتی هەرێمی کوردستان، داوای (٤٥٠)ملیار دیناری کردووە بۆ باربوو (اعانات)، بەڵام حکومەتی ناوەند بۆ (٢٥٤) ملیار دینار کەمیکردووەتەوە.

–ئەوەی جێگای سەرنجە، حکومەتی هەرێم داوای (٩٣٣)ملیارو (٦٥٠)ملیۆن دیناری کردووە بۆ بەخشین(المنح)، ئایا دەبێت ئەم بەخشینانە بۆ کێ بن کە ئەوەندە پارەیان پێویست بێت، بەڵام حکومەتی ناوەندی بەم پارەیە ڕازی نەبووەو کەمیکردووەتەوە بۆ (١٦٦)ملیار دینار، ئەگەر حکومەتی هەرێم دایناببێت (٩٣٣)ملیار دینار بداتە بەخشین‌و حکومەتی ناوەندیش (٧٦٧) ملیار دیناری لێ کەمکردبێتەوە، دەبێت ئەو پارەیەی حکومەتی ناوەند لێی کەمکردووەتەوەو حکومەتی هەرێمیش دایناب‌وو کە بیداتە بەخشین، بەچی پڕی بکاتەوە.

–حکومەتی هەرێم، داوای (٥٥٠) ملیار دیناری کردووە بۆ هاوکاریی کۆمەڵایەتی‌و حکومەتی ناوەند بۆ (٢٤٣)ملیار دینار کەمیکردووەتەوە.

–حکومەتی هەرێم، داوای (٥٢٨) ملیار دیناری کردووە بۆ خەرجیی دیکەو حکومەتی ناوەندیش بۆ (٣٣١) ملیار دینار کەمیکردووەتەوە.

–حکومەتی هەرێم، داوای (٧٥٠) ملیار دیناری کردووە بۆ مەوجوداتی ناداراییو حکومەتی ناوەندیش بۆ (٨٣) ملیار دینار کەمی کردووەتەوە.

ئەگەر بەگشتیی بڕوانین، حکومەتی هەرێم داوای (١٠)ترلیۆن‌و (٧٦٦) ملیار دیناری داواکردووە بۆ بودجەی بەکاربردن‌و حکومەتی ناوەندیش بە (٦)ترلیۆن‌و (٥١٥)ملیار دینار ڕازی بووە، پرسیارەکە لەوەدایە، تەواوی ئەو پارەیەی حکومەتی هەرێم بودجەی بەکاربردن داوایکردووە، (٤)ترلیۆن‌و (٢١٥)ملیار دیناری کەمترە لەوەی کە حکومەتی ناوەندی بۆی تەرخانکردووە، ئایا چۆن ئەو (٤)ترلیۆن دینارە پڕ دەکاتەوە کە حکومەتی ناوەند لێی بڕیوە؟ بۆ پڕکردنەوەی ئەو پارەیە، مەترسیی ئەوە دەکرێت لە بودجەی پرۆژەکان کەم بکرێتەوە، وەک ئەوەی حکومەتی هەرێم ساڵانی پێشووتر کردوویەتی‌و پارەی پرۆژەکانی وەک خۆی خەرج نەکردووە.

–بەپێچەوانەی سەرجەم پرۆژەکانی بەکاربردنەوە، ئەو پارەیەی حکومەتی هەرێم بۆ پرۆژەکان داوایکردووە، حکومەتی ناوەندی وەک خۆی ڕەزامەندیی لەسەر داوە، کە (٤)ترلیۆن‌و (٢٦٢)ملیار دینارو (٣١١)ملیۆن دینارە.

ئەوەی گرنگە... پەرلەمانتارانی کوردستان، وردببنەوەو بەراوردێک لەنێوان ئەو بودجەیەی کوردستاندا بکەن کە حکومەتی ناوەند بۆ هەرێمی کوردستانی دارشتووە، لەگەڵ ئەو پرۆژە بودجەیەی ساڵی (٢٠١١)دا کە حکومەتی هەرێم ڕەوانەی پەرلەمانی دەکات‌و دەیەوێت بەشێوەیەک دەستکاری بکات، پارەی پرۆژەکانی کوردستان کەم بکاتەوەو پاشانیش چاودێرییەکی دروست بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت، ئایا بودجەکە بەگشتیی‌و بودجەی وەبەرهێنان توانراوە خەرجبکرێت، یان بەلای کەمەوە بزانین، چۆن خەرج دەکرێت؟

### داهاتی هەرێم‌و مەترسی

حکومەتی ناوەندی عێراق، داهاتی هەرێمی کوردستانی بۆ ساڵی (٢٠١١) بە (٥)ترلیۆن‌و (٤٩٥)ملیار دینارو (٨٤٣)ملیۆن دینار تەخمین کردووە، کە پشکی سەرەکی ئەم داهاتەشی بۆ نەوت داناوە کە داهاتی نەوتی کوردستان بۆ ئەمساڵ بە (٥)ترلیۆن‌و (١٢)ملیارو (٣٤٧)ملیۆن دینار داناوە، داهاتی باجی هەرێمی کوردستانیشی بە (٤١٢)ملیارو (٦٧٩)ملیۆن دینار داناوە.

ئەوەی جێگای مەترسییە، ئەگەر حکومەتی هەرێم بتوانێت ئەو بڕەنەوتەش دابین بکات، کۆتایی بە گرفتەکە نایەت، چونکە تا ئێستا حکومەتی ناوەندی عێراقی، دانی بە گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستاندا نەناوە، ئەگەر هاتوو حکومەتی عێراق دان بەگرێبەستە نەوتییەکانی کوردستاندا نەنێت، ئەوا ئامادەش نییە پارەی کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت بدات، کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوتیش، کاتێک نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردەی دەرەوە دەکرێت، داوای قازانجی خۆیان دەکەن.

دوو حاڵەت هەیە بە ڕوودانیان زیانێکی گەورە بە کوردستان دەکەوێت، یەکەمیان: ئەوەی ئێستایە، حکومەتی هەرێم، دەڵێت، «ئەگەر حکومەتی ناوەند، دان بە گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستاندا نەنێت‌و پارەی کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت نەدات، ئەوا نەوتی کوردستان هەناردە ناکەم، حکومەتی ناوەندیش تا ئێستا، ئامادە نییە کە دان بەو گرێبەستە نەوتییانەدا بنێت‌و پارەی کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوتیش بدات، لێرەدا حکومەتی ناوەند (٥)ترلیۆن‌و (١٢)ملیار دینار لە بودجەی کوردستان دەبڕێت، کە (٤٦,٥٪)ی بودجەی گشتیی کوردستان دەکات.

ئەگەری دووەمیش: ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم نەوتەکە ڕەوانە بکات‌و لە بودجەی گشتیی کوردستان پارەی کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت بدات، لەو کاتەشدا خەڵکی کوردستان، زیانی گەورە دەکات.


ئەگەری ئەوە هەیە ٤٦,٥٪ی بودجە ببڕدرێت

# راپۆرتی پەرلەمانتاران لەبارەی دەربەندیخانەوە: حکومەت، خەڵکی دەربەندیخانی لە پیسیی ئاوی خواردنەوە دڵنیا نەکردووەتەوە

رۆژنامە

ژمارەیەک پەرلەمانتار لە راپۆرتێکی مەیدانیدا، چەندین کێشەو کەموکوڕیی شاری دەربەندیخانیان ئاشکرا کردووە.

دوای ئـــەوەی لـــە (٢٠١٠/١١/٢٤)دا، بەشێوەیەکی مەیدانی سەردانی قەزاکەیان کـردووە، سێ پەرلەمانتار ئەو راپۆرتەیان ئامادەکردووەو بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانیان بەرزکردووەتەوە.

لەو راپۆرتە مەیدانییەدا کە هەریەک لەپەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گـۆڕان، د.شاهۆ سەعید، د. زانا رەئوف، د. جەعفەر عەلی ئامادەیانکردووە، نیگەرانیی خەڵکی دەربەندیخانیان لەپیسیی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی قەزاکە بەڕوونی خستووەتەڕوو، هەروەها جەختیشیان لـەوە کردووەتەوە کە کەرتی گەشتوگوزار لەدەربەندیخان، پێویستییەکی زۆری بە بوژاندنەوە هەیە.

## پیسبوونی ئاوی دەربەندیخان

یەکێک لە ترس و گرفتە هەرە سەرەکییەکانی قـەزاکـە، خـۆی لـە تـرسـی پیسبوون و ژەهراویبوونی ئاوی دەربەندیخان و نەبوونی پاڵاوگەی ئاوو ئاوەڕۆی شارەکەدا دەبینێتەوە، کە بەشێکی هەرە زۆری خەڵکی شارەکە لە بنچینەدا وەک ئاوی خواردنەوە لە رابردوودا بەکاریانهێناوە، ئەم ترسە گەیشتووەتە ئاستێک کە خەڵکی شارەکە، نەک هەر ناوێرن ئاوەکە بۆ خواردنەوە بەکاربهێنن و رۆژانە ئاوی کانزایی دەکڕن بۆ خواردنەوە، بەڵکو زۆرجار ناوێرن بۆ پاککردنەوەش بەکاری بهێنن بە هۆی ئەو بۆنە ناخۆشەی کە لە ئاوەکەوە دێت.

لەو سەردانە مەیدانییەدا، هاوڵاتییان ئاماژەیان بەوەداوە کە فەرمانگە فەرمییەکانی شارەکەو بەرپرسانی ئیداریی سلێمانی و حکومەت ئاگاداری ئەم گرفتەن، بەڵام زۆر کەمتەرخەمن لەچارەسەرکردنی کێشەکە کە گرفتی هەموو خەڵکی قەزاکەیەو رۆژانە چەندینجار رووبەڕووی ئەم گرفتە دەبنەوە، وەک لەسەر زاری یەکێک لە هاوڵاتییانی شارەکەوە وترا: «خەڵکی دەربەندیخان، بە هۆی پیسیی ئەم ئاوەوە، بەشێنەیی و وردە وردە بەرەو مەرگ هەنگاو دەنێن»، ئەم رستەیە ئاماژەدانێکی مەترسیدار بوو بۆ هەڕەشەی پیسیی ئاوەکە لەسەر ژیانی هاوڵاتییان.

کاتێک پەرلەمانتارانی گۆڕان سەردانی بەشێک لە ماڵەکانیان کرد، بینیمان سەرجەمیان ئاوی کانزایی بۆ خواردنەوە بەکاردەهێنن، هەروەها ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکـرد کە تا ئێستا حکومەت نەیتوانیوە ترسی خەڵکەکە لە پیسبوونی ئاوەکە بڕەوێنێتەوە.

کاتێکیش ئەو پەرلەمانتارانە بەنداوەکەیان بەسەرکردەوەو سەردانی بەڕێوەبەرێتیی بەنداوەکانی شارەکەیان کرد، بەڕێوەبەری بـەنـداوەکـان ئـامـاژەی بۆ ئـەوە کـرد، کە لەبەرئەوەی سەرچاوەی ئاوی دەربەندیخان لە رووبـاری سیروانەوە دێت و هیچ جۆرە کۆنترۆڵێک لەسەر سەرچاوەی ئاوەکە نییە، بە تایبەتیش لە سنووری هاتنەناوەوەی ئـاوەکـە لە ئێرانەوە بۆ هەرێمی کـوردسـتـان، ئـەم حاڵەتە گرفتێکی گـەورەی بۆ ئەگەری پیسبوونی ئاوەکە دروسـتـکـردووە، ئـەمـەو وێـڕای ئـەوەی کـە ئـاوی تـانـجـەرۆ بە پیسترین سەرچاوەی پیسبوونی ئاوی دەربـەنـدیـخـان دادەنـرێـت. جا ئەگەر لە بنچینەدا ئـاوی دەریـاچـەو رووبـارەکـان بەبێ پـاڵاوتـن بۆ خواردنەوە نەشێن، ئەوا ئەم گرفتە بۆ خەڵکی دەربەندیخان دەبێتە دوو گرفت.

پەرلەمانتارانی گۆڕان، نووسیویانە: دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت، سەرەڕای پشکنینی ئاوەکە، نەیانتوانیوە ترس و خەمی هاوڵاتییان بڕەوێننەوە بۆ گرفتێک کە هاوڵاتییانی شارەکە بە گرفتی یەکەمی خەڵکی شارەکەیانی دەزانن و بە پێویستی دەزانن، لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت چیتر چارەسەری یەکلاییکەرەوەی ئەم مەسەلەیە دوانەخەن و لەمبارەیەوە دڵنیایی بە خەڵکی شارەکە ببەخشن، واتـە لەگەڵ ئەوەی نەتوانراوە لە رووی تەندروستییەوە ئاوی پاک بۆ خواردنەوە بۆ هاوڵاتییان دابین بکرێت، لە هەمانکاتدا نەتوانراوە لە رووی دەروونـــی و کۆمەڵایەتیشەوە کار بکرێت لەسەر رەواندنەوەی خەمی هاوڵاتی بۆ ترسی بەردەوامی لە پیسبوونی ئاوەکە.

سەرۆکی شارەوانیی دەربەندیخانیش، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە داوای فلتەری ئاویان کردووە، بەڵام تا ئێستا بۆیان دابین نەکراوەو ئەوانیش بە پێویستیان دەزانی بە زوویی ئەم پێداویستییانە بگەنە قەزاکە.

> دانیشتووانی (کانی سارد) داوای ئەوە دەکەن، چیتر ئەنجومەنی وەزیران ئەم مەسەلەیە دوانەخات

## کێشەی دانیشتووانی گەڕەکی کانی سارد

دوای سـەردانـی پـەرلـەمـانـتـاران بۆ گەڕەکی کانی ساردو گفتوگۆکردن لەگەڵ دانیشتووانەکەی، خەڵکی گەڕەکەکە ئاماژەیان بەوەدا کە گەڕەکەکەی ئەوان لە بنچینەدا گوند بووە، بەڵام ئێستا لە نێو دیزاینی شاردایەو کراوەتە گەڕەکێکی قەزاکە. دانیشتووانی ئەم گوندە لە سـاڵـی(١٩٨٧)دا راگوێزراون بۆ (کۆمەڵگەی نەسر)و بەو هۆیەوە موڵک و ماڵیان لەدەستداوە، دواتر لە (٢٠٠٥/٣/٩)دا لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێم/ ئیدارەی سلێمانی بەڵێنی ئەوەیان پێدراوە کە (٤١١) پارچە زەوییان وەک قەرەبوو پێبدرێتەوەو خانووەکانیان سەرلەنوێ بۆ دروستبکرێتەوە، بـەڵام تا ئێستاش هیچ کەسێک لەوانەی کـە (مستحق)ن هیچ قـەرەبـوویـەکـیـان وەرنەگرتووە.

سەرۆکی شارەوانیی دەربەندیخانیش ئاماژەی بەوەدەدا کە داوای ئەو هاوڵاتییانە رەوایەو فەرمانیشیان بۆ دەرچووەو (٤١١) پارچە زەوییەکەش (ئیفراز)کراوە (سورەت قید)ەکانیش ئامادەکراون، بەڵام لەبەر ئەوەی لە فەرمانەکەدا نەنووسراوە ئەم زەوییانە وەک قەرەبوو دەدرێن بە جوتیارەکان، بۆیە تا ئێستا ئەو هاوڵاتییانە نەیانتوانیوە سوودمەند ببن لە زەوییەکان، لەبەر ئەم هۆیەش جارێکی تر فەرمانەکە براوەتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی وەزیرانیش، سەرەڕای چەندینجار موراجەعەی هاوڵاتییان بۆ ئەو مەبەستە، تا ئێستا بێوەڵامە.

بۆ ئەم مەبەستەش دانیشتووانی (کانی سارد) داوای ئەوە دەکەن، چیتر ئەنجومەنی وەزیـران ئەم مەسەلەیە دوانەخات و زوو فەرمانەکە بگەڕێنێتەوە بۆ جێبەجێکردنی، چونکە بژێویی و گـوزەرانـی گوندەکە لە ئاستێکی زۆر نزمدایە.

## گرفتی یانەی وەرزشی دەربەندیخان

لــەگــەڵ ئـــەوەی یـانــەی وەرزشـــی دەربەندیخان یانەیەکی پلە یەکە لە هەردوو ئاستی خولی تۆپی پێی کوردستان و عێراقدا، سەرەڕای ئەوەش ئەم یانەیە تیپی باسکەی کوڕان و کچانی هەیە لە خولی باسکەی پلە یەکەکانی کوردستاندا، بەهەمانشێوە یانەکە یەکێکە لە تیپە بەهێزەکانی ناوچەکە، بەڵام بەهۆی کەمیی بودجەی یانەکەوە، نەتوانراوە بەپێی پێویست سەرجەم تیپەکانی ئەم یانەیە بەڕێوە ببرێت.

بۆ ئەم مەبەستەش دەستەی کارگێڕیی یانەکە، داوا دەکەن کە هۆڵی داخراوی وەرزشی دەربەندیخان تەرخان بکرێت بۆ یانەکەیان، تا بتوانرێت چەند پرۆژەیەکی وەبەرهێنی لێ دروست بکرێت و یانەکەش بتوانێت زیاتر پەرە بە توانا وەرزشییەکانی بدات.

راپۆرتەکەی پەرلەمانتارەکانی گۆڕان ئاماژە بـەوەش دەکـات، چیمەنی یاریگای گشتیی دەربەندیخان بە تەواوەتی وشکی کـردووە، بەو هۆیەشەوە ناتوانرێت هیچ یارییەک لەو یاریگایەدا ئەنجام بدرێت، ئەمەش بارگرانییەکی زۆری لەسەر ئەستۆی یانەکە دروستکردووە، لەبەرئەوە داواکـار بوون، هەوڵبدرێت لە نزیکترین کاتدا یاریگاکەیان بۆ نۆژەن بکرێتەوە، تا بتوانن بە شێوەیەکی ئاسایی درێژە بە چالاکییە وەرزشییەکانیان بدەن.

## پوکانەوەی برنجی بانی خێڵان

بەشێکی زۆری دانیشتووانی گوندی (بانی خێڵان)ی سەر بە قەزای دەربەندیخان، لە یاداشتێکیاندا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە گوندەکەیان لە رابردوودا باشترین بەرهەمی کشتوکاڵی هەبووە بە تایبەتی (برنجی بانی خێڵان) کە کەم کەس هەیە لە کوردستاندا ئاشنا نەبووبێت بە ناوبانگی برنجەکەیان، بەڵام لەبەرئەوەی لە سەردەمی رژێـمـی بەعسی رووخـاودا ئاوی بانی خێڵان گرنگترین سامانی گوندەکە بووە، بۆ ئەو مەبەستەش حکومەت لەوکاتدا (کارگەی بانی خێڵان)ی دروستکرد کە هەریەکە لە (کارگەکانی بیبسی و ئاوی کانزایی بانی خێڵانی) لەخۆگرتبوو. ئەمەش وایکرد کە بەشێکی زۆری خەڵکی گوندەکە هەلی کاریان دەست بکەوێت، بەڵام لە ئێستادا ئاوی بانی خێڵان هیچ سوودێکی ئەوتۆی لێنابینرێت و خەڵکی گوندەکەش هیچ قازانجێک لەو سامانە سروشتییە گرنگە ناکەن، تەنانەت ئاوی خواردنەوەی گوندەکەش وەک پێویست فەراهەم نییە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی خەڵکێکی زۆری گوندەکە بە دەست بێکارییەوە دەناڵێنن. ئەو گوندەی کە لە رابردوودا بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشتی بە کشتوکاڵی برنج بەستبوو، ئێستا بەهۆی نەبوونی ئاوەوە کە بەشێکی زۆری دەچێت بۆ کارگە تایبەتەکان، ئەو کەرتە گرنگەش تەواو فەرامۆش کراوە، بۆیە داواکاربوون، لایەنە بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێم هەنگاوی جدیی بنێن بۆ سەرلەنوێ بوژاندنەوەی ژیانی ئابووریی لە گوندەکەدا.

## تاپۆنەکردنی گەڕەکی ئاوارەکان

ژمـارەیـەک لە دانیشتووانی گەڕەکی ئـاوارەکـان، داواکـاریـی ئـەوەیـان هەبوو کـە ئـەوان لـە پـاش پـرۆسـەی ئـازادیـی عێراقەوە لە ساڵی(٢٠٠٣)، ئەو خانووانەیان کڕیوەتەوە کە پێشتر ئاوارەکانی کەرکوک و خانەقینی تێدابووەو لەلایەن رێکخراوە خێرخوازییەکانەوە بۆیان دروستکرابوو، بەڵام ئێستا سەرەڕای ئەوەی ئەوان ئەو خانووانەیان کڕیوەتەوە لە خاوەنە رەسەنەکانیان، بەڵام تا ئێستاش ئەو خانووانەیان لەسەر تاپۆ نەکراوە. ئەمەو سەرەڕای ئەوەی شارەوانیی دەربەندیخان، داوای (٥)ملیۆن دیناریان لێدەکات بۆ تاپۆکردنیان، لەبەر ئەوە داواکارن، هەرچی زووە ئەو خانووانەیان لەسەر تاپۆ بکرێت.

## داواکاریی ژمارەیەک لە خاوەن کانەبەردەکان

ژمارەیەک لە خـاوەن کانەبەردەکانی سنووری قەزای دەربەندیخان، لە یاداشتێکیاندا ئەوەیان خستووەتەڕوو کە ئەوان مۆڵەتی رەسمییان لە حکومەتی هەرێم وەرگرتووە بۆ کـارکـردن و ساڵانەش ئەو مۆڵەتەیان تازە دەکەنەوەو لە وادەی یاسایی خۆشیدا باج بە حکومەت دەدەن، ئەمە سـەرەڕای ئـەوەی مانگانە پـارەی سەرپەرشتیار دەدەن، بەڵام لەبەرامبەردا حکومەت هیچ ئاسانکارییەکیان بۆ ناکات، لەبەر ئەوەش داواکارن کە حکومەت لە رێی سەرۆکی یەکەی ئیداریی قەزاکەیانەوە، کەمێک هاوکارییان بکات، بەتایبەتیش داواکـارن کە بە نـووسـراوێـک بەنزینخانەکانی شارەکەیان ئاگادار بکرێنەوە کە بە نرخی حکومیی (گاز)یان بۆ دابین بکرێت بۆ ئامێرەکانیان.

## کێشەی دەرچووانی زانکۆکان لە دەربەندیخان

دوای دیـداری پەرلەمانتارانی گۆڕان لەگەڵ ژمارەیەک لە خوێندکارانی دەرچووی زانکۆکانی کوردستان لە شارەکە، ئەوەیان بۆ روونکردنەوە کە لە کۆی (١٠٧)مامۆستای دامـەزرێـنـراو لە سنوورەکە، تەنیا (٢٧) یان دانیشتووی سنووری بەڕێوەبەرێتیی پـــەروەردەی دەربەندیخانن. هەروەها ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد، لە کاتێکدا لە پرۆسەی دامەزراندندا شوێنی جوگرافی لەبەرچاو نەگیراوە، بەڵام هەمانکات بە پێی جێبەجێکردنی هەمان رێنمایی، لە بەڕێوەبەرێتییەکانی دیکە (بۆ نموونە: لە بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی سلێمانی) کاتێک سەردانیان کـردووە بۆ پڕکردنەوەی فۆرمی دامەزراندن، فۆرمیان پـێـنـەداون، بۆیە داواکـاربـوون ئاوڕیان لێبدرێتەوەو کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکرێت.

## نەبوونی پزیشکی پسپۆڕ

پەرلەمانتارانی گۆڕان، لە بەشێکی تری راپۆرتە مەیدانییەکەیاندا، باسیان لەوەکردووە: دوای گفتوگۆمان لەگەڵ هاوڵاتییانی شارەکە، بۆمان دەرکـەوت کە یەکێک لە گرفتەکانی خەڵکی شارەکە، نەبوونی پزیشکی پسپۆڕ بوو لە چەندین بواری گرنگدا لە سنووری قەزاکەدا، وەک:(نەبوونی پزیشکی سڕکردن (تخدیر)، شکان (کسور)، ژنـان..). داواکار بوون وەزارەتی تەندروستی ئەم کێشەیەیان بۆ چارەسەر بکات.

## دووسایدکردنی رێگای سەرەکیی سلێمانی – دەربەندیخان

لە رووی رێگەوبانەوە، بە حوکمی ئەوەی کە شاری دەربەندیخان ئەڵقەی بەیەکەوە بەستنی نێوان سلێمانی و گەرمیانەو رۆژانە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر ئۆتۆمبێل و بارهەڵگرو خەڵکێکی زۆر هاتوچۆی پێدا دەکەن، زۆر پێویستە حکومەتی هەرێم بیر لەوە بکاتەوە کە تەواوی رێگەی سەرەکیی نێوان (سلێمانی _ دەربەندیخان) بە دوو ساید بکات.

## بایەخ بە گەشتوگوزار نەدراوە

ئەو پەرلەمانتارانە دەڵێن: لە گفتوگۆمان لەگەڵ هاوڵاتییان و بەرپرسانی ئیداریی سنوورەکەش، ئەوەمان لەلا روونبووەوە کە بنەماکانی گەشتیاریی لە قەزای دەربەندیخان بە شێوەیەکی بەرچاو ئامادەبوونیان هەیە، بەڵام تا ئێستا وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەت، وەک پێویست کاریان بۆ ئەم کەرتە گرنگەی ئابووریی نەکردووەو لەمڕووەوە بایەخێک بە بواری گەشتیاریی لە ناوچەکەدا نابینین.





مامۆستایان دەسەڵاتیان هەژاند 18

# زانکۆی گەرمیان کێشەی سەرۆکی هەیە

ڕۆژنامە

دوای چەند مانگێک لە پێشکەشکردنی داواکاریی، تا ئێستا نەتوانراوە کەسێک بۆ پۆستی سەرۆکی زانکۆی گەرمیان دەستنیشان بکرێتو هاوکات بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، دەستێوەردانی حیزب هۆکاربووە بۆ دواخستنی ئەو پرۆسەیە.

چەند مانگێک پێش ئێستا، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان،ئاگاداریی بۆ پڕکردنەوەی پۆستی سەرۆکی زانکۆی گەرمیان بڵاوکردەوەو ڕۆژی (٢٠١٠/١١/٣٠)ی وەکو دوا وادە بۆ ناردنی (CV) ئەو کەسانەی دەیانەوێت ئەو پۆستە وەربگرن، دەستنیشان کرد. هەروەک پێشووتر، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشنیازی کەسێکی سەر بە یەکێتیی بۆ ئەو پۆستە کردووە، بەڵام نارەزاییەکی توندی خەڵکی گەرمیانی لێکەوتەوە، جگە لەوە لە ئێستاشدا ئەگەر زۆرە کە د. شێرزاد تاڵەبانی، بە سەرۆکی زانکۆی گەرمیان دابنرێت.

بەپێی چەند زانیارییەک کە لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەستکەوتوون، تا ئێستا بڕیاری کۆتایی دەرنەچووە بۆ دانانی د. شێرزاد تاڵەبانیو چاوەڕوانی گەڕانەوەی سەرۆکی حکومەت دەکرێت، بەڵام یەکێکە لە پاڵێوراوە بەهێزەکان بۆ ئەو پۆستە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا، ژمارەیەک لەگەنجانی گەرمیان لە ڕاگەیەنراوێکدا، نارازیبوونیان لە دانانی د. شێرزاد ڕاگەیاند.

هەروەک لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە: «د.شێرزاد، هاوڕێی جەنابی وەزیری خوێندنی باڵایەو هەر ئەو پشتگیریی لێدەکات، بۆیە دەیانەوێت بە سەر گەرمیانییەکاندا بیسەپێنن، داواکارین لە خەڵکی گەرمیانو ڕێکخراوەکانی گەرمیان،هەڵوێست وەرگرنو فشار بخەنە سەر وەزیرو حکومەت بۆ ئەوەی کەسێکی شیاوی خەڵکی ئەو دەڤەرە بە سەرۆکی زانکۆی گەرمیان دەستنیشان بکەن».

عەدنان قوربانی، چالاکوانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە گەرمیان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەشێک لە خەڵکی گەرمیانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، نارازین لە دانانی بەڕێز د. شێرزاد، ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناوبرا پێشتر لە کاری ئیدارییدا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام بۆچوونێکی تر هەیە کە پێبباشە ڕێگریی لە دانانی ئەو بەڕێزە نەکرێت، بەڵام بە وردیی چاودێریی کارەکانی بکرێت.

قوربانی، ئەوەشی خستەڕوو، «بەهۆی ناکۆکییو حیزبایەتییەوە، تا ئێستا پۆستی سەرۆکی زانکۆ یەکلایی نەکراوەتەوە، چونکە تا ئێستا حیزب دەیەوێت خەڵکی خۆی دابنێت».

هەروەک ئەو سەرچاوەیە، وتیشی: «دەستێوەردانی حیزبو باڵباڵێنە، هۆکار بوون بۆ دواخستنی دانانی سەرۆکی زانکۆی گەرمیان».

# (٤/١٦)، کۆنگرەی مامۆستایان دەبەسترێت

هاوڕێ عەبدوڵڵا

یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، ڕۆژی (٤/١٦)ی دەستنیشان کرد بۆ بەستنی دوانزەیەمین کۆنگرەی ڕێکخراوەکەو کۆنگرەکەش ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

ڕۆژی(٢٠١٠/١٢/٢)، پرۆسەی هەڵبژاردنی ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە (٦)بازنەدا بەڕێوەچوو، (١١) لیست کێبڕکێی یەکتریان کرد بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی کۆنگرەی دوانزەیەمی ڕێکخراوەکەو بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، لیستی مامۆستایانی کوردستانیی پلەی یەکەمی بەدەستهێناو نزیکەی (٢٤٥)کورسیو لیستی مامۆستایانی سەردەم (٦٦) کورسیو مامۆستایانی یەکگرتوو (٥٥) کورسیو مامۆستایانی کۆمەڵ نزیکەی (٤٠)کورسی کۆنگرەیان بەدەستهێنا.



پرۆسەی هەڵبژاردنی ١٢/٢ی مامۆستایان فۆتۆ: پشتیوان سەعدوڵڵا

م. عەبدولواحید محەمەد، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بڕیارە (٤/١٦)، کۆنگرەی یەکێتیی مامۆستایان ببەسترێتو ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوام بێت، لە ئێستادا سەرقاڵی ئامادەکاریین بۆ کۆنگرەو بەمەبەستی دابینکردنی بودجەی کۆنگرە، دەرخستەیەک ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم دەکەین.

سەبارەت بە ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە، عەبدولواحید وتی: «جگە لە ئەندامانی کۆنگرە، بڕیاردراوە (١٠)نوێنەری پەروەردەییو (٤) لە مامۆستایانی شۆڕش دەبنە ئەندامی کۆنگرەو بەوپێیە نزیکەی (٥٧٠) نوێنەر بەشداریی کۆنگرە دەکەن».

# تا ئێستا، کۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵ کرێچییە

ئەکرەم تۆفیق

کۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵ لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە دامەزراوە، بەڵام تا ئێستا لە بینای کرێدایەو جێگری ڕاگری کۆلێژەکەش ئاماژە بەوە دەکات: «ئەو ڕووبەرەی بۆ کۆلێژەکە دانراوە، کەمەو بەهۆی کێشەی موڵکداریشەوە دواکەوتووە».

لەپاش ئەوەی کۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵ لە ساڵی (٢٠٠٦)دا کرایەوە، کە لە سێ بەش پێکدێتو لە (٢٠٠٩)دا بڕیاردرا لەسەر بودجەی (٢١٠)ملیۆن دۆلاری نەوتی گەرمیانو بەبڕی (٣)ملیۆنو (٤٧٢)هەزارو (٦١)دۆلار بینای بۆ دروست بکرێت، بەڵام تا ئێستا ئەو کۆلێژە کرێچییەو بیناکەی تەواو نەبووەو کەمتر لە دوومانگە پرۆژەی دروستکردنی ئەو بینایە دراوەتە کۆنپانیای (قزان بولاغ).

لەوبارەیەوە، م. ئەیوب خەسرەو، جێگری ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵ بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە: ئەو بڕە پارەیەی بۆی تەرخانکراوە، تەنیا بەشی دروستکردنی بینای کۆلێژەکە دەکات، لەکاتێکدا کە پێویست دەکات کافتریاو ناوەندی ڕۆشنبیرییو بەشە ناوخۆیی بۆ دروست بکرێت، وتیشی: «لە دوو مانگی پێشوودا، پرۆژەی دروستکردنی بینای کۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵ، دراوە بە کۆمپانیای (قزان بولاغ)و ئێستا لە سەرەتاییترین کاریدایە، ئەمە جگە لەوەی بەهۆی کێشەی موڵکدارییەوە پرۆژەکە دواکەوتووە».

کێشەیەکی تری بەردەم دروستکردنی بینای کۆلێژی پەروەردە، ڕووبەری زەوییەکەیەتی کە (١٢٠)دۆنمەو بە وتەی م. ئەیوب: «ئەو ڕووبەرە بۆ ئەم پرۆژەیەی ئێستا، ڕووبەرێکی باشە، بەڵام لەداهاتوودا کەم دەبێت، چونکە چەمچەماڵ بە سێ کۆلێژەوە ناوەستێو فراوان دەبێتو دەبێت بەزانکۆ، ئەوکاتە چەند بەشەناوخۆییەکو کافتریاو چەند بینایەکی پێویست دەبێتو پێویستی بەگوندێکی زانکۆیی بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی مامۆستایانی زانکۆ دەبێت».

# کێشە پەروەردەییەکانی پێنجوێن، چارەسەر نەکراون

ڕاپۆرتی: خالید مەحمود

تا ئێستا چەندین کێشەی پەروەردەیی وەکو (کەمیی بینای خوێندنگە، زۆریی ژمارەی خوێندکارو دووەدەوامییو سێ دەوامیی،نەبوونی پێویستییە بنەڕەتییەکان) لە سنووری قەزای پێنجوێندا بوونیان هەیەو چارەسەرنەکراون.

قەزای پێنجوێن کە لە ناوەندی شارەکەو (٢)ناحیەو چەند گوندێک پێکهاتووە، (١١٨)خوێندنگەی هەیەو ژمارەی خوێندکارەکانی دەگاتە (٩٠٥٠) خوێندکارو هاوکات دانیشتووانەکەی بەدەست دەیان کێشەی پەروەردەییەوە دەناڵێنن. هاوکات لەگەڵ هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمدا، بەڵام تا ئێستا چارەسەر نەکراون، دیارترین کێشەی پەروەردەیی ناوچەکەش، کەمیی بینای خوێندنگەو قەرەباڵغی نێو پۆلەکانە، بە ڕادەیەک ژمارەی خوێندکاران لە پۆلەکاندا دەگاتە (٧٣)خوێندکار.

سەلام حەمە خواکەرەم، خوێندکاری پۆلی شەشەمەو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پۆلەکانمان زۆر بچووکنو (٤٤) خوێندکاریان تێدایەو بە ئەستەم جێی خۆمان دەبێتەوە».

هەروەک عەزیز محەمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی(شلێر) ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو: «لە خوێندنگەکەیاندا زیاتر لە (٥٥)خوێندکار لەپۆلێکدان, جگەلەوەی کە لەبەر نەبوونی قوتابخانە، خوێندکاری پێنج گوند دێنە قوتابخانەکەیانو ئەو قەرەباڵغییە کێشەی زۆری بۆ دروستکردووین».

هاوکات، مامۆستایەکی قوتابخانەی ملەکەوە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، لەپۆلی چواری بنەڕەتی وانەی دەوتەوە، وتی: «ئەم پۆلەی منی لێم، ئەوەندە قەرەباڵغە کە (٧٣) خوێندکاری تێدایە، نازانین چۆن خوێندکارەکان تێبگەیەنین، وانەیەک کە باس دەکەین، بۆ بەشداریکردنی خوێندکارێک، چوار بۆپێنج وانە، ئینجا سەرەی بەردەکەوێت».

سەرەڕای بەردەوامبوونی کێشەکانی بواری پەروەردە لە قەزای پێنجوێن، بەڵام بە وتەی بەرپرسانی پەروەردە، هەوڵدراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە.

ئیسماعیل عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری پەروەردەی پێنجوێن، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەچاو فراوانبوونی پێنجوێنو زۆربوونی ڕێژەی خوێندکاراندا، بینامان کەمەو پۆلەکان قەرەباڵغن، بەڵام هەوڵی چارەسەری ئەو گرفتە دەدەین».

ئەوەشی ڕوونکردەوە، پێنج قوتابخانە بۆ گوندەکانی سنووری پێنجوێنو قوتابخانەیەکی (١٨)پۆلی بۆناو پێنجوێن دەرچووە، بەڵام ئەو بینایانە تازە بناغەیان دانراوەو پێدەچێت زیاتر لەساڵێکی تر تەواوبن، لە ڕاستیدا بۆئەمساڵ نابن، تا خوێندکاران لێی سوودمەندبنو ئەو گرفتە نەهێڵن».

بوونی سەرمای زۆرو ساردوسڕیی پۆلەکانو دابین نەکردنی ئامێرەکانی گەرمکەرەوە لەنێو قوتابخانەکاندا، یەکێکی ترە لە کێشە پەروەردەییەکانی پێنجوێن.

بڕیار عوسمان، کە خوێندکارێکی پۆلی حەوتەمە، ئاماژەی بەوە کرد: «ئەوە مانگی یەکەو تا ئێستا سۆپامان نییە، ژوورەکەشمان زۆر گەورەیەو زۆر ساردو قەرەباڵغەو وەک پێویست تێناگەین لە وانەکان».

ڕێبوارعەبدوڵڵا، باوکی خوێندکار، زۆر نارازیی بوو لە قەرەباڵغیو ساردیی پۆلەکانو وتی: «پۆلەکانیان زۆر قەرەباڵغەو جگەلەوەش زۆرساردە، چۆن دەبێت منداڵی بچووک سۆپایان نەبێت، چۆن بتوانێت لەوانەکانی تێبگات؟چۆن جێگەی کتێبو دەفتەری بێتەوە کە سێ سێ پێکەوە دابنیشن».



(٧٣) خوێندکار لە پۆلێکدا فۆتۆ: خالید مەحمود

# تیرۆری سپی، ڕوو لە هەڵكشانە

## «بەرپرسیاری سەرەكیی لە ڕووداوەكانی هاتوچۆ، حكومەتە»

سازدانی:
شارا عەبدولڕەحمان

ئاماری قوربانییانی هاتوچۆ لەساڵی (٢٠١٠)دا، مەترسیدارەو شارەزایەكی بواری هاتوچۆش پێیوایە، كە ئەگەر لەمساڵداو لە ڕێگەی یاسایەكەوە سەرجەم بوارەكانی هاتوچۆ ڕێكنەخرێن، ساڵی ئایندە ڕێژەكە لەوەش مەترسیدارتر دەبێتو ئاماژە بەوەش دەكات، كە بەرپرسیارێتیی سەرەكیی لە ڕووداوەكانی هاتوچۆدا، دەكەوێتە ئەستۆی خودی حكومەتەوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرێتیی گشتیی هاتوچۆی هەرێم، لەساڵی (٢٠١٠)دا بەهۆی ڕووداوی ئۆتۆمبێلەوە، (٦٠١)كەس گیانیان لەدەستداوەو (٦)هەزار كەسیش بریندارببوون، لەو ڕێژەیەش (٢٣٩)كەس لەوانەی كە گیانیان لەدەستداوەو (٢٦٣) كەس لەبریندارەكان لە سلێمانین، كە بەرزترین ڕێژەی قوربانییەكانە لەچاو دوو پارێزگاكەی تری هەرێمو پارێزگای كەركوكدا.

سەبارەت بەو ئامارەی كە لەبەردەستدایە، هەڵكەوت عەبدوڵڵا، شارەزا لەبواری هاتوچۆدا، پێیوایە كە ڕێژەی ئەو ڕووداوانەی لەسلێمانی تۆماركراون، گومان لەراستییو دروستیی ئەو ئامارانە بۆ دروست دەكات، هەروەك وتی: «ئەگەر لە ڕووی واقیعییەوە بڕوانینە ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی كە لەهەولێردا هەنو ئەو ناوچە فراوانەی كە لەهەولێر هەیەو بەراوردی بكەین بە سلێمانی، بۆمان دەردەكەوێت كە ئەو ڕووداوانەی لەناوچەی هەولێر ڕوودەدەن، بەشێكیان وەكو پێویست نەچوونەتە ناو ئەو داتایانەوە كە بەڕێوەبەرێتیی هاتوچۆ وەریگرتوون، هۆكاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی كە بەشێك لەو ڕووداوانە لەهەولێر بەشێوەی عەشایەری چارەسەركراون، ئەگینا لەسلێمانی ژمارەی ئۆتۆمبێلی تایبەت لە (٨٠)هەزاردایە، بەڵام ئەو ژمارەیە لەهەولێر لەسەروو (٢٠٠)هەزارەوەیە، بۆیە گومانم هەیە لەوەی كە چۆن دەبێت ژمارەی ئەو قوربانییانەی كە لەسلێمانی كەوتوونەتەوە، ئەوەندە بەرزبێتو ئەوەی كە لەهەولێر ڕوویداوە، بەو ڕێژەیە كەمبێت».

پاش ڕاگەیاندنی ئەو ئامارە لەلایەن عەمید قادر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی هاتوچۆی هەرێمەوە، بەرپرسانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، هیچ هەڵوەستەیەكی دیاریان لەسەر ئەو مەسەلەیە نەكرد، بۆیە بە بڕوای هەڵكەوت عەبدوڵڵا، ئەوە جێگەی سەرسوڕمانە كە تاقە كەسێك، نە لەلایەن حكومەتەوە، نە لەدەرەوەی حكومەت هەڵوەستەیەك لەئاست ئەم ژمارانەدا نەكات، كە ئەو بە «تیرۆری سپی» ناوی دەبات.

بەردەوام لەكوردستاندا لەكاتی ڕوودانی ڕووداوەكانی هاتوچۆدا، بەرپرسانی ئەو بوارە پەنجەی تاوان بۆ شۆفێرەكان درێژدەكەن كە سەرپێچی یاساكانی هاتوچۆیان كردووە، بەڵام شارەزاكەی بواری هاتوچۆ، ئەوە ڕووندەكاتەوە كە جگە لەشۆفێر، چەندین لایەنی تریش تاوانبار دەبن، بەڵام ناویان نایەت. هەروەك بەم شێوەیە وردی كردەوە:

ڕاستە مرۆڤەكان، واتە شۆفێرەكان هۆكاری سەرەكیی ڕووداوەكانی هاتوچۆن، بەڵام لای ئێمە سیستمی مۆڵەتپێدان بەشۆفێر بۆخۆی هەڵەیە، واتە ئەوانەی كە لەسەر شەقامنو مۆڵەتی شۆفێرییان هەیە، بەشی هەرە زۆریان شۆفێر نین، چونكە شۆفێر ئەو كەسەیە كە لە ڕێگەی خولێكی تایبەتییەوە هەموو زانیارییەكان سەبارەت بەیاساو هێماكانی هاتوچۆو ڕێگاوبانو ئۆتۆمبێلو مانۆڕەكانی لێخورین وەردەگرێتو لەئاستی پراكتیكیشدا ئەمانە هەمووی جێبەجێدەكات، بەڵام لە كوردستان (٢٠٪)ی ئەمانە جێبەجێ ناكرێن، بۆیە ئەوەی كە ئەو سیستمی مۆڵەتپێدانە دروستی دەكات، شۆفێر نییە، تەنانەت نیمچە شۆفێریش نییە، ئەوە كەسێكە كە مۆڵەتی شۆفێری پێدراوە.

لەئێستادا لەكوردستان، سیستمی مۆڵەتپێدان لەسلێمانییەوە بۆ هەولێر دەگۆڕێت، لە (٢٠٠٤)دا هەڵكەوت عەبدوڵڵا بە هاوكاریی چەند شارەزایەكی تری بواری هاتوچۆ، سیستمێكی مۆڵەتپێدانیان لە دانیماركییەوە وەرگێڕایە سەر كوردیو لەو كاتەوە تا ئێستا لەسلێمانی كاری پێدەكرێت، بەڵام لەهەولێر سیستمی مۆڵەتپێدان هەر سیستمە كۆنەكەیە.

هەڵكەوت، لەو بارەیەوە وتی: «بۆ دەستپێكردنی ئەم سیستمە، كۆنفرانسێكمان بەستو بەڕێوەبەرێتیی هاتوچۆی هەولێریشمان بانگهێشت كردو باس لەوە كرا كە ئەم سیستمانە یەكبگرن، بەڵام قبووڵ نەكرا، دەشێت بەهۆكاری سیاسی بووبێت، دەشێت هۆكاری ئەوەی هەبووبێت كە قەناعەتیان بەم سیستمە نەبووبێت، یان هۆكاری شەخسیی لەپشتەوە بووبێت».

لەكاتی ڕاگەیاندنی كارنامەی كابینەی شەشەمی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا، ئاماژە بە دانانی سیستمێكی هاوچەرخی یەكگرتوو كرا لەكوردستاندا، بەڵام تا ئێستا ئیش لەسەر ئەمە نەكراوە، بۆیە هەڵكەوت، پێیوایە كە دەبوو قوربانییەكانی هاتوچۆ، هۆكارێك بوونایە بۆ ڕاچڵەكاندنی حكومەتو لایەنە پەیوەندیدارەكانو كاركردن بەسیستمێكی هاوچەرخی یەكگرتوو، تا شۆفێری زانستی بنێردرێتە سەر سەقامەكان، وتیشی: «لەدوای هەڵبژاردنی ساڵی پارەوە، بۆئەوەی خەڵك نارازیی نەبێت لە دەسەڵاتی سیاسیی، بەرپرسان هاتوون یاساشكێنییان لەخەڵك قبووڵكردووەو تا ئێستا ئەو یاساشكێنییە بووەتە نەریتو ئەویش ڕووداوەكانی هاتوچۆ زیاددەكات، بۆیە پێموایە، بەرپرسیاری سەرەكیی لە ڕووداوەكانی هاتوچۆ، حكومەتە».

ڕۆژانە تێبینی دەكرێت، چاڵو چۆڵیو تاسەو خراپیی ڕێگاكان، شۆفێرانو پیادەڕەوانی بێزاركردووەو هەر ئەوانیش هۆكارێكن بۆ ڕوودانی حاڵەتەكانی هاتوچۆ، لەكاتێكدا كە بەكەمترین شێوە لەكاتی ڕوودانی ڕووداوێكی هاتوچۆدا، ئاماژەی پێدەكرێت.

شارەزاكەی بواری هاتوچۆ، ئەوە دەخاتەڕوو، كە شەقامەكانی كوردستان بەشێوەیەكی زانستیی دروست ناكرێنو ئەو قیرەی كەلێی دروست دەكرێن، بەپێی بنەما زانستییەكان نییە، بۆیە زۆربەی ئەو شەقامانە ماوەی ساڵێكی بەسەردا تێپەڕ نابێت، هەمووی دەبێتە تاسەی ورد ورد، «ئەمە جگە لەوەی كە هێمای هاتوچۆی گونجاو لەسەر شەقامەكانی دەرەوەو ناوەوە، بەكەمی دەبینرێت».

كەمشارەزایی كارمەندانی هاتوچۆو نەبوونی هۆشیاریی لەو بوارەدا، بە بڕوای هەڵكەوت عەبدوڵڵا، هۆكارێكی ترە بۆئەوەی كە ڕووداوەكانی هاتوچۆ لەزیادبووندابن، وتیشی: «خودی بەڕێوەبەرێتیی هاتوچۆو كارمەندەكانی ئەو بەڕێوەبەرێتییە لەپلەی ئەفسەر بۆ خوارەوە، هیچ ئاگاداری یاساو مانۆڕو هێماكانی هاتوچۆ نین، كارمەندانی هاتوچۆ بۆخۆیان هۆشیاریی هاتوچۆیان نییە، كەواتە چۆن دەتوانن ئەو هۆشیارییە ببەخشن بەكەسانی تر، بەشێك لەو كارمەندانەی كە ئێستا مۆڵەتی شۆفێری دەدەن بەخەڵك، بۆخۆیان هۆشمەندییان بەسیستمی پێشكەوتووی هاتوچۆی دنیا نییە».



هەڵكەوت عەبدوڵڵا

لەسەرانسەری هەرێمی كوردستاندا، (٨٠٤)هەزارو (٨٨٠) ئۆتۆمبێل هەیە، كە ئەمە بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی شەقامەكان، زۆر زۆرەو ئەمیش بەشێكی ترە لەو هۆكارانەی كە بەهۆیەوە ڕووداوی هاتوچۆ ڕوودەدەن، بۆیە شارەزاكەی بواری هاتوچۆ، ئەوە لێكدەداتەوە كە هاوردەكردنی ئۆتۆمبێل ئەوەندەی گرێدراوی شتێكە كە پێی دەوترێت بازاڕی ئازاد، كە ئەو پێی دەڵێت «بازاڕی تاڵان»، ئەوەندە گرێدراوی لێكۆڵینەوەیەكی زانستیی نییە بۆ هاوردەكردنی ئۆتۆمبێل، بۆیە دەڵێت: «پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەكان، بەرپرسیارێتیی خۆیان لەئاست پاراستنی ژیانی هاوڵاتییان، دروستكردنی هاوسەنگیی لەنێوان شەقامو ژمارەی ئۆتۆمبێلەكانو ژینگەپارێزیی، بەكاربهێنن».

لەكوردستاندا، یەكێك لەگرفتەكان ئەوەیە كە هەماهەنگیی لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەكان كەمە، یاخود لەهەندێك حاڵەتدا هەر نییە، بەتایبەت كە بەڕێوەبەرێتییەكانی هاتوچۆ، پێویستە هەماهەنگییان لەگەڵ چەند لایەنێكدا هەبێت كە ئەوانیش تەندروستی، شارەوانی، ڕێگاوبانی دەرەوەو پارێزگان تا بۆ بەڕێوەچوونی هەر پرۆژەیەك، یان ڕوودانی هەر حاڵەتێك، هەموو لایەنەكان چارەسەری گونجاویان پێبێت، بەڵام بە بڕوای هەڵكەوت عەبدوڵڵا، ئەم هەماهەنگییە لەنێوان ئەو لایەنانەدا زۆر لاوازە، یاخود هەر نییە.


بۆیە پێویستە كەسانی شارەزاو پسپۆڕ لەو بوارانەدا هاوكاربن بۆ بەرچاوڕوونییو دۆزینەوەی ئەو ڕێگایانەی كە بەهۆیەوە چاكسازیی لەسیستمی هاتوچۆدا دەكات، بەڵام بە بڕوای هەڵكەوت عەبدوڵڵا، ئەگەر ئەو شارەزایانە دەستگیرۆیی نەكرێن، ئەوانیش ناتوانن ئەو خزمەتە پێشكەش بكەن.

وەكو وتی: «من بۆ خۆم لە (١٠/٥)دا، ڕاپۆرتێكی دوورودرێژم لەسەر گرفتو چاكسازیی سیستمی هاتوچۆ پێشكەشی بەڕێوەبەرێتیی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی كرد، پێش ئەوەش ڕاپۆرتم داوەتە سەرۆكی حكومەت، لەگەڵ بەڕێوەبەرێتیی گشتیی هاتوچۆو بەڕێوەبەرێتیی هاتوچۆی سلێمانیو بەڕێوەبەری پێشووی هاتوچۆی سلێمانی دانیشتووومو وتوومە كە بەخۆبەخش ئامادەم وەكو جاران خزمەت بكەم، بەڵام ئەگەر ئەوان كراوە نەبن، ئەی چاكسازیی چۆن ڕووبدات».



# سلێمانی دەكەنە پایتەختی ڕووناكبیریی

عەبدوڵڵا ئەحمەد



سلێمانیو خەڵكەكەی، خۆیان پێشەنگی ڕووناكبیرینو پێویستیان بەدرووشمو هاشوهوشی كەسانێك نییە كە خۆیان خەڵكی سلێمانینو ئێستا بۆ مەرامی سیاسییو بۆ درێژەدان بە گەندەڵییو پاراستنی سەروەتو سامانەكانیان، دەڵێن: سلێمانی دەكەینە پایتەختی ڕووناكبیریی.

سلێمانی، هەروەك چۆن لە ڕابردوودا شاری پیرەمێردو شێخ نوری شێخ ساڵحو چیرۆكی لەخەومای جەمیل سائیبو ڕازی تەنهایی ئەحمەد هەردیو داری ئازادیی بێكەس بووە، لەئێستاشدا سلێمانی شاری ئازادیی ڕادەربڕین، شاری میدیای ئازاد، دەنگی ڕاستەقینەی خەڵكی نارازیی بەم سیستمە حیزبۆكراتییەو دەنگی بەرفراوانی ئۆپۆزسیۆنەو ئەوانەی دەبێژن، سلێمانی دەكەینە پایتەختی ڕووناكبیریی، كەسانێكن كە چاویان نە بە میدیای ئازاد، نە بە دەنگی ئازاد، نە بە كۆمەڵگای ئازاد هەڵنایەت، ئەوانە لەبنەڕەتدا سلێمانی ژینگەیان نییەو خەویش بەوەوە دەبینن كە سلێمانی شاری میلیشاو شاری حیمایەو شاری دەسەڵاتی ڕەهای خۆیان بێت. ئەوانەی لە ئێستادا بانگەشەی ئەوە دەكەن، سلێمانی بكەنە پایتەختی ڕووناكبیریی، گرووپگەلێكن كە دەیانەوێت، بەم هوتافو دروشمانە دڵی ڕەنجاوی ئەم شارە، بە خەیاڵی خۆیان ئاشتبكەنەوە.

كێن ئەوانەی سولەیمانی دارومولكی بابان، دەكەنە پایتەختی ڕووناكبیریی، بەچی دەیكەن؟ بەو تەلاری هونەرەی كە كەمترین هونەری تێدا نمایش دەكرێتو لەبەرامبەردا هەرچی سیاسیی ئێكسپایەری كوردستانو عێراق هەیە وتاریان تێدا پێشكەش كردووەو لەنیوەی وتارەكانیاندا، یان كارەبا بڕاوە، یان مایكەكان دەستی بە گیزە گیز كردووە. ئەرێ من دەپرسم، بەچی دەیكەن بە پایتەختی ڕووناكبیریی، بە كام هۆڵو بە كام گالێریو كام فێستیڤاڵو كام چالاكی؟

ئەرێ بۆ بیست ساڵە لە خۆتان نەپرسیووە، ئەگەر هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی لەكاتی خۆیدا ڕژێمی لەناوچووی بەعس دروستی نەكردایە، ئێستا ئێوە دەبوایە لەبەر بارانو سەرماو سۆڵەی زستانو گەرمای هاویندا وەعزتان بدایە، سلێمانی بەچی دەكەن بە پایتەختی ڕووناكبیریی، بە وێرانكردنی خانووە كۆنو فرۆشتنی ماڵە كەلەپورییەكانی؟

سلێمانی، كێن ئەوانەی دەیانەوێت بیكەن بە پایتەختی ڕووناكبیریی، فەرموون شاكارە ئەدەبیو هونەرییەكانتان بخەنەڕوو، فەرموون خزمەتە ڕۆشنبیرییو هونەرییەكانتانمان پیشان بدەن؟

بەچی سلێمانی دەكەنە پایتەختی ڕووناكبیریی، بەو هەموو خزمەتو پرۆژە ستراتیژییانەی لەبواری هونەرو ڕۆشبیریدا بەئەنجامتان گەیاندوون لەسلێمانیدا، گریمان ئێمە نایزانین، فەرموون ئەو دامەزراوە كەلتوورییو هونەرییانەمان پیشانبدەن كە لەسلێمانیدا بە ئەنجامتان گەیاندوون. سلێمانی خۆی شارێكی زیندووەو ڕووداوە سیاسییەكانو گۆڕانكارییەكان كە لەم شارەوە سەرچاوە دەگرن، پێماندەڵێن: سلێمانی بەعەقڵی ڕۆشنبیرو متەنەویرەكانی بیردەكاتەوەو بەدڵی هاوڵاتییە سادەو ساكارەكانی دەژی.

سەیدسادق
ـسان دەوێ لەم خەڵكە، یاساكەتان بێكەڵكە

كۆیە
هەمومان هاوار دەكەین.. یاسای وا قبوڵ ناكەین

عەربەت
ئێمەی خەڵكی ئەم شارە، نارازین بەو بڕیارە



## ماموستایان دەسەڵاتیان هەژاند



**شوان رابەر**

ئینسان بە هەڵوێست دەناسرێت، هەڵوێست ئینسان خۆشەویستو گــــەورە دەكــــاتو دەسەپێنێت، هەڵوێست شــۆڕشو بــەرخــودان بەرپا دەكــاتو مافەكان بــەدەســتــدەهــێــنــێــت، هەڵوێست حكومەتو دەسەڵات دەخاتە ژێر پرسیارو دەیهەژێنێت، زۆركەس پێشتر نەیاندەزانی ماموستایانی ئاینی چەند كاریگەرنو چ ڕۆڵێكیان لەنێو خەڵكدا هەیە، نازانن هەر ماموستایەك باشترین چەكو شوێنی بەدەستە كە دوانگەو وتارو بانگەوازی هەیە، باشترین هەقیان بەدەستە كە پەیامی خوایەو باشترین پاڵپشتیان هەیە كە خوای پەروەردگارە، باشترین خەڵكیان لەگەڵە كە جەماوەرە، بۆیە پێشتر حسابیان بۆ نـەدەكـردن، بەجۆرەها شێوە دەیانچەوساندنەوەو فەرامۆشیان دەكردن، ماموستایانیان لە وتار لادەداو تاجیمو سنورداریان دەكـردن، مووچەیان دەبڕین، داوای تەزكیەی حیزبیان لێدەكردن، دەیانخستنە ژێر پرسیارو كاریگەریی حیزبو حكومەتو دەسەڵات، كەچی كاتێك باس لە یاسای جێندەر كرا كە لەگەڵ ئایینو خەڵكو بیروباوەڕی موسوڵمانان ناگونجێت، ماموستاكان زۆر بوێرانەو ئاقڵانە بە بەڵگەوە كەوتنە باسكردنی ئەم یاساو چەمكە، پەرلەمانو دەسەڵاتیان خستە قەفەسی تاوانبارییو راوەدونـان، بەم كــارە گۆمەكەیان شڵەقاندن، دەسەڵاتیان هەژاند، كاریگەریی خۆیان سەلماند، كە چەند خاوەن بڕیارو كاریگەریو جەماوەرن، كەواتە پێویستە ماموستایانی ئاینی هەمیشە لەسەر دژایەتیكردنی ئایینو میللەت، خاوەن هەڵوێستو هاوهەڵوێست بن، ماموستایان هەموویان لەسەر هەقو هەڵوێست كۆكبن، ئەوان بەرگریی لە هەقو خەڵكو ئاین بكەن، خەڵكیش بەرگریی لەوان بكات، دەبێت حكومەتیش پاڵپشتی ئەوان بكاتو حسابیان بۆ بكات، بە هەڵوێستی ئەوان سەرۆكی هەرێم یاسای جێندەری گەڕاندەوە پەرلەمانو واژۆی لەسەر نەكرد، ئەگەر ئەمڕۆ لە مریشك نەپرسینەوە بەیانی گاڕانو مێگەل بە خڕەوە دەبرێو سودیشی نابێت، هەڵوێستی چەند ماموستایەكی ئایینی لە هی پەرلەمان باشترو كاریگەرتر بوو، ئەی ئەگەر بە گشتیی ماموستایانی ئاینی وتاری باشو هەق بدەنو هەڵوێست بنوێننو خەڵك لەگەڵیان بێت، هیچ هێزو دەسەڵاتێك خۆیان لە بەرامبەردا راناگرێت، پێویستە ماموستایان دەسەڵات بخەنە ژێر كاریگەرییو رای خۆیان، تا بە ئارەزووی خۆیان بڕیار نەدەنو تەڕاتێن بە خەڵك نەكەن، پێویستە ماموستایانی ئاینی هەموویان خۆیان بە یەك لاشە بزاننو لەسەر یەك بەجواب بێن، بە تایبەت یەكێتیی زانایان، یان یەكێتیی زانایانی ئیسلامیی سەربەخۆ دروستبكەن، كۆڕی زانیاریی فیقهی ئیسلامی دابنێن، هەڵوێست لەسەر پرسە ئایینییەكان وەربگرنو وتاری لەسەر بدەنو بەیاناتی لەسەر دەربكەن.

# كۆدەنگیی لەسەر خراپ بەكارنەهێنانی مینبەری مزگەوتەكان پێكدێت



**لاڤە بەشارەت**
**ئاریان حەسەن**

**وتارو هەڵوێستە توندەكانی بەشێك لە مەلاكانی هەرێمی كوردستان لە بەرامبەر چالاكوانانی ژنانو كۆمەڵگەی مەدەنی گرژیی دروست دەكات. ئەم نیگەرانییەش كۆدەنگییەكی لێدەكەوێتەوە بۆ خراپ بەكارنەهێنانی مینبەری مزگەوتەكان.**

رێــكــخــراوی ئــاســوودە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی مێینە، لە كۆتایی تشرینی دووەمــی (٢٠١٠)، لە بەیاننامەیەكدا ئیدانەی وتارێكی مەلا یاسین حەكیمی، كرد كە وتاربێژی مزگەوتی (حاجی عوسمانی عەلاف)ەو لە وتارەكەیدا «جارێكی تر لە رێگەی مینبەری مزگەوتەوە رەوایەتی بە دیاردەی خەتەنەكردنی مێینە داوەتەوە، كە چەندین ساڵە رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵی بنەبڕكردنی دەدەن».

لەو كەمپەینەدا رێكخراوی ئاسوودە داوادەكات «حكومەتی هەرێمی كوردستان بە هیچ شێوەیەك رێگە نـەدات شوێنە گشتییەكان بە تایبەت مزگەوتەكان بۆ رەوایەتیدان بە پێشێلكاریی بەرامبەر ئافرەتانو توندوتیژیی خێزانی بەكاربهێنرێت، بە پێچەوانەوە دەبێت مینبەری مزگەوتەكان هۆكارێكی گرنگ بن بۆ چەسپاندنی مافەكانی مرۆڤ، بۆیە هەق وایە بەپێی یاسا سزای ئەو كەسانە بدرێت كە مینبەری مزگەوت بۆ مەبەستی تایبەتو لە دژی بنەماكانی مافی مرۆڤ بەكاردەهێنن».

دوای تێپەڕبوونی مانگێك بەسەر ئەو وتــارەی مەلا یاسین حەكیمدا، هەڵسووڕاوانی ژنان خۆپیشاندانێكیان بۆ بـەردەم پەرلەمانی كوردستان رێـكـخـسـت، لــە دژی كتێبی (راستییەكی ونبوو)، كە مەلا فـــەرمـــان خەرابەیی نووسیویەتیو تیایدا ناوی كۆمەڵێك چالاكوانی ژنانی هێناوەو تۆمەتی هاندان بۆ بەدڕەوشتیو دژایەتی ئیسلامو هاندان بۆ تەڵاقو تێكدانی خێزانی خستووەتە ئەستۆیان.

چالاكوانانی ژنان لەو خۆپیشاندانەدا كە رۆژی ٢٠١١/١/٥ بەڕێوەچوو، یاداشتێكیان پێشكەشی پەرلەمانی كوردستان كردو تیایدا نارەزاییان ئاراستەی هەرسێ سەرۆكایەتییەكەی هەرێمو پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیـرانو حیزبو لایەنە سیاسییەكانو هاوڵاتییان كردو داوایانكرد؛ ماموستایانی ئایینی دەست لە كاروباری رۆشنبیریی وەرنــــەدەنو كۆمەڵگە لە چالاكوانەكانی بـواری مافی ژنـان هان نەدەن.

ئومێد قەرەداغی، توێژەر لە بواری ئایینەكان بە رۆژنامەی راگەیاند: «هیچ كەس بە نـاوی ئایینیەوە بۆی نییە سنووری ئازادیی قسەكردن گەمارۆ بدات، بە بیانووی پارێزگاریكردن بێت لە ئایین، یان بە بیانووی یاسای شەریعەتەكان، چونكە ئایین بابەتێكی گشتییە هەر تاكێك لە تاكەكانی كۆمەڵگە مافی ئــەوەی هــەیـە قسە لەسەر ئایین بـكــات، بــەڵام دەبێت رەچاوی رێسا ئایینیەكان بكرێت».

رۆشنبیرانی هەرێمی كوردستان بڕوایان وایە؛ لە ساڵی (٢٠١٠)دا زۆرترین هێرشیان لە لایەن زانایانی ئایینی ئیسلامەوە كراوەتە سەرو دەستوەردراوەتە كاروبارە رۆشنبیرییەكانەوە.

ئەوەی زۆر بارەكەی ئاڵۆز كرد، ئەو لێكدانەوەیە بوو كە بەشێك لە وتاربێژەكانی مزگەوتەكانی شـاری هەولێر بە هەڵە لێكدانەوەیان بۆ چەمكی (جێندەر) كرد، كە لە یاسای وەزارەتی رۆشنبیرییو لاواندا ئاماژەی پێكرا بوو، ئەو مەلایانە چەمكی جێندەریان بە مانای (هاوسەرگیریی هاوڕەگەزیی) لێكدابووەوە. لە كاتێكدا دەیان ساڵە ئەم چەمكە بە مانای (یەكسانیی ژنو پیاو لە مافدا) بەكارهاتووە.

عەبدولڕەحمان حەسەن بابەكر، ئەندامی لیژنەی ئەوقافو كاروباری ئایینی لە پەرلەمانی كوردستان پێیوایە: بە هیچ شێوەیەك نابێت مەلاكان قسە لەسەر شتێك بكەن، كە پەیوەندیی بەوانەوە نەبێت، نابێت بچنە سە مینبەرو بە ئـارەزووی خۆیان خیتاب بدەن، بەبێ ئەوەی رێگەیان پێ بدرێت.

ئەو پەرلەمانتارە بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو كێشەیەی كە مەلاكان لەسەر وشەی جێندەر نایانەوە، تەنیا لێكتێنەگەیشتن بوو، وشەی جێندەر واتە (پێكەوە ژیانو یەكسانیی)، بەڵام ئـەوان بە شێوەیەكی تر لێكیان دایەوە، بۆیە نابێت مەلاكان لەسەر هەرشتێك كە بیانەوێت قسەی لەسەر بكەن، چونكە ئەوە دەبێتە هۆی تێكدانو ئاژاوەنانەوە، ئێمە دەمانەوێت ئەو كەلتوورە بگۆڕین، نابێت ئەوان لە دژی ئەمەبن».

ئــەوەی جێگەی نیگەرانیی زیاتری رۆشنبیرانە لێنەپرسینەوەی وەزارەتــی ئەوقافە لــەو مەلایانەی كە مینبەری مزگەوتەكان بە خراپ بەكاردەهێننو دەبنە هۆی دروستكردنی بارگرژیی.

مەریوان نەقشبەندی، وتەبێژی پێشتری وەزارەتی ئەوقاف بە رۆژنامەی راگەیاند: «مینبەری مزگەوتەكان مینبەرێكی رەسمییە لەسەر حكومەتو وەزارەتــی ئەوقاف دەژمێرێت، كاتێك قسەیەك، یان فەتوایەك بە پێچەوانەی راستییەوە بێت، لەسەریان دەكەوێت».

نەقشبەندی، وتیشی: «وەزارەتی ئەوقاف حەز ناكات كە ماموستایانی ئایینی مینبەری مزگەوتەكان بەكاربهێنن بۆ شیكردنەوەی بابەتێك كە پەیوەندیی بە ئەوانەوە نییە».

## بۆ بەڕێز / رۆژنامەی رۆژنامە

**بابەت / روونكردنەوە**

لە ژمارەی (٦١٢)ی رۆژنامەكەتاندا لە بـەرواری(٢٠١٠/١٢/١٤)، راپۆرتێك بـڵاوكـراوەتـەوە، كە گوایە وەزیـری نـاوخـۆی هـەرێـمـی كـوردسـتـان، بەبێ بینینی خولی سەربازیی، سێ پۆلیسی كـــردووە بــە ئـەفـســەر لە ســەر ئـیـدارەی هەولێرو هاتوونەتە بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی هاتوچۆی كەركوكو دەوام دەكـەن، هەروەها دەربـــارەی ئـەو دوو نـووسـراوەی بەڕێز وەزیـری ناوخۆی هەرێم كە بڵاوكراوەتەوە، لە رۆژنامەكەتاندا، دەمانەوێت ئەم روونكردنەوەیە بدەین بە رۆژنامەكەتان. بە نووسراوێك لە سەرۆكایەتیی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بە بڕیاری ژمارە(١-١) دیوانی (٢٠١٠/٤/٢/١٠٤١/٧٠) (٥٠٠) لە ئەفسەرانی پارێزگای كەركوك بە شێوەیەكی گشتیی جێگركران، بە واژۆی بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بەڕێز (نـوری مالیكی)، ئەو سێ ئەفسەرەی كە لەڕۆژنامەكەتاندا ئاماژەی بۆ كراوەو ناویان هاتووە، لەناو ئەو (٥٠٠) ئەفسەرەدا ناویان هەیەو لەو (٤٦)ئەفسەرەن كە لە بەڕێوەبەرێتیی هاتوچۆی پارێزگای كەركوك دەوام دەكەن كە لە راپۆرتەكەتاندا هاتووە، ئەوانە تەنیا پۆلیسی سـادەن. ئەمە دووره لە راستییەوەو هەریەك لەو سێ ئەفسەرە، مفەوەزی دەرەجە (١)بوونو خاوەنی خزمەتێكی زۆرنو بڕوانامەیان هەیە، بەڵام دیارە پێشتر دەرفەت نەبووە بكرێن بە ئەفسەری پلە دوو، بەڵام لەگەڵ ئەم فەرمانەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیران گرتنیەوە كە زۆر پێشتر شایەنی ئەوە بوون كە بكرێن بە ئەفسەر لەیاسای خزمەتو خانەنشینی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆی عێراق، هەموو مفەوەزێكی پلە یەك، ئەگەر خـاوەنـی بڕوانامە بێت، دەبـێـت بە مولازمی دوو، چونكە غوبنیان هەبووەو پێشمەرگە بوون، بۆیان حیساب كراوە بە یەك روتبە بوون بە مولازمی یەك، بـەڕێـز وەزیــری نـاوخـۆی هەرێمی كوردستان، لە سەرووی یاساوە نییە تا بتوانێت خەڵكێكی پۆلیس بكات بە ئەفسەر، چونكە بەڕێزی زۆر پابەندی یاسایەو پێویست ناكات تانەی لێبدرێتو باسی بكرێت بەو شێوەیە، ئەو ئەفسەرە پلە بـەرزە، یان هەر كەسێكی تر كە ئێوەی ئاگاداركردووەتەوە لەو زانیارییە نـادروسـتو ناڕاستانە، خەڵكێكی گێرەشێوێنە، ئێمە بەریئین لەو ئەفسەرەو داواكارین بێتەڕوو بۆ روونكردنەوەی راستییەكانو بەپێچەوانەوە ئێمە رێگای یاسایی دەگەرینەبەر بۆ دەركەوتنی راستییەكان.

**عەمیدی هاتوچۆ،**
**سالار ئەحمەد فەقێ**
**بەڕێوەبەری هاتوچۆی پارێزگای كەركوك**

سەرجەم بەڵگەنامە پێویستەكانی تایبەت بە بەرزكردنەوەی پلەی ئەو ئەفسەرانە لای رۆژنامە پارێزراوە كـە بــە بـڕیـاری وەزیـــری نـاوخـۆ پلەكانیان بەرزكراوەتەوەو لە پۆلیسی رێپێدراوەوە كراونەتە ئەفسەر.

**رۆژنامە**

**هەولێر**
**یان یاسا هەمواركردن، یان پەرلەمان چۆڵكردن**

**سلێمانی**
**بە ئیمزای ئەم بڕیارە سەر شۆڕ ناكات ئەم شارە**

**هەڵەبجە**
**گەر دڵسۆزی میللەتن، لە خۆپیشاندان بۆ دەترسن**

**چیتـ**



# بەفەرمیکردنو پراکتیزەکردنی دەسەڵاتی چوارەم



پەری ئەحمەد

لە وڵاتێکدا کە پەرلەمان بە پێی ویستو خواستی حیزبەکانی دەسەڵات کاربکاتو یاساکانیش هەر بەو شێوە دەربکات کە بۆ بەرژەوەندیی ئەوان بێت، (دەستێک جل کە تەنیا پڕ بەباڵای ئەوان بێتو بەبەری کەسیتر نەکات)، تەنیا لەپێناوی بەردەوامبوونی دەسەڵاتی ئەواندا بێت، دەزگاکانی دیوانی چاودێریی دارایی، یا کۆمسیۆنی دەسپاکیی، یا هەر دەزگایەکی تری چاودێریی، ئەگەر بیەوێت چاودێریی کارەکانی ئەو حکومەتە بکات، هەرگیز سەرکەوتوو نابێت .

دەزگاکانی چاودێریی، چۆن دەتوانن ئەو کارە جێبەجێ بکەن، لە کاتێکدا کە یاساکان هەر لە سەرەتاوە هیچ بوارێکیان بۆ چاودێریی‌و رەخنە نەهێڵابێتەوە، یاسای خۆپیشاندانەکان بەڵگەیەکی زیندووە بۆ سەلماندنی ئەو راستییانە.

بەڕێوەبردنی ئیدارەی وڵات لە هەموو جیهاندا، لە رێگای سێ دەسەڵاتەکەوەیە کە بریتین لە حکومەت، پەرلەمان، دەسەڵاتی دادوەریی، دەبێت کاری ئەم سێ دەزگایە، بە تەواوەتی لێکجیاکرابێتەوە، ئیتر وڵات لەسەر ئەو سکەیەی کە دەستوور بۆی داناوە، بەڕێوەدەچێت.

ئیدارەی حوکمڕانیی لە هەموو وڵاتانی دیموکراتی‌و پێشکەوتووی جیهاندا، بەدەگمەن تووشی قەیران‌و کێشەی لەو جۆرە دەبن کە لەوڵاتی ئێمەدا باسیان لێوەدەکرێت، ئەویش بە هۆی تۆکمەیی‌و رێکوپێکی یاساکانی دەزگا حکومییەکانەوەیە لەو وڵاتانەدا.

لە کوردستان، زۆرجار باس لەوەدەکرێت کە پەرلەمان وەک پێویست بە ئەرکەکانی خۆی هەڵناسێت، بەپێی ئەو بۆچوونانە، دەبێت پەرلەمان چاودێریی کارەکانی حکومەت بکات، ئەم بۆچوونە لە کاتێکدا دروستە کە وڵات خاوەنی حکومەت‌و پەرلەمانێکی بێلایەن بێت، واتە دوور لە دەستێوەردانی حیزبیی، ئەمە لە لایەکەوەو لە لایەکیی تریشەوە، لە کوردستان، پەرلەمان رێنماییەکانی لە حیزبەکانەوە وەردەگرێت‌و بەهەمانشێوە حکومەتەکەش لە لایەن حیزبەوە فەرمان وەردەگرێت، کەواتە کێ چاودێریی کێ بکات؟ بەڕێوەبردنی ئیدارەی وڵات لەناو ئەم تۆرە ئاڵۆزەدا کە زنجیرەیەکی بێکۆتایی لێکهەڵکێشراوی حیزبیی، ئیداریی‌و تەشریعییە، کارێکی ئاسان نییەو بگرە مەحاڵیشە.

لە کوردستاندا، هەتا ئەمڕۆش سەرۆکی حکومەت بۆ پڕوپاگەندە بۆ حیزبەکەی، لە کاتی سەردانی ناوچە جیاجیاکاندا، سەربەخۆو راستەوخۆ، بڕیاری تەرخانکردنی ملیۆنەها دۆلار دەدات، وەک لەم رۆژانەدا کە بینیمان لە یەکێک لە یاریگاکانی سلێمانی‌و بە بەرچاوی هەموو خەڵکی کوردستانەوە، بڕیارێکی لەو جۆرەی دا، یاخود بڕیاری خانەنیشینکردنی ئەندامانی حیزبەکان بە پلەی وەزیرو بە جوملە، ئایا ئەم جۆرە بڕیارانە، ناچنە خانەی گەندەڵیی ئیداریی‌و داراییەوە؟

باشە لە کام وڵاتی دونیادا، بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان‌و ئەنجومەنی پلاندانان، بڕیاری لەو جۆرە دەدرێت. خەڵکی کوردستان، دەپرسن ئەوبڕیارانە بە کام یاسا دەردەچن! ئەو یاسایانەی کە بە نەکوڵاویی دەیکەن بە قوڕگی خەڵکی کوردستاندا!، کام دەستوور!، ئەو دەستوورەی کە بەبێ ریفراندۆم تێپەڕێنرا!، چۆن بەرپرسێک هەڵدەسێت بەتەرخانکردنی بودجەیەک لە سامانی گشتیی کە لە پلانی حکومەتدا نەهاتبێت.

بەڕێز سەرۆکی هەرێم کە بەرپرسی باڵای ئەم هەرێمەیە، ناپرسێت، ئەم پارە تەرخانکردنە بەو شێوە عیشوائییە چییە!، یاخود ئەمە بەشێکە لە مەرجەکانی رێککەوتنە ستراتیژییەکەی هەردوو حیزب کە دەبێت بەوپێیە بوار بۆ یەکێتی برەخسێت، بۆ ئەوەی بتوانێت هاوسەنگییە سیاسییەکەی دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕان راستبکاتەوە.

لێرەبەدوا کاتی ئەوەهاتووە کە ئۆپۆزسیۆن داوای یاسایەک بکات کە دەسەڵاتی تەواو بدرێت بە میدیای ئازاد، دوور لە میدیا حیزبییەکان، بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە، چونکە نە دیوانی چاودێریی دارایی‌و نە کۆمسیۆنی دەسپاکیی، ئەو توانا لۆجیستییەیان نییە کە بتوانن چاودێریی کارەکانی حکومەت بکەن، بۆیە:

١- دەرکردنی یاسایەک کە بە شێوەیەکی فەرمیی دەسەڵات بە دەزگاکانی میدیای ئازاد بدات، بە جۆرێک کە ئەرک‌و فەرمانەکانیان لەو یاسایەدا نیشانەکرابن، بۆ ئەوەی وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکیی لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشداریی بکەن، بۆ پشکنینی هەر مەلەفێک کە جێگای گومانبێت، بۆ هەموو وەزارەت‌و دامودەزگاکانی حکومەت، لە گشت بوارەکانی کارگێڕیی‌و داراییدا.

٢- پشتگیریکردنی دەزگاکانی میدیای ئازاد لە هەموو بوارەکاندا، دابینکردنی بودجەی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان.

٣- قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی حکومەت لەلایەن دەزگای راگەیاندنی حیزبەکانەوە.

٤- دامەزراندنی کەناڵی تایبەت بە حکومەت بە شێوەیەکی پیشەیی‌و بێلایەن، بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی دەزگا حکومییەکان.

٥-رێگرتن‌و قەدەغەکردنی تەرخانکردنی بودجە لەلایەن بەرپرسە حکومییەکانەوە بۆ هەر پرۆژەیەک بێئەوەی کە لە پلانی ساڵانەی حکومەتدا هاتبێت .

٦- دەبێت دەزگاکانی میدیای ئازاد، وەک دەزگای دادوەریی بە شێوەیەکی بێلایەنانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت‌و بە یاسا ئەرک‌و فەرمانەکانیان رێکبخرێت، دوور لە دەستێوەردانی هیچ لایەنێک، سەربەخۆبن لە کارەکانیاندا.

بەم جۆرە، هەنگاوێک بەرەو چاکسازیی‌و دیموکراتی دەنێین، ئەگەر دەسەڵات بیەوێت...

# دەسەڵاتی کوردیی چ جۆرە ئۆپۆزسیۆنێکی دەوێت؟



سیروان ژاژڵەیی

ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی بەوە دەناسرێتەوە کە خاوەن بەرنامەیەکی هەمەلایەنی فراوان بێت‌و بەردەوام ئۆپۆزسیۆنێکی بوێرو رەخنەگرو چاودێرێکی بێشەرم بێت بەسەر کایەکانی حکومڕانییەوە، ئیشی ئۆپۆزسیۆن نییە ستایشی کارەکانی دەسەڵات بکات‌و کەموکورتییەکانی حکومەت پینەوپەڕۆ بکات وەک ئەوەی دەسەڵاتی کوردیی داوای دەکات، بەڵکو ئەرکی ئەساسیی ئۆپۆزسیۆن، ئەوەیە لەکاتی خۆیدا کەموکورتی‌و گەندەڵییەکانی حکومەت بخاتەڕوو، رەخنەی جدییان لێ بگرێت‌و لەسەر هەر کەمتەرخەمییەک لە دامودەزگای یاسایی‌و خزمەتگوزارییەکان‌و رووداوی دۆخێکی نائاسایی سیاسیی‌و ئیداریی‌و ئابووریدا، کە کاریگەریی خراپی هەبێت لەسەر ژیانی کۆمەڵگە، پێویستە پەرلەمان‌و ئۆپۆزسیۆن، وەزیرو کاربەدەستان‌و لایەنی پەیوەندیدار بانگ بکاتە پەرلەمان‌و لێپرسینەوەی جدییان لەگەڵدا بکەن، ئەوەتا لەکوردستاندا وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم، تەنانەت وەڵامی پرسیاری فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن نادەنەوە، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی کوردیی، زیاتر لە عەقڵییەت‌و کەلتووری ستەمکارییەوە نزیکەو رۆژبەڕۆژیش دەست‌و پەنجەی لەگەڵ ئەو کەلتوورە نەرمتر دەکات‌و هەرگیز ناتوانێت دەسەڵات بەعەقڵییەتێکی مۆدێرن‌و تەندروست مامەڵە لەگەڵ ژیانی دیموکراسی‌و ئۆپۆزسیۆندا بکات. هەردوو حیزبی حاکم، لەسەر نەریتی ستایشکردنی سەرکردەو حیزب‌و کارەکانی راهاتوون‌و رەخنەو قسەکردن لەکەموکورتییەکان لەلایەن میدیای ئازادو ئۆپۆزسیۆنەوە، دەخەنە خانەی دوژمنایەتییەوە بۆ حکومەت.

پێش (٢٠٠٩/٧/٢٥)و دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارای بەهێز، کاتێک میدیای ئازادو رووناکبیران کارەکانی حکومەت‌و حیزبیان دەدایە بەر رەخنە، هەزار تۆمەتی نارەوایان دەخستە پاڵیان‌و رۆژێک تۆمەتی جاسوسی وڵاتانی ناوچەکەو رۆژیکیش بەتابووری پێنجەم...تادو ئەمڕۆکەش ئۆپۆزسیۆن بەتایبەت بزووتنەوەی گۆڕان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە سەر بە عەرەبی شۆڤێنی‌و دوژمنانی کوردن‌و مەترسیی ئەمجۆرە بیرکردنەوانەی هەردوو حیزبی حاکم لە هەڵبەستنی تۆمەتدا نییە بۆ ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو مەترسییەکە لەوە گەورەترەو لەوانەیە هەرێمی کوردستان بەرەو دەسەڵاتی دیکتاتۆریی بەرێت‌و دواجارسەرجەم ئازادییەکانی کۆمەڵگە بکەونە بەر دڵڕەقیی ئەو دەسەڵاتەوە.

بەڕێز فازڵ بەشارەتی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانیی، چەند هەفتەیەک پێش ئێستاو لە چاوپێکەوتنی کەناڵی KNNدا بەئاشکرا دەڵێت، بۆیە پرۆژەکانی ئۆپۆزسیۆن لەلایەن ئێمەوە رەتدەکرێنەوە کە پرسیان بە حکومەت نەکردووە، واتا بەپێی بۆچوونی بەڕێزی، دەبێت ئۆپۆزسیۆن بەدڵی حکومەت پرۆژەکان بنووسێت‌و بە فەرمانی حیزبی حاکم قسە بکات‌و لەسیاسەت‌و بڕیاردانیدا سەربەخۆ نەبێت. بە کورتی، دەسەڵات ئامانجی ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆن دەستەمۆ بکات‌و دەنگو رەنگە جیاوازەکان بکوژێت‌و کوردستان بکاتە وڵات‌و کۆمەڵگەیەکی بێدەنگو مێگەلی.

دەسەڵاتی کوردیی، لەوە دڵنیا بێت، کاتێک تەنیا چەند رۆژنامەو رووناکبیری کەم لە کوردستان رەخنەی جدییان لە دەسەڵات دەگرت، نەیتوانی ئەو دەنگانە خەفە بکات، ئەمڕۆکە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزو کارا ئامادەگی هەیەو سەدان هەزار ئازادیخوازی لەپشتەوەیەو هاتوونەتە مەیدان، ئەوا بۆ هەمیشە ناتوانێت تەنیا بۆ ساتێکیش، دەنگو رەخنەو ئازادییەکان‌و ئۆپۆزسیۆن، کپ بکات.




# دادگاکانی بیروڕا



رەزا جەبار

یەکێک لەو رێگانەی کە دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان دەیگرنەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، رێگەی یاساییە، بە جۆرێک هەرکاتێک بیانەوێت شەرعیەت بدەن بە کارەکانیان پاساوی یاسایی بۆ دێننەوە، خۆ دەتوانن بەبێ یاساو بنەما یاساییەکانیش هەرچییەکیان بوێت بیکەن‌و ئەنجامی بدەن، بەڵام بۆ شەرعیەتی یاسایی‌و ختووکەدانی عەقڵی کۆمەڵگەو خۆڵکردنە چاویان، دێن یاسا دەکەنە پێوەری مامەڵەکردنیان لەگەڵ هاوڵاتییانداو بە ناوی یاساو جێبەجێکردنی یاساوە ئەوەی بە خەیاڵی دەسەڵاتی دیکتاتۆردا بێت ئەنجامی دەدات، کەواتە دەتوانین بڵێین؛ یاسا وەک دامەزراوە بەشێکە لە سیستمی دەسەڵاتداریتی هەموو دەسەڵاتە جیاوازەکان بە دەسەڵاتی دیکتاتۆریشەوە، بەڵام ئەوەی جیاوازیی دەکات لەنێوان سیستمی دادگەریی دەسەڵاتی دیموکراسی‌و دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا ئەوەیە؛ کە دەسەڵاتی دیموکراتی هاوشان لەگەڵ بوونی یاسادا بڕوای تەواوی بە مافی هاوڵاتییان هەیە، واتە مەبدەئی بڕوابوون بە مافی «هاوڵاتی»بوونی هەیەو سیستمی دادگەریی هیچ نییە جگە لە هێزی گەورەی پشتگیریی لە مافە تایبەتی‌و گشتییەکانی هاوڵاتییان، بە پێچەوانەوە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی تەنیا بڕوای بە یاسا هەیە بەبێ بوونی مەبدەئی سروشتی مافی هاوڵاتییان، بە جۆرێک یاسا لەبری ئەوەی پارێزەری مافەکانی هاوڵاتییان بێت، دەبێتە شورای بەرگریکردن لە دەسەڵات‌و هۆکارێک بۆ چەوساندنەوەی هاوڵاتییان.

کورد بە درێژایی مێژوو بە ناوی یاساوە غەدری ئینسانیی‌و نەتەوەیی لێکراوە،ئەوەدیکتاتۆرەکانی رابردوو بوون بە ناوی یاساوەو لەنێو دادگا جیاوازەکانی دیکتاتۆریەتدا خەباتگێڕەکانیان دەکردە رەمزی ئینسانیی‌و نەتەوەیی، هەمیشە تێکۆشەرانی کورد لەنێو زیندانەکانی بەعسدا بە بڕیاری دادگاکان ئەمری لەسێدارەدان‌و شەهیدبوونیان بۆ دەردەچوو. واتە یاسا بۆ بەعس شەرعیەتی جێبەجێکردنی خواستە دیکتاتۆرییەکان بوو، بۆ خەڵکی کوردستانیش نەگبەتی‌و پێشێلکردنی مافەکانی بوو.

ئێستاش کێشەی گەورەی ئەم هەرێمە ئەوەیە یاسا بوونی هەیە، بەڵام مەبدەئی بڕوابوون بە «ماف» ئامادەیی نییە، ئەمەش دیسان دەبێتە کێشەی گەورەی هاوڵاتییانی ئەم هەرێمە، کە خەونی بە بوونی سەروەریی یاساو بڕوابوون بە مەبدەئی «ماف»ەوە دەبینی لە سەردەمی دەسەڵاتی کوردیدا.

لە ئێستادا کوردستان وەک سیستمی دەسەڵاتداریتی کێشەی گەورەی ئەوەیە: هێندەی دامەزراوەی یاسایی بۆ قایمکردنی پێگەکانی سەپاندنی ئەو دەسەڵاتەیە لەنێو کۆمەڵگەدا، هێندە بۆ بەرژەوەندیی‌و پاراستنی مافەکانی هاوڵاتییان نییە، هەروەک کێشەیەکی دیکەی دەسەڵات‌و سیستمی دادگەرییەکەی ئەوەیە؛ لە تەنیشتییەوە شتێک بوونی نییە بە ناوی بڕوابوون بە مافەکانی هاوڵاتییان‌و رەخساندنی زەمینەی جێبەجێکردنیان، ئەوەتا بە ناوی یاساوە دادگاکان بوونەتە شوێنی وەرگرتنەوەی مافەکان لە هاوڵاتییان، تا ئەو رادەی لەم هەرێمەدا دەرگای دادگاکان خراونەتە سەرپشت بۆ هەموو ئەوانەی وەک مافێکی سروشتی بڕوایان بە دەربڕینی بیروڕاکانیان هەیە. بینیمان دوو نووسەری جدیی کایەی رۆشنبیریی لە بەرامبەر دەربڕینی بیروڕاکانیان دادگا وەک «تۆمەتبار» مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، دادگایی بیروڕاکانیان دەکرێن!!!. ئەمە دوای ئەو لێشاوە لە راپێچکردنی رۆژنامەکان دێت بۆ بەردەمی دادگاو سزادانیان بە پارەی خەیاڵیی، خۆ ئەگەر هەموو سکاڵا یاساییەکان، بە تایبەت سکاڵا لەسەر رۆژنامەو گۆڤارەکان پاساویان ئەوە بووبێت «ناڕاستییەکیان» کردبێت لە هەواڵێکدا بۆیە دەدرێنە دادگا، ئەوا دەپرسین؛ لەدوای راپەڕینەوە تائێستا بەرپرسانی ئەم وڵاتە چەند بەڵێنیان بە خەڵک داوەو راستیان نەکردووە؟ ئەی بۆچی ئەو دامەزراوە یاساییانە کەسیانی نەبردە بەردەم دادگا؟ هەروەها جێی خۆیەتی بپرسین: دەزگاکانی چاودێری دارایی چەند راپۆرتیان لەسەر گەندەڵیی‌و دزینی سامانی گشتیی ئامادە کردو لە رۆژنامەکان بڵاوکرایەوە؟ ئەی بۆچی کەسێکمان نەبینی سزای یاسایی بدرێت؟ تۆ بڵێی هەواڵێکی «ناڕاستی» رۆژنامەوانی مەترسیی بێت بۆ کۆمەڵگەی کوردی، یان ئەو هەموو دزی‌و گەندەڵییەی کە دەزگاکانی چاودێری دارایی ئاشکرایان دەکات؟ کەواتە لێرە یاسا بوونی هەیە بۆ بەرژەوەندیی دەسەڵات، بەڵام مەبدەئی بڕوابوون بە ماف بوونی نییە بۆ هاوڵاتییان.

# خولانەوە لە هۆڵی پەرلەماندا

**ئامادەکردنی: هیوا جەمال**

بەپێی ڕووپێوییەکی سەرەتایی، بۆم دەرکەوتووە کە لەماوەی (٤)مانگی ڕابردوودا پەرلەمان دەیتوانی لانیکەم (٦٠)جار داوا لە (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیرەکانو سەرۆکی هەرێم) بکات بچنە پەرلەمان بۆ ڕوونکردنەوە، یان لێپرسینەوەیان.

لەماوەی خولی گرێدانی یەکەم لە ساڵی دووەمی خولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، پەرلەمانتارەکان (١٩)یاسایان پەسەندکردووە، (١٠١)پرسیاریان ناردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام بەپێی لێدوانی سەرۆکی پەرلەمان، تەنیا (٤١)پرسیار لەکاتی یاسایی (ماوەی ١٥ ڕۆژ) وەڵام دراونەتەوە.

بەشێک لە چاودێرانو پەرلەمانتاران، باس لە بێدەسەڵاتیی پەرلەمان دەکەن، بەوەی کە ناتوانێت ئەرکەکانی خۆی لەبەرامبەر دەسەڵاتدا ڕاپەڕێنێت.

ژمارەیەک، بیانوو بۆ ئەو مەبەستە دەهێننەوە، بۆنموونە دەڵێن: دەبێت ئاگامان لە حاڵی حکومەت بێت، حکومەتیش هی خۆمانەو نابێت زۆر فشاری بخەینە سەر، هێشتا سیمای دووئیدارەیی ماوە، دەبێت ڕێککەوتنی ستراتیژیی یەکێتیو پارتی لەبەرچاو بگرین...هتد.

هەندێکی تریش، کۆمەڵێک بیانوو دەهێنەوە، لەوانەش: زانیارییەکان بۆ پەرلەمانتاران فەراهەم نین، وەزارەتەکان وەک پێویست وەڵامی پەرلەمانتاران نادەنەوە، شەفافییەت نییە...هتد.

ئەم بیانووانەو چەندین بیانووی تریش ڕیزدەکەن، بەڵام دەکرێت هاوڵاتییان بڕوا بهێنن؟ ئەگەر وایە، بۆ ئەو مەسەلانە ناکەن بە دۆسیەو بە تەواوی لەخەڵکی بگەیەنن؟ یان شتێکی ترە؟

پەرلەمانتارێک، بە ڕاشکاویی هۆکارەکەی بۆ ڕوونکردمەوەو وتی: بێجورئەتیو کەمتەرخەمیو تەمبەڵیی خۆمانەو دەستمان بە مووچەکەی خۆمانەوە گرتووەو نازانین خەڵک لە چ حاڵەتێکدا دەژین، ئەوەشی بۆ زیادکرد کە حیزبایەتیکردن لە پەرلەماندا، زیاد لە پێویست پەرەی سەندووە.

کەواتە، ئەوە یەقینە کە لەنێوان بەرداشی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتدا، مافەکانی خەڵک هاڕاون.

بۆئەوەی بیانووی پەرلەمانتاران ببڕم، بۆ لێپرسینەوەو بانگهێشتکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، نموونەی لاپەرە (یەک)ی ڕۆژنامەکانی (هاوڵاتی، ئاوێنەو ڕۆژنامە)م لەماوەی مانگەکانی (ئەیلول، تشرینی یەکەم، تشرینی دووەمو کانوونی یەکەم)م وەرگرتووە، ئەویش تەنیا لاپەڕەی یەکەمی ئەو ڕۆژنامانە.

ئەوەی کە زۆر ڕوونە، مەسەلەی دواخستنی بودجەیە لەلایەن حکومەتەوە کە بووە بە پیشەی هەموو ساڵێکو دیارە پەرلەمانیش لای ئاسایی بووەتەوە، بەڵام ئەوە مافێکی خەڵکەو نابێت هیچ کەسێک لێی بێدەنگ بێت.

وەک پەرلەمانتارێک دەڵێت: دەکرێت بەشێوەیەکی ڕێژەیی بودجە بخەملێنرێتو حکومەت لەکاتی خۆیدا بینێرێتە پەرلەمان.

بەپێی زانیارییەکان، زیاتر (٦٣٪)ی بودجە هەموو ساڵێک دەچێت بۆ مووچە، بەتایبەت مووچەی پلەبەرزەکان، بەڵام هێشتا کەموکووریی زۆر لە مووچەی خەڵکدا هەیەو پەرلەمان دەیتوانی بە چاوخشاندنێک بە ڕۆژنامەکاندا، بێئەوەی ئەرک بکێشێتو بەدوایدا بگەڕێت، هەندێک زانیاری دەست بکەوێت.

پەرلەمان دەیتوانی سەرۆکی هەرێم بانگهێشتی پەرلەمان بکات لە سەر زۆر پرس کە هێشتا یەکلایی نەبوونەتەوە، بەتایبەت لەسەر ئەم ناونیشانانە:

هاوڵاتی: (٦٧٨-١٢/١٢) هاوڵاتی، ناوی بێسەروشوێنکراوانی شەڕی ناوخۆ بڵاودەکاتەوە.

ئاوێنە: (٢٤٥-١٠/١٢) سەرۆکی هەرێم، هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ پرۆژەی چاکسازیی هەرێم.

ڕۆژنامەی ڕۆژنامە: (٦١٤-١٢/٢٨) ڕۆژنامە، بە ژمارە پاشکشەی کورد لە بەغدا، ئاشکرا دەکات.

پەرلەمان، دەیتوانی سەرۆکی حکومەت بانگ بکات بۆ ئەم ناونیشانانە:

لە هاوڵاتی: (٦٦٠-٩/٥) لە جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکاندا، سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێن. (٦٩٥-٩/١) پارەی میللەت دەچێتە گیرفانی یەکێتیو پارتییەوە. (٦٧٦-١٠/٣١) وەزیرە پارتییەکان، بەربەستی گۆڕانکارییەکانی یەکێتین.

ڕۆژنامەی ئاوێنە: (٢٥٥-١٢/٢٨) تەلەفزیۆنێکی پارتی، لە بینایەکی حکومیدایە. (٢٤٢-٩/٢١) حەڤدە ملیۆنی حکومەت ناگەڕێتەوە. (٢٤٤-١٠/٥) لە سلێمانی، زۆربەی بەڕێوەبەرەکان دەگۆڕدرێن.

لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە: (٦٠٥-١٠/٢٦) حکومەت، (١٠٧)ملیار دیناری دیکەی خەڵک دەداتە حیزبەکان. (٦٠٩-١١/٢٣) حکومەت، پرۆژەیەک بەبێ بەرامبەر دەداتە کۆمپانیایەکی ئەهلی. (٦١٠-١١/٣٠) لەسەردەمی کابینەی شەشدا، وەبەرهێنان لە سلێمانی داڕووخاوە. (٦١٣-١٢/٢١) حکومەت، (١٥)ملیار دیناری داوەتە کرێی پەیوەندیی.

پەرلەمانتارەکان، دەیانتوانی وەزیرانی ناوخۆ، کاروباری کۆمەڵایەتی، کارەبا، پەروەردە، ئاوەدانکردنەوە، تەندروستیو پارێزگارەکانی هەولێرو سلێمانی لەسەر ئەم ناونیشانانە بانگهێشتی پەرلەمان بکەن.

لێرەدا بەپێی ڕۆژنامەو ژمارەو ڕۆژی بڵاوکردنەوەی، تەنیا ناونیشانی بابەتەکان دەنووسینەوە:

ڕۆژنامەی هاوڵاتی: (٦٨٤-١٢/١) پاراستن، بە بێسەروشوێنکردنی پلەدارێک تۆمەتبار دەکرێت. (٦٨٢-١١/٢٤) هاوڵاتی، زیندانییە نهێنییەکانی کوردستان ئاشکرا دەکات. (٦٧٥-١٠/٢٧) حەوت کەسی نزیک وەزیری کارەبا، دەچنە حەج. بەسەدان کەس لە گەندەڵی بودجەی وشکەساڵیی گەرمیان، تێوەگلاون. (٦٧٣-١٠/٢) سەرۆکی حکومەت، لە ڕووخاندنی قوتابخانەی فریشتە دەکۆڵێتەوە. پەرلەمان، داوای دەستگیرکردنی قاسم ئاغا دەکات. (٦٧١-١٠/١٣) ئەوپرۆژە ئەهلییەی خوێندنگاکەی بۆ ڕووخێنرا، پێشتر زەوییەکەی (٢٧)ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە. (٦٧٠-١٠/١٠) بیست کیلۆ هیرۆین لە نێوان ئاسایشی گشتییو ئاسایشی سلێمانی دیار نییە. (٦٦٩-١٠/٦) شارەوانیی هەڵەبجە، (٣٥٠) پارچە زەوی دەداتە پارتی. (٦٦٨-١٠/٣) ئەو مستەشارەی تۆمەتبارە بە کوشتنی پێشمەرگە، بە بڕیاری پارێزگاری هەولێر، کوردستانی بەجێهێشت. (٦٦٦-٩/٢٦) لە ڕووداوێکی گوماناویدا، بەڵگەنامەکانی بەشی یاسایی پۆلیسی دارستان دەسووتێن. (٦٦٤-٩/١٩) ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی سەردەشت، ئاسایش هەیبەتی حکومەت دەخاتە ژێر پرسیارەوە. هاوڵاتی، وردەکاریی بێسەروشوێنکردنی (٤٤)گەریلای پەکەکە لە هەولێر بڵاودەکاتەوە. داواکاری گشتیی سلێمانی، دۆسیەی کوشتنی پەرلەمانتارێک دەنێرێتە هەولێر. (٦٦٢-٩/١٣) بەرپرسێکی یەکێتی: مانگانە زیاتر لە (٢٠)ملیۆن دۆلار وەردەگرن. هاوڵاتی، پەیوەندیی کۆمپانیا ئەمنییەکانو بەرپرسەکان ئاشکرا دەکات. سلێمانی لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان بێناز دەکەوێت. (٦٦١-٩/٨) دووسەد ملیار دیناری سندووقی نیشتەجێبوون، هێشتا دەستی لێنەدراوە. (٦٩١-١٢/٢٦) ماوەی چوار ساڵە مووچەی دەیان مامۆستا بەرزنەکراوەتەوە. (٦٨٩-١٢/١٩) مووچەی وەزیرە خانەنشینکراوەکان (٦)ملیۆن دینارە. (٦٨٨-١٢/١٥) هاوڵاتی، فەزیحەیەکی گەورە ئاشکرا دەکات، دەیان کەسی حیزبییو شەهیدو عەرەب وەزیری خانەنشینن. (٦٨٦-١٢/٨) بەرهەم ساڵح (١٦)ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی بە پلەی وەزیر خانەنشین دەکات. (٦٦٥-٩/٢٢) بە ملیۆنان دینار مووچەی پێشمەرگە بۆ گیرفانی یەکێتیو پارتی دەڕوات. بە هەزاران کادیری حیزبیی، بەبێ دەوامکردن، مووچەی حکومیی وەردەگرن.

لە ڕۆژنامەی ئاوێنە: (٢٤٠-٩/٧) شەشسەدوچلوهەشت کارگەی بەرهەمهێنان داخراون. (٢٤١-٩/١٤) سەرۆکی شارەوانیی کۆیە، دەزگاکەی بۆ بەرژەوەندیی شەخسی بەکارهێناوە. (٢٤٣-٩/٢٨) سێسەد ملیۆن دینار بۆ کتێبو کەسیش بەکاریان ناهێنێت. (٢٤٦-١٠/١٩) لە بودجەی تەندروستیی سلێمانی، زیاتر لە (٦)ملیۆن دینار بۆ نەخۆشخانەیەکی خێرخوازیی هەولێر تەرخان دەکرێت. (٢٤٨-١١/٢) پۆلیسی سلێمانی، لە ڕووی پێداویستییەوە لە خراپترین ئاستیدایە. (٢٥٣-١٢/١٤) فەرمانبەرێک لە چوارقوڕنە، دوای دوو ڕۆژ لە دامەزراندنی، کرا بە سەرۆکی شارەوانی. (٢٥٤-١٢/٢١) حکومەتی بەغدا، بودجەی هەرێمی بەرێژەیەکی بەرچاو کەمکردووەتەوە، حەوت وەزیری کوردیش ئیمزایان کردووە. (٢٥٠-١١/٢٣) سیازدە هەزار پۆلیس بێبەشن لە زیادکردنی مووچە.

لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە: (٥٩٩-٩/١٤) بیستو حەوت ملیۆن دۆلاری دیکە بۆ تونێلی ئەزمڕ تەرخان دەکرێت. کەموکورتییەکانی تونێلی ئەزمڕ. (٦٠١-١٢/٢٨) فڕۆکەخانەی سلێمانی دەدرێتە کۆمپانیایەکی گرووپی نۆکان. تا ئێستا حکومەت گرێبەستەکانی نەخستووەتە بەردەم پەرلەمان. (٦٠٤-١٠/١٢) چلو نۆ ملیار دیناری بودجەی پارێزگای سلێمانی، دەگەڕێتەوە بەغدا. (٦٠٧-١١/٩) لە دوو نامەدا زیندانییەکانی هەولێرو سلێمانی داوادەکەن، ئەشکەنجەدان ڕابگیرێت. (٦٠٨-١١/١٥) دەیان ناو بۆ لیستێکی وەزارەتی تەندروستی زیاد دەکرێت. (٦٠٢-١٠/٥) پەنجاوپێنج ملیۆن دۆلاری تر بۆ پرۆژەیەکی تەواونەکراو تەرخاندەکرێت. بەناوی مووچەی فەرمانبەرانەوە، (٣٢٨) ملیۆن دۆلار بە زیادەڕۆیی بۆ فەرمانبەران خەرجدەکرێت. (٦١١-١٢/٧) حکومەت، مووچەی هێزە ئەمنییەکانی زیاد نەکرد.




# ڕوونکردنەوە

**بۆ ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)ی بەڕێز**
**بابەت/ وەڵامی ڕاپۆرت**

ئاماژە بە ژمارە(٦١٥) لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/١/٤ لە لاپەڕەی هەواڵو ڕاپۆرت، ڕاپۆرتێکی (چاوان عەلی) بڵاوکراوەتەوە، کە تیایدا باس لە پرۆژەیەکی وەهمی دەکات کە لە شارۆچکەی (سەیدسادق) پارەی بۆ تەرخانکراوە.

وەکو ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرێتی گشتیی شارەوانییەکانی سلێمانی بۆ دەرخستنی ڕاستییەکانو بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە ڕەسمییەکان بەباشمان زانی ڕوونکردنەوەیەک بە داتاوە سەبارەت بە پرۆژەی قیرتاوکردنی کۆڵانەکانی (سەیدسادق)تان بۆ دەنێرین ئومێدەوارین وەک خۆی بڵاوی بکەنەوە.

- پرۆژەی قیرتاوکردنی کۆڵانەکانی سەیدسادق بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٦٥٨٧) لە ٢٠٠٣/٨/١٨ ڕەوانەی سەرۆکایەتی شارەوانیی سەیدسادق کراوە کە لە لایەن کۆمپانیای(سەلام) هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە بە گوژمەی(١,٢١٥,٠٠٠)دۆلار یەک ملیۆنو دوسەدو پانزە هەزار دۆلارو بە نووسراوی ژمارە (٨٠٦) لە ٢٠٠٣/٩/١٢ فەرمانی دەستبەکاربوون بۆ کۆمپانیای ناوبراو لە لایەن سەرۆکایەتی شارەوانی سەیدسادقەوە دەرچووە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە، ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکە ( ئومێد حەمە نوری)ە، ئەم پرۆژەیە گۆڕانکاریی بۆ کراوەو گوژمەکە بوو بە (١,٣٠١,٠٠٠)دۆلار یەک ملیۆنو سێسەدو یەک هەزار دۆلار.

- ئەم پرۆژەیە لە بەرواری ٢٠٠٤/١١/٢٨ وەرگرتنی جوزئی بۆ کراوەو بە نووسراوی سەرۆکایەتی شارەوانیی سەیدسادق ژمارە(١٧٧) لە ٢٠٠٥/٢/٢ ڕاوەستانی کاتی بۆ کراوەو لە بەرواری ٢٠٠٥/٥/١ ئەم پرۆژەیە بەشێوەیەکی گشتی تەواوبوونی کارەکانی بۆ کراوە بۆ سەرجەم لایەنەکانی، بە نووسراوی سەرۆکایەتی شارەوانی سەیدسادق ژمارە (٢١٦٦) لە ٢٠٠٥/٧/٢٦.

- بە فەرمانی کارگێڕیی ژمارە(١٣٧١) لە ٢٠٠٦/٦/٢٦ لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ وەرگرتنی پرۆژەکە بەشێوەیەکی گشتیی، بەڵام لە هەمان شوێنی پرۆژەی قیرتاوکردنەوە لەلایەن کۆمپانیای (ئاودەم) پرۆژەی ڕاکێشانی تۆڕی ئاو بەڕێوەچوو، گرفتێک لەنێوان هەردوو کۆمپانیای (سەلامو ئاودەم) دروست بوو، لەلایەن لیژنەیەکەوە کێشەکەیان چارەسەرکرا کە ئەویش ماوەیەکی پێچوو پرۆژەکە ڕاوەستا.

- لە بەرواری ٢٠٠٨/٦/٤ لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ وەرگرتنی پرۆژەکە کە لە بەڕێز (بەڕێوەبەری ناحیەی سەیدسادق) وەک سەرۆکی لیژنەو ئەندامێتی ئەندازیار (ئارام ئەحمەد عەباس) پێکهاتبوون.

- پاشان پرۆژەی ناوبراو پاش وەرگرتنی سەرەتایی بە نووسراوی بەڕێوەبەرێتی گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی بە ژمارە (٩٧١٦) لە ٢٠٠٨/٧/٩ لیژنەی پێوانەی کۆتایی بۆ ئامادە کرا.

- پاشان لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ئاگاداری کۆمپانیای سەلام کرایەوە کە سەردانی بەڕێوەبەرێتی گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی بکەن لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا بە مەبەستی کۆتایهێنانی پێشینەی کۆتایی، بەڵام بەهۆی سستیی کۆمپانیای ناوبراو ئامادە نەبوون لە کاتی دیاریکراودا، بووە هۆی دواکەوتنی ئەو پێوانەیەو ئێستا پێوانەی کۆتایی ئەم پرۆژەیە لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی شارەوانییەکانی سلێمانی/ بەشی وردبینییە، بۆ وردبینیکردنی پێشینەی کۆتایی پرۆژەکە.

- وەکو کاری ڕاگەیاندن پێویستە خەڵک چەواشە نەکرێتو ڕاستییەکان وەک خۆی بڵاوبکەینەوە، وا باشبوو پەیامنێری ناوبراو پێش بڵاوکردنەوەی بابەتەکە سەردانی شوێنی ناوبراوی بکردایەو لەگەڵ لایەنی مەبەست گفتوگۆی بکردایە، بیزانیایە ئایا ئەم پرۆژەیە هەیە یان وەهمییە، وەکو ئەندامە لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی پێدەکات کە پرۆژەیەکی وەهمییە.

لەگەڵ ڕێزدا

**نزار ئەمین محەمەد، ل. لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنو پەیوەندییەکان**

ئەم پرۆژەیە لە پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی (٢٠٠٩)یە، کە لە ساڵی(٢٠٠٩) بڕی ١،٥٩١،٠٠ یەک ملیارو پێنجسەدو نەوەدویەک ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکاوە، دەبوو ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ڕابردوودا تەواو بکرایە، ەبەڵام تاوەکو ئێستا بوونی نییە.

_ پرسیاری جەوهەری لێرەدا ئەوەیە کە ئەو بڕە پارەیەی بۆ پرۆژەکە تەرخانکراوە لەسەر حسابی قەزای سەیدسادق لە کوێیە؟ ئەوە مافی خەڵکی ئەو شارەیەو دەبێت بۆیان خەرج بکرێت، چونکە پەرلەمان لە ساڵی ڕابردوو بڕیاری لێداوە.

**سەرهەنگ فەرەج پەرلەمانتار**

# کامیان بەهێزترن، زۆرینەی پەرلەمان یان زۆرینەی شەقام؟



ئاسۆ ئەمین

ئەم نووسینەم ڕاستەوخۆ قسەکردنە لەگەڵ بەرپرسانی سەرۆکایەتیی هەرێم‌و خـــودی ســـەرۆکـــی هـــەرێـــم کوردستان بەتایبەتی، چونکە هەر یاسایەک کە پەرلەمانی هەرێمەکەی دەنگی بۆ دەدات، ڕاستەوخۆ دەچێتە سەرۆکایەتیی‌و دەبێت واژوی سەرۆکی هەرێمی پێوەبێت، پاشان دەبێتە بڕیارو دێتە جێبەجێکردن.

ئەوەی لەم ماوەیەی دوایی لەهەرێمی کوردستان دەبینرێت لە جۆش‌و خرۆشی خەڵکی‌و هاتنە سەرشەقامیان سەبارەت بەهەر یاساو دۆخێکی نالەبار کە بەدڵیان نەبێت، چەندە ئاماژەی ئەوەیە کە کۆمەڵگایەکی هۆشیارو مەدەنیی لەکوردستان بەرەو چێکردن دەچێت، هێندەش‌و بگرە زیاتریش تاقیکردنەوەیەکی گەورەی لیستی زۆرینەی پەرلەمانی کوردستان‌و ئەو یاسایانەیە کە ئەوان پەسەندی دەکەن‌و ئێمەی سەرشەقام بەدڵمان نیین‌و ڕەتیاندەکەینەوە.

لەڕاستیدا، ئەگەر بەسادەیی سەیربکەین، وەک میکانیزمی ئیشکردن، زۆرینەی پەرلەمان بۆی هەیە یاسا پەسەندبکات‌و بینێرێت بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم بۆئەوەی واژی لەسەربکات، بەڵام لێرە لەکوردستان، دۆخەکە بەوجۆرە نییەو زۆرجار ئالیەت‌و جێبەجێکردنی یاساو پەنابردن بۆ دادگا، لەدیوە واقیعییەکەیدا لای جەماوەر پەسەند نییەو جێگەی نارەزاییە.

ئەمەش لەگرفتێکدا خۆی دەبینێتەوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەو میکانیزمی کارکردنەی شێوازی سیاسەت‌و حیزبایەتی کە وایکردووە، لیستێک ببێتە زۆرینە لەپەرلەمانی کـوردســتـان کـە دواتـــر ئـەو جـەمـاوەری کردوویەتی بەزۆرینە، ئامادەنەبێت تەنیا جارێک بۆ پاڵپشتی «بەڵێ»یەکی ئەو بێتە سەرشەقام‌و پشتگیریی خۆی دەربڕێت.

کەواتە، لێرەوە ڕووندەبێتەوە کە ئەوەی ئەمڕۆ زۆرینەیە لەپەرلەمان، ئەوەندەی لەخەمی هێشتنەوەی ئەو سیستمە سیاسیی‌و حیزبییەدایە کە وایکردووە، ببێتە زۆرینە، ئەوەندە لەخەمی خواستی جەماوەردا نییە.

بەڵام بەپێچەوانەوە، کەمینەی پەرلەمان کە لەبەرەی ئۆپۆزسیۆنن، لـــەدەرەوەی پەرلەمان‌و لەسەر شەقام زۆرینەن‌و هێزێکی سیاسیی، کۆمەڵایەتی‌و سایکۆلۆجیی توند لەگەڵ نوێنەرەکانی پێکەوە بەستونییەتەوە، کەی یاسایەک، یان نامەعقولیەتێکیان بینی، بەبێ ئیغراکردن، یاخود چاوسوورکردنەوە دێنەسەر شەقام‌و نارەزایی دەردەبڕن.

ئـەوەی لێرەیە لەسەر شەقام، هەموو ڕۆژێـک لەبەرەی ئۆپۆزسیۆنەو خەریکی «نا» کردنە بۆ ئەو بڕیارانەی کە بۆ حیزبە دەسەڵاتدارەکان باشەو بۆ جەماوەر زیانی هەیە. لەبەرامبەردا جەماوەری سەر بە زۆرینەی پەرلەمان، بۆ یەک جاریش لەسەر شەقام نابینرێت‌و ئامادە نییە پشتگیریی زۆرینەی پەرلەمان‌و حکومەت بکات.

ئەم واقیعەی ئەمڕۆ لەکوردستان هەیە، جۆرە تاقیکردنەوەیەکە بۆ زۆرلایەن کە ئێستا دەسەڵاتیان بەدەستەو لەپەرلەمان خۆیان بەزۆرینە دەزانن‌و یەکێک لە پرسیارەکانی ئەو تاقیکردنەوەیەش ئەوەیە، باشە ئەگەر زۆرینەی پەرلەمان، واتە نوێنەری زۆربەی خەڵکی لەکۆمەڵگەدا، ئیتر ئـەم هەموو جەماوەرە بۆ دەڕژێنە سەرشەقام‌و دژی بڕیارەکانی زۆرینە دەوەستنەوە؟

کەچی بەپێچەوانەوە، بەرەی ئۆپۆزسیۆن کە بەکەمینە دانـراون لەپەرلەمان، لەکاتی هەڵوێستوەرگرتن‌و بڕیاردا، زۆرینەی خەڵکی دێنە سەرشەقام‌و لەگشت لاوە پشتگیریی دەکرێن.

ئێرە جێگەی زۆر پرسیاری مەنتیقی لەمشێوەیەی تیانابێتەوە، بۆیە بۆ وەڵامی هەموو ئـەو پرسیارانە، تەنیا ئەوەندە دەڵێین کە زۆرینەی سەرشەقام لەگەڵ بڕیارەکانی کەمینەو بەرەی ئۆپۆزسیۆنی ناوپەرلەماندایە، چونکە جەماوەر متمانەی بەوەیە کە بڕیارەکانی ئۆپۆزسیۆن تەعبیرن لەخواستی ئەو و لێرەوە دەگاتە زۆرێک لەماف‌و ئامانجەکانی.

دواشتیش ئەوەیە کە هەربڕیارێک، زۆرینە دەریدەکات لەپەرلەمان‌و سەرۆک ئیمزای دەکات، نابێت دڵنیابن کە ئیتر ئەو بڕیارە دەتوانرێت بخرێتە بـواری پراکتیکییەوە، چونکە متمانەی زۆرینەی جەماوەریش لەسەر شەقام، یەکێکە لەبنەما گرنگەکانی جێبەجێکردنی هەموو یاساو بڕیارێک، بۆیە مەحالە زۆرینەی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتیی هەرێم بتوانن سەرکەون بەسەر زۆرینەی خەڵکانی نارازیی سەرشەقامدا.

asoamin@gmail.com

# کێ لە کێ دەپرسێتەوە؟



ساڵح ژاژڵەیی

لە سیستمی دیموکراسی پەرلەمانیدا پەرلەمان گەورەترین دەسەڵاتە کە دەتوانێت یاسا هەموار بکات‌و پەسەندی بکات‌و متمانە بە وەزیرەکانی کابینەی نوێ بدات، لەهەمان کاتیشدا متمانەی لێوەربگرێتەوەو چاودێریی دەسەڵاتی تەنفیزی بکات‌و بەدواداچوون بۆ کارەکانیان بکات. کەچی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیەو لە مۆدێلی هیچ وڵاتێکی تر ناچێت.

لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا لە بری ئەوەی فراکسیۆنەکانی سەر بە دەسەڵات‌و فراکسیۆنەکانی ســەر بە ئۆپۆزسیۆن ململانێی یەکتر بکەن لەسەر ئەوەی کامیان باشترین پرۆژەیاسا پێشنیار دەکات بۆ خزمەتی هاوڵاتییان، ململانێی یەکتر دەکەن بۆ پەراوێزخستنی یەکتری.

ئـەم پەرلەمانە لە خولی دووەمـیـدا ئەوەندە دەسەڵاتێکی زۆرو ڕەهای داوە بە سەرۆکی هەرێم، کە پەرلەمان تەواو بێدەسەڵات بووەو تووشی ئیفلیجی بووە، سەرۆکی هەرێم زۆر بەرز کراوەتەوەو زۆر بە زەحمەت خوارەوەی خۆی دەبیبنێت.

هەندێک کەس دەڵێن؛ سەرۆکی هەرێم لەو ئاستەدا نییە ڕەخنەی لێبگیرێت، کەواتە لە یاساش گەورەترە.

کاتێک کە سەرۆکی هەرێم سەردانی وڵاتانی دەرەوە دەکـات، لەبری ئەوەی بێتە پەرلەمان‌و بەرنامەی سەفەرەکەی باس بکات‌و پێشنیازی ئەندامانی پەرلەمان وەربگرێت، چەند کەسێکی بنەماڵەکەی یان حیزبەکەی خۆی دەبات‌و جاری وایە پەرلەمان لە دەمی خەڵکەوەو لە میدیاکانەوە دەبیستێت کە سەرۆک سەفەری کردووە.

سەبارەت بە پەیوەندییان لەگەڵ بەغدا، لەبری ئەوەی پەرلەمان تاکە مەرجەع بێت‌و ئاگاداری دانانی بەرپرسان بێت‌و دەسەڵاتی لێپرسینەوەی هەبێت‌و بەدواداچوون بۆ کارەکانیان بکات، سەرۆکی هەرێم نەک پرسی بە پەرلەمان نەکرد، بەڵکو لە پێناوی دەستپێشخەرییەکەی خۆی بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق، کە تەنیا بۆ خۆدەرخستن بوو، ئاگای لە ئیمزاکردنی وەرەقـە (١٩) خالییەکەی کورد نەما، کە پێشکەشیان کردبوو، لەوەش خراپتر ناوماڵی عەرەبی یەکخست‌و ناوماڵی کوردی پەرت کرد.

سەرۆکی پەرلەمان‌و جێگرەکەی کە هەردووکیان سەر بە لیستی دەسەڵاتن، پێش هەموو شتێک ئەوانە ئەندام پەرلەمانن‌و ئەرکی ئەوان بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانە، نەک وەکو ئێستا کە بە تەواوی کۆنترۆڵی پەرلەمانیان کردووەو بێلایەن نین.

ئـەوەتـا ڕێگە نـادەن میدیای ئـازاد ڕووماڵی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بکەن، تەنانەت ئەندامانی پەرلەمان بە تەواوی ئاگاداری خەرجییەکانی پەرلەمان نین‌و هێزی پاراستنی پەرلەمان سەربەخۆ نییەو سەر بە پارتییە.

هـەر پـرۆژەیـاسـایـەک ئۆپۆزسیۆن پێشکەشی بکات، یان ڕەتی دەکەنەوە، یان بە پاساوی جۆراوجۆر دوای دەخەن.

لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ کە هەڵبژاردن ئەنجامدراو خولی سێیەمی پەرلەمان دەستبەکار بوو، دواجار ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە هاتە ناو هۆڵی پەرلەمانەوەو داوایانکرد کە بودجەی حیزبەکان بەپێی یاسا دیـاری بکرێت، ئەوکاتە یەکێتی‌و پارتی هەریەکەیان (٣٥) ملیۆن دۆلاریـان لە بودجەی هەرێم بۆ خۆیان دەبرد.

ئێستاش ئەوان هەریەکەی چوار ملیۆن دۆلار بۆخۆیان دەبەن ، کەچی هەتا ئێستاش ئەو یاسایە هەموار نەکراوەو جارێکی تر دوایانخست بۆ ساڵی (٢٠١١)و ئەوە تەنیا لەبەر بزووتنەوەی گۆڕانە.

بەڵام کە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان هاتە پەرلەمان، زۆر بە زوویی هەموارکراو سەرۆکی هەرێمیش یەکسەر ئیمزای کرد، لەبەر ئەوەی ڕێزی لە زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان گرتووە، بەڵام دژی زۆرینەی هاوڵاتییانی ئەم هەرێمەیە، ئەوەتا نارەزایی دەستپێکردووە لـە زۆربـــەی شـارو شارۆچکەکان.

گومان دەکرێت کە ئەو ئەندام پەرلەمانە نوێنەری زۆربەی هاوڵاتییان بن، چونکە لە هەڵبژاردنەکەدا تەزویرو گزی‌و فرتوفێڵی زۆری تێدا کرا.

بودجەی ساڵی (٢٠١٠) بە زۆرینەی لیستی دەسەڵات تێپەڕێنرا، لە کاتێکدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە کەموکورتی زۆری تێدایە شەفافیەت لە داهات‌و خەرجیدا نییە، پارەی گرێبەستە نەوتییەکان‌و فرۆشتنی نـەوت بە قاچاغ‌و داهاتی گومرگەکان‌و داهاتی ناوخۆ لەناو بودجەدا نییە، لە کوێوە هاتووە، دیارە باریوە.

وەزارەتـی سامانە سروشتییەکان کە گومانم هەیە لەوەی وەزارەتـی حکومەت بێت، زیاتر وەکو وەزارەتێکی سەر بە حیزب دەردەکـەوێت، لە کابینەی پێنجەمدا ئەم وەزارەتە بینای نەبوو هەموو وەزارەتەکە لە جانتاکەی جەنابی وەزیردا بوو خێرمان لـەسـەرە کە ئـەم وەزارەتـــە گرنگە، کە هاوڵاتییانی چەوساندووەتەوە کە هەر ون نەبووە.

لـە کابینەی پێنجەمدا یـەک جار نەهاتە پەرلەمان‌و لە کابینەی شەشەمدا هاتە پەرلەمان، بـەڵام کەس بـڕوای بە ڕوونکردنەوەکانی نەبوو، ئەو (٥) ملیار دۆلارەی وەکـو شیرینی لە گرێبەستە نەوتییەکاندا وەرگیراوە، دیار نییەو هەر جەنابی وەزیر دەزانێت لەکوێیە.

ڕۆژانە سەدان تانکەر نەوت بە قاچاخ دەفرۆشرێت‌و پارەکەی دیـار نییە، کە باسیش لەوە دەکرێت هەموومان بە درۆ دەخـاتـەوە، بۆ زیاتر ئاگاداری سەیری ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووس عەلی حەمە ساڵح بکەن لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ژمارە (٦١٥) لە ڕۆژی ٢٠١١/١/٤، کە دەڵێت: خەرجی ئەم وەزارەتە (٢١٠) جار لە داهاتەکانی زیاترە، جگە لـەوەی ئەم گرێبەستانە بوونەتە هۆکاری گرژیی لەنێوان هەرێم‌و بەغدادا، دەپرسم؛ خێری ئەم وەزارەتـە چییەو بۆ پەرلەمان لێی بێدەنگە؟

ئەو ئەندام پەرلەمانانەی لەسەر ئەمانە بێدەنگن‌و دوعا دەکەن خوایە ئەم دەورو دووکانە نەگۆڕێت‌و پاروەکە زۆر چەورە، بە ڕاستی خۆیان بە نوێنەری میللەت دەزانن، یان نوێنەری حیزبەکانی خۆیانن؟

ئەندام پەرلەمانێکی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵـێـت: ئەو (٢٠٠) ملیۆن دۆلارەی لە کۆمپانیایەکی دەرهێنانی نەوت لە گەرمیان وەرگـیـراوەو بڕیار وابــوو هەر بۆ ئەو ناوچەیە خـەرج بکرێت، بـەڵام تائێستا دیار نییە چۆن خەرج دەکرێت، هەر کە ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت: لە بودجەی (٢٠١٠و ٢٠١١) پارەیەکی زۆر بۆ دوو پرۆژەی ناوچەی هەڵەبجە دانراوە، بەڵام ئەو پرۆژانە تەواو، ئێستا دەڵێت؛ هەر نین، ئەی بۆچی سەرۆکی پەرلەمان لە ئاستی ئەمەدا بێدەنگەو بەدواداچوون ناکات، یان هەر لەبەر ئەوەی پێشنیازی ئەندامانی پەرلەمانی سەر بە فراکسیۆنی گۆڕانن‌و گوێشیان پێ نادرێت.

ئەگەر هەموو پێشنیازی پرۆژەیاساکانی بزووتنەوەی گۆڕان لە جێگەی خۆیاندا نەبن، پرۆژەیاسای بووژاندنەوەو پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ زۆر گرنگەو ژێرخانی ئابووریی هەرێم بنیات دەنرێتەوە، ئەمەیان بە پاساوی چی ڕەتکرایەوە؟

ئایا هاوتاکردنی مووچەی هێزەکانی ناوخۆو پۆلیس‌و ئاسایش، کە هوموویان موڵکی دەسەڵاتن لە بەرژەوەندیی ئەواندا نییە، ئەمەیان بۆچی ڕەتکرایەوە؟

ئـەگـەر پـاسـاوی هـەمـوو ئەمانە نەبوونی پارە بێت، ئەمە ڕاست نییەو بۆ شاردنەوەی سامانی ئەم وڵاتەیەو هەتا هەموو پـارەی گرێبەستە نەوتییەکان‌و داهاتی گومرگەکان‌و باج‌و داهاتی ناوخۆو پارەی فرۆشتنی نەوت بە قاچاغ بە شەفافی ئاشکرا نەکرێت‌و نەیەتە هۆڵی پەرلەمان، میللەت ڕازی نابێت.

ئەم بێدەنگییەی ئەندامانی پەرلەمانی سـەر بـە لیستی دەسـەڵات، هەرێمی کوردستانی خستووەتە بەردەم مەترسیی گەورە.

لە هەرێمی کوردستاندا کە سەرۆکی هەرێم خۆی لە سەروو یاساوە دەبینێت‌و ئەندامانی پەرلەمانیش ئەوەتا بە ئاشکرا دژی داواکانی میللەتن‌و لەم هەرێمەدا دادگایەک نییە بتوانێت لێپرسینەوە لە سەرۆکی هەرێم‌و ئەندامانی پەرلەمان بکات، ئەی کەواتە چارە چییەو میللەت پەنا بۆ کوێ بەرێت؟!

ئایا دەکرێت خەڵک ئاوا بێدەنگ بێت‌و مافەکانی زەوت بکرێت‌و تەنانەت ڕێگەی خۆپیشاندانیشی لێ بگیرێت؟ کەواتە کاتی ئەوە هاتووە میللەت خۆی بەکاری لێپرسینەوە هەستێت‌و پەردەی شەرمنیی‌و بێدەنگیی بدڕێنێت‌و لە دەسەڵات بگەیەنێت، نە کەس لەم هەرێمەدا موقەدەسەو نە کەسیش لە میللەت گەورەترە.

کاتی ئەوە هاتووە، کە دەستبکرێت بە خۆپیشاندانی سەرانسەریی لە هەرێمی کوردستانداو چیتر ڕازی نەبن نەوتی کـوردسـتـان هـەڕاج بکەن بـۆ حیزب‌و بنەماڵەکان‌و ڕێگەش بگرن لەو تانکەری نەوتانەی کە بە قاچاغ نەوت دەبەن‌و داوا بکەن پارەکەی لای کێیە؟!.



کاردۆ محەممەد

لە پەرلەمانەوە

## لەپێناو ڕێگرتن لە پیادەکردنی مادەکانی (٤٣٣و ٤٣٤)دا

یەکێک لەو تەنگژانەی لەم ماوەیەدا بەرۆکی هەرێمەکەمانی گرتووە، فشار بۆسەر میدیایی ئازادو بەرتەسککردنەوەی ئازادییە. ئەگەرچی یەکێک لەو یاسایانە کە لە هـەرێـم پـەسـەنـدکـراوە، یاسای ڕۆژنامەوانییەو تاکە یاسایەکە کە فەراهەمی مافی ڕۆژنامەنووس‌و ڕۆژنامەوانان دەکات، بەڵام یەکێک لەو یاسایانەیە کە پیادە ناکرێت بە هۆکاری پیادەکردنی یاسای (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) سزادانی عێراقی، بە تایبەت مادەکانی (٤٣٣و ٤٣٤).

سەلماندنی ناوێت کە دیموکراتییەت‌و مافی مرۆڤ دوو چەمکی لێکدانەبڕاون‌و ئازادیی ڕادەربڕین‌و پیادەکردنی مافی ڕەخـنـەی گشتیی ڕەنـگـدانـەوەی ئەم پەیوەندییەن، بۆیە دەبێت یاساکانمان داکۆکیکاری ئەم مافە بن‌و بەهای ئەم یاسایانە بپارێزن کە بوارێکی تایبەت ڕێکدەخەن، لەوانە، یاسای ڕۆژنامەگەریی، نـەک گـەڕانـەوە بـۆ یاسایەکی سایەی سیستمێکی بەسەرچووی دیکتاتۆر، وەک ئەوەی ئێستا لە هەرێمەکەمان پیادەدکرێت، چونکە یاسای سزادانی عێراقی، بە نیازو مەبەستی سەرکوتکردن‌و سەپاندنی ویستی دەسەڵات داڕێژراوەو تەمومژی خستووەتە دەقەکان بۆ ئەوەی نەتوانرێت مافی ڕەخنەو ئازادیی ڕادەربڕین لە تاوانەکانی (جنێوو ناوزڕاندن) (**قذف و سب**) جیابکرێتەوە. ئەگەر تاوانی جنێو ئاراستەی کەسی مەعنەویی‌و گرووپەکانی تر بکرێت، کەسی مەعنەوییش قـــەوارەو کەسایەتییەکی سەربەخۆی دەبێت، لەگەڵ کەسایەتیی دامەزرێنەرانی‌و مافی پاراستنی پایەو ناوبانگی. گرفتەکە لێرەدایە، چۆن سازاندن بکرێت لەنێوان پاراستنی پایەی کەسیی‌و مەعنەویی‌و حەقدان بە هاوڵاتی بۆ ڕەخنەگرتن لە دامەزراوە تایبەت‌و گشتییەکان بەوپێیەی مۆرکو موڵکییەتی گشتییان هەیەو مافی هاوڵاتییە کە هەڵسەنگاندن بۆ کارو ئەدائی بکات‌و پارێزەری سامانی گشتی بێت لە بەهەدەردان‌و گەندەڵیدا.

لێرەدا پێویستە یاسادانەر بە ئەرکی خۆی هەڵسێت لە پاراستنی دەقە دەستوورییەکان کە فەراهەمی ئازادیی ڕادەربڕین دەکەن‌و چەندین مافی تری لێجیادەبێتەوە، بەتایبەت مافی ڕەخنە، بۆ ئەوەی بتوانرێت ڕەخنە لە کەسانی مەعنەویی گشتیی بگرێت بە ئامانجی سـوودو بەرژەوەندیی گشتی‌و نیازپاکیی، ئەمەش بە تاوانی جنێو یان ناوزڕاندن دانانرێت.

هاوڵاتیی ئاسایی جـیـاوازە لەگەڵ کەسی گشتیی‌و یاسای سزادانی عێراقی لە پرەنسیپە گشتییەکاندا پێناسەی ڕەخنەو ئازادیی ڕادەربڕینی نـەکـردووە، بەپێی ڕێسای یاسایی کە دەڵێت، (سزاو تاوان نییە، ئەگەر دەق نەبێت) (**لا جريمة ولا عقوبة ألا بنص**)، بۆیە دەسەڵاتی دادوەریی دەکەوێتە هەڵەی یاسایی‌و ناتوانێت جێبەجێکەری عەدالەت بێت، چونکە مادەکانی (٤٣٣و ٤٣٤)ی یاسای سزادان جیاکاریی لەنێوان ئەوانەی بە نیازپاکیی‌و بۆ بەرژەوەندیی گشتیی ڕەخنە لە کەسە گشتییەکان دەگرن لەگەڵ تاوانەکانی جنێوو نـاوزڕانـدن ناکات، بۆیە سزادانی ڕۆژنامەنووسان بەم مادانە، نارەوایەو گرفتێکی گەورەیە لە جێبەجێکردنی دادگەرییدا.

ئەم هاودژییە بووەتە ئامرازێک بەدەست دەسەڵاتەوە کە بتوانێت بە هۆی دادگاوە فشار لەسەر ڕۆژنامەنووسان دروست بکات‌و ڕووبـــەری ئـازادیـی ڕادەربـڕیـن بەرتەسک بکاتەوە، بۆیە ئەرکی پەرلەمانە، پرسی ئـازادیـی بـە هەند وەرگـرێـت‌و دانیشتنێکی نائاسایی بۆ بکات بە ئامانجی ڕەواندنـەوەی هەڕەشەو مەترسییەکانی سـەر ئـازادیـی‌و جێبەجێ نەکردنی ئەو یاسایانەی کە خۆی پەسەندیان دەکات.

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە
سەرنووسەر: ئازاد چالاک
بەڕێوەبەری نووسین: سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com — هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
لێپرسراوی هونەری: شـاخـەوان ئەنوەر ٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦ shakhawan.shdn@gmail.com
کارگێڕی‌و ڕیکلام‌و ئاگاداری: ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ info. rozhnama@gmail.com riklam. rozhnama@gmail.com
دابەشکردن: کۆمپانیای پەیپەر ٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١ ٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠
ئۆفیسی سەرەکیی: سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر: گەڕەکی زانکۆ – چوارڕێیانی حەمرین – تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە ٠٧٥٠٤٧٣٣٦٤٢

# لەنێوان مەلاکانی کوردستان‌و میسردا



ئەلەند مەحوی

مـەلاکـانـی وڵاتــی فیرعەونەکان، لــە وتــاری ڕۆژی هەینیی ڕابـــردوودا، ئـیـدانـەی ئـەو کــــردەوە تیرۆریستییەیان کرد کە لە یەکەم شـەوی سـەری ساڵی (٢٠١١)دا لـەبـەردەم کەنیسەی (قەدیسەین) لە شاری ئەسکەندەرییە ڕوویداو بووەهۆی کوژرانی (٢٦) کەس‌و برینداربوونی (٧٠) کەسی تر.

مـەلا میسرییەکان، مەبەستیانە لەڕێگەی ئەو کارەیانەوە ڕێگریی بکەن لە ڕوودانی هەر هەوڵێکی تۆڵەکردنەوە لەلایەن مەسیحییەکانەوە لەکاتی نوێژی هەینیدا، بەتایبەت دوای ئەوەی بەشێک لە توندڕەوە قیبتییەکان، داوای هێرشکردنە سەر مزگەوتەکانیان کردووەو ئەمەش ئەرکی مەلاکانە لە هەر وڵاتێکی جیهاندابن، نەک هێرشکردنە سەر پارێزەرانی مافی مرۆڤ.

ساڵی (٢٠١٠)، ساڵێکی پڕ ڕووداوی سـەرەنـجـڕاکـێـش بـوو بەنیسبەت هەرێمی کوردستانەوەو پەیوەندیدار بە مەلاکانەوە، ساڵێکی پڕ هێرش بوو بۆ سەر ئەو کەسانەی کە دەیان ساڵە خەبات دەکەن لەپێناو بەرفراوانکردنی مەوداکانی ئازادی‌و دیموکراسی‌و لەبەرامبەریشدا ساڵێکی پاشەکشێئامێزبوو بۆ ئەو توێژەی کە بەرگرییان لە عەلمانییەت‌و کرانەوە کردووە لەهەرێمی کوردستاندا.

جیاوازیی مەلاکانی میسر بە بەراورد بە مەلاکانی کوردستان، لەوەدایە کە ئەوان (میسرییەکان) لەهەوڵی دامرکاندنەوەی جەنگێکدان کە بەگەورەبوونی کێشەکە، ئەگەری دابەشبوونی جیهان دەکرێت بـەسـەر بـەرەی ئـیـسـلام‌و بـەرەی مەسیحییەکاندا، ئـەوان ڕێگە نـادەن گروپە تیرۆریستییەکان ئەو ڕەوشی پێکەوەژیانە بشێوێنن کە دەپان ساڵە لەنێوان قیبتییەکان‌و مسوڵمانەکان‌و مەسیحییەکانی میسردا دروستبووەو ڕەگی داکوتاوە، بەپێچەوانەوە، وتاری بەشێک لە مەلاکانی کوردستان لەم چـەنـد سـاڵـەی ڕابـــردوودا، لەسەر ئەوەبووە کە چۆن ئەو هەموو هەوڵ‌و کۆششانە بسڕنەوە کە لانیکەم (١٩) ساڵە یەکسانخوازانی هەرێمی کوردستان کاری لەسەر دەکەن‌و پەرەی پێدەدەن.

مەترسیی گەورە لەوەدایە، بەشێک لە مەلاکانی کوردستان لەئێستادا، کاری وتاربێژیی وەک هەر پیشەیەکی تری نانپەیداکردن دەبینن‌و بەشێکی تریشیان بۆ مەرامی نادروستی خۆیان‌و ئەوانەی لەپشتیانەوەن بەکاریدەهێنن، ئاخر کوا ئەو هەموو دیراسەو لێکۆڵینەوانەی کە پێویستبوو زانایانی ئاینیی هەرێمی کـوردسـتـان لـەسـەر ئاینی ئیسلام‌و کۆمەڵگەی کـوردی بیانکردایە، وەکو زانایانی ئاینیی هەر وڵاتێکی تر.

بەشێک لەمەلاکانی هەرێمی کوردستان، دەبێت لەوە تێبگەن کە دیموکراسی، ئیدی هیچ بەدیلێکی تری نییەو پێویستە ئەوانیش سوود لە کرانەوەی جیهان ببینن، نەک لە شەپۆلەکانی بەرەوداخستندا سەوڵ لێبدەن‌و پێیان وابێت کە مسوڵمانان‌و کۆمەڵگە دوای زیاتر لە (١٤٠٠) ساڵ، تەنیا بەوە لێیان ڕازیدەبن کە باسی خولەفاکانی ڕاشیدین (ڕ.خ) بکەن، لە ڕاستیدا ئەو زەمانە بەسەرچوو کە مەلاکان بتوانن لەئەمسالدا هەمان وتارە ئاینییەکانی پار بۆ مسوڵمانان بخوێننەوەو خەڵکیش سەریان بۆ بجووڵێنن، ئێستا کاتی ئەوەیە مەلاکانی کوردستانیش توێژینەوەو لێکۆڵینەوە بکەن‌و خۆیان بە بەشێک لەو ڕەوتە بزانن کە قبوولی ناکات کەرامەتی مرۆڤ بڕوشێنرێت.

alandmahwy@gmail.com

# سەبارەت بە دەوڵەتی بە زۆر دروستکراوی عێراق



سۆران عەبدولقادر کۆستە

عـێـراق وەک زۆربـــەی دەوڵـەتـانـی دونیا، دەوڵەتێکی بەزۆردروستکراوەو لەدانیشتووانێکی فرەجیاوازی پێکدێت‌و بەهۆی جێکەوتی جوگرافییەکەیەوە بەدرێژایی مـێـژوو، جێی تەماع‌و پـەلامـاری زۆربـەی هێزەداگیرکارە ڕۆژئاواییەکان‌و دراوسێکانی بووە. دەوڵەتی عێراق، ژمارەیەک نەتەوەی جیاوازو ژمارەیەک ئاین‌و ئاینزای جیاوازی تێدا دەژین کە مێژووی ژیانی ناوچەییان پترە لەشەش هەزار ساڵ. لە ڕوانگەیەکی مێژوویی دووردرێـژی پڕ ڕووداوی تێر بە ئاڵۆزی‌و خوێناوییەوە کە ئەم ناوچەیەی پێدا ڕۆیشتووە، ئەم دەوڵەتە لەبنەڕەتدا دەوڵەتێکی ناتەواوەو بـەزۆر دروسـتـکـراوە، دروستکردنەکەش بەشێوەیەکی نائاساییەو هەرگیز لە ئەنجامی ڕێککەوتنی دانیشتووانەکەی بەرهەم نەهاتووەو پێکهاتنی دانیشتووانەکەی بەرگەی ڕێککەوتن ناگرێت. مێژووی ئەم بنەڕەتە خوێناوییە بۆ چوارهەزارساڵ زیاتر لەپێش زاین دەگەڕێتەوە، کاتێک شارستانێتییەکانی ئەم ناوچەیە هەر لەسەردەمی ئەفسانەکانی خواپەرستییەوە، بەرامبەر یەکتر ئەنجامیان داوە. ژیانی شارستانێتییەکان لەعێراقدا، پڕ بووە لەملمڵانێ‌و کوشتار، لە کودەتاو وەرچەرخانە سیاسی‌و سەربازییەکان، پڕ بووە لە ڕەشەکوژیی سیاسی‌و پاکتاوکردنی یەکتری، تەنانەت مێژووی نوێ‌و لەدەوڵەتی عێراقی دوای جەنگی دووەمـی جیهانیشدا، نەتوانراوە دەربازبکرێت لە سیستمی حوکمی تاقم‌و جەماعەتە جۆربەجۆرەکانی وەک بەعس کە بەتەنیا لە ڕێگەی سەرکوتکردنەوە هەوڵی چارەسەری کێشەو ناکۆکییەکانیان داوە. باشترین نموونەش لەم ناوچەیەدا، حوکمی ئـەو سـەربـازو سەرکردانەیە کە پـاش ١٩٢٠ هاتوونەتە سـەر حوکم کە سەرجەمیان سەرئەنجامی کودەتای سەربازی هاتوونەتە سەر حوکم‌و دواتریش هەستاون بەچەوساندنەوەو پاکتاوکردنی ڕەگـەزی‌و ئاینی سەرجەم پێکهاتەکانی تری ئەم دەوڵەتە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو چوار هەزار ساڵەی پێش زاین، دەبینین هەردوو ڕووباری دیجلەو فـورات‌و پێکهاتە سروشتییەکانی عێراق، ئەو قەوم‌و تیرانە دەستنیشان دەکات کە لەبنەڕەتدا لەکوێوە هاتوون. ئەو بنەڕەتانەی کە خەڵکی ناوچەکانی دەوری فورات‌و دیجلەی لێ کۆبوونەتەوە لەنیوەدوورگەی عەرەب‌و لە ڕۆژهەڵاتی باشووری عێراق‌و لەباکوورو ڕۆژئاوای عێراقەوە هاتوون. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش، جیاوازییەکانیان جیاوازییەکی دێرین‌و مێژوویین‌و ناتوانرێت خۆی لێدەرباز بکەین بەڕێگایەکی مرۆڤدوستانە نەبێت. سەرجەمی بیروبۆچوونی ناوچەیی لەعێراقدا، دەرئەنجامی داگیرکاری هاتووەتەکایەوەو لەئێستاشدا کاریگەرییەکی زۆر حوکمی درێژمەودای ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی پێوە دیارە کە ئەگەر ئەزموونی ڕۆمانیای پاش «چاوچیسکۆ» بەنموونە وەربگرین، بۆ پەنجا ساڵێکی تریش ئەوکاریگەرییانە نارەونەوە. بەئاشکرا ملمڵانێی دەوڵەتی ئەلمانی‌و دەوڵەتی ئینگلیزی بوونەتە هۆی دروستکردنی ئەم دەوڵەتەی ئەمرۆ کە پێی دەوترێت عێراق‌و پاش جەنگی دووەمی جیهانی، وردە وردە بنەماکانی بـەرەو جێگیربوون چوون لەسەر دەستی داگیرکەری ئینگلیزیدا.

بەواتایەکی تر، دەوڵەتی عێراقی بەزۆر دروستکراو، مێژووی دروستکردنەکەی لەسەد ساڵ کەمترە. ئەگەر کار لە عێراقدا بکەین، دەبێت لەسەر دوو دراوی مێژوویی بوەستین، یەکەمیان بەر لەدروستبوونی عێراقی نوێ، واتە بەر لە ١٩٢٠ی زاینی‌و دووەمیشیان لەپاش دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی نوێ کە سەرەتاکەی بۆ سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە. هەر لەمێژوودا دیارە کە دەوڵەتی عێراق‌و ناوچەکەی چەند ساڵ جارێک‌و جەنگ‌و ئاشووبێکی بەخۆوە بینیوە، ئەگەرچی ئەکتەری سەرەکیی هێزە ناوخۆکانیش نەبووبن، بەڵام دواتر هێزە ناوخۆییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لەپشێوییەکاندا. گرنگ نییە عێراق دابەش دەبێت بەسەر سۆمەری‌و ئەکەدیدا، بەسەر بابلی‌و ئاشووریدا، یان بەسەر گۆتی‌و کلدانەکاندا...تاد، هەرچۆن گرنگیش نییە عێراق دابەش دەبێت بەسەر کورد، عەرەب، عەرەبی عەربستانی دەوڵەتی فارس، تورکمان یان... هەر نەتەوەیەکی تر. گرنگ نییە عێراق دابەش دەبێت بەسەر موسوڵمان، ئێزدی، مەسیحی یان جولەکە.. هەر ئاینێکی تر. گرنگە خەڵکی عێراق چیتر بەدەست یاری خۆیان‌و خەڵکی دەوروبەرو داگیرکارەکانەوە نەناڵێنێت.

خەڵکی عێراق گرفتێکی گەورەی هەیە لەنەناسی ڕەوشی پێداویستییە مێژووییەکانی خۆیدا.

لەهەموو ئەو جیاوازییانەی سـەرەوەو لەمێژووەوە، دەزانین کە عێراق بـەردەوام لەکوشتاردا بووەو مێژوویەکی زۆر خوێناوی هـەبـووە. بـــەردەوام هێزە ئێرانییەکان‌و تورکەکان‌و دەوڵەتە عەرەبییەکانی وەک سوریاو سعودیە...تاد، دەستیان وەرداوەتە کاروبارەکانییەوەو ئەگەر بگەڕێینەوە سەر سەردەمی مەملەکەتی سۆمەرو مەملەکەتی ئەکەدییەکان، ئەگەر بگەڕێنەوە سەر ملمڵانێی شیعەو سوننە لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدیدا، یان بڕوانینە ملمڵانێی ئەمەوییەکان‌و گرفتی گواستنەوەو نەقلکردنی بەردەوامی پایتەختی عێراق لەنێوان بەغداو سامەڕاو نەینەواو...تاد، دا ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم ناوچەیە ئارام نابێت. هەروەها ئەگەر بێینە سەر تەوەری دووەمی مێژووی دیاری عێراق، ئەوا دەبینین لە ١٩٢٠ەوە تا ٢٠٠٣ بە دەیـان شۆڕش‌و کودەتاو ملمڵانێی خوێناویی تێیدا ڕوویان داوە. ١٩٣٦ بەکر سدقی کودەتا دەکات‌و دژی هەموو ئەوانی تردەبێتەوەو عەلی ڕەشید گەیلانی، ١٩٤١ شۆڕشێکی تر دەکات‌و هەر خۆشی بە هەڵپە ڕزگاری دەبێت لە ڕاپەڕینێکی پاش ١٩٤٧، کە ڕاپەڕینی کاورباغیەکان دەبنە هۆی کەوتنی حکومەتەکەی، جارێکی تر بڕوانە ڕاپەڕینی ١٩٤٨و تێکچوونی حکومەتەکەی سالح جەبر لە ١٩٥٢داو شۆڕشی ١٩٥٨و ڕووخانی مەلیک‌و جارێکی تر شۆڕشی شـەواف لەموسڵ لە ١٩٥٩داو ڕاپەڕینی عەبدولکەریم قاسم‌و پاشان شۆڕشی فێبرایەری ١٩٦٣و کێشەی نێوان کوردو عەرەب‌و هاتنە سەرکاری عەبدولسەلام

> **دووركەوتنەوەی خەڵكی عێراق لەیەكترو ژیان بۆ ماوەیەك، دەبێتە هۆكار بۆ بیركردنەوە لەیەكترو هەژاندنی یادەوەرییە نۆستالجییەكان**

عـارف‌و عەبدولڕەحمان عـارف‌و ملمڵانێی نێوان بەعسی‌و شیوعییەکان‌و ملمڵانێ لەنێوان خێزانی سەدام حسێن‌و بەعسییەکانی تردا هەر لەئەحمەد حەسەن بەکرەوە تا مردنی سەدام حوسێن‌و پاش مردنی سەدامیش، سیناریۆکان لەسیناریۆی ناوەڕاستی سەدەی بیست دەچن، چونکە زۆر بەسانایی ئەم سیفاتانە لەحوکمی عێراقدا دەبینینەوە:

١. سەرجەم ئەو سەرکردانەی هاتوونەتە سەر حوکم، بە ڕەزامەندیی داگیرکارەکانی هاتوونەتە سەرحوکم، لەلایەک پێویست بووە قبوڵێکی جەماوەریی فراوانی هەبێت‌و لەلایەکیش پێویست بووە دڵی موخابەراتی بەریتانی‌و ئیسرائیلی‌و ئەمریکی‌و هەندێجاریش ئێرانی‌و تورکی قایل بکات.

٢. سەرجەم ئەو بزووتنەوانەی هەوڵی گەیشتنیان داوە بەکورسیی دەسەڵات، پەنایان بردووەتە بەر ڕێبازێکی فیکری سیاسی: ئاینی، نیشتمانی، چینایەتی...تاد، بەڵام پاش گرتنە دەستی دەسەڵات، ناچار بوون پەنا بەرنە بەر سەرکوتکردنی ئەوانی ترو پشتکردنە بەها مرۆییەکانی ناو بیروباوەڕەکانی خۆیان‌و هۆکاری سەرەکیی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی کەپێکهاتەی عێراق ناتوانێت بەجۆرێک بێت کە سەرجەم ناوچەکان یەک ئایدیۆلۆجیاو یەک حوکم کۆیان بکاتەوە، یان تەنانەت چەند ئایدیۆلۆجیایەک بتوانن بە ئاشتییانە پێکەوە بەرئەنجامێکی مێژوویيان هەبێت، بۆیە بەناچاری ڕژێمی حوکم، دەبێت پشتیوانیی لەیەک بیروڕا بکات‌و دژی ئەوانی تر بوەستێتەوەو کـردەوەی نامرۆییانەیان بەرامبەر ئەنجام بدات، هەربۆیە ناچارە پشت بکاتە بیروباوەڕە مرۆییەکانی ناوخۆی.

٣. سەرجەم دەسەڵاتە سیاسییەکانی عێراق، نەیانتوانیوە لەداوی موخابەراتی ئیقلیمی‌و نێودەوڵەتی ڕزگاریان ببێت، هۆکاریش لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ مەترسیی گرووپەکانی تر، چونکە هیچ پێکهاتەیەک لەعێراقدا ناتوانێت بەتەنیا زۆرینەی حوکمڕان بێت‌و وەک پێویست پەراوەی دەسەڵاتی خۆی بکات.

٤. هەمیشە گەندەڵی‌و تاڵانی هێزە سیاسییە حوکمڕانەکان، یەکێک بـووە لەسیماکانی دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەتی عێراق، چونکە هەر جەماعەت‌و تاقمێک ویستوویەتی لەماوەی حوکمڕانیدا زۆرترین دەستکەوت بۆ خۆی ببات‌و دڵنیا بووە کە نەدەتوانێت عێراقێکی یەکگرتووی بێگرفت دروسـت بکات‌و نە دەتوانێت جگە لە ڕێگای لابردن، خۆی لابچێت لەسەر حوکم، واتە وازهێنانێکی خوێناویی لەعێراقدا بەرقەرار بووە.

ئەم سیفاتانەی سـەرەوە، گەواهییەکی ئاشکران لەسەر نائارامیی دەوڵەتێکی بـەزۆردروسـتـکـراو کـە هەمیشە هێزە دەرەکییەکان دەتوانن دەوڵەتێکی لاوازی لێ دروست بکەن لەناوخۆیداو ئەوانیش دەتوانن زۆرترین قازانج لەم پشێویی‌و ئاڵۆزییە بکەن. ئەمە جگە لەوەی کە هەمیشە دراوسێکانی عێراق بەشێکی ئەم دەوڵەتە بەهی خۆیان دەزانن، جا لە ڕووی ئاینزاکانەوە بێت، لە ڕووی مێژووەوە بێت، یان لە ڕووی تەماعی ئابوورییەوە بێت. دەوڵەتێک کە سامانێکی زۆرو شارستانییەتێکی کۆن‌و پانتاییەکی کشتوکاڵی گەورەی هەبێت، هەمیشە جێی پـەلامـارو تێڕوانینی هێزە دەرەکییەکانە، بەتایبەت ئەگەر لەناوخودی خۆیدا پڕگرفت‌و پڕشکست بێت. گومانی تێدا نییە کە ئەگەر دەوڵەتی عێراق دەوڵەتێکی یەکگرتووی بەهێز بوایە، ئـەوا دەیتوانی بەرامبەر دەرەوەی خۆی سنوور دابنێت‌و ڕێگە نەدات هیچکام لەهێزە دەرەکییەکان دەست وەربدەنە ناو کاروباری ناوخۆوە، بەڵام لەڕاستیدا پێکهاتەی ناوەکیی عێراق، ڕێگە بەوە نادات کە عێراق ببێتە دەوڵەتێکی یەکگرتووی بەهێز، بەتایبەت بەڕووی دەرەوەدا، چونکە هەمیشە پێکهاتەکانی ناو عێراق لەگەڵ یەکتردا ناتەبان‌و بەرژەوەندییە ئابووریی‌و فیکریی‌و سیاسیی‌و ئایینی‌و ئایدیۆلۆجییەکانیان لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن، بەڵکو تەنانەت لەزۆر ڕووەوە دوژمنایەتی مێژوویی دێرینیش لەنێوانیاندا هەیە. لەلایەکی ترەوە، گومانی تێدا نییە کە عێراق هەمیشە لەژێر چاوی تەماعی دەوڵەتەکانی ناوچەکەداو لەژێر تەماعی هێزە جیهانییەکاندایە.

لەنێوان عێراقییەکاندا، بێمتمانەیی‌و ناڕاستی‌و دوژمنایەتی‌و کینە بەرامبەر بە ڕابـردوو و بە داهاتوو، یەکێکن لەسیفات‌و خەسڵەتەکانی هەموو گرۆیەک. دوژمنانی هەریەکەیان بەجیاو دوژمنانی عێراقیش بەتایبەت، کـار لەسەر گەورەکردنی ئەو کەلێنانە دەکـەن‌و بـەردەوام بەیەکدادانی نێوانیان سوودی تایبەتی بۆ هەر قۆناغێک هەیە. عێراقێکی یەکگرتووی بەهێز، کاتێک دروست دەبێت کە پێکهاتەی دانیشتووانی عێراق لەئاستێکی مرۆیی بەرزو هۆشیارییەکی مرۆیی‌و برایەتی پڕ بەرپرسیارێتیدا بن‌و بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکەش پێویستمان بەچەندین نەوەیە کە ئەم هۆشیارییە تەشەنە پێبدەن، پێویستمان بەتێربوونە لەپەراوەی دەسەڵات، پێویستمان بەنەفرەتکردنە لەشەڕو ئاشووب، پێویستمان بە بەدەستهێنانی مافی هەموو چین‌و توێژو نەتەوەو ئاینەکانی ناو عێراقە، کە ئەوانیش لەخۆیاندا ناتەباو ناکۆکن‌و زۆر پێچوونی ئەم ماوەیەش، بەدەر نییە لەهەوڵی دوژمنان بۆ بەردەوام گەورەکردنی کەلێنەکان. کاتێک عێراق دەتوانێت عێراقێکی یەکگرتوو بێت، ئەگەر هێزێکی نیشتمانی نەعەرەب نەکورد نەشیعە نەسوننە نە... تاد، بە یەکگرتوویی‌و بەهاوشێوەیی حوکمی عێراق بکات بەیەک ئایدۆلۆجیاوە کە لەیەککاتدا سوننە‌و شیعەو شیوعییەکان‌و نوێخوازەکان‌و کۆنەپەرستەکان‌و مەسیحی‌و کلدان‌و تورکمان...تاد ڕازی بکات‌و شێوازی حوکمێکی فرەیی هەبێت‌و دەرفەتی ئاڵگۆڕی دەسەڵات بدات لەنێوان پێکهاتەکانیداو تێکڕای هێزە جیاوازەکان بەپەراوەی دەسەڵات تێر بکات. هەروەها دەبێت دژ بەبەرژەوەندیی داگیرکارە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆکانی عێراق بێت، کە ئەوانیش ڕێگەی پێنادەن. بەکورتی، ئەمە ئاستەمەو بەهیچ جۆرێک هیچ کەسێک‌و هیچ هێزێک ناتوانێت پێڕەوی بکات، تەنانەت لە ڕووی سیاسیی‌و واقیعەوە ئەمە لەخەون دەچێت.

بـۆیـە هـەمـوو خـەبـاتـکـردنـێـک بۆ جیاکردنەوەیەکی ئاشتیخوازانەو برایانەی نێوان پێکهاتەکانی دەوڵەتی بەزۆردروستکراوی عێراق، هەنگاوێکی گرنگەو زوو یان درەنگ، دەبێت هەنگاوی بۆ بنرێت‌و ڕێگای بۆ خۆش بکرێت. ئەمەش دەبێت لەپێناو ئەو ئامانجەدا بێت کە هەر دەستەو تاقمێک خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات‌و دەوڵەتی نیشتمانی خۆی دروسـت بکات لەعێراقداو بەمەرج‌و پەیماننامەی بەهێز بەیەکەوە ببەسترێنەوە تا بتوانن لە ڕووی داهات‌و ئابوورییەوە پشتیوانی لەیەک بکەن، بۆ ئەوەی خۆیان بونیاد بنێن. لە ڕووی سامان‌و سەرچاوە سروشتییەکانەوە پشتیوانی لەیەکتر بکەن‌و هاوکاری یەکتر بکەن بۆ بەڕێوەبردنی دانیشتووانەکانیان. ئامانجی سەرەکیش تێرکردنی پێکهاتەکانی عێراقە لەپەراوەی دەسـەڵات‌و لە دوورکەوتنەوە لەبەیەکدادان‌و دوورکەوتنەوە لەملمڵانێ لەسەر بنەمای ئاینی، یان نەتەوەیی‌و هەروەها دەربازبوونی عێراقە لەکۆمەڵە قەرزێکی زۆر کە بەهۆی جەنگەکانەوە لەسەری دروست بوون‌و لەلایەکی ترەوە، ئەم جۆرە لە جیابوونەوە زەمانەتی گەشەی سرووشتی بەشە جیاجیاکانی عـێـراق دەکـات‌و هەر گرۆو کومەڵگایەک دەتوانێت بە شێوەیەکی سرووشتیتر گەشە بە پێکهاتە کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی‌و مەدەنییەکانی خۆی بدات. بەم ڕێگایە دەتوانرێت کلتوورێکی ئاشتیخوازانە دروسـت بکرێت بۆ داهاتوو کە بەهۆیەوە کۆمەڵەیەکی یەکگرتوویی ناوچەیی لەشێوەی دەوڵـەت، یان یەکێتییەکدا پێکبهێنێت لەوەی ئەمرۆ پێی دەڵێن عێراق، ڕزگارمان ببێت.

بەبێ ڕزگار بوون لەعێراقێکی یەکپارچەی بـەزۆردروسـتـکـراو، ناتوانین دەربـازمـان ببێت لەپاوانی داگیرکاریی ناوچەیی‌و لەپاوانی داگیرکاریی ئەمریکی‌و بەریتانی، هـەر لەبنەڕەتەوە دەوڵـەتـی یەکپارچەو یەکگرتووی عێراق دەوڵەتێکە لەسەر خواستی داگیرکارەکانی هاتووەتە کایەو هەمیشە خوازیاریشن لەعێراقدا کێشەو گرفتێکی گەورە هەبێت‌و بەهۆیەوە ئەوان بتوانن خۆیان بخزێننە نێو هاوکێشەکانییەوە. دروشمی عێراقێکی یەکگرتوو، دروشمێکی ڕژێمی دکتاتۆری بەعسە کە لەبەیاننامەیەکی ساڵی ١٩٦١ەوە تا ئێستا درێژەی هەیە، لەوکاتە تائەم سەردەمەش دروشمی عێراقێکی یەکگرتوو، دروشمێکە بەسەرکردەو ڕابەرەکانی عێراق دەوترێتەوەو بەناچاریی دەبێت بیلێنەوە، بۆیە سەرجەم سەرکردەکان لەدۆخی دوالیزمەیی‌و دژایەتی دەروونی خۆیاندا دەژین. ڕزگارکردنی عێراق لەیەکپارچەیی، ڕزگارکردنێتی لەدەست سەرجەم داگیرکارەکانی. هەمیشەش تۆڕەکانی سیخوڕیی لەعێراقدا دەبن‌و باڵادەست دەبن هەتا ئەوڕۆژەی عێراق دابەش دەبێت‌و ڕزگاری دەبێت لەدەست کۆیلایەتی‌و دانیشتووانەکەی دەتـوانـن خۆیان حوکمی خۆیان بکەن‌و هاوکارییەکی زیاتری یەکتر بکەن.

هەمووخەباتکردنێک لەپێناوجیاکردنەوەیەکی ئاشتیخوازانەی پێکهاتەو ناوچەکانی عێراقدا، دەبێت هاوکات بێت لە دۆزینەوەی سیستم‌و شێوازێک بۆ بەشکردنی سامانەگشتییەکان کە دەکرێت وەک میراتی گشتیی سەیر بکرێت‌و پلان هەبێت بۆ ئەوەی لەمەودایەکی دیاریکراودا سەرجەم ناوچەکانی عێراق بەرەوپێش بچێت‌و دووربێت لە پێکدادان‌و جیاوازی کلتووری سیاسیی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتی، بەجۆرێک هەموو دانیشتووانی عێراق خۆیان حوکمی خۆیان بکەن‌و لە هاوکاری‌و یەکێتی‌و پشتیوانییەکی درێژخایەندابن‌و بە ڕێککەوتن‌و بروانامەی جۆراوجۆر باندو پەیوەندییەکانی نێوان نیشتمانەکانی داهاتوو ڕێکبخەن.

دوورکەوتنەوەی خەڵکی عێراق لەیەکترو ژیان بۆ ماوەیەک، دەبێتە هۆکار بۆ بیرکردنەوە لەیەکترو هەژاندنی یادەوەرییە نۆستالجییەکان بەتایبەت کاتێک پێکهاتەکان لە دەسەڵات تێر بـوون. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە ئەو هاوسۆزییەی ئێستا لە نێو دەوڵەتەکانی یەکێتیی سۆڤێتی جاراندا دروست بوو، بڕوانە ئەو ڕاهاتنەی دەوڵەتاکانی بەلقان بۆ پرسەکانی یەکترو ئاشناپوونیان بۆ جیابوونەوە. من نازانم بۆ دەوڵەتی عێراق دەتوانێت ئیلتیزام بکات بە دانەوەی قەرزەکانی کوەیتەوە، بەڵام مەترسییەکی زۆری هەیە لە ئیلتیزامکردن بە هاوبەشی سەرچاوە ئابوورییەکانی ناوخۆوە، لە ڕاستیدا ئەمانە هەموویان کۆمەڵە ترسێکی وەهمین‌و هیچی تر، بۆیە دەبێت هێزێکی سیاسیی بوێر بێتە مەیدانەوەو داکۆکی لەم پرسە بکات.

## لەپێناو بناغەیەکی دەستووریی تەندروستدا بۆ سیستمی حوکمڕانیی



# «پرۆژەی پلانی چاکسازیی یاسایی لە سیستمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان-عێراقدا»

د. زانا رەئوف حەمە کەریم، دکتۆرا لە یاسای دەستووریی‌و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

**بەڕێزان:-**

**- سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان-عێراق.**

**- ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق**

**- سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان-عێراق.**

**- سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق.**

**- ئەنجومەنی باڵای دادوەریی هەرێمی کوردستان-عێراق.**

**- سەرجەم کۆمەڵەو رێکخراوەو سەندیکا پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**- سەرجەم پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق.**

**- سەرجەم هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان-عێراق**

### * دەستپێک

پشتبەست بە مادەی یەکەم لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە سیستمی حوکمڕانیی لە عێراقدا، سیستمێکی نوێنەرایەتیی پەرلەمانی دیموکراسییەو ئاماژە بە مادەی (١١٧)ی هەمان دەستوور لە دووپاتکردنەوەی جێگیرکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵی لە عێراقداو هەروەها مادەی (١٢٠) لە بەخشینی دەسەڵات بە هەرێمی کوردستان بۆ دانان‌و پەسەندکردنی دەستوورێکی تایبەت بە هەرێم بە مەرجی پابەندبوونی هەرێم بە جێگیرکردنی سەرجەم ئەو بنەمایانەی کە لە ناوەڕۆکیاندا لەگەڵ دەستووری ئیتیحادیدا ناکۆک نین‌و ئاماژەش بە مادەی یەکەم لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە سیستمی سیاسیی پەیڕەوکراو لە هەرێمی کوردستاندا «سیستمێکی پەرلەمانییەو پشت بە بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبەستێت». و بەمەبەستی دەوڵەمەندترکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێم بە بیرۆکەی نوێ کە تا ئێستاش وەک ڕەشنووس ماوەتەوەو دانان‌و هەموارکردنی هەندێک لە یاسا پەیڕەوکراوەکانی هەرێم بەو شێوازەی کە لەگەڵ ناوەڕۆکی سیستمی پەرلەمانیدا کۆک بێت. لەبەرئەوە، بەدڵنیاییەوە لە هەرێمی کوردستاندا پێویستمان بە پلانێکی یاسایی تۆکمە دەبێت بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی یاسایی گشتگیر لەکۆی سیستمی یاسایی هەرێمدا، جا ئەنجامدانی ئەم پلانی چاکسازییە لە رێگەی زیادکردنی بیرۆکەو برگەو مادەی نوێوە بێت بۆ پرۆژەی دەستووری هەرێم، یاخود لە رێگەی دەرکردنی یاسای نوێ بێت، یان هەموارکردن بێت، یاخود دەرکردنی رێساو رێنمایی، یان دانانی پلانی کار بێت بۆ رێکخستنی چۆنێتیی زامنکردنی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان‌و دارشتنەوەی پەیوەندیی نێوانیان لەسەر بناغەی دروست‌و جێگیرکردنی سیستمی دیموکراسی نوێنەرایەتیی-پەرلەمانی وەک خۆی، بەو شێوەیەی کە لە ئەزموونی سەرکەوتووی زۆرێک لە سیستمە پەرلەمانییەکاندا پەیڕەو دەکرێت‌و هەندێک لە ئاماژەکانیشی لە سیستمی حوکمڕانیی هەرێم‌و یاسا پەیڕەوکراوەکانیدا بەدی دەکرێن.

هەر ئەمەش وامان لێدەکات، ئەم پرۆژەی پلانی چاکسازییە یاساییە بخەینە بەردەستان کە بە دڵنیاییەوە، نەک هەر پێویستی بە هەماهەنگیی‌و هاوکاریی سەرجەم دەسەڵاتە فەرمییەکانی هەرێم هەیە لە چوارچێوەو سنووری یاسا پەیڕەوکراوەکانی هەرێمی کوردستاندا، بەڵکو پێویستی بە هەماهەنگیی‌و بە تەنگەوەهاتنی سەرجەم هێزە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و نیشتمانییەکان‌و هاوڵاتییانی هەرێمە تا ئەزموونی سیستمی پەرلەمانی هەرێم بەشێوەیەک تەندروست بکرێت، کە لەلایەک کۆک بێت لەگەڵ بنەما تیۆرییەکانی چەمکی سیستمی پەرلەمانی‌و لە لایەکی تریشەوە باردۆخی هەرێمی کوردستانیش لەبەرچاو بگیرێت، تا هەموو لایەکیش بە یەک گوتاری هاوبەش داکۆکی لە ئەزموون‌و دەستوورو سیستمی حوکمڕانیی‌و یاسا پەیڕەوکراوەکانی هەرێم بکەین وەک مەکۆیەک بۆ یەکگرتنی هەڵوێستە نیشتمانیی‌و نەتەوەییەکانمان لەبەرامبەر نەیارەکانی ئەزموونی حوکمڕانییەکی تەندروست لە هەرێمدا. هەروەها لە دەرئەنجامیشدا دەستووری هەرێمی کوردستان، نەک هەر دەبێتە گوزارشتکاری داواکاریی‌و داخوازیی سەرجەم هاوڵاتییان‌و پێکهاتەکانی هەرێم، بەڵکو دەبێتە بناغەدارێژەری حوکمڕانییەکی تەندروست لە هەرێمدا.

### * پۆلێنکردنی تەوەرەکانی پلانی کار

بۆ زیاتر خستنەڕووی ئەم پرۆژەی پلانی چاکسازییە، بۆ ئەم چەند تەوەرە سەرەکییەی لای خوارەوەی پۆلێن دەکەین، کە بێگومان هەریەک لەم تەوەرە سەرەکییانەش چەندین تەوەرەی لاوەکی تر لە خۆ دەگرن:-

- یەکەم: هەڵسەنگاندن‌و دیاریکردنی جۆرو بایەخی رەشنووسی دەستووری هەرێم‌و یاسا پەیڕەوکراوەکانی هەرێم لەگەڵ جۆرو بایەخی ئەو یاسا ئیتیحادییانەی کە لە هەرێمدا پەیڕەو دەکرێن.
- دووەم: پەیوەندیی پەرلەمانی کوردستان بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.
- سێیەم: پەیوەندیی حکومەتی هەرێم بە پەرلەمانی کوردستانەوە.
- چوارەم: پەیوەندیی نێوان پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان.
- پێنجەم: پەیوەندیی پەرلەمانی کوردستان بە دەسەڵاتی دادوەرییەوە.
- شەشەم: پەیوەندیی نێوان سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان‌و ئەنجومەنی وەزیران.
- حەوتەم: پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن‌و دەسەڵاتی دادوەریی.

### * خستنەڕووی ئامانجی پلانی چاکسازیی یاسایی:

بێگومان ئەو ئەزموونەی کە هەرێمی کوردستان پیایدا تێپەڕیوە لە ساڵی ١٩٩١ەوە تا ئێستا، بە باش‌و بە خراپییەکانییەوەو بەحوکمی نەبوونی دەستوورێک لە هەرێمی کوردستاندا، لەپێناو دیاریکردنی قەوارەی هەرێم‌و دەستنیشانکردن دەسەڵاتەکان‌و سنوورەکانیان‌و سەڵاحیەتەکانیان‌و زامنکردنی چۆنێتیی بەشداریکردنی هاوڵاتی لە ژیانی سیاسیی هەرێمدا، لەپاڵ بوونی چەندین یاساشدا، جۆرێک لە نەریتی حوکمڕانیی هێناوەتە ئاراوە لە پرۆسەی سیاسیی‌و یاسایی پەیڕەوکراو لە هەرێمی کوردستاندا، بە شێوەیەک کە هەندێکجار ئەو نەریتانە کە بەهۆی ئەزموونەوە هاتوونەتە ئاراوە، هاوڕاو کۆک بوون لەگەڵ ئەو یاساو رێنماییانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا دەرکراون، یاخود پەیڕەوکراون، هەندێکجاریش لەبەر رۆشنایی بێدەنگی یاساو رێنماییەکان لە ئاست بابەتێکی دیاریکراودا، نەریتەکان جێگەیان گرتووەتەوەو لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراویشدا، نەریتە باوەکانی هەرێم لەگەڵ ئەوەی لە رووی یاساییەوە تەواو پێچەوانەبوون لەگەڵ یاسا پەیڕەوکراوەکاندا، کەچی سەرەڕای ئەوەش پەیڕەو دەکران، ئەمە سەرەڕای بوونی چەندین گرفتی سیاسیی‌و یاسایی‌و کۆمەڵایەتی لە سەرەتاکانی دروستبوونی ئەم ئەزموونی حوکمڕانییە لە هەرێمدا بەهۆی نەبوونی بناغەی دەستووریی‌و یاسایی پێویست بۆ رێکخستنی چالاکییە سیاسیی‌و یاساییەکان.

بۆ ئەم مەبەستەش، لەپێناو جێگرتنەوەی پلانەکان‌و دەقە نووسراوەکان بۆ نەریتە سیاسیی‌و یاساییەکانی هەرێم‌و بۆ ئەوەی ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێم نەکەینە بارمتەی هەندێک ئەزموون‌و نەریتی هەڵەی رابردوو، تا بتوانین بناغەیەکی دروست‌و تۆکمە دابڕێژین بۆ بە دامەزراوەکردنی سەرجەم ئۆرگانەکانی دەسەڵات لە هەرێمدا، تا بە تەواوەتی لە قۆناغی بە «کەس»ی کردنی دەسەڵات‌و بە حیزبیکردنی ئەزموونی هەرێم دەربازمان بێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە کارێکی زۆر گرنگە کە سەرەتا زۆر بە وردیی سوود لەو ئەزموونە وەربگرین کە لە رابردووی هەرێمدا روویداوە، بە تایبەتیش لە پاش راپەڕینەوە، بە باش‌و خراپەکانییەوە (سوودوەرگرتن لە یاساو ئەزموونە باشەکان‌و وەلانانی لایەنە خراپەکان‌و نادروستەکان) بۆ دانانی پلانێکی ستراتیژیی تۆکمەو تا ئەو پلانەی کە دادەنرێت بەتەواوەتی لەگەڵ زەمینەی هەرێمی کوردستاندا بگونجێت، بەڵام ئەم کارە هەرگیز نابێت رێگریمان لێبکات بۆ هەنگاونان بەرەو زیاتر تەندروستکردنی ئەزموونەکە بەپێی ئەو ئەزموونە سەرکەوتووانەی کە زۆربەی وڵاتە دیموکراسییەکان پیایدا تێپەڕیون، ئەمەش لە رێگەی خودانکردنی پلانێکی چاکسازیی یاسایی بۆ تەندروستکردنی ئەزموونی حوکمڕانیی لە هەرێمدا کە بەشێک لە ئاماژەکانی سیستمی پەرلەمانی تیادا بەدی دەکرێت.

بێگومان، لەگەڵ بوونی بڕوای تەواو بەوەی کە وەزیفەی سەرەکیی پەرلەمانی کوردستان وەک باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان‌و مەرجەعی باڵای گەلی کوردستان لە هەرێمدا بریتییە لە گوزارشتکردن لە داواکاریی‌و داخوازییەکانی هاوڵاتییان لە پێداویستی چاودێریکردنی حکومەت‌و دەرکردن‌و پەسەندکردنی ئەو یاسایانەی کە لە خزمەت هاوڵاتییان‌و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدایەو پێویستە پەرلەمان بەردەوام‌و راستەوخۆ کاردانەوەی خێرای هەبێت بۆ ئەو داخوازیی‌و داواکارییانە، بەو ئیعتیبارەی کە ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری گەل‌و گوزارشتکاری داواکارییەکانن، بەڵام لەهەمانکاتداو بە مەبەستی ئەنجامدانی جۆرێک لە چاکسازیی‌و گۆڕانکاریی لە سیستمی پەرلەمانی هەرێم‌و سیستمی یاسایی پەیڕەوکراو لە هەرێمی کوردستانداو لەپێناو پەسەندکردنی پلانێکی یاسایی دروستدا بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەو پێداچوونەوەی هەموو ئەو یاساو بڕیارو رێنماییانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا پیادە دەکرێن‌و رێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتە فەرمییەکانی هەرێم‌و گونجاندنیان لەگەڵ بارودۆخی هەنوکەیی هەرێمی کوردستان‌و ئەزموونە سەرکەوتووەکانی سیستمی پەرلەمانی لە وڵاتانی جیهانداو وەکو پلانێکی ستراتیژیی دوورخایەنیش، تاوەکو یاساکان لە یەک کاتدا گوزارشتکار بن لە داخوازییەکانی هاوڵاتییان‌و رێنمونکارو ئاراستەکاریشیان بن بەرەو ئەو ئامانجە باڵاو پڕ بەهایانەی کە خۆیان لە خزمەتکردنی هاوڵاتی‌و بەدیهێنانی ئامانجە باڵاکانی کۆمەڵگەدا دەبیننەوە. ئەوا بە دڵنیاییەوە، کارێکی ئێجگار پێویست‌و سوودمەند دەبێت کە پەرلەمانی کوردستان بتوانێت دەستپێشخەر بێت بۆ خودانکردنی ئەم پرۆژەیە بە هەماهەنگیی لەگەڵ حکومەت‌و سەرۆکایەتیی هەرێم‌و دەسەڵاتی دادوەریی‌و زانکۆکان‌و پارتە سیاسییەکان‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیدا. پلانێک کە بتوانێت بناغەدارێژەر بێت بۆ گۆڕانکاریی ریشەیی، نەک هەر لە سیستمی یاسایی هەرێمی کوردستاندا، بەڵکو لە کۆی سیستمی حوکمڕانیی هەرێمدا بەرەو ئاراستە دروستەکان پشتبەست بە دەستوورو یاساکان‌و هەماهەنگیی دروستی نێوان دەسەڵاتەکان، تا لەبەر رۆشنایی ئەم پلانەدا، بتوانرێت سیاسەتێکی یاسادانانی ئاشکرا لە هەرێمدا بەرجەستەو گەڵاڵە بکەین کە دوور بێت لە هەموو لێڵی‌و نادیارییەک‌و هاوشان بێت لەگەڵ سیستمی پەرلەمانی هەرێمداو بە راشکاوانەش رەنگدانەوەی هەبێت لە رەشنووسی دەستووری هەرێمدا.

> **دەکرێت ئەم پرۆژەیە بکرێتە دەستپێک بۆ دەستکردن بە سەرلەنوێ دارشتنەوەو چاکسازیی لە کۆی سیستمی پەرلەمانی هەرێمدا**




ڕیکلام

## پەیامی لیستی کارمەندانی تەندروستیی سەردەم

١.دەبێت ئەندامبوونی کارمەند لە سەندیکای کارمەندانی پیشەی تەندروستیدا، ئارەزومەندانە بێت‌و نابێت وەک ئیمتیازو جیاکاری بەکاربهێنرێت.
٢. پێویستە سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، رێکخراوی هەموو کارمەندان بێت بەبێ جیاوازیو ئینتمای حیزبی.
٣. پێویستە دەرماڵەی مەترسیی کارمەندانی تەندروستی/ بکرێت بە رێژەی ١٠٠٪.
٤. پێویستە دەرماڵەی مەترسیی، کارمەندانی ئیداریو ژمێریاریو خزمەتگوزایش بگرێتەوەو وەک بەشێکی گرنگ لە سیستمی تەندورستی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت‌و هاوتاکردنی مافەکانیان.
٥. پێویستە دەرماڵەی تێچوونی هاتوچۆی کارمەندانی تەندروستی، لەسەر بنەمای جوگرافی زیاد بکرێت، بە جۆرێک کە دوورو نزیکی شوێنی کارکردنی کارمەندان لەگەڵ سەنتەری شارەکان لەبەرچاو بگیرێت.
٦. پێویستە پاش دامەزراندنی کارمەندانی تەندروستی، خولی تایبەتی پسپۆڕییان بۆ ئامادەبکرێت لە سەرجەم بوارە تەندروستییەکاندا.
٧. بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەییو زانستیی کارمەندانی تەندروستی، بە کردنەوەی کۆلێژە پسپۆڕییە پیشەییەکان.
٨. بەشداری پێکردنی کارمەندان لە خولە زانستییەکانی ناوەوەو دەرەوەی وڵات لەسەر بنەمای شارەزاییو لێهاتوویی بێت‌و دوور بێت لە مەحسوبییەت‌و مەنسوبییەت.
٩. پێویستە لەگشت نەخۆشخانەکاندا، خانەی تایبەت بۆ خواردن‌و حەوانەوە بەشێوەیەکی یەکسان‌و بەبێ هیچ جیاوازییەک بۆ کارمەندانی تەندروستی بکرێتەوە.
١٠. بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویی ژیانی کارمەندانی تەندروستی بەشێوەیەک کە پێویستی بە کاری دووەم نەبێت، یەکێکە لە ئامانجەکانمان.
١١. کار دەکەین بۆ دامەزراندنی دەرچوانی بواری تەندروستی بەبێ جیاوازیو تەزکییەی حیزبی.
١٢. پێویستە مووچەی کارمەندانی تەندروستی زیاد بکرێت بە شێویەک کە لەگەڵ ژیانێکی سەردەمییانەدا بگونجێت.
١٣. کارکردن لە رۆژانی پشووی فەرمیدا، پێویستە بڕی دووهێندەی مووچەی رۆژەکە بە کارمەندی ئێشکگر بدرێت.
١٤. یارمەتی مادیی پێویست بۆ کارمەندان‌و ئەندامانی خێزانەکەی لە لایەن وەزارەتی تەندروستییەوە لە کاتی توشبوون بەو نەخۆشییانەی کە چارەسەریان لە دەرەوەی وڵاتە.
١٥. لە ئەستۆگرتن‌و چارەسەرکردنی هەر کارمەندێک لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە کە لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەیدا توشی ڕووداوێکی بەرکەوتن دەبێت.
١٦. کار دەکەین بۆ دەرکردنی یاسایەک بۆ رێگرتن لەئیهانەکردنی کارمەندانی تەندروستی لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانیانداو سزادانی ئەو کەسانەی بەو جۆرە کارانە هەڵدەستن جا هەر کەسێک بن.
١٧. ناڕەزاییو خۆپێشاندان‌و مانگرتن لەپێناوی مافەکانی کارمەندانی تەندروستیدا، کارێکی رەواو دیموکراسییەو پشتگیریی لێدەکەین.
١٨. کار دەکەین بۆ دابینکردنی زەویو شوێنی نیشتەجێبوون بۆ گشت کارمەندانی تەندروستی بەبێ جیاوازیو ئینتیمای حیزبیی.
١٩. کار دەکەین بۆ دابینکردنی بیمەی تەندروستیو کۆمەڵایەتی بۆ سەرجەم کارمەندانی تەندروستی بەبێ جیاوازی.
٢٠. کار دەکەین بۆ مانەوەی ماف‌و ئیمتیازاتی کارمەندانی تەندروستی لە دوای تەواوکردنی خزمەت‌و خانەنشین بوون.
٢١. چەسپاندنی بنەماکانی هەڵبژاردنی دیموکراتی وەک نەریتێکی پێشکەوتوو لە ژیانی رێکخراوەیی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی لەبری دەستێوەردانی حیزبیی، ئامانجی ئێمەیە.
٢٢. کار دەکەین بۆئەوەی کە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، تەنها بۆ دوو خول مافی خۆهەڵبژاردنیان هەبێت.
٢٣. دەبێت ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزییو ئەندام لقەکان، تەرخان بن بۆ کاری رێکخراوەییو نابێت پۆستی ئیداریو هیچ پلەیەکی تری تایبەت وەربگرن لە دامودەزگا تەندروستییەکاندا.
٢٤. دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بەشێوەیەکی یەکسان، مافی هاوڵاتییانەو کار دەکەین بۆ باشترکردن‌و بەرەوپێشچوونی بەشێوەیەکی سەردەمییانە.
٢٥. پێویستە کۆنترۆڵی جۆریی دەرمان‌و خۆراک، گرنگی زیاتریان پێبدرێت لەپێناو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییمان‌و کاردەکەین بۆ هاوکاریی لایەنە بەرپرسەکان.
٢٦. هەوڵدەدەین بۆ رێکخستنی کار لەنێوان کەرتی گشتیو کەرتی تایبەتدا، بە جۆرێک کە مافەکانی کارمەندانی تەندروستی پارێزراو بن.

## زیان لە کێ دەکەوێت، گۆڕان یان کورد؟



ئازاد چالاک

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی نەگەیشتنی گەلی کورد بە ئاوات‌و ئامانجەکانی، لە رزگارییو سەربەخۆبووندا بەدرێژایی مێژوو، رق‌و کینەو کورتبینی سەرکردەو کەسایەتییە ناسراوەکانی بووە لە جومگە هەرە ناسک‌و هەستیارەکانی مێژووەکەیدا بەرامبەر نەیارەکانی ناوخۆو هانا بردنیان بۆ داگیرکەران‌و هێنانی دەستی دەرەکیی بۆ سەر خاک‌و نیشتمانەکەیان‌و بەردەوام تەپڵی سەرکەوتنیان کوتاوەو جاڕی بەزاندنی رکەبەرانی ناوخۆیان داوە.

ئەو مێژووە کۆن‌و نوێیە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێتەوە کە سەرکردەکانی کورد چەند دڵرەق‌و نەفەس درێژو نەبەزن بەرامبەر هاونیشتمانیانی خۆیان‌و چەندیش نەرمونیان‌و دڵگەورەو سەخی تەبیعەتن بەرامبەر دوژمنە سەرسەختە دەرەکییەکانیان.

نامەوێت لاپەڕەکانی مێژووی دوورو نزیکی شۆڕشەکانی کورد هەڵبدەمەوە، چونکە لێوانلێوە لەو نموونانە، ناشمەوێت زامەکانی جەستەی ئەمڕۆی کورد پڕ سوێ بێتەوەو بەو واقیعە تاڵەش گیانی نائومێدییو دووبەرەکیو ناکۆکییەکانی گۆڕەپانی سیاسیی کوردی قووڵتر بێتەوە.

بەڵام لەهەمانکاتدا هەق وابوو سیاسەتمەدارانی کورد زیرەکیو لێهاتوویی خۆیان بۆ پاشقولگرتن (هەر هیچ نەبێت لە بەغدا) لە دژی یەکتر بەکارنەهێنایەو لەجیاتی ئەو کارە گیانی لێبووردەییو متمانەیان بۆ نێو ریزی کورد بگەڕاندایەتەوەو ئەو تواناو لێهاتووییە گەورەیەیان بۆ بەهێزکردنی رۆڵی کورد لە بەغدا بەکاربهێنایە.

دەبێت چ وێنەیەکی تەڵخمان لای لایەنە سیاسییەکانی بەغدا بە دەستی خۆمان کێشابێت، کاتێک تاکە مەرجمان بۆ پێکهێنانی حکومەتە ئیفلیجەکەی بەغدا بێبەشکردنی لایەنێکی سیاسیی کورد بێت، کە بە دەنگی زیاتر لە نیوملیۆن هاوڵاتی ئەم هەرێمە بەدەستهاتبێت‌و پاش مەرجیشمان گەڕاندنەوەی بەعسییەکان بێت بۆ بەشداریکردن لەو حکومەتەدا؟

بزووتنەوەی گۆڕان نەک هەر بەو بێبەشکردنە زەرەرمەند نەبووە، بەڵکو دە ئەوەندە لای هاونیشتمانانی خۆیو تەنانەت لایەنە دەرەکییەکانیش راستگۆییو رێزی زیاتری بۆ خۆی بەدەستهێناوە.

شاندەکانی بزووتنەوەی گۆڕان چ لە کوردستان‌و چ لە بەغدا خەمی سەرەکییان بەدەستهێنانی داخوازییەکانی گەلی کوردو دانانی نرخ‌و هەیبەت بووە بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەر بۆیە سوور بوون لەسەر ئەوەی کە دەبێت پەرلەمانی کوردستان (کە زۆرینەکەشی هی ئەو نییە)، خاوەن دوا بڕیارو ئیمزاکەری هەر رێکەوتنێک بێت کە لە بەغدا بە ئەنجام دەگەیەنرێت.

فراکسیۆنی گۆڕان لە بەغدا لەگەڵ ئەوەی کە لە ئیئتیلافەکە کشابووەوە، بەڵام لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کاتی دەنگدان بە سەرۆک کۆمارو بە هەموو پرۆسە سیاسییەکە نەچووە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان‌و بە دەفتەری رق‌و تۆڵەو فرسەتهێناندا نەچووەو بێبەرامبەر جارێکی تر راستگۆییو سەروەرییەکی تری بۆخۆی تۆمار کردەوە.

هەر ئەم فراکسیۆنە کاتێک وەزیرە کوردەکان رازی بوون بەو بڕگەیەی کە لە بودجەدا هەرێم پابەند دەکات رۆژانە (١٥٠) هەزار بەرمیل نەوت بنێرێتە دەرەوە، هۆڵی پەرلەمانی بەجێهێشت‌و بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی کوردی پشتگوێ نەخست.

بەدڵنیاییەوە دەڵێم، گۆڕان نەک هەر پارێزەری داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان دەبێت، بەڵکو دەبێتە فاکتەری بەهێزکردنی پێگەی کورد لە بەغداو جوانکردنی ئەزموونی دیموکراسی لە هەرێم‌و راستکەرەوەو چاودێرو زێرەڤانی هەموو ئەو پرسانەی کە دەبنە هۆی سەرکەوتن‌و پێشکەوتنی دۆزی کورد لە عێراقدا.

چاوخشاندنەوەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردو دەسەڵات لە هەرێم، بە سیاسەت‌و هەنگاوەکانی رابردوویان بەمەبەستی چاکسازیی هەمەلایەنەو بنیاتنانی سیاسەتێکی تەندروستی هاوچەرخ لە کوردستان‌و عێراق، دەبێتە هۆی هێورکردنەوەی ئەو بارە ئاڵۆزەی کە باڵی بەسەر هەرێمی کوردستاندا کێشاوەو هەڕەشەش لە تەباییو یەکڕیزیی کورد دەکات لە بەغدا.

ڕیکلام

## هەلی کار لە کەناڵی ئاسمانیی (NRT)ییەوە

کەناڵی ئاسمانیی (NRT) رایدەگەیەنێت پێویستی بەم پۆستانەی لای خوارەوە هەیە بەپێی مەرجی داواکراو، هەرکەس لە خۆی رادەبینێت با پەیوەندی بکات بە ئۆفیسی سەرەکی کەناڵی ئاسمانیی (NRT) لە گوندی ئەلمانی، بۆ وەرگرتنی فۆرم.

پۆستەکان:

١.پۆستی کارمەندی مۆنتێری پەخش.
مەرجەکان:
ـ شارەزایی لە جێبەجێکردنی پەخشی کەناڵ هەبێت.
ـ جگە لە زمانی کوردی زمانی ئینگلیزی بزانێت.
ـ بەلایەنی کەمەوە (٢) ساڵ ئەزموونی پەخشی هەبێت.
ـ پێویستە (CV) و دۆکیۆمێنت پێشکەش بکات.

٢.پۆستی کارمەندی دیکۆریست.
مەرجەکان:
ـ دروستکردن و دیزاینکردنی دیکۆری کەناڵ.
ـ شارەزایی لە بەرنامەکانی دیزاینکردن بە کۆمپیوتەر هەبێت.
ـ بەلایەنی کەمەوە (٢) ساڵ ئەزموونی هەبێت لە کارەکەدا.
ـ پێویستە (CV) و دۆکۆمێنت پێشکەش بکات.

٣.پۆستی کارمەندی پسپۆڕی تەکنیکی بواری (ئەپلینگ ـ SNG).
مەرجەکان:
ـ دەبێت ئەندازیاری بوارەکە بێت.
ـ ئەزموونی (٢) ساڵ کارکردنی هەبێت.
ـ دەبێت لەکاتی کارکردندا چارەسەرو پلانی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە تەکنیکییەکانی کەناڵ.
ـ پێویستە (CV) و دۆکۆمێنت پێشکەش بکات.

٤.پۆستی کارمەندی ئەندازیاری دەنگ.
مەرجەکان:
ـ جێبەجێکردن و تۆمارکردنی دەنگ لە کەناڵەکەدا.
ـ ئەزموونی دوو ساڵ کاری هەبێت لەو بوارەدا.
ـ شارەزای پرۆگرامەکانی تۆمارکردن و دەستکاریکردنی دەنگ بێت لە کۆمپیوتەردا.
ـ پێویستە (CV) و دۆکۆمێنت پێشکەش بکات.

٥.پۆستی کارمەندی تەنسیق:
مەرجەکان:
ـ توانای رێکخستن و دانانی کاتی بەرنامەکانی هەبێت.
ـ ئەزموونی کاری لە (٢) ساڵ کەمتر نەبێت.
ـ باشترە دەرچووی زانکۆ یان پەیمانگا بەشی (مەکتەبات) بێت.
ـ پێویستە (CV) و دۆکۆمێنت پێشکەش بکات.

ناونیشان: ئۆفیسی سەرەکی ـ ناو گوندی ئەڵمانی ـ سلێمانی.
٠٥٣٣٢٣٩٠٠٢ ـ ٠٥٣٣٢٣٩٠٠٣ ـ ٠٧٧٠٢٢٢٥٠٣٠

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩

پێداچونەوەیەکی یاسایی دروست بە رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستاندا بکرێت بۆ جێگیرکردنی کۆی دەنگو رەنگو بیرۆکە جیاوازەکانی ناو هەرێم، دەنگی کوردانو کوردستانیانی دەرەوەی هەرێم، ئەوا دەکرێت ئەو دەستوورە لە ئایندەدا ئەو مەکۆ گرنگە پێکبهێنێت کە تیایدا مژدەی لەدایکبوونی بیرۆکەیەکی هاوبەشی هاولاتییانی هەرێمی کوردستانی تیادا گەڵاڵە بکرێت. بیرۆکەیەک کە توخمی سەرجەم بیرۆکە جیاوازەکان ناو کۆمەڵگەی کوردستانی لەخۆگرتبێتو لە لای هەموومان پەسەند بێت، چونکە ئەو بیروڕا جیاوازانەش هەر هی هاولاتییانی ئەم هەرێمەن، خۆ ئەمان لە هەسارەیەکی ترەوە نەهاتوونەتە هەرێم، ئەوانیش مافی ئەوەیان هەیە کە یاساو رێسا دەستوورییەکان گوزارشت لە دیدو دنیابینیو بیروبۆچوونی ئەوانیش بکات. ئەگەر نا، ئەم رەشنووسەو لەپاشاندا یاساکانی تری هەرێم، گەورەترین قەیرانی سیاسییو یاساییو کۆمەڵاتی لە هەرێمدا دەخولقێنن. قەیرانێک کە کۆی ئەزموونی حوکمڕانییو فەرمانڕەوایەتی هەرێم دەخاتە ژێر پرسیارو هەڕەشەی لێکترازانەوەو بەم پێیەش گەورەترین هەڕەشەی ناوخۆیی هەرێم لە ئایندەدا، خۆی لە هەڕەشەی نەگونجاوییو ناکاملی دەستوورو یاسا پەیڕەوکراوەکانیدا دەبینێتەوە، هەر لەبەرهەمان هۆش ئەنجامدانی چاکسازیی یاسایی لە سیستمی پەرلەمانی هەرێمدا پشتبەست بە پلانێکی تۆکمە، دەبێت هەنگاوی یەکەمی چارەسەری ریشەیی گرفتە یاساییەکان بێت.

*** خستنەڕووی گرفتی تەوەرەکانی پلانی چاکسازیی یاسایی**

* یەکەم:

**هەلسەنگاندنو دیاریکردنی جۆرو بایەخی رەشنووسی دەستووری هەرێمو یاسا پەیڕەوکراوەکانی هەرێم لەگەڵ جۆرو بایەخی ئەو یاسا ئیتیحادیيانەی کە لە هەرێمدا پەیڕەو دەکرێن.**

رەنگە یەکێک لە گرفتە هەرە سەرەکییەکانی بەردەم سیستمی پەرلەمانی، کە وەک بەربەستێکی گەورە کاریگەریی هەبووە لە لاوازکردنی رۆلی پەرلەمانی کوردستاندا، ئەوە بێت کە تا ئێستاش نازانین ئەولەویەتی کاری پەرلەمانیی لە چیدایە، چونکە تا ئێستاش لە سیستمی یاسایی هەرێمدا، ریزبەندییەکی تەندروست نییە بۆ دیاریکردنی پلەبەندی یاساکانو دەستنیشانکردنی بەهاو مەودای رۆڵیان لە لە ژیانی کۆمەڵایەتیداو ئەمەش جۆرە پشێوییەکی خولقاندووە لە نەزمی یاسایی هەرێمدا. بۆ نموونە، تا ئێستاش چەندین گرفتی یاسایی سەرەکی هەن کە تا ئێستاش بەبێ چارەسەر ماونەتەوە بێئەوەی تێزێکی ئاشکرامان هەبێت بۆ پێشنیازکردنی چارەسەری پێویست، هەر ئەمەش وا دەکات کە چەندین پرسیار تایبەت بەم تەوەرەیە بێوەڵام بمێننەوە. لە نموونەی ئەو پرسیارە بێوەڵامانەش کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم پلانێکی چاکسازیی تۆکمەدا، تا ئێستاش نازانرێت کە:-

*** کامانەن ئەو یاسایانەی کە لە پێش ١٩٩١ەوە لە عێراقدا دەرچوونو تا ئێستاش لە هەرێم پەیڕەو دەکرێن؟**

*** بۆچی ئەو یاسایانە تا ئێستاش لە هەرێمدا پەیڕەو دەکرێن؟ پاساوەکانی جێبەجێکردنیان چین؟ ئەی بۆچی هەندێکی تریان پەیڕەو ناکرێن؟ ئەی ئایا چارەنووسی ئەو یاسایانە چۆن دەبێت، گەر لە پارێزگاکانی تری عێراقی دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا، کاریان پێ نەکرێت؟ بۆچی؟**

*** ئایا چارەنووسی ئەو یاسایانەی لە عێراقدا دەرچوون، یاخود هەموارکراون لەنێوان ١٩٩١/١٠/٢٣ تا ٢٠٠٣/٤/٩ چییە لە هەرێمی کوردستاندا؟ و بۆچی؟**

*** کامەیە ئەو پلانەی کە ئێمە پشتبەست پێیان یاسا عێراقییەکانی پێ پۆلێن دەکەین؟**

*** کامانەن ئەو پێوەرانەی کە پشتبەست بە مادەی ١١٠ی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥، یاسا پەیڕەوکراوە ئیتیحادییەکان لە یاسا پەیڕەوکراوە نا ئیتیحادییەکان جیا دەکاتەوە لە هەرێمی کوردستاندا؟ و بۆچی؟**

بێگومان نەبوونی وەڵامێکی یاسایی دروستی پشتبەست بە پلانێکی یاسایی تۆکمە، رۆڵێکی سەرەکی دەبێت لە خولقاندنی دۆخێکی ناجێگیر لە بنچینەی یاساکانو زەمینەی جێبەجێکردنیاندا، بە تایبەتیش لەژێر سایەی نەبوونی دەستوورو لەبەر نەبوونی بنەمای سەرەکی بیرۆکەی یاسایی هاوبەش لە رەشنووسی دەستووری هەرێمدا. هەر ئەم دۆخەش وایکردووە کە تا ئێستاش نەتوانرێت لە هەرێمی کوردستاندا وەک پێویست هەلسەنگاندنی تەندروست بکرێت بۆ دیاریکردنی بایەخو بەهای راستەقینەی یاسا پەیڕەوکراوەکانی هەرێم لەبەر رۆشنایی بارودۆخی هەرێمی کوردستاندا.

لەبەرئەوە، کارێکی ئێجگار گرنگە کە هەلسەنگاندنی پێویست بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت تا چەندێک یاساکانی هەرێم شیاو و گونجاون لەگەڵ بارودۆخی هەرێمی کوردستانو داخوازی هاولاتییان، تا چ ئەندازەیەک کۆکن لەگەڵ ناوەڕۆکی دەستووری عێراقیو دەستووری هەرێم لەکاتی دانانو پەسەندکردنیدا. لەوەش گرنگتر، جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی، تاچەندێک ئەو یاسا ئیتیحادییانەی کە لە ناو هەرێمی کوردستاندا «إنفاذ» کراون، یاخود جێبەجێ دەکرێن لە ئایندەدا، لەگەڵ بنەماو بونیادی گشتیی سیستمی یاسایی هەرێمی کوردستاندا کۆکو تەریبن، کامانەن ئەو یاسا ئیتیحادییانەی کە دەبێت لە هەرێمدا جێبەجێ بکرێنو کامانەشن کە دەبێت وەلا بنرێنو بۆچی؟ تا بزانین تا چەندێک ئەو یاساو رێسایانەی کە لە هەرێمدا پەیڕەو یان «إنفاذ» دەکرێن گونجاون لەگەڵ (بیرۆکەی یاسایی هاوبەش)ی پەیڕەوکراو لە هەرێمداو ئایا کامیان زیاتر لە خزمەتی هاولاتییانی هەرێمی کوردستاندان، یاساکانی هەرێم، یاخود یاساکانی دەسەڵاتی ناوەندو بۆچی؟

خۆ ئەگەر هەمیشە یاسادانەر ئەوە بیر خۆی بهێنێتەوە کە بیرۆکەی یاسایی هاوبەش (لە حالەتی جێگیرکردنیدا لە دەستووری هەرێمدا) بریتییە لە وێناکردنی خێری گشتیی کۆمەڵگەو هاولاتییان، ئەوا چیتر دوودڵ نابێت لەوەی کە کام یاسا دەربکات یان «إنفاذ»ی بکات، واتە لەم پێناوەشدا، لە لایەک پشت دەبەسترێت بە بەراوردێکی وردی نێوان بیرۆکەی هاوبەشی جێگیرکراو لە دەستوور لەگەڵ یاساکانی هەرێمی کوردستان، لە لایەکی تریشەوە بە دەستوورو ئەو رێسا دەستوورییانەی کە لە عێراقدا دەرکراونو لە هەرێمدا پەیڕەو دەکرێنو هەموو ئەو یاسا ئیتیحادییانەشی کە لەلایەن پەرلەمانی هەرێمەوە هێزی جێبەجێکردنیان پێدەدرێت.

* دووەم:

**پەیوەندیی پەرلەمانی کوردستان بە حکومەتی هەرێمو پەیوەندیی حکومەت بە پەرلەمانەوە**

ئەوەی کە تا ئێستا لە یاساو رێسا پەیوەندیدارەکانی هەرێمدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێتو بەدیدەکرێتو بە حوکمی ئەو ئەزموونەی کە لە پەیوەندیی ئالوگۆڕکارانەی نێوان پەرلەمانو حکومەتی هەرێمدا لە رابردوودا پێکهاتووە، تێبینی ئەو گرفتە سەرەکییە دەکرێت کە خۆی لە جیاکردنەوەیەکی ناتەندروستی دەسەڵاتەکانی یاسادانو جێبەجێکردنی هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی یاساگەلێکی زۆر هەن لە هەرێمدا بە شێوەیەک لە شێوەکان هەوڵی رێکخستنو سنووردانانی چالاکییەکانی دەسەڵاتێک لە دەسەڵاتە فەرمییەکانی هەرێم دەدەن (بۆ نموونە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە(١)ی سالی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، یاسای دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٣)ی سالی ٢٠٠٧، هەروەها پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان سالی ١٩٩٢ی هەموارکراو)و سەرەڕای بوونی رەشنووسی دەستوور کە بە شێوەیەک لە شێوەکان هەوڵی سنووردارکردنی چوارچێوەی چالاکی دەسەڵاتەکانی هەرێمی داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستاش لە هەردوو ئاستی تیۆرییو کردەییەوە ئەم دەسەڵاتانە لە پەیوەندییەکی ناتەندروستدان، بە تایبەتیش پەیوەندیی نێوان پەرلەمانو حکومەت، ئەم دۆخەش سەرەڕای ئەوەی کاریگەرییەکی سلبی کردووەتە سەر مەودای رۆڵو چالاکی هەریەک لەم دوو دەسەڵاتە، لە هەمانکاتدا رەنگدانەوەیەکی زۆر سلبی هەبووە لەسەر ئەزموونی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو سیستمی پەرلەمانی بەشێوەیەکی گشتیی، بە جۆرێک هەر جارەو بە پاساوێکی جیاواز، پەیوەندیی نێوان ئەم دوو دەسەڵاتە بە ئاقارێکی جیاوازیدا دەبات. بۆ نموونە، هەندێکجار وا هەست دەکرێت کە هەرێم لەبەردەم ئەزموونی (بنەمانی یەکێتیی دەسەڵات)دایە، بەجۆرێک وا دەبینرێت کە هەر سێ دەسەڵاتە فەرمییەکە هەموویان یەکیانگرتووەو خراونەتە دەست سەرکردە سیاسییەکان، هەندێکجاریش ئەم ئەزموونەی هەرێم خۆی لە «سیستمێکی پەرلەمانی لادەر»دا بینیوەتەوە. هەندێکیش لە یاسا پەیڕەوکراوەکانی هەرێم، بە شێوەیەک لە شێوەکان هاندەر بوون لە بەلادا دانی ئەم ئەزموونی حوکمڕانییە بەرە ئاقارە جیاوازەکان بەبێ بوونی پلانێکی گشتگیر بۆ مامەلەکردن لەگەڵ ئاکامەکانی گرتنە بەری ئەم ئاقارانەدا. وەک ئەوەی کە هەندێک لە ئاماژەکانی لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمدا، بەدی دەکرێتو بێتوانایی پەرلەمانی کوردستانیش لە متمانەوە وەرگرتنەوە لە کابینەیەکی حکومی، یاخود لە یەکێک لە وەزیرەکان لە ئەزموونی زیاتر لە هەژدە سالی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان، باشترین نمونە بێت لەسەر ئەو دۆخە ناتەندروستەی کە لە نێوان پەرلەمانو حکومەتدایەو وایکردووە کە ئەم دوو دەزگا گرنگەی کۆمەڵگە وا دەربکەون کە ئەمانە تەنیا دوو ئۆرگانن لەخزمەت سەرکردە سیاسییەکاندا کار بکەن پشتبەست بە بنەمای یەکێتیی دەسەڵات، زیاتر لەوەی ئۆرگانێک بن بۆ چەسپاندنی بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو پاراستنی هاوسەنگیی نێوانیان.

لەبەرئەوە هەر لە بنچینەوە کارێکی زۆر گرنگە، ئەوە بە وردی یەکلایی بکرێتەوە کە بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سیستمی حوکمڕانیی هەرێمدا، لەسەر چ بنچینەیەک دادەرێژرێت (جیاکردنەوەی رەهای دەسەڵاتەکان، یاخود جیاکردنەوەی نەرمو نیانی دەسەڵاتەکان- جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەسەر بنەمای یەکسانیو هاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتەکان، یاخود لەسەر بنەمای پلەبەندیی دەسەڵاتەکان- پلەبەندیی نێوان دەسەڵاتەکان لەسەر بنچینەی هەژمونیەتی دەسەڵاتی یاسادانان، یاخود دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یاخود دەسەڵاتی دادوەریی).

جا ئەگەر لە هەرێمی کوردستاندا تا ئاستێکی باڵا ئاماژەی رێکەوتنێکی سیاسی هەبێت (لانیکەم لە روخساردا) لەپێناو جێگیرکردنی سیستمی دیموکراسی پەرلەمانی پشتبەست بە بنەمای جیاکاری نەرمو نیانی نێوان دەسەڵاتەکان، بە تایبەتیش لەنێوان دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردندا، کە ئێمە لەم قۆناغەدا هەندێک لە ئاماژەکانی لە دەستووری عێراقی ٢٠٠٥و رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستاندا دەبینینەوە. ئەوا پێویستە سوود لەم ئاماژە ئیجابییانە وەربگرین بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی سیستمی پەرلەمانی لە کوردستاندا کە لە قۆناغێکی زۆر هەستیاردایەو وردترکردنەوەو وەرگێڕانی ئەو ئاماژەو کۆ دەنگییانە بۆ دەقی دەستووریو یاساییو هەنگاوی عەمەلی. لە هەموو بارێکیشدا، دەبێت ئاراستەکان بەرەو قولکردنەوەو دەوڵەمەندکردنی سیستمی پەرلەمانی نوێنەرایەتیدا بێت، واتە بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتاوە بتوانین سیستمی سەرۆکایەتییو سیستمی حکومەتی جەمعییە لەسنووری بیرۆکەی حوکمڕانیی هەرێمدا دەربهێنین، ئەمەش تەنیا لەپێناو رزگاربوون لە ئەگەری ستەمکاری ئۆرگانێک لەسەر حسابی ئۆرگانە فەرمییەکانی تری هەرێمو پاراستنی هاوسەنگی سیاسی لە هەرێمدا پشتبەست بە لێکجیاکردنەوەی نەرمو نیانی دەسەڵاتەکان.

بەڵام ئەوەی بووەتە خولقێنەری گرفتی یاسایی لەم تەوەرەیەدا، ئەوەیە کە ئەم ئەزموونی حوکمڕانییە، ئەگەر لە وردەکارییو ناوەڕۆکی بڕوانین، وا دەردەکەوێت تا رادەیەکی زۆر لە قەیراندایە (مەبەستیش ئەزموونی سیستمی پەرلەمانیو بنەمای جیاکاری نێوان دەسەڵاتەکانو پلەبەندی نێوان دەسەڵاتەکانە)، بۆیە نەک هەر کارێکی زۆر سوودمەندە، بەڵکو زۆر پێویستە ئێمە سوود لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی ئەم سیستمە لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا وەربگرین بۆ دەوڵەمەندکردنی سیستمی پەرلەمانی لە هەرێمداو ئەنجامدانی چاکسازیی یاسایی تیایدا لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریی هەرێمو دۆخی یاساییو دەستووریو سیاسیی باو لە عێراقدا.

پشتبەست بەوەی باسکرا، دەکرێت لەم تەوەرەیەدا ئەم بیرۆکانەی لای خوارەوە بخرێنەڕوو لە رێگەی ئامادەکردنی توێژینەوەی زانستیو ئەنجامدانی کۆنفرانسی زانستییەوە (کە لە پاشاندا ئاماژەی پێدەدرێت) بە مەبەستی دیاریکردنی پەیوەندیی پەرلەمانی کوردستان بە حکومەتی هەرێمی کوردستانو پەیوەندیی حکومەت بە پەرلەمانەوە، بە تایبەتیش لەم بوارانەدا:-

* یەکلاییکردنەوەی پرسی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەوەی کە ئایا لەسەر بنچینەی پلەبەندی دەسەڵاتەکانە، یاخود لەسەر بنچینەی هاوسەنگیو یەکسانی نێوان پەرلەمانو حکومەتە، تا مەودای دەسەڵاتی پەرلەمان بەسەر حکومەتدا دیاری بکرێت، بەمەرجێک لە سنووری سیستمی پەرلەمانی تێپەڕ نەکات بۆ سنووری حکومەتی جەمعییە کە بەرجەستەکاری سیستمی تێکەڵاوکردنە، نەک جیاکاری، یاخود بۆ سنووری سیستمی سەرۆکایەتیی کە بەرجەستەکاری جیاکارییەکی توندە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سیستمی پەرلەمانی لە هەرێمدا هێڵی سوورە بۆ هەموو لایەک، بۆ هیچ کە س و لایەنێک نە بێت ئاراستەی حکومداری هەرێم بە ئاقارێکی جیاواز لە سیستمی پەرلەمانیدا بەرێت، خۆ ئەگەر سیستمەکە بەلارێدا برا، ئەوا پێویستە هەر زوو ئەو لاسەنگییە هاوسەنگ بکرێتەوەو پاشانیش دەکرێت میکانیزمیەتی وردترکردنەوەی ئەم بنەما سەرەکییە لەم بوارانەی تردا بەرجەستە بکرێت:-

*** متمانەبەخشین بە کابینەی حکومەت.**

*** پرسیارکردن لە ئەنجومەنی وەزیرانو وەزیرەکانو شیکردنەوەی میکانیزمەکانی.**

*** خستنەڕووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆو داواکردنی خودانکردنی بیرۆکە لەلایەن وەزارەتەکانەوە.**

*** لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی.**

*** لێپرسینەوە لە وەزیرو کابینەی حکومەت.**

*** بەرپرسیارێتیی وەزاریو وەرگرتنەوەی متمانە.**

*** پێشنیازکردنی پرۆژەیاسا بۆ پەرلەمان لە لایەن حکومەتەوە.**

*** دەستێوەردانی حکومەت لە ئاراستەی کارکردنی پەرلەماندا.**

*** دواخستنی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان.**

*** هەلوەشاندنەوەی پەرلەمان.**

* سێیەم:

**پەیوەندیی پەرلەمانی کوردستان بە دەسەڵاتی دادوەرییەوە**

دەکرێت لەم تەوەرەیەدا، بە وردیی چەندین باسی گرنگ بوروژێنرێن سەبارەت بە چۆنێتیی زامنکردنی رۆڵی دەسەڵاتی دادوەریی لە هەرێمی کوردستاندا، هەم لە رووی یاساییەوەو هەم لە رووی کردەییەوە، سەلماندنی ئەو بنەما سەرەکییەی کە دەڵێت، هیچ دەسەڵاتێکی تر نییە باڵاتر بێت لە دادگاکان،تەنیایاسانەبێت.باسکردن لە پلەو ئاستی ئەو پەیوەندییو هەماهەنگییەی کە دەکرێت لەنێوان پەرلەمانو دەسەڵاتی دادوەریدا هەبێت، وروژاندنی پرسی بوونی دادگای دەستووریو باسکردنی رۆڵی لە پاراستنی پیرۆزیی دەقە دەستوورییەکان، لەپاڵ گفتوگۆکردن لەسەر وردەکاریی چاودێریی قەزایی بۆ دەستووریبوونی یاساکان. ئەمە سەرەڕای خستنەڕووی میکانیزمیەتی پەیوەندیی نێوان پەرلەمانو ئەم دەسەڵاتە لەسەرجەم ئاستەکانی پەیوەندییو هەماهەنگیدا، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، وروژاندنی بابەتی چۆنێتیی زامنکردنی سەروەرییو سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییە لە بەرامبەر هەژمونیەتی حیزبو دەسەڵاتی جێبەجێکردنو هەر دەستێکی دەرەوەی سنووری دەسەڵاتی دادوەریی.

**ئەوەی بووەتە خوڵقێنەری گرفتی یاسایی لەم تەوەرەیەدا، ئەوەیە کە ئەم ئەزموونی حوکمڕانییە، ئەگەر لە وردەکارییو ناوەڕۆکی بڕوانین، وا دەردەکەوێت تا رادەیەکی زۆر لە قەیراندایە**

بەم پێیەش، دەکرێت ئەم پرۆژەیە بکرێتە دەستپێک بۆ دەستکردن بە سەرلەنوێ دارشتنەوەو چاکسازیی لە کۆی سیستمی پەرلەمانی هەرێمدا، سەرەتا ئەمەش لە رێی زیادکردنی بیرۆکەو بیروڕاو مادەو برگەی نوێوە دەبێت بۆ پرۆژەی دەستووری هەرێم، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە رەشنووسی دەستووری هەرێم گریمانەی سەرەکیی پلانی چاکسازیی یاسایی سیستمی پەرلەمانی هەرێمە، پاشان دانانی یاسای نوێو گۆرانکاریی و هەموارکردن لە یاسا پەیرەوکراوەکانیداو لابردنی هەندێکی تریان، لە هەمانکاتدا کارکردن بۆ سەرلەنوێ رێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتە فەرمییەکانی هەرێم بێت لەسەر ئەو بنەمایانەی کە لە دەستوورو یاسا پەیوەندیدارەکانی هەرێمدا جێگیرکراون بەو شێوەیەی کە لەگەڵ بنچینە تیۆرییەکانی سیستمی پەرلەمانیدا کۆک دەبێت و دەگونجێت.

بێگومان، جەختکردنەوەش لەسەر ئەم تەوەرە هەستیارانە، ئەوە دەردەخەن کە پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت پشکی شێری بەربکەوێت لە پەیرەوکردن و خستنەگەڕو خودانکردنیدا (وەک لە پاشاندا دەردەکەوێت). دەکرێت پرۆژەکە بکرێتە بنەما بۆ پلانێکی ستراتیژیی هەرێم بەگشتیی، ئەمە لە لایەک و لەلایەکی تریشەوە دەکرێت خودانکردن و پەیرەوکردنی ئەم پلانە هاندەرێکی زۆر باش بێت هەموو پارتو لایەنە جیاوازەکانی ناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمان کە هاوکارو کارایەکی یاریدەدەر بن لە سەرخستن و دەوڵەمەندکردنی رەشنووسی دەستووری هەرێم، بەشێوەیەک ئەم رەشنووسە مایەی رەزامەندیی هەموو لایەک بێت و کۆدەنگییەکی نیشتمانیی لەسەر پێکبێت، نەک بکرێتە چەکێک بە دەستی زۆرینەوە (جا ئەو زۆرینەیە، زۆرینەی پەرلەمانی بێت، یاخود زۆرینەی دەنگدەرو لایەنگر) بۆ چاوترساندن و هەڕەشەکردن لە بیروڕاو داخوازی کەمینە، ئەم پرۆسەیەش لە ئەنجامدا گەر سەرکەوتوو بێت، ئەوا خۆی لە خزمەتکردنی هاوڵاتی و زیاترکردنی پەراوێزی ئازادیی لە هەرێم و پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروستدا بەرجەستە دەبێت، بە جۆرێک هاوڵاتییانیش ئامادە دەبن لە خۆوەو بە شێوەیەکی «طوعي» ئامادەیی گوێڕایەڵی یاساکانیان تیادا دەستەبەر دەبێت، ئەمەش لەبەرئەوە ناکە ترسی دەسەڵاتیان لە دڵدایەو لە سزادان دەترسن، بەڵکو لەبەرئەوەی دڵنیا دەبن کە دەستووری هەرێم و یاساکان گوزارشتکاری راستەقینەی ویست و داواکارییەکانیان و لەبەرامبەریشدا دەسەڵاتداران لە هەرێمدا، بەرپرسانەتر مامەڵە دەکەن و زیاتر خەمخۆری پەیوەندییەکی تەندروست دەبن لە نێوان خۆیان و هاوڵاتییاندا.

پشتبەست بەم دەرئەنجامانەش و لەگەڵ پێداگریی لەسەر گرنگی و بایەخی سەرجەم یاساکان و پێویستی رێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتەکان لە باشترین ئاستدا، دەکرێت لە رووی زانستییەوە (پشتبەست بە راسپاردەی کۆنفرانسێکی گشتیی کە تایبەت بەم مەسەلەیە ببەسترێت) جۆرێک پلەبەندیی هەبێت لە باسکردنی گرنگی و بایەخی یاساکان و میکانیزمەتی رێکخستنی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتەکان بەو ئیعتیبارەی کە رەنگە هەندێکیان پێویستییەکی زۆر هەنووکەیی بن و بە هیچ شێوەیەک شیاوی دواخستن نەبن و پێویستە دەستبەجێ کاریان لەسەر بکرێت لە پێناو هێنانەدییان، هەندێکی تریشیان بەشێک بن لە پلانێکی دوورخایەنی ماوەدرێژ کە شیاوی ئەوە بن بە قۆناغبەندی جێبەجێ بکرێن، نەک دەستبەجێ.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خاڵی سەرەکی لەم پلانەدا، ئەوەیە کە هەوڵ دەدات لە یەک کاتدا وەک کردەیەکی سەربەخۆ دەربکەوێت بۆ دۆخێکی هەنوکەیی و گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە وەزیفەی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریدا، هەر لە پێداچوونەوەی یاسا پەیرەوکراوەکان، یاخود هەموارکردنیان، یان لادانیان و دانانی یاسای نوێ لە جێگەیان و تێپەڕبوون بە زەرورەتی لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو کەموکورتییانەی کە پێشتر لە وەزیفەکانی پەرلەمان و یاساکان و حکومەت و جێبەجێکردندا بەدی کراون، تا هەموو ئەمانە ببنە بناغەیەکی پتەو بۆ دانانی یاساکان و پلانەکان بە شێوەیەکی تەندروستتر لە ئایندەدا. هەروەها لەگەڵ بڕوای تەواو بەوەی کە چارەسەری بەشێک لە گرفتەکانی سیستمی پەرلەمانی، دەکرێت لە رێگەی دارشتنی یاسای نوێ و هەموارکردنی یاسا پەیرەوکراوەکانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت هەرگیز رۆڵی ئۆرگانەکانی تری وەک دامەزراوەی جێبەجێکردن و دادوەریی لەم پێناوەدا فەرامۆش بکرێت، ئەمە سەرەڕای جەختکردنەوە سەر ئەوەی کە کلیلی چارەسەرە ریشەییەکان خۆی لە رەشنووسی دەستووری هەرێمدا دەبینێتەوە، بەو ئیعتیبارەی کە سەرچاوەی یاساکان و رێکخەری سەرەکیی سەرجەم دەسەڵاتەکان و پەیوەندییە ئۆرگانییەکانی نێوانیانەو هەر ئەمەش ئاماژەیەکی سەرەکی و راستەوخۆیە بۆ هەستیاریی

**پێویستە پێشوەخت هاوڵاتی لەبەردەم دەستوورو یاساگەلێکدا بێت کە زادەو رەنگدانەوەی ویستی راستەقینەی خودی هاوڵاتییان بێتە بەو ئیعتیبارەی کە گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانەو بناغەدارێژەری سەرەکی سیستمی یاسایی و سیاسییە لە وڵاتدا**

پرسی رەشنووسی دەستووری هەرێم لە کوردستاندا، کە پێویستە زۆر ژیرانەو نیشتمانییانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا بکرێت.

### * بنەمای سەرەکیی پلانی چاکسازیی یاسایی

پشتبەست بەوەی کە باسکرا، ئەم پلانی چاکسازیی یاساییە، لەسەر بنەمایەکی سەرەکی پێکدێت، کە ئەویش بریتییە لە بنەمای «رێککەوتن لەسەر بیرۆکەی یاسایی هاوبەش لەپێناو کارکردنی هاوبەش».


چونکە بنچینەی سەرەکیی لە بونیادنانی هەر سیستمێکی یاسایی و پەرلەمانی سەرکەوتوو لەهەر وڵاتێکدا،

لەسەر بوونی بیرۆکەیەکی یاسایی تۆکمە پێکدێت. بیرۆکەیەک کە گوزارشتکاری راستەقینەی بیروڕاو داخوازیی هەموان بێت و بتوانێت سەرەتاو کۆتایی و ئامانجەکان و ئامرازەکان هۆکارەکانی دانان و هەموارکردن و لابردنی دەستووری وڵات و یاساکانمان شیبکاتەوە. بەم پێیەش، ناتوانرێت وەک پێویست بونیادی حوکمڕانییەکی دروست لە وڵاتدا خودان بکرێت تا بیرۆکەیەکی یاسایی هاوبەش و تەندروستمان لەبەر دەستدا نەبێت کە هەموومان کۆک بین لەسەری لەپێناو کاری هاوبەشدا. بیرۆکەیەک کە بتوانێت دەستوورو یاساکان و دەسەڵاتەکان لە هەرێمدا ئاراستە بکات بەرەو ئەو ئامانجە یاسایی و کۆمەڵایەتییانەی کە بیرۆکەهاوبەشەکە دەیەوێت بیانهێنێتەدی و هەموومان کۆکین لە زەرورەتی هێنانەدییان و تا ئەم بیرۆکەیە بتوانێت سەرچاوەی سەرەکیی خۆی لە رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستاندا بدۆزێتەوەو رەنگدانەوەیەکی تەواوی هەبێت لە رێسا دەستووریی و یاساییەکان و تەنانەت سیستم و رێنماییەکانی هەرێمدا. ئەو بیرۆکە هاوبەشەی کە تا ئێستاش لە هەرێمدا بوونی نییە، یاخود لانیکەم لێڵ و نادیارە، تا رادەیەکی زۆر مۆرکی ناوچەگەریی و حیزبیبوونی پێوە دیارە. یەکەمین هەنگاویش بۆ دەربازبوون لەم دۆخە، تێپەڕاندنی بەرژەوەندییە حیزبیی و ناوچەییەکانە لەپێناو خولقاندنی بەرژەوەندیی و بیرۆکەی گشتیی هاوبەشی هاوڵاتییان، ئەم ئامانجەش نایەتەدی تا رەشنووسی دەستووری هەرێم لە چوارچێوەی حیزبیی دەرنەهێنرێت و مۆرکێکی گشتیی پێ نەبەخشرێت و تا دەستوور لە کەرەسەو چەکێکی حیزبییەوە نەکرێتە ئامرازێکی زامنکار بە دەستی هاوڵاتییەوە بۆ کۆتکردنی دەسەڵات لە هەرێمدا.

بێگومان ئامانجە یاساییەکانی ئەم بیرۆکە هاوبەشە، لە دەرەوەی ئیرادەی هاوڵاتییانی هەرێم و ئامانجە نیشتمانییەکانیدا نییەو هەرگیز ناشبێت بەو شێوەیە بێت، بەڵکو دەبێت ئەو بیرۆکەیە زادەی بیرو هزری یەکە بە یەکەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیی و پێکهاتە جیاوازەکانی بێت بەدوور لە چاوو دەستی دەسەڵاتدارانی هەرێم و هەژمونییەکانی، بە جۆرێک کە ئەم ئامانجە باڵایانەی کە لەم پلانە دێنە دی، دەبێت لە ناوەرۆکیاندا گوزارشتکاری راستەقینەی «وێناکردنی گشتیی بابەتییانەی خێری گشتیی سەرجەم هاوڵاتییانی کوردستان»بن، نەوەک سوودو خێری دەسەڵات و پارتە باڵادەستەکانی هەرێم. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەرگیز ناتوانین وەک پێویست بونیادی سیستمێکی پەرلەمانی و یاسایی دروست دابڕێژین لە هەرێمدا، تا جۆرێک کۆدەنگی پێکنەهێنین لەناوەندە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا لەسەر ئاستی هاوڵاتی، سەبارەت بەو وێنا گشتییەی کە خێری گشتی پێکدەهێنێت لە وڵاتدا . وێناکردنێک بە جۆرێک کە خێری گشتیی بەرهەمهاتوو لە جێبەجێکردنی یاساکان بۆ هەمووان بێت. بە واتایەکی تر، پێویستە بە ئاشکرا ناوەڕۆکی ئەو بیرۆکە یاساییە هاوبەشە دیاری بکەین کە دەمانەوێت بیکەینە بنچینە بۆ دانانی دەستوورو رێکخستنی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتەکان و یاسادانان لەگەڵ دەستنیشانکردنێکی تەندروستانەی ئەو ئامانجانەی کە ئەم بیرۆکەیە دەیەوێت بیانهێنێتەدی لە وێناکردنی خێری گشتیی هاوڵاتییان، بۆیە نابێت هەرگیز پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم بیر لەوە بکەنەوە رەشنووسی دەستووری هەرێم وەک پلانێکی کاری حیزبیی، یان بۆ قایمترکردنی پێگەی حیزبیی و مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵاتی هەرێم بەکاربهێنن، ئەگەر نا، هەرگیز ئەو دەستوورە زەمینەی جێبەجێکردنی نابینێت لە هەرێمدا.

ئەم بیرۆکە هاوبەشە، بە حوکمی ئەوەی کە تا ئێستاش لە هەرێمدا هیچ ئاماژەیەک، یاخود هیچ رەنگدانەوەیەکی نییە لە فەزا یاسایی و سیاسییەکانی هەرێمدا، بەڵکو ئەوەی کە هەیە تەنیا بریتییە لە دنیابینی حیزبی بەرتەسک بۆ سەرجەم کارلێکەکانی کۆمەڵگە، هەر لەبەرئەوەشە تا ئێستاش زۆربەی پارتو هێزە سیاسییەکانی هەرێم، لەگەڵ ئەوەی کە دەزانن چییان ناوێت، بەڵام نازانن چییان دەوێت. خۆ ئەگەر بشزانن چییان دەوێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە نازانن بۆچی دەیانەوێت. بە نموونە، تا ئێستاش لە هەرێمدا وەک پرسێکی گشتیی نیشتمانی، ئەوە جێگیر نەبووەو نازانرێت بۆچی دەمانەوێت دەستوور پەسەند بکەین، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەموومان دەستوورمان دەوێت. تا ئێستاش بەهۆی نەبوونی بیرۆکەی هاوبەشی کارکردنمانەوە، نازانین بۆ پرۆژەیاسایەک پەسەند دەکەین و پرۆژەیەکی تر رەتدەکەینەوە. خۆ ناکرێت بیرۆکەی هاوبەش پۆلێن بکرێت لە نێوان زۆرینەو کەمینەدا، یاخود ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدا. بیرۆکەی هاوبەش، یان هەر لە بنەڕەتدا بوونی نییە، یان ئەگەر بوونی هەبێت، ئەوا دەبێت گشتگیر بێت، هاوبەش بێت، گوزارشتکاری هەموان بێت، نەوەک کەرت و لاوەکی بێت، چونکە خێرو سوودی گشتی تەنیا لەلایەن دەسەڵات، یاخود تەنیا لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە دیاری ناکرێت و ناشبێت تەنیا لایەنێک، یاخود کەسێک، یان پارتێک تاکە مەرجەع بێت بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا کامانەن سوودو خێری گشتی و کامانەن زیانە گشتییەکان، کەی دەستوور پەسەند دەکرێت، کەی هەموار دەکرێت، چۆن پەسەند دەکرێت و چۆن هەموار دەکرێت، بەڵکو دەبێت هاوڵاتی، پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، پارتو لایەنە سیاسییەکان، زۆرینەو کەمینە، ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات، کۆمەڵە و رێکخراوەکان، لە رێی کایەکانی (دەستوور–هەڵبژاردن–دەنگدان– راپرسی–نوێنەرەکان–پێشنیازی جەماوەری– کۆڕو کۆبوونەوەی گشتی، کۆنگرەو کۆنفرانس–هتد) رۆڵیان هەبێت بە هاوبەشی لە دیاریکردنی ناوەڕۆکی ئەو سوودو خێرە گشتییەدا، لانیکەم لە پرسە چارەنووسسازەکاندا، لە رێی خولقاندنی ئەو بیرۆکە هاوبەشەوە. ئەمانە شتگەلێک نین کە چەند کەسانێک، یاخود لایەنێک خۆیان بکەنە دەمراستی میللەت و ببنە بریکاری ئەوان بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی هاوڵاتییان. کەسێک کە خۆی خاوەنی شتێک نەبێت، ناشتوانێت رەفتاری پێوە بکات و بڕیاری لەسەر بدات.

جا ئەگەر بمانەوێت ئەم بابەتە هەستیارانەش بهێنینەوە رێڕەوی راست و دروستی خۆیان، ئەوا پێویستە پێشوەخت هاوڵاتی لەبەردەم دەستوورو یاساگەلێکدا بێت کە زادەو رەنگدانەوەی ویستی راستەقینەی خودی هاوڵاتییان بێت، بەو ئیعتیبارەی کە گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانەو بناغەدارێژەری سەرەکی سیستمی یاسایی و سیاسییە لە وڵاتدا. ئەم بنەمایە لە سەرجەم دەستووری وڵاتە دیموکراسییەکانی جیهاندا جێگیرکراوە، ئەگەر نا بونیادی سیستمی یاسایی لە هەرێمدا، لەسەر بناغەیەکی نادروست و لەرزۆک پێکدێت بەو شێوەیەی کە ئێستا هەندێک لە ئاماژە هەڵەکانی لە هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکەین، لەوانەش تێپەڕاندنی یاسای خۆپیشاندان و ئەگەری تێپەڕاندنی پرۆژەیاسای دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم و پاشان ئەگەری پەسەندکردنی رەشنووسی دەستووری هەرێم لەژێر سەرپەرشتی ئەو کۆمسیۆنەدا. جا ئەگەر دۆخی یاسایی هەرێم بەم ئاقارە هەڵانەدا تێپەڕ بێت، ئەوا لە ئایندەیەکی نزیکدا هەرێمی کوردستان رووبەڕووی گەورەترین قەیرانی یاسایی و دەستووریی دەبێتەوە، کە شیرازەی ماڵی کوردی بەتەواوەتی دەشێوێنێت. لەبەرامبەریشدا، ئەگەر توانرا



*** چوارەم:**
**پەیوەندیی نێوان پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان.**

لەم تەوەرەیەدا، دەکرێت ئەم باسە گرنگانە بورووژێنرێن لەسەر ئاستی دەستووری هەرێم و یاسا پەیڕەوکراوەکانی بۆ دیاریکردنی ئاستێکی تەندروست لە پەیوەندیی نێوان پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێمدا، بەمەرجێک ناوەڕۆکی ئەو پەیوەندییە، لە سنوورو چوارچێوەی سیستمی پەرلەمانیدا بێت لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی دۆخی هەرێمی کوردستان و ناوەڕۆکی دەقی ئەسلی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥و دەکرێت ئەم بوارانەی لای خوارەوە بکرێنە تەوەری سەرەکی گفتوگۆکان:-

*** خستنەڕووی بنەمای «لە کوێدا دەسەڵات هەبێت بەرپرسیارێتی هەیە».**

*** ئەگەرەکانی دیاریکردنی بەرپرسیارێتیی سیاسیی سەرۆکی هەرێم لەبەردەم پەرلەماندا.**

*** ئامرازەکانی دیاریکردنی سەرۆکی هەرێم.**

*** بانگهێشتکردنی پەرلەمان بۆ کۆبوونەوە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە.**

*** کۆتاییهێنانی خولی گرێدانی پەرلەمان.**

*** هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بە هەماهەنگیی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا.**

*** دیاریکردنی رۆڵی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێم لەبەر رۆشنایی یاسای دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمدو یەکلاییکردنەوەی ئەوەی کە ئایا ئەم دیوانە تاکە دەزگای پەیوەندیی نێوان پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێمە، واتە ئایا تا چەندێک لە رووی تیۆرییەوە گونجاوە کە لینکی پەیوەندیی نێوان سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان تەنیا لە رێگەی دیوانەوە بێت. بێگومان، دەکرێت لە میانەی کۆنفرانسێکی گشتیدا هەموو ئەم گرفتانەش یەکلایی بکرێنەوە.**

*** پێنجەم:**
**پەیوەندیی نێوان سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران.**

دەکرێت لەم تەوەرەیەشدا، بە وردیی میکانیزمیەتی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو بەشە گرنگەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دیاریبکرێت، بەمەرجێک لەگەڵ بنەمای دووانەیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (ثنائية السلطة التنفيذية)و بنەما سەرەکییەکانی سیستمی پەرلەمانیدا کۆک بێت، لەگەڵ جێگیرکردنی بنەمای «بەقەد بڕی دەسەڵات و سەڵاحیەت، بەرپرسیارێتی سیاسیی هەیە».بە لەبەرچاوگرتنی مادە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بەم تەوەرەیە لە دەستووری عێراقی ٢٠٠٥و رەشنووسی دەستووری هەرێمدا.

*** شەشەم:**
**پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەریی لە هەرێمدا.**

بێگومان دیاریکردنی پەیوەندییەکی تەندروست لەنێوان حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی دادوەرییدا، یەکێکە لە بابەتە زۆر هەستیارەکان، حکومەت وەک جێبەجێکاری یاساکان، دەسەڵاتی دادوەریش وەک بەدیهێنەری داد لە کۆمەڵگەدا پشتبەست بەیاساکان، بە تایبەتیش لە پاش دەرچوونی یاسای دەسەڵاتی دادوەریی لە هەرێمی کوردستاندا، ژمـــارە (٢٣) ی ساڵی ٢٠٠٧و جیاکردنەوەی ئەم دەسەڵاتە لە دەسەڵاتی وەزارەتی دادی حکومەت.

لەبەرئەوە کارێکی زۆر گرنگە لەسەر ئاستی یاساکان و لە رووی کردەییەوە بەتەواوەتی هەیمەنەتی حکومەت لەسەر دادگاکان و بڕیارەکانی هەڵبگیرێت، بە تایبەتیش کاتێک ئێمە لەبەردەم سیستمی پەرلەمانیدا دەبین و تیایدا حکومەت خاوەن دەسەڵاتی فیعلییە لە وڵاتدا.

*** میکانیزمیەتی سەرکەوتنی پلانی چاکسازیی یاسایی سیستمی پەرلەمانی لە هەرێمدا.**

١. سەرەتاو پێش ئەوەی بێینە سەر خستنەڕووی پێشنیازی پێویست بۆ سەرخستنی پلانی چاکسازیی، دەبێت ئەوە بوترێت کە هەر پلانێک بۆ چاکسازیی یاسایی لە هەرێمی کوردستانداو بۆ تەندروستکردنی سیستمی پەرلەمانی تیایدا، مەحاڵە بتوانێت سەرکەوتوو بێت ئەگەر سەرچاوەی ئەم پلانی چاکسازییە خۆی لە رەشنووسی دەستووری هەرێمدا نەبینێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناکرێت باس لە سەرخستنی پلانی چاکسازیی یاسایی بکرێت، ئەگەر پرۆژەی دەستووری هەرێم بەشێکی سەرەکی تەوەری گفتوگۆکانی ئەم پلانە نەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ئەم رەشنووسی دەستوورە بەر لەوەی لە راپرسییەکی جەماوەریدا دەنگی بۆ بدرێت، دەبێت لە رێگەی بەستنی چەندین کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارو کۆنفرانس و پاشان کۆنگرەی گشتییەوە کە لەپێناو چاکسازیی یاساییدا دەبەسترێن، بیرۆکەی یاسایی هاوبەش لەو رەشنووسەدا جێگیر بکرێت و هەر ئەمەش بە دڵنیاییەوە وا دەخوازێت کە چەندین برگەو مادەی ئەو رەشنووسە لاببرێن، یاخود هەموار بکرێن، یان برگەی نوێی بۆ زیاد بکرێت، بەمەرجێک هەر گۆڕانکارییەک لەو رەشنووسەدا، پشتبەست بە پلانە یاساییەکە بێت و بەپێی راسپاردەی کۆنگرەی تایبەت بە چاکسازیی یاسایی بێت و لەپێناو جێگیرکردنی بیرۆکەی یاسایی هاوبەش و چەسپاندنی سیستمی پەرلەمانیدا بێت، بە جۆرێک لە دەرئەنجامدا رەشنووسەکە ببێتە مەکۆیەک بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم گوتارە جیاوازەکان و ببێتە مایەی رێکەوتنی نیشتمانیی، نەک مایەی جیاوازیی و ململانێ و ناکۆکی، چونکە دەبێت لە دواجاردا رەشنووسی دەستوور بەشێک بێت لە چارەسەر، نەوەک بەشێک بێت لە کێشە. جا ئەگەر رەشنووسەکە پرۆژەیەکی باش و تەندروست دەچوو، با هەموومان پشتگیری لێبکەین و پەسەندی بکەین، خۆ ئەگەر رەشنووسەکە خراپ و بێکەڵکیش بوو، ئەوا با هەموومان رەتی بکەینەوەو ئەمەش سەرەتای یەکخستنی گوتاری نەتەوەیی و نیشتمانیمان دەبێت کە دەستوورێک بتوانێت سەرجەم دەنگە رازی و ناڕازییەکان لە پرۆژەیەکی نیشتمانیدا یەک بخات.

٢. پێویستە لیژنەیەکی باڵای پلانی چاکسازیی یاسایی لە هەرێمدا پێکبهێنرێت و دەکرێت لیژنەکە ناوبنرێت بە «لیژنەی باڵای پلانی چاکسازیی یاسایی لە هەرێمی کوردستاندا»، ئەندامانی ئەم لیژنەیە دەکرێت بەم شێوەیە بن:-

*** چەند نوێنەرێک لە پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان.**

*** نوێنەرانی دەسەڵاتی دادوەریی لە دادوەران.**

*** نوێنەرانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان.**

*** نوێنەرانی حکومەت، یاخود وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

*** ژمارەیەک پسپۆری یاسایی، سیاسی، ئابووریی، لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.**

*** نوێنەرانی کۆمەڵەو رێکخراوەکان و میدیاکان و سەندیکا پیشەیی و جەماوەرییەکان.**

*** نوێنەرانی پێکهاتەو کەمینە نەتەوایەتی و ئایینییەکان.**

*** نوێنەرانی پارتە سیاسییەکان.**

*** دەکرێت بە پێی پێویست، ئەندامی تر بۆ ئەم لیژنە باڵایە پێکبهێنرێت، وەک نوێنەرانی ناوچە دابڕاوەکان، نوێنەرانی کوردستانیانی تاراوگە.....هتد.**

٣. ئەم لیژنە باڵایە لەژێر سەرپەرشتی پەرلەمانی کوردستاندا کار دەکات و ئاساییشە ئەگەر لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتی دادی هەرێمدا کار بکات و ئەندامانی ئەم لیژنە باڵایە، هەموویان ئەندام دەبن لەو لیژنە فەرعییانەدا کە بۆ هەر یەکێک لە تەوەرەکانی پلانی چاکسازیی دادەنرێت و هەر لە ئەندامانی ئەم لیژنە باڵایەش، دەکرێت ببنە سەرۆکی لیژنە فەرعییەکان، ئامانجی سەرەکی ئەم لیژنە باڵایە سەرەڕای سەرپەرشتیکردنی لیژنە فەرعییەکان، کۆکردنەوەی راپۆرتی لیژنە فەرعییەکانە، هەروەها پاکنووسکردنیان و ئامادەکردنیان دەبێت بۆ کۆنگرەی گشتیی، واتە پێشوەخت ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم لیژنە باڵایە، دەبێت دیاریکرابن.

٤. لەژێر سەرپەرشتی لیژنەی باڵادا، ئەم لیژنە فەرعییانە پێکدەهێنرێن:-

**– لیژنەی رەشنووسی دەستوور.**

**– لیژنەی رێکخستنەوەی یاساکان و یەکخستنیان.**

**– لیژنەی پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن (ئەنجومەنی وەزیران- سەرۆکایەتیی هەرێم).**

**– لیژنەی پەیوەندیی نێوان پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەریی.**

**– لیژنەی پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتی دادوەریی و دەسەڵاتی جێبەجێکردن.**

**– دەکرێت هەر لیژنەیەکی فەرعی تر ئەگەر پێویست بوو پێکبهێنرێت.**

٥. ئەرکی سەرەکیی ئەم لیژنە فەرعییانە بریتییە لە:

**– سازدانی کۆڕو کۆبوونەوەی گشتیی و سیمینارو کۆنفرانسی زانستی.**

**– بانگهێشتکردنی کەسانی پسپۆڕو شارەزاکان لە بواری تایبەتمەند لەناو هەرێم و دەرەوەی هەرێم و عێراق، بە مەبەستی پێشکەشکردنی توێژینەوەی زانستی و وەرگرتنی بیروڕاو دەستکەوتنی راسپاردەی پێویست.**

**– دیاریکردنی وادەیەک بۆ وەرگرتنی راو پێشنیازی هاوڵاتییان سەبارەت بە یەکێک لە تەوەرەکان و هەڵاوێرکردنی ئەو بیروڕایانەو هەڵسەنگاندنیان و پاکنووسکردنیان.**

**– پوختکردنەوەی راسپاردەکان و توێژینەوەکان لە چەند پێشنیازێکدا.**

**– هاوپێچکردنی راو راسپاردەی لیژنەی پەیوەندیدار لەسەر توێژینەوەو راسپاردەکان.**

**– دەکرێت ئەم لیژنە فەرعییانە کارەکانی خۆیان لەنێوان شارەکانی هەرێمی کوردستاندا دابەش بکەن، بەمەرجێک لە کۆتایی راسپاردەکاندا ئەو لیژنە فەرعییانە سەردانی هەموو پارێزگاکانیان کردبێت و هەموو راسپاردەکانیان لە راپۆرتێکی گشتیدا پاکنووس کردبێت.**

٦. پاش سازدانی سەرجەم کۆنفرانس و سیمینارەکان لە رێگەی لیژنە فەرعییەکانەوە لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم. (دەکرێت لە ناوچەدابڕاوەکان، هەمان شێواز لیژنەی پەیوەندیدار پێکبهێنرێت بۆ سوودوەرگرتن لە بیروڕاو بۆچوونی هاوڵاتییان و پسپۆڕانی ئەو ناوچانەش بۆ دەوڵەمەندکردنی رەشنووسی دەستووری هەرێم). دەبێت سەرجەم لیژنە فەرعییەکان، سەرەتا وێنەیەک لە راسپاردەکانیان بدەن بە لیژنەی رەشنووسی دەستووری هەرێم، چونکە ناوەڕۆکی ئەو راسپاردانەی لیژنەکانی تر بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندییان دەبێت بە رەشنووسی دەستوورەوەو بەم پێیەش سەرەڕای ئەوەی کە لیژنەی رەشنووسی دەستوور راسپاردەکانی خۆی ئامادە دەکات، بەڵام پێویستە دوایەمین لیژنە بێت کە راسپاردەکانی خۆی بداتە لیژنەی باڵاو راپۆرتی لیژنەی دەستوور، کۆکراوەو پوختەی سەرجەم راپۆرتی لیژنەکانی تریش لەخۆ دەگرێت.

٧. پاش گەیشتنی سەرجەم راپۆرت و راسپاردەو پێشنیازەکان و لە ناویشیاندا راسپاردەکانی لیژنەی رەشنووسی دەستوور بە دەستی لیژنەی باڵا، پێویستە دەستبەجێ بڕیار بدرێت بە بەستنی کۆنگرەی گشتی بە ناوی «کۆنگرەی گشتیی چاکسازیی یاسایی سیستمی پەرلەمانی لە کوردستاندا». جا ئەوکات لەناو ئەو کۆنگرەیەدا، هەر بڕیارێک دەدرێت، ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ بەشداربووانی کۆنگرەکە، بەمەرجێک ناوەڕۆکی راسپاردەکانی کۆنگرە بیرۆکەی گۆڕین و هەموارکردنی بەشێک لە مادەکانی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان لەخۆ بگرێت، جا بە زیادکردنی هەندێک برگەو مادەی نوێ بێت، یاخود لابردنی هەندێک لە برگەو مادەکانی ئەو رەشنووسە، یان چاککردن و دارشتنەوەی بێت. ئەمە سەرەڕای پێشنیازکردنی دانان و هەموارکردنی یاسا پەیڕەوکراوە پەیوەندیدارەکانی هەرێم، هەموو ئەمانە ئەرکی کۆنگرە دەبن، بەمەرجێک هەموو راسپاردەکان لە چوارچێوەی خزمەتکردنی پەرەپێدانی سیستمی پەرلەمانی هەرێمدا بسوڕێنەوە بەپێی ئەو ستانداردە تیۆرییەی کە هەیەو سیستمە دیموکراسی و زیندووەکانی جیهان پەیڕەوی دەکەن، واتە راسپاردەکان نابێت بۆ رازیکردنی ئەمو ئەو بن، بەقەد ئەوەی کە پێویستە لە خزمەت ئەزموونێکدا بن کە دەبێتە بناغە دارێژەری حکومداری هەرێم بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ. ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاماژەدانێکی راستەوخۆیە بۆ مەودای هەستیاریی پرسی دەستوور لە هەرێمدا، بۆیە دەبێت گوێ لە هەموان بگیرێت مادام لە ئەنجامدا ئەم دەستوورە بۆ هەموانەو بەسەر هەمواندا جێبەجێ دەکرێت، بەتایبەتیش ئەگەر بمانەوێت دەستوورێک دابنێین کە شیاوی جێبەجێکردن و پەیڕەوکردن بێت، خۆ ئەگەر رەشنووسێکیش بە مردوویی لەدایک بێت، ئەوا وا باشترە هەر نەیەتە دنیاوە، جا ئەگەر راسپاردەکانی کۆنگرە وەک خۆیان وەرگیران، بەو مەرجەی کە باسکرا لەپێناو خزمەتکردنی ئەزموونی حکومداریی تەندروست و بەرەوپێشبردنی سیستمی پەرلەمانی لە هەرێمدا، وەک ئەو شێوەیەی کە لە بناغە تیۆری و ئەزموونە سەرکەوتووەکانی سیستمی پەرلەمانی وڵاتە دیموکراسی و پێشکەوتووەکانی جیهاندا هەیەو رەشنووسی دەستوورەکە بەو راسپاردانە دەوڵەمەند کران، ئەوا ئەوکات دەتوانرێت بوترێت، رەشنووسی دەستوور لانیکەمی بیرۆکەی هاوبەشی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان لەخۆ دەگرێت و دەبێتە مایەی رەزامەندییان و هەر ئەو کاتەش دەتوانرێت ئەم رەشنووسە وەک بەشێک لە چارەسەری گرفتە سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی هەرێم سەیر بکرێت. ئەگەر نا، ئەو رەشنووسی دەستوورە، دەبێتە بەشێک لە کێشەیەکی یاسایی و سیاسیی قووڵ لە هەرێمدا کە تەبایی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێم بەتەواوەتی تێکدەدات، ئەمەش کارێکە بۆ هەموومان نەخوازراوە.

لە کۆتاییشدا ئەم پرۆژەیە هەوڵدانێکە بۆ رزگارکردنی پرۆژەی دەستوور لەو دۆخەی کە ئێستا تیایدایە، هەروەک چۆن هەوڵدانێکیشە بۆ رزگارکردنی پرۆژەکە لەو ململانێ سیاسییانەی کە ئێستا لە هەرێمدا لە پەرەسەندندان، تا دەستوور نەکرێتە چەکێک بە دەست هەندێکەوە بۆ سەرکوتکردنی هەندێکی ترو تا ئەزموونی هەرێمیش نەکرێتە قوربانیی ململانێ سیاسییەکان.

لەگەڵ رێزدا...

**هەر پلانێک بۆ چاکسازیی یاسایی لە هەرێمی کوردستاندا و بۆ تەندروستکردنی سیستمی پەرلەمانی تیایدا، مەحاڵە بتوانێت سەرکەوتوو بێت ئەگەر سەرچاوەی ئەم پلانی چاکسازییە خۆی لە رەشنووسی دەستووری هەرێمدا نەبینێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناکرێت باس لە سەرخستنی پلانی چاکسازیی یاسایی بکرێت، ئەگەر پرۆژەی دەستووری هەرێم بەشێکی سەرەکی تەوەری گفتوگۆکانی ئەم پلانە نەبێت**

**ئەم پرۆژەیە هەوڵدانێکە بۆ رزگارکردنی پرۆژەی دەستوور لەو دۆخەی کە ئێستا تیایدایە، هەروەک چۆن هەوڵدانێکیشە بۆ رزگارکردنی پرۆژەکە لەو ململانێ سیاسییانەی کە ئێستا لە هەرێمدا لە پەرەسەندندان**